# ڕۆمیۆ و جولیەت

وليام شێكسپير

# ڕۆميۆ و جوليەت

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
دوکتۆر سەلاح بابان

پێداچوونەوەی
مامۆستا کەمال مەحموود فەرەج

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ولیام شێکسپیر
رۆمیۆ و جولیەت
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: دکتۆر سەلاح بابان
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٦٨
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٢٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤٧٦ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

## پێشکێشکردن

بەداخوازێکی تایبەت لەلایەن رۆڵەزا گەورەکەمەوە "ئەدێلا"، ئەم شانۆگەرییەی "رۆمیۆ و جولیەت"م کردووە بە کوردی. ئەم بەرهەمەم، پێشکێشە بەهەموو رۆڵەزاکانم؛ "ئەدێلا"، "ئەلینا"، "لۆرێن"، "هێنری" و "تۆمەس"

هیوادارم ژیانێکی شاد لەم دنیایەدا راببوێرن و خۆشەویستیی پەتی، ئەو هەستە ناسکە پیرۆزە، هەمیشە سەرچاوەی سەرەکی ئەو شادییەیان بێت.

سەلاح بابان

٢٨ ی ئەیلول ٢٠١٠

Dedication

I have made this translation of Romeo and Julietinto Kurdish, by a special request from my eldest grandchild Adelya.

I would like to dedicate this work to all my grandchildren; Adelya, Alyna, Lauren, Henry and Thomas . I wish them happiness in their life . And I hope that LOVE, the pure precious love, will always be the principal source of that happiness.

Salah Baban

28th, September 2010

# وتەی وەرگێڕ

هەرچەندە رۆمیۆ و جولیەت، لە نووسینە هەرە باشەکانی شێکسپیر دانانرێت، بەڵام رەنگە بە ناوبانگترین چیرۆکی جیهان بێت. کەم کەس خوێندوویەتەوە، بەڵام، لە نێوان رۆشنبیرانی گێتیدا، کەم هەیە دەربارەی ئەم خۆشەویستییە بەتینە پڕ بەسۆزەی نەبیستبێت. چیرۆکی رۆمیۆ و جولیەت، سەرنجی زۆر هونەرمەند و ئاوازداهێنەری[١] زۆر بەناوبانگی راکێشاوە وەکو بیللینی و پرۆکۆفیەف و چایکۆڤسکی.[٢] زیاد لە بیست و پێنج ئۆپێرا و باڵێت و سەدەها شانۆگەری و فیلمی لەسەر دانراوە.

***

دوای ئەوەی ساڵی ٢٠٠٧، "مەکبێس" و ٢٠٠٩، "هاملێت"م بڵاو کردەوە، بەوەرگێڕانی شانۆگەری "شا لییەر"ەوە خەریک بووم، کە ئەویش یەکێکە لە نووسینە بەناوبانگەکانی شێکسپیر، کە"ئەدێلا"ی رۆڵەزام، کچە گەورەی شوانی کوڕم، کە ئەمساڵ تەمەنی دەبێت بەسیانزە ساڵ، داوای لێ کردم کە لە پێشانا "رۆمیۆ و جولیەت" بکەم بەکوردی، ئینجا "شا لییەر". منیش، لەبەر خاتری خۆی و ئەو تەمەنە جوانەی، بڕیارم دا کە داخوازەکەی ئەو بهێنمە دی.

لەبەر ئەوەی، جگە لە زمانی ئینگلیزی، من عەرەبی و "رووسی"یش دەزانم، ئەم بەرهەمەم، وەکو ئەوانەی ترم، بەراورد کردووە لەگەڵ تەرجومە عەرەبی و "رووسی"یەکانیدا. لەو تەرجومانە، بێگومان، زۆر سوودم وەرگرتووە. بەڵام "هەڵە"شم تیایاندا دۆزیوەتەوە. شتێکی ئاسان نییە پیاو بتوانێت کارێکی ئاوا بکات بەبێ ئەوەی هیچ هەڵە و کەموکورتی تیادا هەبێت. لەم بەرهەمەی منیشدا، هەر دەبێت هەندێک لەو جۆرە هەڵانەی تیادا هەبن کە من خۆم نەمبینیون. لەبەر ئەوە زۆرم پێ خۆش دەبێت رەخنەی خوێنەری بەڕێزم پێ بگات، بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرم بۆ جاری داهاتووم.

وەرگێڕانی "رۆمیۆ و جولیەت"، بەم شێوەیەی کە لەبەر دەستاندایە، ساڵ و نیوێکی بەدەستمەوە خایاندووە. هەمدیسانەوە، وەکو جارانی پێشوو، کە بەمەکبێس و "هامێلت"ەوە خەریک بووم، بەدرێژایی کارکردنەکەم، مامۆستا (کەمال مەحموود فەرەج) یارمەتی داوم، بەتایبەتی لە زمانە کوردییەکەیدا؛ وەک مامۆستایەکی دڵسۆز دێر بەدێر چەند جارێک هەمووی خوێندۆتەوە و بەراوردی کردووە لەگەڵ ئینگلیزییە رەسەنەکەی و تەرجەمە عەرەبییەکانیدا. لە زۆر جێگادا

---

(١) ئاوازداهێنەر؛ سازداهێنەر؛ مۆسیقار، ئەوەی ئاوازی تازە دادەهێنێت.

(٢) بیللینی و پرۆکۆفیەف و چایکۆڤسکی، سێ ئاوازداهێنەری زۆر بەناوبانگن. بیللینی ئیتالییە و دووانەکەی تر رووسین.

رەخنەی لێ گرتووە و زۆریشمان پێکەوە چاک کردۆتەوە. پێویستە دان بەو راستییەشدا بهێنم کە لە چەند جێگەیەکدا، هەندێک دێڕ هەن، هەر دارشتنی مامۆستا کەمال خۆیەتی. ئەمەئەرکێکی ئاسان نییە. بێگومان، زۆر زۆر سپاسی دەکەم.

لەم کارەمدا، سوودێکی زۆرم لە چەند فەرهەنگێکی کوردی وەرگرتووە، کە بەپێویستی دەزانم، سوپاسی دانەرەکانیان بکەم. بەتایبەتی سوپاسی مامۆستا شەفیق قەزاز دەکەم بۆ فەرهەنگی "شارەزوور" و مامۆستا شەوکەت مەلا ئیسماعیل بۆ فەرهەنگی "مامۆستا" و دکتۆر رەشید قەرەداغی بۆ فەرهەنگی "ئازادی". بەڕاستی کارێکی گرنگ و گەلێک باشیان کردووە.

لە چەند جێگایەکدا نەبێت، شێکسپیر "رۆمیۆ و جولیەت"ی، وەکو شانۆگەرییەکانی تری، بەشیعر نووسیوە. منیش، بەپێی توانام، هەوڵم داوە کە دەستەواژەکانم هۆنینەوەو سەروایان بدەمێ.

ئومێدم وایە ئەم بەرهەمەم، سوودێکی هەبێت بۆ بزووتنەوەی هونەر و رۆشنبیری لە کوردستاندا و هەروەها بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانە و ئەدەبی کوردی. هیواداریشم کە خوێنەری بەڕێز پەسەندی بکات.

سەلاح بابان،

بێرمنگهام، بەریتانیا ٢٨ ی ئەیلوول ٢٠١٠

E-mail: sbaban2000@yahoo.co.uk

## دەربارەی شێکسپیر

هەرچەندە گەلی ئینگلیزی شاعیری باشی زۆرە، بەڵام ولیام شێکسپیر، بەبڕوای زۆر کەس، لە شیعردا، باڵای لە هەموویان بەرزتر و بەناوبانگترە. سەرەڕای ئەوەی کە شێکسپیر شاعیر بووە؛ شانۆگەریی نووسیوە و ئەکتەریش بووە. هەروەها بەڕێوەبەری تیپێکی شانۆگەری بووە و خاوەند بەشێکیش بووە لە شانۆی " گڵۆب Globe"، کە یەکێک بووە و ئێستاش یەکێکە لە شانۆ هەرە باشەکانی لەندەن.

***

شێکسپیر، لە نیسانی ساڵی ١٥٦٤ دا، لە شاری ستراتفورد، لەدایک بووە. ستراتفورد، شارێکی پچووکە لەسەر رووباری "ئەیڤۆن Avon". نزیکەی سەد و پەنجا کیلۆمەترێک لە باکوری رۆژهەڵاتی لەندەنەوەیە. رۆژی لەدایکبوونی بەتەواوی کەس نایزانێت. بەڵام دەزانین کە لە ٢٦ی نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا، لەکڵێسەی ستراتفورد، ناوی بە مەسیحی تۆمار کراوە (تەعمید کراوە). ئەوسا، نەریت وابووە کە سێ رۆژ دوای لەدایکبوون، منداڵ لە کڵێسەدا تۆمار بکەن. لەبەر ئەوە بە لای زۆرەوە لە ٢٣ی نیسانی‌ساڵی ١٥٦٤ دا لەدایک بووە. وا ڕێک کەوت کە هەر لەو رۆژەشدا، لەیادی رۆژی لەدایکبوونیدا، لە ساڵی ١٦١٦ دا، لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا، بمرێت و لەو کڵێسەیەشدا، لەوەی کە بە منداڵی ناوی بە مەسیحی تۆمار کرابوو، دوای ٥٢ ساڵ بنێژرێت.

ولیام، کوڕە گەورەی "جۆن شێکسپیر" بووە. دوو خوشکی هەبووە لە خۆی گەورەتر، سێ برا و دوو خوشکیش، لەخۆی منداڵتر. "جۆن"ی باوکی، بەپیشە، دەستکێش درووە بووە. بەڵام، لە هەمان کاتدا کشتوکاڵی کردووەو بازرگانیشی لەخوری و پێستەدا کردووە. جار بەجار، لەگەنم و جۆشدا.

جۆن، نە لە دەوڵەمەندەکان و نە لە هەژارەکان بووە؛ لە چینی ناوەند بووە. بەڵام ژنەکەی، کە ناوی "مێری" بووە، لە بنەماڵەیەکی خاوەند زەویوزار بووە. جۆن، کاتی خۆی لەوان زەویی بەکرێ گرتووە بۆ کشتوکاڵکردن. سەرەڕای ئەوانە، جۆن، چالاکییەکی زۆری لە کار و کردەوەی کۆمەڵگاییدا هەبووە، تا هەڵبژێرراوە بەسەرۆکی شارەوانیی"Mayer"ی شاری ستراتفورد. بۆ کاتێکیش هەڵبژێرراوە ببێت بەدادوەری ئاشتیی شارەکە.

***

یەکێک لە خوێندنگا[١] هەرە باشەکانی ئەوسای ئینگلتەرە، لە شاری ستراتفورد بووە. ئەو خوێندنگایە، بۆ منداڵانی کاربەدەستە بەرزەکانی شارەکە، بەخۆڕایی بووە. ولیام شێکسپیر، زۆر

(١) خوێندنگا؛ مەکتەب، قوتابخانە.

لەوەدەچێت، لەوێ خوێندبێتی. چونکە لەو خوێندنگایەدا، بایەخیان زۆر بەزمان و ئەدەبی گریکی و لاتینی دەدا. "شێکسپیر"یش بە نووسینەکانیدا دیارە کە"پلینی و ئۆڤید و سێنێکا و هۆمیرۆس و پلووتارخ"ی خوێندبێتەوەو کاریان تێ کردبێت.(١)

ستراتفورد، هەرچەندە، وەکو باسمان کرد، شارێکی گەورە نەبووە و ئێستاش گەورە نییە، بەڵام لەوەدەچێت و دوور نییە بەهۆی ئەوخوێندنگایەی کە باسی کرا، بایەخیان زۆر بەهونەر و شانۆگەری دابووبێت؛ هەر لەوساوە شانۆی باشی تێدا هەبووە و شێکسپیر کاتی خۆی پێش ٤٠٠ ساڵ زیاتر، لە یەکێکیاندا ئیشی کردووە.

***

نزیکەی ساڵی ١٥٧٧، جۆن، باوکی ولیام شێکسپیر، لە بازرگانییەکەیدا نابووت دەبێت. بەناچاری هەر چییەکی دەبێت دەیفرۆشێت یان دەیدات بە ڕەهن. لەبەر ئەوە پارەی نابێت کوڕەکەی بنێرێت بۆ زانکۆ خوێندنەکەی تەواو بکات.

ساڵی ١٥٨٢، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، شێکسپیر ژن دەهێنێت. ژنەکەی کە ناوی "ئان هاتەوەی" دەبێت، هەشت ساڵ لە خۆی گەورەتر دەبێت. کاتی مارەکردن، سکی سێ مانگان دەبێت بەیەکەم منداڵی شێکسپیر. دوای شەش مانگ کچێکیان دەبێت ناوی دەنێن "سوزان". ساڵی ١٥٨٥ ژنەکەی، کوڕ و کچێکی بە سکێک دەبێت. کوڕەکە ناودەنێن "هامنێت" و کچەکە"جوودێت". چونکە شێکسپیر پارەی نابێت، بەناچاری، خۆی و ژن وماڵەکەی لەگەڵ ماڵی دایک و باوکیدا دەژیان.

لە ساڵی ١٥٨٦دا، باوکی بێ ئیش دەمێنێتەوە. بەهۆی ئەو شانۆیەی کە لە شاری

---

(١) پلینی، ئۆڤید، سێنێکا، هۆمیرۆس، پلووتارخ:

- پلینی (Gaius Plinius 62-113) (Pliny): نووسەرێکی بەناوبانگی ڕۆمانییە. هەر لە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە تراجیدی نووسیوە.
- ئۆڤید (Publius Ovidius Naso 43BC-43AD) (Ovid): شاعیرێکی ڕۆمانییە، تراجیدی (میدیا) یەکێکە لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی.
- سێنێکا (Lucius Annaeus 4BC-65AD) (Seneca): نووسەر و رامیار و فەیلەسووفێکی ڕۆمانییە. لەئیسپانیادا لەدایک بووە، مامۆستای نیرۆن بووە. نیرۆن لە دواییدا کە دەبێت بەقەیسەری ڕۆما، چەند کەسێک، بۆ ئەوەی ڕۆما لەدەست ئەو ستەمکارە، نیرۆن، رزگار بکەن، پیلانێک دادەنێن بۆ کوشتنی. کە نیرۆن پێی دەزانێت، بۆی دەرکەوت کە یەکێک لەو پیلانگێڕانە سێنێکایە. لەبەر ئەوەی سێنێکا کاتی خۆی مامۆستای بووە، نیرۆن، حەزی نەدەکرد لەخاچی بدات. لەبەر ئەوە ڕێی دایە کە بەدەستی خۆی، خۆی بکوژێت. ئەویش بەناچاری خۆی دەکوژێت. پاشکۆی یەکەمی ئەم پەرتووکە دەربارەی نیرۆنە.
- هۆمیرۆس (Homer): شاعیرێکی یۆنانیی زۆر کۆنە. سەدەی هەشتەمی پ. ز. ژیاوە. داستانی (مەلحەمەی) "ئیلیادە Iliad" کە باسی جەنگی تەروادە دەکات و "ئۆدیسەی Odyssey "، کە باسی گەشتەکانی شای "ئیتاکا" Ithaca دەکات، لە نووسینە بەناوبانگەکانێتی.
- پلووتارخ (Plutarch 46-120): مێژوونووس و فەیلەسووفێکی یۆنانییە.

"ستراتفورد"دا هەبووە، ساڵی سێ چوار جار، لە لەندەنەوە تیپی شانۆگەری دەهات لەوێ تەمسیلیان پێشکێش دەکرد. هەر لەو ساڵەدا، شێکسپیر توانی، لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا، ئیشێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئیتر لەوەوە وردە وردە بە وردە ئیشی بەرەو باشی دەڕوات. لەدواییدا لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا دەچێت بۆ لەندەن. بۆئەوەی لەوێ، لە شانۆکانیدا ئیش بکات و شانۆگەرییان بۆ بنووسێت. تا بەرەو ساڵی١٥٩٢، پێی دەکرێت ئەوەندە پارە کۆ بکاتەوە کە باوکی خۆی لە نابووتی ڕزگار بکات.

ساڵی ١٥٩٦ "هامنێت"، ئەو تاکە کوڕەی کە هەیبوو، نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت. بۆ ساڵی دوایی شێکسپیر چیرۆکی "شا جۆن" دەنووسێت. لەوێدا، باسی پەژارەی یەکێک دەکات کە جەرگی بە مردنی رۆڵەکەی سووتاوە. ئینجا لە زمانی ئەوەوە، شێکسپیر، باسی سوێداری دڵی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

پەژارە ژووری
ڕۆڵەکەی منی داگیر کردووە،
لە نوێنەکەیدا، لەوێ خەوتووە.
بۆ سەرەوە بێ، یان بۆ خوارەوە،
بڕۆم بۆ هەرچ کوێ، لەگەڵما دەچێ.[1]
رووشیرینەکەی
ئەو، لەبەر دەکات.[2]
وتەکانی ئەو، دووبارە دەکات.
هەموو ئەندامە جوانەکانی ئەو،
دەهێنێتەوە بەر دیدەی بیرم؛
لە خۆی، پەیکەری
ئەو، دروست دەکات،
جل و بەرگەکەی دەکاتە بەری.
کەوابێت بۆنەم هەیە ئەگەر من،
شەیدای سوێداری و پەژارەی خۆم بم.

بۆ ساڵی ١٥٩٢ شێکسپیر دەبێت بەشاعیر و ئەکتەرێکی تەواو بەناوبانگ. لەو کاتەدا سەرلەنوێ لە لەندەن تاعوون بڵاو دەبێتەوە. بۆ ئەوەی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە کەم بکرێتەوە یان کۆنترۆڵ بکرێت، بۆ دوو ساڵ هەموو شانۆکانی لەندەن دادەخرێن. لەو دوو ساڵەدا شێکسپیر، دوو چیرۆکی درێژ بەشیعر دەنووسێت؛

---

(١) مەبەستی لە پەژارەیە.

(٢) ئەو؛ مەبەستی لە رۆڵەکەی خۆیەتی.

– ڤینۆس و ئەدۆنیس "Venus and Adonis"

– ئەو زۆردارییەی کە لە نامووسی لوکریشیا کرا [1] (The rape of Lucrece)

کە شانۆکان، لە ساڵی ١٥٩٤ دا، دەکرێنەوە، شێکسپیر، دەبێت بەیەکێک لە خاوەندەکانی تیپێک بەناوی "چێمبەرلەین". لەماوەی چوار پێنج ساڵی دواییدا، شێکسپیر فریا دەکەوێت ئەم هەموو شتە بۆ تیپەکەی خۆیان بنووسێت:

– بازرگانی ڤێنیس"The merchant of Venice"

– خەونی شەوێک لە ناوەڕاستی هاویندا " Midsummer NightDream"

– ژنە شادمانەکانی وندزەر "The merry wives of Windsor"

– هەراوهوریایەکی زۆر دەربارەی هیچ "Much ado about nothing"

– وەک چۆن پێت خۆشە"As you like it"

– "ریچارد"ی دووەم "Richard the second"

– "هێنری"ی چوارەم "Henry the fourth"

– رۆمیۆ و جوولیەت "Romeo and Juliet"

لە ساڵی ١٥٩٩ دا تیپی "چێمبەرلەین" شانۆیەکی تایبەت بۆ خۆی دروست دەکات لەسەر کەناری رووباری تێمس لە لەندەن. بەناوی شانۆی " گڵۆب". ئەو شانۆیە، ئەوەندە گەورە بووە؛ (٣٠٠٠) کەسی گرتووە. ئینجا، خوێنەری بەڕێز، بزانە تا چ رادەیەک، هەر لەوساوە، شانۆگەری لە ئینگلتەرەدا باوی هەبووە. شابانوو "ئەلیزابێس" یەکێک بووە لەوانەی کە حەزیان لە شانۆ کردووە و بەشێکی زۆری لە شانۆگەرییەکانی شێکسپیر بینیبوو. لە ساڵی ١٦٠٣ دا، کە ئەلیزابێس دەمرێت، "جێمس"ی یەکەم جێگەی دەگرێت. جێمس، لەویش زیاتر حەزی لە هونەر دەکرد. هونەرمەندەکانی، بەتایبەتی شێکسپیر، زۆر لە خۆی نزیک کردبووبۆوە. تا داوای لە تیپی"چێمبەرلەین" کرد کە ناوی تیپەکەی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە تیپی "شا". ئەوانیش، بێگومان، پێیان خۆش دەبێت؛ ئیتر بەپێی ئارەزووی شا، ناوی تیپەکەی خۆیان گۆڕیوە. زۆر جار شا، بانگی دەکردن کە لە کۆشکەکەی خۆیدا تەمسیل بکەن.

***

---

(١) تارکوین، کوڕی حەوتەمین شای رۆما دەبێت، لە سەدەی شەشەم پێش لەدایکبوونی مەسیح، شەوێک بەدزییەوە دەڕوات بۆ ژووری نووستنی لوکریشیا ("لوکریس"یشی پێدەڵێن)، ژنی ئامۆزاکەی خۆی و دەستدرێژی لە نامووسی دەکات. لوکریشیا، پێش ئەوەی، لەداخا خۆی بکوژێت، بە مێردەکەی و باوکی خۆی دەڵێت. ئەم رووداوە جەنگێکی گەورە دەنێتەوە لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی شادا. گەلەکە، سوود لەو ئاژاوەیە وەردەگرێت و رادەپەڕێت دژی رژیمی شا. شا، ڕادەکات. ئیتر گەلەکە، خۆی پەرلەمانێک هەڵدەبژێرێت، حوکمی وڵاتەکە بکات. ئیتر بەم جۆرە، ئەو رووداوە دەبێت بەهۆی دامەزراندنی یەکەم رژیمی کۆماری لە رۆمادا.

له ساڵی ١٦١١ دا له تەمەنی ٤٧ ساڵیدا شێکسپیر واز له شانۆگەری دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی "ستراتفورد". لەو کاتەدا شێکسپیر خاوەن سامانێکی زۆر دەبێت. ئەو خانووەی تیایدا دەژیا لەگەڵ خێزان و منالەکانیدابە تایبەتی بۆ خۆیانی دروست کردبوو.

له شانۆی " گلۆب"، "فلێچەر"ی هاوڕێی جێگاکەی دەگرێت بۆ بەڕێوەبردنی شانۆ و تیپەکە. چیرۆکی "هێنریی هەشتەم" که بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٦١٣ دا تەمسیل کرا لە شانۆی " گلۆب"، زۆر کەس لەو باوەڕەدان که خۆی و "فلێچەر" پێکەوە نووسیبێتیان.

له کاتی یەکەم تەمسیلکردنی ئەم چیرۆکە، شانۆکە گڕ دەگرێت. سەرتاپا هەمووی دەسووتێت. بەڵام خۆشبەختانە کەس ئازاری پێ ناگات. هەر وا بەو سووتاوییە دەمێنێتەوە تا دوای ٣٨٤ ساڵ، له ساڵی ١٩٩٧ دا سەرلەنوێ بینا دەکرێتەوە. ئێستا، دیسانەوە، یەکێکە له شانۆ باشەکانی لەندەن. ساڵی ١٦٠٧ "سوزان"ی کچی، شوو دەکات بەپزیشکێک بەناوی "جۆن هۆڵ". خانووەکەیان هێشتا له ستراتفورد ماوە و بەیەکێک له میراتییەکانی شێکسپیر دادەنرێت. له ساڵی ١٦١٦ دا، چەند مانگێک له دوای شووکردنی "جوودێت"ی کچی، شێکسپیر دەمرێت.

زۆر کەس لەو باوەڕەدان که دواهەمین شیعری شێکسپیر، ئەمەبوو بێت، ئەمەی، که لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسراوە:

هەر له ڕێی مەسیح، دۆستە باشەکان،
نەکەن دەستکاری ئەم خۆڵەم بکەن.
ڕەحمەت بێ لەوەی که ئاگاداریی
جێ و بەردەکانی گۆڕەکەم دەکات.
وە هەزار لەعنەت
لەوەی دەستکاری
ئێسک و پرووسکی من لێرە دەکات.

***

کەس بەتەواوی هۆی مردنەکەی نازانێت. بەڵام، بنەماڵەی شێکسپیر، هیچیان زۆر نەژیاون؛ هەر سێ براکەی، کە له خۆی گەنجتر بوون له پێش خۆیدا مردوون: "گلبێرت" به ٤٦ ساڵی، "ریچارد" به ٣٩ ساڵی، "ئێدمەند" به ٢٧ ساڵی.

شێکسپیر، لەپێش مردنی، هەموو موڵک و سامانەکانی خۆی دەکات بەوەقف بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بیان فرۆشێت و هەر بەناوی بنەماڵەکەی خۆیەوە، بۆ نەوەکانی، بمێننەوە. بەڵام، "ئەلیزابێس" کە تاقانە کچی "سوزان"ی کچی دەبێت، بەداخەوە له ساڵی ١٦٧٠ دا بەبێ منال دەمرێت. "جوودێت"ی کچی، سێ منالی دەبێت، هەرسێکیان بەگەنجی دەمرن. لەبەر ئەوە له بنەماڵەی ولیام شێکسپیر، کەس نەمایەوە لەو سامانانە سوود وەربگرێت.

***

جگە لە نووسینەکانی تری، شێکسپیر ٣٨ شانۆگەریی نووسیوە. یان، لە کاتی ژیانیدا بڵاو کراونەتەوە. لە ساڵی ١٦٢٣ دا، حەوت ساڵ لە دوای مردنی، دوو لە دۆستە نزیکەکانی، هەموو شانۆگەرییەکانی ئەویان لە یەک کتێبدا بڵاو کردۆتەوە. پێش ئەوەش، بەچەند مانگێک، لە هەمان ساڵدا، لەو کڵێسەیەی کە تیایدا نێژراوە پەیکەرێکی بۆ دروست دەکرێت.

## چیرۆكی رۆمیۆ و جولیەت بەكورتی

مۆنتاگیو و كاپیولێت، دوو بنەماڵەی بەناوبانگی دەوڵەمەند دەبن لە شاری "ڤیرۆنا"دا لە ئیتالیا. ئەم دوو بنەماڵەیە دەمێک بوو دوژمنایەتییەكی زۆر كەوتبووە ناویانەوە. رۆمیۆ، كوڕێكی گەنجی قۆز دەبێت لە بنەماڵەی مۆنتاگیو. "جولیەت"یش، كچێكی گەنجی ئێسک سووكی جوانی خوێنگەرم دەبێت لە بنەماڵەی كاپیولێت. ئەم كوڕ و كچە، هەر كە یەكەمین جار یەكتری دەبینن، بێ ئەوەی بزانن كە لە بنەماڵەی دوژمنی یەكترین، عاشقی یەكتری دەبن. كاتێک كە پێی دەزانن، ئەوەندە یەكتریان خۆش دەویست، ئامادەبوون، ئەگەر پێویست بێت، لەپێناوی خۆشەویستیی یەكتریدا واز لە بنەماڵە و دایک و باوكی خۆیان بهێنن.

***

جولیەت، هەرچەندە هێشتا چواردە ساڵی پڕ نەكردبووەوە، زۆر گەنجی خانەدان حەزیان لێ دەكرد. یەكێک لەوانە، كوڕێكی قۆز دەبێت لەبنەماڵەی میری شارەكە. ناوی پاریس دەبێت. پاریس، كە دێت بۆ خواستنی جولیەت، كاپیولێت پێی دەڵێت؛ ئەمشەو ئاهەنگێكی هەڵپەڕكێ دادەمەزرێنم و لەبەر خاتری تۆ، هەموو كچە جوانەكانی شارەكەی بۆ بانگ دەكەم. تۆ وەرە بۆ ئاهەنگەكە و سەیری هەموویان بكە. دوای ئەوەی كە هەموو جوانەكانی شارەكە دەبینیت، ئەگەر كچەكەی منت لەهەموویان زیاتر پەسەند كرد، ئەوساكە باسێكی لێ دەكەین.

"كاپیولێت" زۆر كچی جوان بۆ ئاهەنگەكە بانگ دەكات. یەكێک لەو كچە جوانانە ناوی رۆزەلین دەبێت. رۆمیۆ، ئەو كچەی دەناسی و حەزی لێ دەكرد. لەبەر ئەوە كە زانی رۆزەلین بۆ ئەو ئاهەنگە دەچێت، بڕیار دەدات خۆشی، لەگەڵ چەند هاوڕێیەكیدا، بچێت. بەڵام رۆمیۆ، چونكە لە بنەماڵەی مۆنتاگیو دەبێت، نە بانگ كراوە، نە رێگای دەدرێت بچێت بۆ ئاهەنگی ماڵی كاپیولێت.

ئاهەنگەكە، ئاهەنگی "مەسكەرەید" دەبێت. واتە ژن و پیاو، لە كاتی هەڵپەڕكێدا، ماسكە دەكەنە روویانەوە بۆ ئەوەی یەكتری نەناسنەوەو كەس نەزانێت كێ لەگەڵ كێدا هەڵپەڕكێ دەكات. رۆمیۆ و هاوڕێیەكانی، سوود لەوە وەردەگرن؛ هەر لە دەرەوە، پێش ئەوەی بچنە ژوورەوە، ماسكەكانی خۆیان لە روو دەنێن.

كە دەچنە ژوورەوە، لەوێدا رۆمیۆ، بۆ یەكەمین جار، جولیەت دەبینێت. هەر یەكسەر حەزی لێ دەكات؛ دەچێت لەلایەوە دەوەستێت و دەست دەكات بەدواندن لەگەڵیدا و "رۆزەلین"ی لەبیر دەچێتەوە. لەو كاتەدا، "تیبالت"ی، خاڵۆزای جولیەت، رۆمیۆ دەبینێت و بەدەنگەكەیدا، دەیناسێتەوە. زوو دەچێت ئەو هەواڵە بە" كاپیولێت"ی باوكی جولیەت دەگەیێنێت و پێشی دەڵێت؛ دەچم شمشێری لێ هەڵدەكێشم و دەری دەكەم. بەڵام، كاپیولێت، جگە لەوەی بیستبووی كە رۆمیۆ

کوڕێکی ئازا و قۆز و خانەدانە، نەشیدەویست ئاهەنگەکەیان تێک بچێت. لەبەر ئەوە ڕێی بە تیبالت نادات ئەو کارە ناشیرینە بکات.

تیبالت، پیاوێکی زۆر ئاژری[١] دەبێت؛ ئەو ئێوارەیە، بەناچاری واز لە ڕۆمیۆ دەهێنێت. بەڵام بڕیار دەدات کە هەر تۆڵەی ئەم ریسواکردنەی، کە هاتووە بۆ ئاهەنگەکەیان، لێ بسەنێتەوە.

***

دوای ئەوەی ڕۆمیۆ و جولیەت هەندێک لەگەڵ یەکتریدا دەدوێن، هەردووکیان هەست بە خۆشەویستییەکی زۆر بۆ یەکتری دەکەن. ڕۆمیۆ دەستێکی جولیەت دەگرێت و پێی دەڵێت؛

ئەگەر بەدەستی بێ نرخی زبرم،
پاکێتی ئا ئەم
بتە پیرۆزەم، گڵاو کردبێت،
ئا ئەمە، بەزە ناسکۆڵەکەمە؛[٢]
لێوەکانی من، وەکو دوو حاجی
شەرمن، لە شەرما،
سوور هەڵگەڕاون.
بەئامادەیی، خاتوون، وەستاون،
ئەم زبرایییەی جێی دەستەکانم،
بەماچی ناسک لووس بکەنەوە.

دیارە جولیەت، وتەکانی ڕۆمیۆی پێ خۆش دەبێت. وەڵامی دەداتەوە دەڵێت؛

هەی بەڕێز، حاجی،
حەق نییە ئاوا بەدەستت بڵێیت؛
ئەو بەرەوایی لە پەرستگادا،
ئەرکی ئایینیی دەهێنێتە دی؛
هەموو بتێکی پیرۆز دوو دەستی
هەیە تا حاجی،
بێت بیانگرێ و ناو بەری دەستی،
خۆی ڕاست بخاتە سەر بەری دەستی
بتی پیرۆزی.

---

(١) ئاژری؛ بەقین.
(٢) بەزە؛ گوناح.

ئیتر ئا ئەوە،
دەبێت بەماچی پیرۆزی حاجی.

کە رۆمیۆ ئەوەی لێ دەبیستێت، لێی دەپرسێت؛

بۆ لێویان نییە،
هەردووکیان؛ بتی پیرۆز و حاجی؟

جولیەت، وەڵامی دەداتەوە؛
با، بەڵام حاجی، بۆ نوێژکردن،
لێوەکانی خۆی بەکار دەهێنێت.

رۆمیۆ؛
باشە گەر وابێت، ئەی بتی پیرۆز،
با لێوەکانیش،
وەک دەستەکان بن لەگەڵ یەکتری؛
لەو نوێژانەی کە دەیکەن، تەنیا
ئا ئەوە لە خوای گەورە دەخوازن.[١]
دە با ئەوەیان پێ ببەخشرێت!
نەوەک ئیمانیان بە دین نەمێنێت.

جولیەت؛
ئا، بت، دەیبەخشێت،
بەڵام لەجێی خۆی، ناجووڵێتەوە.

رۆمیۆ؛
مەجووڵێرەوە پیرۆز، کەوابێت،
تاکو بەرهەمی
نوێژەکانم پێ وەردەگیرێت. (ماچێکی دەکات)
ئەوەتا ئێستا گوناحی لێوی
من، بەوانەی تۆ، پاک کرایەوە.

جولیەت؛

(١) مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ راستە لێوەکانی حاجی هەر بەنوێژکردنەوە خەریکن. بەڵام نوێژەکانیان بۆ ئەوە دەکەن کە ئەوانیش وەکو دەستەکان بەیەکەوە بنووسێن لەگەڵ لێوەکانی بتی پیرۆزدا.

خۆ ئەگەر وابێت،

لێوەکانی من، ئەو گوناحەیان

پێوەیە ئەوەی، ئێستا وەریان گرت.

رۆمیۆ؛

له لێوەکانی منەوە گوناح؟

ئای، چەند بەجوانی تێم دەگەیێنی

که تاوانباریم دژت کردووە.

تاوانەکانی خۆمم بەرەوە.          (دیسانەوە ماچی دەکات)

کە ئاهەنگەکە تەواو دەبێت و میوانەکان ئامادە دەبن بڕۆن. رۆمیۆ و جولیەت هەردووکیان دەربارەی یەکتری دەپرسن و بۆ هەردووکیان دەردەکەوێت کە ئەوەکەی تر له بنەماڵەی دوژمنەکانێتی. بەلام، لەو کاتەدا، ئەوەندە یەکترییان خۆش دەویست، نه دوژمنایەتی بنەماڵەکانیان نەهیچ هێزێکی تر، دەیتوانی ئەو خۆشەویستییەیان هەڵبوەشێنێتەوە.

***

کە له ئاهەنگەکە دەردەچن و میوانەکان هەر کەس بۆ ماڵی خۆی دەگەڕێتەوە، دڵی رۆمیۆ، خاوەنەکەی خۆی ناچار دەکات، خۆی لەهاوڕێکانی خۆی بدزێتەوەو بەو شەوە درەنگە تاریکە، بەسەر دیواری باخەکەی ماڵی " کاپیولێت"دا هەڵبگەڕێت و بچێت بەڵکو جولیەت ببینێتەوە. له پەنجەرەیەکی نهۆمی سەرەوە، جولیەت دەبینێت له ژووری نوستنەکەیدایەو بەدەنگێکی نزم لەبەر خۆیەوە دەدوێت. رۆمیۆ، لەژێر پەنجەرەکەدا، له تاریکییەکەدا، خۆی دەشارێتەوەو گوێ دەگرێت. لەبەر ئەوەی ئەوساکە هاوین دەبێت، پەنجەرەکە کرابووەوە. رۆمیۆ بەڕوونی گوێی له جولیەت دەبێت که دەڵێت؛

ئاخ، رۆمیۆ، رۆمیۆ،

تۆ، بۆچی "رۆمیۆ"یت؟

حاشا لەباوکی

خۆت بکەو ناوی خۆت نکوول بکە.

منیش، لەمەولا،

حاشا لەماڵی کاپیولێت دەکەم(١)

تەنیا ناوەکەت، دەوەستێت دژم؛

"مۆنتاگیو"ش نەبیت،

هەر وەک خۆت دەبوویت.

---

(١) جولیەت، بەدەنگێکی نزم لەبەر خۆیەوە دەدوێت و رۆمیۆ، لەدەرەوە لەبن پەنجەرەکەیدا، گوێی لێ دەبێت.

چییه مۆنتاگیو؟
نەدەستە، نە روو،
نە پێ، نە بازوو؛
هیچ پارچەیەکی لەشی تۆ نییە؛
تەنیا ناوێکە.
ئاخ،
ناوت بگۆڕە. ئاخر ناو، چییە؟
ئەو گوڵەی ناوی،
گوڵەباغە گەر ناوی بگۆڕین،
بۆنە خۆشەکەی هەر خۆش و شیرین،
دەمێنێتەوە.
بەو جۆرەش رۆمیۆ؛ ئەگەر ناویشی
رۆمیۆ نەبوایە، بەبێ ئەو ناوە،
هێژایی ئێستای، هەر دەمایەوە.
رۆمیۆ، واز بێنە لەو ناوەی هەتە.

رۆمیۆ، کە ئەوەی گوێ لێ دەبێت، زۆری پێ خۆش دەبێت. لەدڵی خۆیدا دەڵێت کەوابێت ئەویش منی خۆش دەوێت. با جارێ گوێی لێ بگرم بزانم چی تر دەڵێت؛

بەرۆمیۆ، دەڵێت؛ تۆ حاشا لەباوان و بنەماڵەی خۆت بکە، منیش حاشا لەوانەی خۆم دەکەم.

ئەوە، پارێکی لەشی تۆ نییە.(١)
لەباتی ئەوە،
تۆ، هەمووم بەرە.(٢)

ئیتر رۆمیۆ، دەست دەکات بەدواندن و دەڵێت؛ ئەگەر ناوم بنێیت "ڤیانم" من ناوم دەگۆڕم و حاشا لە بنەماڵەی خۆم دەکەم. ئیتر دەڵێت؛

تەنیا "ڤیان"م، گەر تۆ ناوبنێ،(٣)
سەرلەنوێ گیانم، من تەعمید دەکەم؛(٤)

---

(١) پار؛ پارچە. ئەو ناوەت، پارچەیەک نییە لە لەشی تۆ.

(٢) لەباتی ئەو ناوە، هەموو لەش و گیانی من، بۆ خۆت بەرە.

(٣) ڤیان؛ خۆشەویست. ڤیانم؛ خۆشەویستم.

(٤) مەسیحییەکان، کە منالیان دەبێت، لە دوای چەند رۆژێک دەیبەن بۆ کڵێسە. لەوێ لەناو ئاوی پیرۆز هەڵی دەکێشن و ناوی لێ دەنێن. بەو کردەوەیە دەڵێن تەعمیدکردن (Baptize)

لەمەولا ناوی من رۆمیۆ نابێ.

جولیەت، کە ئەوەی گوێ لێ دەبێت زۆر سەیری لێ دێت و دەڵێت؛

پیاوەکە تۆ کێیت، لەناو تاریکی،
خۆت شاردۆتەوە و گوێ لەنهێنی
دەروونم دەگری؟

رۆمیۆ، وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت؛ ئاخ، ئازیزەکەم، چونکە ناوەکەم دوژمنتە، لەبەر ئەوە، ئەو ناوە لە زمانی من، نابیستیت. ئیتر جولیەت بەدەنگەکەیدا دەیناسێتەوەو لێی دەپرسێت؛ ئایا تۆ رۆمیۆ و مۆنتاگیو نیت؟ رۆمیۆ وەڵامی دەداتەوە و ئەم گفتوگۆیە لە نێوانیاندا روو دەدات:

کچە جوانەکە، ئەمن هیچیان نیم،
ئەگەر تۆ رقت لەو دوو ناوەیە.

جولیەت

پێم بڵێ تۆ چۆن
گەیشتیتە ئێرە و لەبەر چی هاتووی؟
ئاخر دیواری بێستانەکەمان،
بەرزە و گرانە پیا هەڵگەڕانی.
ئا ئەم جێگەیەش، بۆ تۆ مردنە،
گەر هات و یەکێک، لەخزمەکانی
من پێیان زانی
کە تۆ لێرەیت و جەنابت کێیە.

رۆمیۆ

ئەمن بەباڵی سووکی دڵداری،
هەڵفڕیم بەسەر دیوارەکانی.[١]
چونکە سنووری
بەرد، هەر چۆنێک بێت،
ناتوانێت رێگە لە ئەڤین بگرێت.
ئەڤین هەمیشە، دەکات سەرچڵی،
تاکو دەگاتە داخوازی بەرزی.
کەسوکارانی ئەتۆ کەوابێت

---

(١) دیوارەکانی؛ دیوارەکانی بێستانەکەتان.

هەرگیز قەت ڕۆژێک،

نابن بەکۆسپ و ڕێگەم لێ بگرن.

جولیەت

ئەگەر بتبینن لێرە دەتکوژن.

ڕۆمیۆ

ئاخ، چاوەکانی ئەتۆ مەترسی

گەلێک زۆرترە لە بیست شمشێری

کەسوکارانت.[١]

هەر بەچاوێکی پڕ خۆشەویستی

سەیری من بکەیت، من دەپارێزی

لە شیرەکانی دوژمنەکانم.

جولیەت

بەهەموو دنیا، نایەڵم کەسێک،

لێرە بتبینێت.[٢]

ئیتر بەم جۆرە وتە ناسکانە، کاتێکی خۆش پێکەوە رادەبوێرن. ڕۆمیۆ، لە خوارەوە لە باخەکەدا و جولیەت، لە سەرەوە لەسەر باڵکۆنی ژووری نووستنەکەیدا. بۆ بەرەوبەیان هەردووکیان ئەوەندە یەکترییان خۆش دەوێت؛ هەر شەیدای یەکتری دەبن. بڕیار دەدەن کە بۆ بەیانییەکەی، بەدزییەوە بێ ئەوەی بنەماڵەکانیان پێی بزانن، بچن بۆ کڵێسە و مارە ببڕن.

***

قەشەکە، هەرچەندە لەلایەکەوە پێی خۆش نابێت بەم جۆرە، بەنهێنییەوە، مارەیان ببڕێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە پێی خۆش دەبێت و بەدوو گەنجەکە دەڵێت؛ دەی بەڵکو خوایە ئەم هاوسەرییەی ئێوە، ببێت بەهۆی ئاشتبوونەوەی بنەماڵە خانەدانەکانتان. بەیانییەکەی ئەو ڕۆژە، ڕۆمیۆ پەیژەیەکی پەت، لەگەڵ دایەنەکەی جولیەتدا، دەنێرێت بۆ جولیەت. بۆ ئەوەی دوای مارە بڕینەکەیان، شەو کە دنیا تاریک دەبێت، پیایدا سەربکەوێت بۆ ژووری بووکەکەی و لەگەڵیدا بنوێت.

دوای مارەبڕینەکە ڕۆمیۆ و جولیەت، هەرکەس بۆ ماڵی خۆی دەگەڕێتەوە. بەڵام ڕۆمیۆی نەگبەت، کە بەڕێگەوە دەبێت بەرەو ماڵەوە، تووشی تیباڵت دەبێت. تیباڵت شمشێرەکەی خۆی لێ هەڵدەکێشێت. هەرچەند تکای لێ دەکات و پێی دەڵێت من هیچ دوژمنایەتییەکم لەگەڵتدا نییەو وازم

(١) چاوەکانی تۆ من دەکوژن، نەک شمشێری کەسوکارانت.

(٢) ئەگەر هەموو دنیاشم بدەنێ، نایەڵم لێرەدا کەسێک بتبینێت.

لێ بهێنه با برۆم، سوودی نابێت. که"مێرکێشیۆ"ی دۆستی رۆمیۆ، ئەوە دەبینێت، شمشێرەکەی خۆی هەڵدەکێشێت و بەتیبالت دەڵێت، دەی تیبالت، ئەگەر پیاویت وەرە بۆ مەیدانی من. رۆمیۆ دەچێتە ناویان جیایان بکاتەوەو لەهەردووکیان دەپاڕێتەوە کە شەڕ نەکەن. ئا لەو کاتەدا، کەرۆمیۆ لە بەینیاندا دەبێت، تیبالت، لەژێر دەستی رۆمیۆوە، شمشێرێک دەدات لە مێرکێشیۆ و دەیکوژێت. ئیتر رۆمیۆ، ناچار دەبێت خۆی بەرەنگاری تیبالت ببێتەوەو مافی دۆستەکەی خۆی بسەنێتەوە. رۆمیۆ، دەیکوژێت.

بۆ ئەوەی نەیگرن، ناچار دەبێت رابکات بۆ لای قەشەکەو لای ئەو خۆی بشارێتەوە. میری شارەکە، کە ئەم رووداوە دەبیستێت و دەزانێت کە چۆن شەڕەکە دەستی پێ کردووە و چۆن تیبالت "مێرکێشیۆ"ی کوشتووە، فەرمان دەردەکات بە نەفیکردنی رۆمیۆ بۆ شاری "مانتووا"، کە زۆر لە"ڤیرۆنا"وە دوور نییە. بەپێی ئەو فەرمانە، رۆمیۆ دەبوایە دەستبەجێ شاری ڤیرۆنا بەجێ بهێڵێت و ئەگەر دوای رۆژئاوای ئەو رۆژە، لە ڤیرۆنادا ببینرێت دەکوژرێت. قەشە کە بڕیاری میرەکە بە رۆمیۆ دەگەیێنێت و ئامۆژگاری دەکات کە زوو ڤیرۆنا بەجێ بهێڵێت. بەڵێنیشی دەداتێ کە لە دواییدا یارمەتی بدات کە بتوانێت جولیەت بەرێت بۆ لای خۆی بۆ مانتووا.

رۆمیۆ، وەکو بەڵێنی دابوو بەجولیەت، شەو بەتاریکی بەپەیژەکەدا سەردەکەوێت و دەچێت بۆ لای جولیەت. شەوەکەی لەگەڵدا رادەبوێرێت. بەری بەیان زوو، هەڵدەستێت و دەچێت بۆ مانتووا.

***

ئەو رۆژەی کە رۆمیۆ و جولیەت بەنهێنی مارە دەکرێن، دووشەمە دەبێت. هەر ئەو رۆژە بۆ ئێوارەکەی، پاریس دێت بۆ خواستنی جولیەت. لەو کاتەدا جولیەت، لەژوورەکەی خۆیدا چاوەڕوانی رۆمیۆی دەکرد. لەبەر ئەوە هەر لە ئێوارەوە خۆی دەکات بەنەخۆش لەژوورەکەی خۆی دەرناچێت.

لەبەر ئەوەی پاریس، لەبنەماڵەیەکی خانەدان و دەوڵەمەند دەبێت، کاپیولێت، نایەوێت زاوایەکی ئەوەندە باشی لەکیس بچێت؛ بەبێ ئەوەی رای کچەکەی خۆی وەربگرێت، بەڵێن بەپاریس دەدات کە جولیەت شووی پێ بکات و هەر خۆیشی بڕیار دەدات کە رۆژی پێنجشەمە مارەیان ببڕن.

بۆ رۆژی دوایی کە جولیەت قبووڵ ناکات شوو بکات بەپاریس، "کاپیولێت"ی باوکی بڕیار دەدات بەزۆر بیدادت بەشوو. بێگومان، قبووڵنەکردنی جولیەت، هەر لەبەر ئەوە نەبووە کە پاریسی خۆش نەدەویست و نەیدەویست شووی پێ بکات. ئەگەر بشییەوێت تازە ناتوانێت شووی پێ بکات؛ چونکە بەدزییەوە شووی بە رۆمیۆ کردووە. لەبەر ئەوە جولیەت دەکەوێتە کێشەیەکی زۆر گرانەوە؛ نەدەتوانێت بەباوکی بڵێت کە بەدزییەوە شووی کردووە بەکوڕی دوشمنی بنەماڵەکەیان، نەدەتوانێت دژی بڕیاری باوکی بوەستێت. لەبەر ئەوە دەچێت بۆ لای قەشەکە بەڵکو چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. لەگەڵ خۆیشیدا کێردێک دەبات و لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

ئێستاکە دەچم بۆ لای قەشەکە،
تاکو بزانم
چ تیمارێکی لا هەیە بۆ من.

گەر چارە نەبوو، ئەوسا دەتوانم،
بەدەستەکانی
خۆم، خۆم بکوژم.

کەدەچێت بۆ لای قەشەکە، بەکورتی، ئەم گفتوگۆیە لە نێوانیاندا روو دەدات:-

قەشە لۆرێنس

جولیەت، دەزانم، باش ئاگادارم،
لە پەژارەی تۆ و کێشەی گرانت؛
زیاتر لە رادەی توانای مێشکم،
لە دڵما بیری لێ دەکەمەوە.
بیستوومە دەبێت،
ئەم پێنجشەمەیە و هیچ دوا نەخرێت،
شوو بکەیت بە پاریس.

جولیەت

قەشە، پێم مەڵێ تۆ چیت بیستووە،
ئەگەر پێم ناڵێی چۆن رزگاربم لێی.
بەو داناییەت، ئەگەر ناتوانیت
بۆ من چارەیەک بدۆزیتەوە،
تۆ هەر پێم بڵێ
کە ئەم بڕیارەی داومە دانایە، (کێردەکە، لە گیرفانی ڕۆبەکەی دەردەهێنێت)
بەم کێردە ئێستا چارەی خۆم دەکەم.
خوا دڵی من و "رۆمیۆ"ی پێکەوە
بەستەوە و ئەتۆش، دەستەکانمانت.[١]
ئینجا پێش ئەوەی،
ئەم دەستەی کە تۆ، بە شوو بەستەوە
بەوەی رۆمیۆوە،
مۆری پەیمانی شووی دووەم بکا.
یاخود پێش ئەوەی ئەم دڵە پاکە،
بەوەفایەی من،

(١) ئەتۆش، دەستەکانمانت؛ ئەتۆش بەمارەبڕینمان، دەستەکانمانت پێکەوە بەستەوە.

خیانەت بکا و یاخی بێت دژم،
بەم کێردە هەردووک، ئێستا دەکوژم.(١)

قەشە لۆرێنس

بوەستە، کچم، ئارامت هەبێت.
جۆرە ئومێدێک، ئەمن دەبینم.
پێویستی دەکات بەئاکارێکی
ناچاری و گەلێک نائاسا و سامناک.

ئیتر قەشەکە پێی دەڵێت: ئەگەر تۆ بەڕاستی مردنت پێ خۆشترە لەوەی کە بەزۆر بدرێیت بە شوو بە پاریس، من دەرمانێکت دەدەمێ کەی خواردتەوە، بەجۆرێکی ئاوا دەتنوێنێت و ڕەنگت زەرد دەکات کە هەر بەتەواوی لە مردوو بچیت. ئەو نووستنە چل و دوو سەعاتی تەواو دەکێشێت. پیلانەکەی من ئەمەیە: برۆ بە باوکت بڵێ کە ئامادەیت شوو بەپاریس بکەیت. ئەو شەوەی کە بۆ بەیانییەکەی دەبێت بچیت بۆ کڵێسە بۆ مارەبڕین، پێش ئەوەی بنوویت، دەبێت ئەو دەرمانە بخۆیتەوە. بۆ سبەینێیەکەی خزمەکانت وا دەزانن تۆ مردوویت. دوای شین و شیوەنکردن، بەپێی نەریتی شارەکەمان، جوانترین جلت لەبەر دەکەن و دەتخەنە گۆڕێکەوە لەناو گومەزی بنەماڵەکەتان. ئینجا پێش ئەوەی چل و دوو سەعاتەکە بەسەر بچێت، من و ڕۆمیۆ دێین بەدزییەوە لە گۆڕەکە دەرت دەهێنین و یەکسەر ڕۆمیۆ دەتبات بۆ مانتووا بۆ لای خۆی. ئینجا ئەگەر ناترسیت ئەو دەرمانە بخۆیتەوە و لەگەڵ مردووەکاندا بچیتەوە گۆڕەوە، ها، ئەوە دەرمانەکەیە، وەری بگرە. جولیەت دەرمانەکەی لێ وەردەگرێت. دوای ئەوەی بەگەرمی سوپاسی قەشەکە دەکات، ڕوو دەکاتە ئاسمان و دەڵێت؛

ئاخ، خۆشەویستی، هێزم بدەرێ!
هێز،
یاریدەدەری ڕاستی من دەبێ. (ئینجا ڕوو دەکاتە قەشەکە)
باوکی پیرۆزم، خوا بتپارێزێ.

بەپێی پیلانی قەشەکە، جولیەت دەرمانەکە دەخواتەوە. بۆ بەیانییەکەی کە دایەنەکەی دێت خەبەری بکاتەوە بۆ ئەوەی بچێت بۆ کڵێسەکە بۆ مارەبڕین، سەیر دەکات مردووە. دوای گریان و شینێکی زۆر تاڵ و گران، لە گومەزی بنەماڵەکەیاندا جولیەت دەنێژن.

***

بۆ نەگبەتی، وا ڕێک دەکەوێت کە نامەکەی قەشە لۆرێنس، ناگات بە ڕۆمیۆ.
ڕۆمیۆ "بالتەزار"ی نۆکەری خۆی، ڕاسپاردبوو، کە هەموو هەواڵێکی جولیەتی دەسبەجێ پێ

---

(١) هەردووک: دەستم و دڵم.

بگەیێنێت. لەبەر ئەوە بالتەزار، دوای ناشتنەکە، یەکسەر دەچێت بۆ لای رۆمیۆ و باسی مردنی جولیەتی بۆ دەگێڕێتەوە. بەو هەواڵە، رۆمیۆ، وەکو شێتی لێ دێت؛ بڕیار دەدات بچێت سەری گۆڕەکەی جولیەت بکاتەوە و لەناو گۆڕەکەیدا خۆی بکوژێت و لە تەنیشت جولیەتەوە بمرێت. لەو کاتەی رۆمیۆ گۆڕەکەی دەکردەوە، جولیەت زۆری نەمابوو هۆشی بێتەوەبەر. لەبەر ئەوەڵێو و رومەتەکانی هەمدیسانەوە ئاڵ بووبوونەوە و هیچ لە مردوو نەدەچوو. رۆمیۆ کە دەیبینێت دەڵێت؛

ئاخ، ڤیانەکەم،
هەتاکو ئێستا، مەرگ، نەیتوانیوە
بەسەر جوانێتی تۆ زاڵ ببێت و
ئالآی رەنگ زەردی خۆی هەڵبواسێت.
دەشێت من بڕوا
بکەم کە مەرگی بێ لەش خۆی حەزی[1]
لە تۆ کردبێت؟
ئەم بەئالۆشە، دزێوە پیسە،[2]
برسییە لێرە،
لە تاریکیدا، تۆی راگرتبێت،
بۆ ئەوەی بتکات بە بانوویاری؟[3]
لە ترسی ئەوە، ئەوا لەگەڵتا،
تا هەتاهەتا، دەمێنمەوە؛
قەت جارێکی تر،
لەم جێیە لێڵە تاریکە ئیتر،
دەرناچمەوە؛
لەم جێگەیەدا، لەتەنیشت تۆوە،
ئارامگای دوایی بۆ خۆم رادەخەم.
چاوەکانم، دەی،
دەی سەیری بکەن بۆ دواهەمین جار.
دەستەکانم، دەی،
باوەشی پیاکەن بۆ دواهەمین جار.

(١) مەرگ لەشی نییە.
(٢) بەئالۆش؛ ئەو کەسەی زۆر حەز لە سێکس دەکات و هەمیشە بیری لێ دەکاتەوە.
(٣) بانوویار؛ عەشیقە.

ئاخ، لێوەکانم،
دەروازەکانی هەناسەدانم،
دەی بەماچێکی بژوین و پەتی،[1]
ڕێککەوتننامەی هەتاهەتایی،
لەگەڵ مردنی چلێس، مۆر بکەن. (ماچی دەکات)

ئەمجا شووشەی ژەهرەکە دەکاتەوە و ڕوو دەکاتەوە جولیەت و دەڵێت؛
وا ئەمە، بۆ تۆ، من دەخۆمەوە.

کە ژەهرەکە زوو کاری تێ دەکات، دەڵێت؛
دەرمانچی ڕاستگۆ،
دەرمانەکانت، خێرا کار دەکەن.

ئیتر ماچێکی تری جولیەت دەکات و هەر فریا دەکەوێت بڵێت؛
بەم ماچە سەری خۆم دەنێمەوە.

لە تەنیشت جولیەتەوە پاڵ دەکەوێت و دەمرێت.

***

قەشەکە، کە دەزانێت نامەکەی نەگەشتووە بە ڕۆمیۆ، کاتی خەبەربوونەوەی جولیەت، دێت بۆ ئەوەی دەری بهێنێت و بیبات لە ژوورەکەی خۆیدا بیشارێتەوە، تاکو خەبەر بەرۆمیۆ دەگەیێنێت بێت بۆ لای ژنەکەی. کە دێت، تەرمەکەی ڕۆمیۆ دەبینێت. هەتاکو بۆی ڕوون دەبێتەوە چی ڕووی داوە، جولیەت چاوەکانی خۆی دەکاتەوە. کە قەشەکە دەبینێت یەکسەر دەڵێت؛
ئای،
قەشەی دڵخۆشکەر، مێردەکەم کوانێ؟
باش لەبیرم دێ؛
لەکوێدا دەبێ چاو بکەمەوە.
"ڕۆمیۆ" کەم کوانێ؟

قەشەکە، دوای ئەوەی هەناسەیەکی ساردی پڕ داخ و خەفەت هەڵدەکێشێت، دەڵێت:
دەسەڵاتێکی،
گەورەتر لەوەی ئێمە بتوانین
دژی بوەستین، نیازەکانی،
ئێمەی سەرانسەر، هەڵوەشاندەوە.
ڕۆمیۆ، ئەوەتا،

---

(١) بژوین و پەتی؛ پاک و پەتی.

لەناو باوەشی تۆدا، مردووە.

قەشەکە، زۆری لێ دەپاڕێتەوە، کە لە گوومەزەکە دەربچێت. جولیەت قبووڵ ناکات و دەڵێت؛

برۆ، من ئێرە، بەجێ ناهێڵم.

کە قەشەکە دەڕوات، جولیەت شووشەی ژەهرەکە بەدەست ڕۆمیۆوە دەبینێت، دەڵێت؛

ئای، ئەو شوشەیە،

چییە لە دەستی ڤیانە راستە

ڤینەکەمدایە؟

ژەهرە، دەیبینم.

کە سەیر دەکات، هەموو ژەهرەکەی خواردۆتەوە و هیچی نەهێشتۆتەوە، دەڵێت؛

ئای کە رەزیلیت! هەمووت خواردەوە؟

چەند دڵۆپێکی

دڵسۆزت بۆ من، نەهێشتۆتەوە،

تا بەیارمەتی ئەوان دوات کەوم.

با ماچت بکەم، بەڵکو بەختیاربم؛

هەروا ئاستەمێک ژەهریان پێوەبێت،

تیماری دەردم بکا و بمکوژێت. (ماچی دەکات)

ئاخ، لێوەکانت، هێشتا هەر گەرمن.

لەو کاتەدا گوێی لە دەنگی ئێشکگرەکان دەبێت بەرەو گوومەزەکە دەچن. لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

دەی با دەسبەجێ بیبڕمەوە. خەنجەرەکەی ڕۆمیۆ لە کێلانەکەی هەڵدەکێشێت. پێش ئەوەی بیکات بەسنگی خۆیدا، بە خەنجەرەکە دەڵێت؛

ئاخ،

خەنجەری شادمان،(١)

ئەمە کێلانی هەتاییت دەبێت.

خەنجەرەکە دەکات بەسنگی خۆیدا تا دەچێتە ناو دڵییەوە. هەر فریای ئەوە دەکەوێت بە خەنجەرەکە بڵێت؛

تۆ، لەوێ ژەنگی خۆت هەڵبهێنە!

منیش، با بمرم.

جولیەت، دەکەوێت بەسەر تەرمەکەی ڕۆمیۆدا و دەمرێت.

***

(١) خەنجەرەکە، شادمانە چونکە دڵی جولیەت دەبێت بەکێلانی.

کاپیولێت، تاکە یەک منداڵی هەبوو، ئەویش جولیەت بوو، کە بەو جۆرە مرد. "مۆنتاگیو"ش هەر رۆمیۆی هەبوو. هەردووکیان، منداڵەکانی خۆیان زۆر زۆر خۆش دەویست. کە قەشە لۆرێنس، باسی خۆشەویستی و شەیدایی ئەو دوو گەنجەی بۆ گێڕانەوە، کاپیولێت بەگریانەوە، دەستی بۆ مۆنتاگیو درێژ دەکات و دەڵێت؛

برام، مۆنتاگیو، دەستتم بەرێ. (دەستی دەداتێ)
ئەمە، لەتۆوە،
دیاری مارەیی کچەکەم دەبێ.
ناتوانم لەوە زۆرترم بوێ.

"مۆنتاگیو"ش بەگریانە وەوەڵامی دەداتەوە و دەڵێت؛

بەڵام من لەوە،
دەتوانم گەلێک زیاترت بەمێ؛
من پەیکەرێکی بۆ دروست دەکەم
لە ئاڵتوونی رووت.
هەتا ڤیرۆنا، ئەو ناوەی مابێت،
شێوەیەک نەبێت هەندە هێژابێت،
وەک ئەم بتوانێت،
رادەی دڵسۆزی جولیەت دەربرێت.

کاپیولێت

منیش پەیکەرێک بۆ رۆمیۆ دەکەم،
هەندە هێژا بێت،
لەلای پەیکەری ژنەکەیەوە.
ئەم هەژارانە، بوون بەقوربانی
ئاژری ئێمە(١)

***

ئێستا، لەشاری ڤیرۆنادا، خانوویەک هەیە. باڵکۆنێکی نزمی هەیە لەسەر جادەکە. گوایەکاتی خۆی جولیەت لەوماڵەدا ژیاوەو ئەو باڵکۆنەش، باڵکۆنی ئەو پەنجەرەیەیەکە لە ژێریدا رۆمیۆ لە تاریکییەکەدا خۆی شاردبووەوە و لەگەڵ جولیەتدا دەیدوان.

ئێستاش، هەموو مانگێک، سەدەها نامە دەنووسرێت بۆ جولیەت و دەخرێتە درزی دیوارەکانی ئەو ماڵە، لەلایەن ئەو کچە گەنجە عاشقانەی کە ئومێدی دڵیان جێبەجێ نەبووە. داوای ئامۆژگاری

---

(١) ئاژر؛ رق.

لە جولیەت دەکەن. نامەکان، لەلایەن بەلەدییەی ڤیرۆنا، کۆ دەکرێنەوە و ئەنجوومەنێکی تایبەتی هەیە، کاری هەر ئەوەیە، بەناوی جولیەتەوە، وەڵامی نامەکانیان بداتەوە.



ئەم وێنەیە زۆر نییە گیراوە. وێنەی ماڵی "کاپیولێت"ە لە ڤیرۆنا. جولیەت لەسەر باڵکۆنەکە دەوەستا و رۆمیۆ لە خوارەوە، لە تاریکییەکەدا خۆی دەشاردەوە و خۆشەویستیی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبڕی.

## لیستەی کەسایەتییەکان

| | |
|---|---|
| ئێسکالەس Escalus | میری ڤیرۆنا |
| کۆنت پاریس Paris | کوڕێکی گەنجە، خزمی میرەکەی "ڤیرۆنا"یە. |
| مۆنتاگیو Montague | سەرۆکی بنەماڵەیەکی بەدەسەڵاتە لە "ڤیرۆنا"دا. دوژمنایەتی هەیە لەگەڵ بنەماڵەی کاپیولێت. |
| کاپیولێت Capulet | سەرۆکی بنەماڵەیەکی بەدەسەڵاتە لە "ڤیرۆنا"دا. دوژمنایەتی هەیە لەگەڵ بنەماڵەی مۆنتاگیو. |
| پیرەمێرد | خزمی ماڵی " کاپیولێت"ە. |
| رۆمیۆ Romeo | کوڕی "مۆنتاگیو"یە |
| مێرکێشیۆ Mercutio | هاوڕێی "رۆمیۆ"یە و خزمی میری "ڤیرۆنا"یە. |
| بێنڤۆلیۆ Benvolio | هاوڕێی "رۆمیۆ"یە و ئامۆزایەتی |
| تیبالت Tybalt | کوڕی خوشکی بانوو " کاپیولێت"ە، پوورزای "جولیەت"ە |
| لۆرێنس Lawrence | قەشەیە |
| جۆن John | قەشەیە لەگەڵ "لۆرێنس"دا لە هەمان کڵێسەدا |
| بالتەزار Balthazar | پیاوی "رۆمیۆ"یە. |
| ئەبرام Abram | پیاوی "مۆنتاگیو"یە |
| سامپسۆن Sampson | پیاوی " کاپیولێت"ە |
| گریگۆری Gregory | پیاوی " کاپیولێت"ە |
| کەودەن Clawn | گاڵتەچییەکەی ماڵی" کاپیولێت"ە |
| پوترس Peter | پیاوی دایەنەکەی "جولیەت"ە |
| یاوەر | پیاوی "پاریس"ە |
| دەرمانساز | |
| سێ ئاوازژەن | |
| بانوو مۆنتاگیو | ژنی مۆنتاگیو "دایکی رۆمیۆ" یە |
| بانوو کاپیولێت | ژنی کاپیولێت "دایکی جولیەت" ە |
| جولیەت Juliet | کچی " کاپیولێت"ە |
| دایەن Nurse | دایەنی "جولیەت"ە |
| چەند ئێشکگرێک Watchmen | |

# پەردەی یەکەم

## پێشکێشکردنی شانۆگەرییەکە

دوو بنەماڵە، لە"ڤیرۆنا"ی جوان،
هەندەی یەکتری؛ هەردووک، خانەدان.
دوژمنایەتی دێرینی کۆنیان،
سەرلەنوێ دیسان،
هەڵگیرسایەوە.
دانیشتووانی، شارەکەش دەستی
بژوینی خۆیان،[1]
بەخوێنی ئاڵی یەکتری دیسان،
گلاو کردەوە.
لەو بارودۆخە نالەبارەدا،
کوڕ و کچێکی
گەلێک بەدبەختی جوانی دڵناسک،
لە بنەماڵەی جەنگاوەرەکان،
ئەستێرەی بەختیان،
نووسیبووی بۆیان
بکەونە عەشقی یەکترییەوە.
وەبەمردنیان، دوژمنایەتی
کۆنی باوانی خۆیان، بنێژن.
لەم دوو سەعاتە کورتەی بێتەوە،
ئا ئەو چیرۆکە خەفەتبارەتان،
بۆ تەمسیل دەکەین.
گەر هات و ئێوە، بەئارامەوە،
گوێمان لێ بگرن،
هەرچ کەموکورتی تێدا بوو ئێمە،
بەئەرکی خۆمان،
یەکسەر هەموویتان، بۆ دەبژێرین.

---

(١) بژوین؛ پاک

## دیمەنی ١,١

سامپسۆن و گریگۆری لەسەر جادەیەکی "ڤیرۆنا" دەردەکەون.

سامپسۆن:

گریگۆری من، سوێندم خواردووە؛
خەڵووز هەڵناگرین.[١]

گریگۆری:

نا،
چونکە ئەوساکە
لە خەڵووزکێشی کانگاکان دەچین.[٢]

سامپسۆن:

مەبەستەکەی من،
ئەوەیە ئەگەر تووڕەیان کردین،
ئەوساکە شیریان لێ هەڵدەکێشین.

گریگۆری:

بەڵام، تا ماوی، قەت نەکەی ملی
خۆت هەڵبکێشی
لەنێوان قوڵفەی پەتی سێدارە.

سامپسۆن:

کە دەورووژێم،
دەستەکانی خۆم، زوو دەوەشێنم.

گریگۆری:

بەڵام قەت وا زوو، تۆ ناورووژێیت،
تا دەستەکانی خۆت بوەشێنیت.

سامپسۆن:

تەنانەت سەگی ماڵی مۆنتاگیو،

---

(١) خەڵووز هەڵناگرین؛ ریسواکردنی کەس قبووڵ ناکەین.

(٢) گریگۆری، گاڵتەچییە؛ بەگاڵتەوە وەڵامی هاوڕێیەکەی دەداتەوە. کانگا؛ کان، مەنجەم.

دەموروژێنێت.

گریگۆری:

گەر بوروژێیت، دەجوولێیتەوە.
ئازا ئەوەیە، کە رادەوەستێت،
لەجێگەی خۆیدا و ناجوولێتەوە.
کەوابێت ئەگەر تۆ بوروژێیت؛
زوو هەڕا دەکەیت.

سامپسۆن:

تەنانەت سەگی ئەو ماڵە ئەمن،
دەوروژێنێت؛ وا دەموەستێنێت،(١)
لای دیوارەوە جێگەی خۆم بگرم،
لە نێر و لە مێی ماڵی مۆنتاگیو.(٢)

گریگۆری:

ئینجا خۆ بەوە،
خۆت پیشان دەدەیت کە مرۆڤێکی
بەندەو لاوازیت؛ چونکە هەر لاواز،
دەخرێتە پاڵ دیوارێکەوە.

سامپسۆن:

ئا، ئەوە راستە.

---

(١) سامپسۆن، کابرایەکی سادەو ساکارە؛ کە دەدوێت هیچ مەبەستێکی تری نییە لەوەی زیاتر کە دەیڵێت. بەڵام، گریگۆری، شەیتانە، بۆ گاڵتە، مەبەستەکانی سامپسۆن بەجۆرێکی تر لە قاڵب دەدات. ئەگەر یەکێک بەدڵێکی پیسەوە وتەکانی سامپسۆن لە قاڵب بدات، مانای سێکسیان هەیە.
– دەموروژێنێت؛ وا دەموەستێنێت؛ سامپسۆن، مەبەستی ئەوەیە بڵێت "تووڕەم دەکات و وام لێ دەکات بوەستم دژیان."
بەڵام، گریگۆری، بۆ گاڵتە، وای لە قاڵب دەدات وەکو گوتوبێتی؛ " ئارەزووی سێکسیم دەوروژێنێت و ئەندامی زاوزێم دەوەستێنێت"

(٢) کۆڵانەکانی ڤیرۆنا، وەکو زۆر شارانی تری ئەوسا، ناوەڕاستەکانیان کەمێک چاڵە بۆ ئەوەی ئاوی بارانی پیادا بڕوات. نزیکی دیوارەکان، بەرزترە بۆ رۆیشتنی خەڵک. ئینجا ئەوەی بیگوتایە" لای دیوارەکەوە دەوەستم و سەیری خەڵکی تر دەکەم" مەبەستی ئەوە بووە بڵێت " من خەڵکی تر ریسوا دەکەم". لێرەدا سامپسۆن، مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ "من ریسوای هەموو بنەماڵەی مۆنتاگیو دەکەم، بە نێر و مێیانەوە".

لەبەر ئەوەی ژن، لاوازەکەیە،
هەمیشە، بەپاڵ،
دەبرێتە پاڵ دیوارێکەوە.
من پیاوەکانی
مۆنتاگیو، بەپاڵ، دوور دەخەمەوە.
کچەکانیشیان بەپاڵەپەستۆ
زوو دەبەمە پاڵ دیوارێکەوە.(١)

گریگۆری:
شەڕەکە، لەناو ئاغاکانمانە و
لەناو ئێمەشدا؛ پیاوەکانیانین.

سامپسۆن:
هەمووی، یەکە لام.
وەکو زۆردارێک خۆم پیشان دەدەم.
کەی لێبوومەوە لە پیاوەکانیان،
بەشارستانی و دڵ نەرمییەوە،
سەری کچانیان، یەک یەک دەبڕم.

گریگۆری:
سەری کچانیان؟

سامپسۆن:
ئا، بەڵێ سەری گشت کچەکانیان.
یان
سەری کچێنی کەنیشکەکانیان،(٢)
ئیتر تۆ هەرچۆن لەوە تێ دەگەیت،
ئاوا تێی بگە.

گریگۆری:
گەر هەستیان هەبێت، هەستی پێدەکەن.

سامپسۆن:
هەستم پێ دەکەن،

---

(١) سامپسۆن، تێگەیشت کە گریگۆری وتەی دوو مانا بەکار دەهێنێت. ئێستا خۆشی وەکو ئەو دەدوێت.

(٢) سەری کچێنی (Maidenhead) پەردەی کچێنی. لێرەدا کە دەڵێت؛ "سەری کچانیان"، مەبەستی لەسەری کچێنی کچەکانیانە. کەنیشکە؛ ئەو کچەی کە هێشتا پەیوەندی سێکسی لەگەڵ پیاودا نەبووە.

تاکو وەستانم توانای تیا هەبێت.

هەموو دەزانن؛

پارچە گۆشتێکی چەند لەزەتدارم.[١]

گریگۆری:

باشە ماسی نیت. ماسی بوویتایە،

ئەوساکە دەبوویت بە"جۆن"ی بێکەڵک.[٢]

دەی ئامرازەکەی خۆت هەڵبکێشە.[٣]

ئەوا دووان هاتن،

لە پیاوەکانیماڵی مۆنتاگیو. (دوو پیاو دەردەکەون)

سامپسۆن:

چەکە رووتەکەی خۆم دەرهێناوە؛

ئەتۆ بجەنگەو من لەدواتەوە،

پشتی تۆ دەگرم.

گریگۆری:

چۆن؟

پشتت دەکەیتە من و رادەکەیت؟

سامپسۆن:

مەترسە، لەمن.

گریگۆری:

نا، من، بە مەریەم، لە تۆ دەترسم.

سامپسۆن:

بۆ ئەوەی یاسا لەگەڵماندا بێت؛

وازیان لێ بێنە.

با خۆیان دەست بە وتووێژ بکەن.

گریگۆری:

کە بەلایاندا، من تێ دەپەڕم،

رووی خۆم گرژ دەکەم.

---

(١) هەردووکیان، وتەکانیان بەمانایەکی سێکسی و بازاڕانەوە دەڵێن.

(٢) جۆن، ناوێکە دراوە بەجۆرە ماسییەکی هەرزان. بەسوێرکراوی لە بازاڕدا دەفرۆشرێت. شێوەیەکی سیس و ناشرینی هەیە. لێرەدا دیستان مەبەستی لە شتی سێکسییە.

(٣) ئامراز؛ ئامێر، چەک، شمشێر. دیسانەوە بەمانایەکی سێکسییەوە دەدوێت.

چۆنیان پێ خۆشە، با وای تێبگەن.

سامپسۆن:

نا،

بەپێی وێرانیان.[١]

پەنجە گەورەمیان من لێ دەگەزم.

ئابڕوویان دەچێت،

ئەگەر بەبێ دەنگ تاڵیی بچێژن.[٢]

ئەبرام:

ئەرێ، بەڕێزم،

پەنجە گەورەمان، تۆ لێ دەگەزیت؟

سامپسۆن:

بەڵێ، بەڕێزم، من گاز لە پەنجە

گەورەی خۆم دەگرم. (روو دەکاتە گریگۆری)

پێم بڵێ یاسا،

لەگەڵمان دەبێت ئەگەر بڵێم؛ ئا؟

گریگۆری:

نا،

لەگەڵمان نابێت.

سامپسۆن:

نەخێر، بەڕێزم،

پەنجە گەورەمتان من لێ ناگەزم.

بەڵام، هەر وا گاز لە پەنجە گەورە

کانی خۆم دەگرم.

گریگۆری:

بەگم، بەو جۆرە، شەڕ دەفرۆشن؟

ئەبرام:

شەڕ دەفرۆشین؟

نا، بەگم، ئێمە، شەڕ نافرۆشین.

---

(١) بەپێی ئەوەی چەند پێمان دەوێرن، ئاوای تێدەگەن.

(٢) تاڵیی؛ تاڵی ئەو ریسواکردنە.

سامپسۆن:

بەڵام، بەڕێزم،
گەر ئێوە شەڕمان پێ دەفرۆشن،
ئامادەم بۆتان.
منیش نۆکەری بۆ پیاوێک دەکەم
وەک هی تۆ، باشە.

ئەبرام:

ئەی باشتر نییە؟

سامپسۆن:

ئیتر چوزانم.... (بێنڤۆلیۆ دەردەکەوێت)

گریگۆری:

بڵێ؛ باشترە. ئەوەتا یەکێک،
لە خزمەکانی خاوەنەکەمان،
بەرەو ئێرە دێت.

سامپسۆن:

بەڵێ، بەڕێزم، دەڵێم؛ باشترە.

ئەبرام:

تۆ، درۆزنیت.

سامپسۆن:

تۆ، ئەگەر پیاویت،
دەی شمشێرەکەی خۆت هەڵبکێشە. (ئینجا روو دەکاتە گریگۆریی هاوڕێی)
ها، گریگۆری، لەبیرت نەچێت؛
ئەو پیاکێشانەی هەڵی دەدرێت. (دەجەنگن)

بێنڤۆلیۆ:

بێ مێشکەکان!
خێرا دەستبەجێ، جیاببنەوە
شمشێرەکانتان بەرزبکەنەوە.
نازانن بەوە،
ئاژاوەیەکی چۆن دەنێنەوە!
(لەو کاتەی کە بەشمشێرەکەی جیای دەکردنەوە، تیبالت دەردەکەوێت)
بڵێ؛ پێیان بڵێ.

تیبالت:

شمشێرەکەی خۆت رادەوەشێنیت

لەناو ئاسکە بێ هێزەکاندا؟

دەی بێنڤۆلیو، دەی

روو بکەرە ئەملاو مەرگت ببینە.

بێنڤۆلیۆ:

تەنیا دەمەوێت،

ئاشتی شارەکە، بپارێزێت.

شیرەکەت لابە،

یان لەگەڵ مندا، بەکاری بێنە؛

ئەمانە، لەیەک جیا بکەینەوە.

تیبالت:

تۆ بەشمشێری هەڵکێشاوتەوە

دێیت باسی ئاشتیم لەگەڵدا دەکەیت؟

ئەوەندەی رقم من لە دۆزەخە،

ئەوەندەش رقم لەو وشەیەیە.

ماڵی مۆنتاگیو، بەتۆوە، هەموو

ترۆ و نامەردن. (دەجەنگن)

(چەند هاووڵاتییەک لەهەردوو لاوە، بەدار و تەور و رمەوە، لە جەنگەکەدا بەشداری دەکەن.
لەو کاتەدا چەند پۆلیسێک دەردەکەون)

پۆلیسەکان:

دەی بوەستن و ئەو دار و تەور و

رمانە، یەکسەر دانێنە سەر خاک.

دەک هەر کاول بێت ماڵی کاپیولێت.

دەک هەر کاول بێت ماڵی مۆنتاگیو.

(کاپیولێت و بانوو کاپیولێت دەردەکەون)

کاپیولێت:

ئەم هەرا و دەنگە، چییە دیسان دێت؟ (روو دەکاتە کارەکەرێک)

ئەرێ تۆ شیرە درێژەکەمم،

برۆ بۆ بێنە.

بانوو کاپیولێت:

گۆچانێک، گۆچان! شیرت بۆ چییە؟
کاپیولێت:
شیرەکەی خۆمم، گوتم بدەنێ.
مۆنتاگیو پیرە، بەرەو ئێرە دێ.
بەڕوومدا شمشێر رادەوەشێنێ. (مۆنتاگیوی پیر خۆی و ژنەکەی دەردەکەون)
مۆنتاگیو:
ئاخ "کاپیولێت"ی بێ شەرمی ناکەس!
نەکەی بمگری، رێگام بدەرێ.(١)
بانوو مۆنتاگیو:
ئەتۆ لێرەوە،
تاکە یەک هەنگاو ناجووڵێیتەوە؛
بچیت دوشمنێک بدۆزیتەوە. (میر ئیسکالەس، دەردەکەوێت)
میر:
یاخیبووەکان،
هەی دوژمنانی ئاسوودەو ئاشتی!
هەی ئەو کەسانەی،
شمشێرەکانی خۆتان بەخوێنی
هاوسێیەکانتان، ناپیرۆز دەکەن!
گوێتان لێم نییە،
ئەرێ پیاوەکان، هێی دڕندەکان!
ئێوە، ئەوانەی
گڕی تووڕەیی زیان بەخشتان،
بەفوارەی خوێنی
کوڵاوی ئاڵی دەمارەکانتان،
دادەمرکێنن، دەی چەکەکانی
ئەو دەستە پیسە خوێناوییەتان،
دانێنە سەر خاک!
وەگوێ لە سزای
میری تووڕەتان بگرن چی دەڵێت: (شەڕەکە دەوەستێت)
ئەمە سێ جارە جەنگ و ئاژاوە

(١) دیارە یەکێک گرتوویەتی بۆ ئەوەی شەڕ نەکات.

لەسەر جادەکان-
مان، دەنێنەوە.
هەمووشی بەهۆی
چەند وتەیەکی بۆشی پووتەوە،
لەلایەن تۆوە، کاپیولێتی پیر.
یان مۆنتاگیوی پیر، لەلایەن تۆوە.
ئەمە سێ جارە، دێن ئاسوودەیی
سەر جادەکانی ئێمە تێک دەدەن.
تاکو ناچاری
هاوشارە کۆنە دێرینەکانی[1]
ڤیرۆنا دەکەن؛
واز لە نەریت و پیشەی سەنگینی[2]
خۆیان بهێنن؛ رمێکی کۆنی
ژەنگاوی، لەبەر بەکارنەهێنان،[3]
بگرن بەدەستی بێ هێزیانەوەو
بێن پاسەوانی کینی ژەنگاوی
ئێوە بکەن و جیاتان بکەنەوە.
گەر جارێکی تر، ئێوە ئاژاوە
لەسەر جادەکان-
مان، بنێنەوە
ئەوساکە حەقی ئاسوودە و ئاشتی
بەژیانی خۆتان، ها، دەدەنەوە.
دە دەی ئەمجارەش،
با ئەوانەی تر، هەموویان برۆن؛
بەڵام کاپیولێت، تۆ لەگەڵ من دێیت.
ئەتۆش، مۆنتاگیو، لە دوای نیوەڕۆ
پێویستە ئەمڕۆ، خۆت بۆ لای من بێیت،
بۆ ئۆفیسەکەم.

(١) هاوشارە پیرەکان.
(٢) واز لە کاروباری ئاسایی گرنگ و بەسوودی خۆیان بهێنن.
(٣) چونکە رمی ئەو پیاوە پیرانە، دەمێکە بەکار نەهێنراون ژەنگیان هەڵهێناوە.

تاکو بزانن چ بڕیارێکمان
داوە دەربارەی ئەم ئاژاوەیە.
دەی جارێکی تر وا پێتان دەڵێم؛
بڵاوبنەوە، یان دەکوژرێن.
(هەموویان دەڕۆن، هەر مۆنتاگیو و بانوو مۆنتاگیو و بێنڤۆلیۆ دەمێننەوە)
مۆنتاگیو:
ئەوا کێ دیسان،
ئەم هەرا و بەزمەی داگیرسانەوە؟
دەی، برازاکەم، تۆ خۆت پێم بڵێ
لەکوێ بوویت ئەرێ، کە دەستی پێ کرد؟
بێنڤۆلیۆ:
بەر لەوەی بگەم، من لەدوورەوە،
دیم نۆکەرانی دوژمنەکەتان
لەگەڵ ئەوانەی خۆتان لێرەدا،
کەوتبوونە یەک.
من شمشێرەکەی خۆمم هەڵکێشا
جیایان بکەمەوە.
ئا لەو کاتەدا
"تیبالت"ی ئاگر تێبەربووم بینی
بەرەو من دەهات. زمانی شڕی
وتەی رسوایی ئەهاویشتە گوێم.
شمشێرەکەشی،
بەدەستەوە بوو بەئامادەیی.
هەر رادەوەشاند لە دەوروبەری
سەریەوەو هەوای دەوری دەبڕی.
هیچ ئازارێکی ئەو پێ نەدەگەیشت؛
فیکەفیکی بوو، بۆ سووککردنی.(١)
لەو کاتەی ئێمە،
لە دواندن و وتووێژدا بووین؛
خەڵکی دەهاتن

(١) ئەو؛ هەواکە. هەواکە، دەنگێکی لێ دەهات هەر وەکو فیکە بکات بۆ رسواکردنی تیبالت.

بەشداری بکەن لەشەڕەکەدا:
هەر یەکەی لەگەڵ یەکێک دەجەنگی.
تاکو میر هات و جەنگەکەی وەستان.

بانوو مۆنتاگیو:

ئەرێ کوا رۆمیۆ، تۆ دیوتە ئەمڕۆ؟
پێم خۆشە، کە ئەو،
لەم مشتومڕە و ناکۆکییەدا،
بەشدار نەبووە.

بێنڤۆلیۆ:

خاتوون، سەعاتێک،
پێش ئەوەی خۆری پیرۆز بڕوانێت،
لەو پەنجەرەیە زێڕینە جوانەی
رۆژهەڵاتەوە،
مێشکی ورووژاوم، ناچاری کردم
هەندێک بۆ پیاسە، لەماڵ دەربچم.
لە دارستانی ئەو چنارانەی،
کە لە رۆژئاوای شارەکە رواون،
من لە دوورەوە کوڕەکەتم دی.
بەو بەیانییە زووە لەوێدا،
پیاسەی خۆی دەکرد.
ئەویش منی دی.
کە هەوڵم دا لێی نزیک بمەوە،
لە چڕستانی بێستانەکەدا،
خۆی لێ ون کردم.
لەو باوەڕەدام، کە لەو کاتەدا،
هەستی دەروونی وەک هی من بووبێت:
ئەوە بوو دڵم، ئارەزووی دەکرد؛
لە جێگەیەک بم، کەسێک نەبینم.
تاکو لە گیانی
ماندووی بەتەنیای خۆم بێزار بووبووم.
من بەدوای هەستی دەروونی خۆمدا،

ڕۆشتم و ئیتر دوای ئەو نەکەوتم.
من وابزانم، ئەوەندەی کە من،
گورێزکردنی ئەوم پێ خۆش بوو،[1]
ئەویش ئەوەندە
گورێزکردنی منی پێ خۆش بوو.

مۆنتاگیو:

زۆر جار لەکاتی
بەیاندا لەوێ، ئەو بینراوە.
فرمێسکەکانی،
تکاونەتە سەر
شەونمەکانی بەری بەیانی.
هەوری هەناسە پڕ داخەکانی
تێکەڵی هەوری بەر ئاسمان بووە.
بەڵام کە ڕۆژی شادمان بەخش هەڵدێت ١,١,١٢٥
لە ڕۆژهەڵاتی دوورەوەو دەچێت
پەردە ڕەشەکەی
نوێنی "ئەورۆرە" هەڵبداتەوە،[2]
کوڕی غەمگینم، لە ڕووناکییەکە،
خۆی دەدزێتەوەو
دەگەڕێتەوەبۆ ژوورەکەی خۆی.
لەوێ بەتەنیا، دەمێنێتەوە و
پەنجەرەکانی دەپۆشێت لە ڕووی ١,١,١٣٠
تیشکی هەتاوی جوانی بەربەیان.
لە ژوورەکەیدا جۆرە شەوێکی
دەستکردە بۆ خۆی دادەمەزرێنێت.
ئەم جۆرە بارەی دەروونی گەلێک
من دەترسێنێت،
گەر ئامۆژگاری کەسێکی زانا،
هۆی پەژارەکەی لە دڵ دەرنەکا.

---

(١) گورێزکردن؛ خۆلادان، دوورکەوتنەوە.

(٢) ئەورۆرە؛ بانووخوای بەربەیان، شەبەق

بێنڤۆلیۆ:

مامی بەڕێزم،

ئایا دەزانیت چییە هۆیەکەی؟

مۆنتاگیو:

من، نەدەزانم، وەنەدەتوانم

لەخۆیەوە من، شتێک بزانم.

بێنڤۆلیۆ:

هیچ هەوڵت داوە تۆ لێی بپرسیت؟

مۆنتاگیو:

خۆشم و گەلێک لە دۆستەکانم.

بەڵام ئەوەی لە

یادیدا هەیە، بەکەسی ناڵێت.

هەندە بێ دەنگ و کەساس و ماتە،

هەتاکو ئێستا

نەمان توانیوە بزانین چییەتی.

وەکو خونچەیەک،

کرمێکی رەشکن دەروونی بجوێت[١]

پێش ئەوەی کاتی هەبێت بتوانێت

پەڕە رەنگینە بۆن خۆشەکانی

خۆی بکاتەوە،

لەناو شنەبای بەری بەیانی.

یاخۆ جوانێتی خۆی بۆ هەتاوی

بەیان بنوێنێت.

گەر دەمانزانی

لە کوێوە دەڕوێت پەژارەکانی،

دەرمانێکمان بۆی، هەر دەدۆزییەوە. (رۆمیۆ دێت)

بێنڤۆلیۆ:

تکایە برۆن. ئەوەتانێ دێت!

با من هەوڵێکی

لەگەڵدا بدەم، بەڵکو پێم بڵێت؛

---

(١) رەشکن؛ حەسوود.

چی ئاوا دڵی غەمگین کردووە.

مۆنتاگیو:

خۆزگە دەتتوانی. (روو دەکاتە ژنەکەی)
دەدەی خاتوونە، وەرە با بڕۆین. (دەڕۆن)

بێنڤۆلیۆ:

ها، ئامۆزاکەم، بەیانیتان باش.

رۆمیۆ:

بۆچی رۆژ هێشتا، هەندە ساوایە؟[١]

بێنڤۆلیۆ:

تازە نۆی لێدا.

رۆمیۆ:

وەی لەمن ساتی سوێدار درێژە.
ئەوە، باوکم بوو
وا بەخێرایی لێرەوە دەرچوو؟

بێنڤۆلیۆ:

ئا، بەڵێ، ئەو بوو.
چ سوێدارییەک
سەعاتی "رۆمیۆ"ی درێژ کردووە؟

رۆمیۆ:

نیمەی ئەو شتەی، ئەوەی گەر دەمبوو،
سەعاتەکانمی کورت دەکردەوە.

بێنڤۆلیۆ:

کەوتوویتەتە ناو داوی دڵداری؟

رۆمیۆ:

لە دەرەوەییم.

بێنڤۆلیۆ:

تۆ لە دەرەوەی داوی دڵداریت؟

رۆمیۆ:

من، خۆشم دەوێت،
بەڵام داخەکەم، منی خۆش ناوێت.

---

(١) بۆچی هێشتا ئەوەندە زووە.

بێنڤۆلیۆ:

داخی گرانم، ئاخ، خۆشەویستی،
ئەوەی ئەوەندە ناسک و جوان دیارە،
تا تووشی نەبی
نازانی کە چەند تووڕەو غەدارە.

ڕۆمیۆ:

داخی گرانم، کە خۆشەویستی،
هەر چەند بەرچاوی
گیراوە، کەچی
لە توانایەتی، بەرەو نێچیری،
بێ چاو ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە.(١)
ها، لەکوێ نانی نیوەڕۆ بخۆین؟
دیسان ئاژاوە، لێرە رووی داوە؟
بەڵام تۆ باسی ئەوەم بۆ مەکە؛
من هەموویم بیست.
ئەمە، پەیوەندی زۆر بە قینەوە
هەیەو زۆرتریش بە ئەڤینەوە؛(٢)
ئاخ، هەی ئەڤینی ئاژاوەگێڕ، ئاخ،
هەی رقی شەیدا،(٣)
ئاخ لەو شتانەی، کە لە هیچەوە،
دروست کراون!(٤)
سووکەڵەی سەنگین! مەنگی سووکەڵە!(٥)
ئاژاوەی شێواو،
وەک لە شێوازی جوان پێکهێنراو
دروست کرابێت.(٦)

---

(١) خۆشەویستی؛ لێرەدا مەبەستی لە خوای خۆشەویستییە (کیوپد). کیوپد، کوێرە.

(٢) بەهۆی قینەوە ئاژاوە روو دەدات. بەڵام، خۆشەویستی، لە قین زۆرتر ئاژاوە دەخاتە دڵی مرۆڤەوە. ئینجا لە دێڕەکانی خوارەوەدا باسی ئەوە دەکات کە ئەڤین زۆر رووی هەیە.

(٣) شەیدا؛ عاشق.

(٤) هیچ لە هیچەوە دروست ناکرێت. بەڵام، خۆشەویستی لە هیچەوە دروست دەبێت.

(٥) سەنگین؛ قورس. مەنگ؛ سەنەو، روو گرژ.

(٦) ئاژاوەیەکی شێواویت، بەڵام، هەمیشە بەجۆرێک دێتە بەرچاو، وەکو لە شێوازێکی جوان و ڕێکوپێک دروست کرابووبێت.

پەڕی قورقشم و دووکەڵی ڕەوشەن[١]
ئاگری فێنک،
سازگاری بیمار، نوستووی خەبەردار!
کەوتوومەتەناو داوی ڤیانێک،[٢]
منی خۆش ناوێت.
هیچ پێکەنینت بەمەدا نایەت؟

بێنڤۆلیۆ:
نا، ئامۆزاکەم، من گریانم دێت.

ڕۆمیۆ:
دڵناسک، بۆچی؟

بێنڤۆلیۆ:
بۆ ئەو ئازارەی دڵی ناسکی
تۆ کە دەیچێژێت.

ڕۆمیۆ:
خۆی هەر سروشتی دڵداری، وایە.[٣]
من پەستە دڵم، بە خەفەتی خۆم،
بەوەی تۆوە، خۆ
پەستتریش دەبێت.
ئەم ئەڤینەی تۆ، بۆمی دەردەخەیت،
خەفەتی زۆرم، پێی زۆرتر دەبێت.
ئەڤین دووکەڵە، ئا ئەو دووکەڵە،
گشت لە هالآوی هەناسەی ساردی
پڕ داخی شەیدا، پێکهێنراوە.[٤]
کە دەڕوات ڕەنگی ڕوون دەبێتەوە،

---

(١) پەڕ، شتێکی سووکە. بەڵام بۆ عاشق، لە قورقشم دروست کراوە. دووکەڵ، تاریکە. بەڵام بۆ عاشق ڕووناکە.

(٢) ڤیانێک؛ خۆشەویستێک.

(٣) ڕۆمیۆ، شەیدای کەس نییە؛ شەیدای دڵدارییە؛ زۆر حەز لەدڵداری دەکات. ئەوەندە دوای دەکەوێت تا دەکەوێتە ناو داوەکەیەوە.

(٤) لێرەدا ڕۆمیو، هەر وەکو باسی قۆناغەکانی عەشقی خۆی بکات وایە: خۆی ئێستا لە قۆناغی یەکەمدایە؛ حەزی لە ڕۆزەلین کردووە. کە دووکەڵەکە ڕوون دەبێتەوە و ئاگرە ڕاستییەکەی بۆ =

ئاگره، له ناو
چاوی عاشقان، دەبریسکێتەوە.
کە تووڕە دەبێ،
"دەریا"یە، جۆگەی فرمێسکی چاوان
ئاوی دەداتێ. ئیتر چی ترە؟
شێتبوونییەکی وریا و دانایە،
ژەهرێکی تاڵە،
شیرینییەکی پارێزگارییە.[١]
دەی ئامۆزاکەم ئەسپەردەی خوابیت.

بێنڤۆلیۆ:
لەسەرخۆ، مەڕۆ، با لەگەڵتا بێم.
بەم جۆرە گەر تۆ، بەجێم بهێڵیت،
دڵم دەشکێنیت.

ڕۆمیۆ:
وا نەڵێیت ئیتر.
ڕێم لێ ون بووە، من لێرەدا نیم.
ڕۆمیۆ ڕۆشتووە بۆ جێیەکی تر.

بێنڤۆلیۆ:
تۆ ڕاستییەکەیم ئاخر پێ بڵێ،
پێم بڵێ حەزت لە کێ کردووە؟

ڕۆمیۆ:
چیت لە من دەوێ؟
بەگریانەوە پەژارەی دڵم بگێڕمەوە؟

بێنڤۆلیۆ:
بەگریانەوە؟ نا، نەخێر بۆچی؟

---

=دەردەکەوێت، قۆناغی دووەم دەست پێ دەکات؛ حەز لە جولیەت دەکات. کە ئەو خۆشەویستییە تووڕە دەکرێت بەنەفیکردنی ڕۆمیۆ، قۆناغی سێیەم دەست پێ دەکات؛ ڕۆمیۆ و جولیەت هەردووکیان دەگرین. لە قۆناغی چوارەمدا، ڕۆمیۆ ژەهر دەخواتەوەو جولیەت خۆی دەکوژێت. ئیتر لە شیریناوی مردندا (وەکو مرەبای میوە) خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتری تا هەتا هەتایە، دەپارێزن.

(١) میوەی ناو مرەبا، شیرینی شەکرە کە دەیپارێزێت. ئەو شیرینییەی ڕۆمیۆ باسی دەکات، خۆشەویستی دەپارێزێت.

توخوا بەڕاستی، پێم بڵی کێیە؟

رۆمیۆ:

ئەرێ بەڕاستی،
داوا لە پیاوی بیمار دەکەیت تا،
داخوازی دڵی خۆیت پێ بڵێ؟
پرسیاری ئاوا
گرنگ هەڵەیە، لە بیمار بکرێ.
ئەوەی راستی بێ
ئامۆزاکەم، من، شەیدای کچێکم.

بێنڤۆلیۆ:

باش، لە نزیکی ئامانجەکەم دا،
کە من پێم گوتی؛ ئەتۆ عاشقی

رۆمیۆ:

ئا، نیشانچی چاک، دڵم عاشقی
کچێکی گەلێک ناسک و جوانە.

بێنڤۆلیۆ:

ئەنجامی جوانتر،
ئامۆزا، زووتر بەری دەکەوێت.

رۆمیۆ:

لەمەدا راست نیت.
هەندەی دەیانا، وریا و دانایە،(١)
تیری "کیۆپد" بەلایدا نایە.(٢)
بەزرێپۆشی پتەوی ئابڕوو،(٣)
دژی کەوانی زارۆی دڵداری،
بەرگرییەکی تەواو کراوە؛(٤)
ئەو، نە بەمەرجی گەمارۆی ئەڤین
رازی دەبێت، نە

---

(١) دەیانا (Diana)؛ بانووخوای کچێنیی و راوە. دژی شووکردنە. بەرگری کچێنی کەنیشک دەکات.

(٢) کیوپد (Cupid)؛ خوای دڵدارییە. تیرەکەی بەر هەرچ کەسێک بکەوێت، دەیخاتە داوی دڵدارییەوە.

(٣) ئابڕوو؛ شەرەف.

(٤) زارۆ؛ مناڵ. کەوانی ئەڤین ئەوەندە بەهێز نییە (زارۆیە)، تا بتوانێت زرێپۆشی ئابڕوو، کون بکات.

هێرشی چاوی پڕ خۆشەویستی
کەس قبووڵ دەکات.
نەبۆ ئەو زێڕە، کۆش دەکاتەوە،[١]
ئەوەی "قددیس"یش پێی دەخەڵەتێ.
ئای لە جوانیدا چەند دەوڵەمەندە!
بەڵام هەژارە؛ چونکە کە دەمرێت،
هەموو جوانێتی و گەنجینەکانی،
دەمرن لەگەڵی.[٢]

بێنفۆلیۆ:
کەوابێت دەبێت سوێندی خواردبێت؛
کە بە کچێنی بمێنێتەوە؟

رۆمیۆ:
بەڵێ خواردوویەتی؛
ئای،
دۆڕاندنێکی چەند سەخت و زلە؛
ئا بەو بڕیارە سەختەی داوێتی،
جوانییەکەی تینوو دەمێنێتەوە.
کچێنییەکەیشی، لە جوانێتییەکەی،
رێگە دەبڕێت؛
نایەڵێت بگات بە نەوەکانی.
جوان و دانایە، شەنگە رەوشتی.
ناحەقە ئەگەر

---

(١) دیارە، شێکسپیر، ئەمەی لە ئەفسانەیەکی گریکییەوە وەرگرتووە: شایەکی گریکی کچێکی زۆر جوانی دەبێت. ناوی "دەنایۆ" دەبێت. دوارۆژبینێک پێی دەڵێت؛ کوڕێکت دەبێت، ئەو کوڕە، باوکت دەکوژێت. کە شایەکە ئەوە دەبیستێت، کچەکەی خۆی لە ماڵەوە بەند دەکات و نایەڵێت بۆ هیچ کوێ بچێت نەوەکو پەیوەندی لەگەڵ پیاو بکات و سکی پڕ ببێت. زیوس، گەورەی هەموو خوایەکانی گریک، لە ئاسمانەوە کە دەیبینێت، حەزی لێ دەکات. رۆژێک لەو کاتەی کە دەنایۆ، لە باخچەی کۆشکەکەدا بەتەنیا دەگەڕا، زیۆس خۆی دەکات بە بارانی زێڕ و لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە. دەنایۆ، کە ئەوە دەبینێت زوو کۆشی کراسەکەی خۆی دەکاتەوە و زێڕەکە کۆ دەکاتەوە و دەیبات بۆ ژووری نوستنی خۆی. لەوێدا زیۆس، خۆی دەکات بەپیاوێکی قۆز و لەگەڵیدا دەنوێت. دەنایۆ، کوڕێکی زۆر جوانی دەبێت. کە کوڕەکە گەورە دەبێت، رۆژێک بەهەڵە باپیری خۆی دەکوژێت.

(٢) چونکە منداڵی نابێت، جوانییەکەی لەگەڵیدا دەمرێت.

به ئازاردانی من له دنیادا،
جێی له بەهەشتدا، بۆ دابین کرێ.
سوێندی خواردووه، که قەت رێ نەدا،
به خۆشەویستی، بۆ دڵی بچێ.
بەهۆی ئەو سوێنده،
ئەمن ئەوەتا، له ژیانێکی
مردوودا، دەژیم.

بێنڤۆلیۆ:
گوێ له من بگره؛
تۆ ئەوت ئیتر له بیر چێتەوه.

رۆمیۆ:
ده فێرم بکه،
ئاخر چۆن ئەوم له بیر چێتەوه.

بێنڤۆلیۆ:
سەربەستی بده به چاوەکانت؛
با سەیری جوانیی کچی تر بکەن.

رۆمیۆ:
بێگومان، بەوه
جوانی نایابی ئەو له چاومدا،
نایابتر دەبێت.[1]
ئا ئەو رووپۆشه شادانەی که رووی
ئافرەتی جوان و ناسک ماچ دەکەن،[2]
چونکه تاریکن، وامان لێ دەکەن
که وابزانین،
جوانی له چاومان، دەشارنەوه.[3]
ئەوەی که تووشی چاو کوێربوون بووه

(١) ئەوساکه باشتر بۆم دەردەکەوێت که کچ نییه هێندەی ئەو جوان بێت.
(٢) رووپۆش؛ ماسکه. ئەوانەی که جاران باو بووه له ئاهەنگی کەیف و هەڵپەرکێدا ژن و پیاو رووی خۆیانی پێ داپۆشن. بۆ ئەوەی نەزانن کێ لەگەڵ کێدا دانس دەکات. شادن، چونکه نووساون به رووی ئافرەتی جوانەوه.
(٣) ئەو جوانه نین وەکو تۆ وێنایان (تەسەوریان) دەکەیت.

هەرگیز ناتوانێت
گەنجینەی هێژای چاوی کاولبووی،[١]
لە بیر چێتەوە.
تۆ خاتوونێکم پێ پیشانبدە،
جوانی جوانان بێت.
ئاخر جوانییەکەی، بەکەڵکی چیم دێت،
هەر جگەلەوەی ببێت بەبۆنەی
ئەوەی کە دیسان، بیر بکەمەوە
لەوەی لە جوانی جوانان جوانترە.
ئەسپەردەی خوابی. تۆ قەت ناتوانی
فێرم بکەیت چۆن
شتی بەنرخم لە بیر چێتەوە.

بێنڤۆلیۆ:

یان فێرت دەکەم، یان بەقەرزاری،
من رۆژێک دەمرم.

(١) ئەوەی چاوی کوێر دەبێت، قەت ئەو شتە جوانانەی لە بیر ناچێتەوە، کە کاتی خۆی بینیویەتی. رۆمیۆ، وەکو بڵێت، لەو ساوەی ئەو جوانەی بینیوە، چاوەکانی کوێر بوون و ئەو جوانەی قەت لە بیر ناچێتەوە.

## دیمەنی دووەم

کۆنت پاریس و کاپیولێت و نۆکەرێک، دەردەکەون.

کاپیولێت:

بەڵام مۆنتاگیو، ئەویش وەکو من،
بەڵێنی داوە.
گرانیش نییە، من وابزانم،
بۆ پیاوی تەمەن گەورەی وەک ئێمە،
ئاسوودە و ئاشتی شار بپارێزێت.

پاریس:

ئێوە هەردووکتان،
لێرە بەپیاوی چاک بەناوبانگن.
جێی داخە کەوا بۆ ماوەیەکی
وا دوور و درێژ،
شەڕ و ناکۆکی، کەوتۆتە ناوتان.
بەڵام، سەروەرم، ئێستا دەڵێیت چی
دەربارەی ئەوەی،
کە کچەکەتان من لێ دەخوازم؟

کاپیولێت:

من دیسانەوە، ئەوەی کە گوتم،
دووبارەی دەکەم؛
بۆ شوو کچەکەم، جارێ منداڵە؛
لەم دنیایەدا، بێگانە دیارە؛
هێشتا، تەمەنی، نەچووەتە چواردە.
با دوو هاوینی تری بەسەر چێت،
ئەوسا بیرێکی لێ دەکەمەوە؛
گەییوە بۆ شوو، یاخود ماویەتی.

پاریس:

لەویش منداڵتر،

بوون بەدایک و شادمانن بەوە.
کاپیولێت:
ئەوانەی کە زوو دەدرێن بە شوو،
ئاواش ڕۆژگار زوو دەیانشێوێنێت.
ئەمەیان نەبێت، خاکی ژێر زەمین،
گشت هیواکانی منی قووتداوە.
لەم دنیایەدا، تەنیا ئەم کچە،
هیوای هەبوون و ژیانی منە.
بەڵام "پاریس"ی گەنجی خانەدان،
هەوڵ بدە خۆت لێی، نزیک بیتەوە؛
بەزمانی خۆش و ڕەوتاری جوانت،
دڵی داگیرکە، تا بیبەیتەوە.[1]
ئارەزوو و ویستی
من، هەر بڕێکە،
لە ڕازیبوونی ئەو و ئاواتی.
گەر بەپێی هەست و
ئارەزووی دڵی، هەڵی بژاردیت،
من بە سەربەستی، هەڵبژارنی
ئەو، پەسەند دەکەم.
بەپێی نەریتی کۆنی خۆمەوە،
ئەم شەو ئاهەنگێک دەبەستمەوە.
گەلێک لە دۆست و ناسیاوەکانی
خۆم بانگ کردووە. تۆش یەکێکیانی،
گەلێک بەخێر بێیت. تۆ بە هاتنت
ژمارەکەیان، یەکێک زیاد دەکەیت.
ئەمشەو بۆ ماڵی ساکاری ئێمە،[2]
وەرە ببینە؛
ئەستێرە، بە پێ، بەسەر زەمینا
دەڕوا و ئاسمانی

(١) بیبەیتەوە؛ وەکو یانەسیب، بیبەیتەوە.
(٢) ساکار؛ سادە، بەسیت.

تاریک بە تیشکی روون دەکاتەوە.[۱]
هەست دەکەیت دڵت، دەحەسێتەوە
وەک هی لاوێکی عاشق لە مانگی
نیسانی رەنگین؛ جوانترین جلی
بەهاری سەوزی لەبەر کردبێت،
دوای زستانێکی پەستی تەماوی.
هەر بەتەواوی،
بەشادییەکی ئاوا هەست دەکەیت،
لەنێوان خونچەی تازەکراوەی
فەنێڵ لە ماڵی ئێمەدا، ئەمشەو.[۲]
گوێ لە هەموویان بگرە و هەمووشیان
بۆ خۆت ببینە.
ئینجا ئەوەی کە شیرینتریانە،
با ئەو یەکەیان، خۆشەویستت بێت.
جا کەی ئەو هەموو جوانانەت بینی،
کچەکەی منیش، یەکێکیان دەبێت،
لەوانەیە ئەو، نمرە یەکت بێت.
هەرچەندە کە یەک، لە ژماردندا،
نرخی زۆر نییە.
دەی، لەگەڵمدا وەرە با برۆین. (کاغەزێک دەدات بە کەودەن)
ئا کورە وەرە، برۆ بەوردی
سەرجەم "ڤیرۆنا"ی کەیلان بگەڕێ
ئەو کەسەی ناوی،
لەم کاغەزەدا تۆمارکراوە،
بیدۆزەرەوە و
پێی بڵێ ماڵ و پێشوازی گەرمم،
چاوەڕوانی شادیی هاتنی دەکەن.

---

(۱) کچی زۆر جوان جوان دێن بۆ ئاهەنگەکەمان؛ وەرە بیانبینە.

(۲) فەنێڵ؛ جۆرە سەوزەیەکە لە شوێت دەچێت. لە بەهاراندا جۆرە گوڵێکی زەردی بۆن خۆش دەگرێت. دەڵێن کە گوایە بۆنەکەی، سۆزی دڵداری لەناو دڵی مرۆڤدا دەوروژێنێت. لێرەدا، بێگومان، مەبەستی لەو کچە گەنجانەیە کە ئەمشەو بۆ ئاهەنگەکەی دێن.

کەودەن:[١] (لەبەر خۆیەوە)
ئەو کەسەی ناوی تۆمار کراوە
لێرەدا، دەبێت
بۆی بگەڕێم و بیدۆزمەوە؟
تیایدا نووسراوە؛ کەوشدروو دەبێت
هەمیشە گەزی لەبەر دەستا بێت.
بەرگدروو، هەسان.
ماسیگر، فڵچە و ڕەسامیش، تۆڕێک.
منیان ناردووە، گشت ئەو کەسانەی
ناویان لێرەدا تۆمارکراوە،
بدۆزمەوە.
بەڵام نازانم، نووسەری ئەمە،
ئایا ناوی کێی تێدا نووسیوە.
خوێندەوارێکم ئەمن پێویستە. (لەو کاتەدا، بێنڤۆلیۆ و ڕۆمیۆ دەبینێت)
ئای،
چەند لەکاتێکی لەباردا هاتن.
بێنڤۆلیۆ (لەگەڵ ڕۆمیۆدا دەدوێت):
کابرا، ئاگرێک،
ئاگرێکی تر، دایدەمرکێنێت.
ئێشی ئازارێک، بە ئازارێکی
تر تینی دەشکێت،
گەر خولانەوە، سەرت گێژ ببێت،
بەپێچەوانە، بخولێیتەوە،
چاک دەبیتەوە.
واش خۆشەویستی؛ ئەگەر دەردێکی
نوێ هات و تووشی چاوەکانت بێت،
ژەهری نەخۆشی دەردە کۆنەکە،

---

(١) کەودەن؛ ریژگاو، گەلحۆ. جاران باو بووە لە ماڵە گەورە دەوڵەمەندەکاندا، یەکێکیان رادەگرت، کاری ئەوە بوو، بەنوکتە و وتەی خۆش، خەڵکی ماڵەکە بخاتە پێکەنین. پێیان دەگوتن " کەودەن Fool ". ئەم کەودەنەی ماڵی کاپیولێت خوێنەوار نییە. نازانێت ناوی کێ، یاخود چی لەو کاغەزەدا نووسراوە. بۆ گاڵتە، ئەو قسانە دەکات.

دەستبەجێ دەمرێت.

ڕۆمیۆ:

گەڵا مۆزەکەی
تۆیە، باشترین دەرمان بۆ ئەمە.[١]

بێنڤۆلیۆ:

پێم بڵێ، بۆ چیی؟ تکات لێ دەکەم.

ڕۆمیۆ:

ئا بۆ ئەو ئەژنۆ شکاوەی هەتە.

بێنڤۆلیۆ:

ئاخر ڕۆمیۆ بۆ؟ ئەرێ تۆ شێتیت؟

ڕۆمیۆ:

نا، شێت نیم بەڵام،
من لە شێت توندتر بەستراومەتەوە؛
لە بەندیخانە، بەبرسیتییەوە،
زمان و دەمیان بەستوومەتەوەو
دراومەتە بەر تازیانەکاری.[٢] (کەو دەندەبینێت)
ڕۆژباش کوڕی باش.

کەودەن:

ڕۆژباش سەروەرم، تۆ خوێنەواری؟

ڕۆمیۆ:

ئا، من دەتوانم دواڕۆژی ڕەشم،
بخوێنمەوە،
لەناو کڵۆڵی و بەدبەختی ئێستام.

کەودەن:

تۆ، لەوانەیە، ئەوە فێر بوویت،
بێ خوێندنەوە.[٣]
بەڵام پێم بڵێ، تکات لێ دەکەم؛

---

(١) جاران ئەگەر یەکێک، جێگەیەکی لەشی ئازاری بدایە، بۆ تیمارکردن، بەگەڵای مۆز دەیپێچایەوە. لێرەدا ڕۆمیۆ، گاڵتە بە وتەکانی هاوڕێکەی دەکات.

(٢) تازیانە؛ قەمچی.

(٣) ڕۆمیۆ، وەک دواڕۆژزانێک وەڵامی دەداتەوەو باسی دواڕۆژی ڕەشی خۆیی بۆ دەکات. دواڕۆژزان، لەوانەیە خوێنەوار نەبێت.

نووسین ببینیت،
دەتوانیت بۆمی بخوێنیتەوە؟
رۆمیۆ:
بەڵی، دەتوانم، گەر لەو زمانە،
سەرم دەربچێ و تیپەکانیشی
بناسمەوە.
کەودەن:
راستییەکەیت گوت، ئەسپەردەی خوابی.[1]
رۆمیۆ:
کابراکە، مەڕۆ، من خوێنەوارم. (نامەکە دەخوێنێتەوە)
سنیۆر مارتینۆ و ژن و کچەکانی.
کۆنت "ئەنسێلم" و
خوشکە دڵگیرە قەشەنگەکانی.[2]
بێوەژنەکەی سنیۆر ئوتروڤیۆ.
سنیۆر پلاسێنتیۆ و
کچە نازدارە زۆر جوانەکانی.
خوشک و براکەی
مێرکیوشیۆ لەگەڵ "ڤالێنتین"ی برای.
مامم، کاپیولێت،
بەخۆی و ژن و کچەکانییەوە.
خوشکەزاکەی من، "رۆزالین"ی جوان،
لەگەڵ " لیڤیا"دا.
سنیۆر ڤالێنتین، لەگەڵ "تیباڵت"ی
کوڕی مامەکەی.
لوشیۆ و "هێلێنە"ی شەنگی ئێسک سووک. (روو دەکاتە کەودەن)
کۆمەڵەیەکی گەلێک نایابن.
بۆ کوێ ئەمانە، گشت بانگ کروان؟
کەودەن:
بۆ ئەوێ دەچن.

---

(١) بەو وەلامە، نۆکەرەکە، وا تێ دەگات کە رۆمیۆ، خوێندەوار نییە. ویستی بڕوات.
(٢) قەشەنگ؛ جوان.

رۆمیۆ:

بۆ ئەوێ، بۆ کوێ؟

کەودەن:

بۆ ماڵی خۆمان.

رۆمیۆ:

ئاخر، ماڵی کێ؟

کەودەن:

هی خاوەنەکەم.

رۆمیۆ:

ئا، خۆ دەبوایە،
من زووتر لێتم، بپرسیایە.

کەودەن:

ئێستا پێت دەڵێم، بێ ئەوەی پرس کەی.
خاوەنەکەی من، بەگ، " کاپیۆلێت"ە.
لێرەدا، بەگم، دەوڵەمەندێکی
زۆر بەناوبانگە. ئەگەر جەنابتان،
لە بنەماڵەی "مۆنتاگیو" کان نین،
بێن سەرو جامێک، بادە بنۆشن.
ئەسپەردەی خوابن.

بێنڤۆلیۆ:

بۆ ئەم ئاهەنگە
نەریتییەی شەو، کاپیولێت دەیکات،
"رۆزەلین"ی جوان،
ئەوەی کە دڵت ئارەزووی دەکات،
دێت شێوی دەکات،
لەگەڵ ئەو هەموو کچە جوانانەی
شاری ڤیرۆنا. برۆ بۆ ئەوێ،
جا بەچاوێکی دادپەروەرانە،
خۆت بەراوردی دیمەی ئەو، بکە[١]

(١) ئەو؛ مەبەستی لە"رۆزەلین"ە

لەگەڵ ئەوانەی پیشانت دەدەم.
من وات لێ دەکەم؛ ئەوەی کە ئێستا
لێت بووە بەقوو، ببێت بە قاژوو.

رۆمیۆ:

ئەگەر ئەم چاوە،
ئایندار و زۆر دڵسۆزانەی من،
بەدرۆی ئاوا، قەت بڕوا بکەن،
رەبی فرمێسکی، چاوەکانی من
ببێت بە ئاگر.
وەئەوانەی کە، بەجارەهای جار،
تیایدا نقوم بوون، بەڵام نەمردوون،[١]
بیانسووتێنێت.
وەک درۆزنی بێ دینی کافر.
لە خۆشەویستی
من، ئێسک سووکتر؟
ئەو خۆرەی هەموو شتێکی دیوە،
هەرگیز، قەت رۆژێک،
یەکێکی ئاوا جوانی نەدیوە.

بێنڤۆلیۆ:

ئاخر گوێ بگرە؛
جوانییەتی ئەوت بەتەنیا دیوە؛
لەگەڵیا جوانی ترت نەدیوە،
بەراوردیان کەیت.
لەو تەرازووە کریستاڵەتدا،[٢]
بیکێشە لەگەڵ جوانەکەی تردا،
ئەوەی لەوێدا پیشانت دەدەم،
دەبرسکێتەوە
لەناو کچانی ئاهەنگەکەدا.

---

(١) ئەوانە؛ مەبەستی لە چاوەکانی خۆیەتی. رۆمیۆ، زۆر جار گریاوە و چاوەکانی لەناو فرمێسکدا نقوم بوون.

(٢) تەرازووە کریستاڵەت؛ چاوەکانت.

ئەوەی کە ئێستا لات، جوانترینە،
هەر بەئاستەمێک
لەوێ سەرنجی پیاو رادەکێشێت.

رۆمیۆ:

دەرۆم، هەرچەندە من باش دەزانم،
دیمەنی ئاوا، لەوێ نابینم.
تەنیا بەوەی خۆم،[١]
چاوەکانی خۆم، کامەران دەکەم.

---

(١) بەوەی خۆم؛ بە رۆژەلین.

## دیمەنی ١,٣

بانوو کاپیولێت:

دایەن، کچەکەم، ئەرێ لەکوێیە؟
بانگی بکە بێت.

دایەن:

دە بە کچێنی دوانزە ساڵەی خۆم،
سوێندت بۆ دەخۆم، بانگم کرد کە بێت. (جولیەت بانگ دەکات)
بەرخەکەم، کوانێیت! کوایت پەپوولەکەم!
رەببی خوا نەکات شتێک، قەومابێت.
ئەم کچە، کوانێ؟
جولیەت، تۆ لە کوێیت؟

جولیەت:

کێ منی دەوێت؟

دایەن:

دایکت، تۆی دەوێت.

جولیەت:

خاتوونە، لێرەم. چیت لە من دەوێت؟[١]

بانوو کاپیولێت:

ئەمەیە، مەسەلە.
دایەن، بۆ تاوێک بەجێمان بهێڵە.
دواندنێکی زۆر تایبەتییە،
دەبێت لەنێوان هەر خۆماندا بێت.
نا، نا، وەرەوە، هاتەوە بیرم،
تۆش لەگەڵمانبەو گوێمان لێ بگرە؛
لە مناڵییەوە،
کچەکەی منت دیوەو دەیناسیت.

(١) ئەوسا، لە ماڵە خانەدانەکاندا، شتێکی ئاسا بووە، مناڵ بەدایکی خۆی بڵێت "خاتوونە"و بە باوکی بڵێت "بەگم"

دایەن:

دە بەئیمانم، ئێستا دەتوانم؛
تا بەسەعاتیش، تەمەنی بڵێم.

بانوو کاپیولێت:

هێشتا تەمەنی، نەچۆتە چواردە.

دایەن:

لەسەر چواردەدان، من گرەو دەکەم–
بەڵام داخەکەم، هەر چوارم هەیە
کە تەمەنی ئەو، نەچۆتە چواردە.
چەند رۆژی ماوە بۆ فستیڤاڵ و
ئاهەنگی خەرمان کۆکردنەوە؟

بانوو کاپیولێت:

دوو حەفتەی ماوە، لەگەڵ چەند رۆژێک.

دایەن:

لە رۆژانی ساڵ، وا رێک دەکەوێت،
شەوی ئاهەنگی خەرمانی ئەمساڵ،
ببێت بە چواردە.
ئەم لەگەڵ سوزان– خوایە گەردنی
گشت مەسیحییەک خۆش و ئازاد کەیت–
لە یەک تەمەندان.
سوزان، ئێستاکە لەلای یەزدانە؛
چونکە کچێکی باشتر بوو لەوەی
مستەحەقی بم.
بەڵام وەک گوتم، شەوی ئاهەنگی
خەرمانی ئەمساڵ، دەبێت بە چواردە.
بە مەریەم باشم ئەمن لە بیر دێت.
لەو ساوەی بومە
لەرزەکە رووی دا، وا یانزە ساڵە.
ئا لەو رۆژەدا،
ئەممان لە مەمک مژین بڕییەوە.
لە رۆژانی ساڵ،

ئەو ڕۆژەم لە بیر قەت ناچێتەوە.
چونکە ئەو ڕۆژە دەرمانی تاڵم،
من، دابوو لە گۆی مەمکەکانم.
لەبەر هەتاودا، لەبن دیواری
کولانە بەرزەی کۆترەکاندا.(١)
من دانیشتبووم-
ئەوسا ئاغاکەم، لەگەڵ جەنابتا،
لە"مانتووا"بوون(٢)-
باشە مێشکم، هێشتا کار دەکات-
بەڵام وەک گوتم؛
هەر تامی تاڵیی
دەرمانی سەر گۆی مەمکی کردم،
بینی کە تاڵ و تفت و ناخۆشە،
پەیوەندیی لەگەڵ مەمکما نەما.
هەر لە دوای ئەوە، سەرم هەڵبڕی،
کولانە بەرزە، دەلەرییەوە.
من وابزنم، ئیتر پێویستیم
نەبو پێم بڵێن؛ بجووڵێرەوە.(٣)
ئا لەوساکەوە، وا یانزە ساڵی
تەواو تێپەڕی.
ئەوسا دەیتوانی هەر خۆی بوەستێت.
نا، نا، بە خاچی پیرۆز، دەیتوانی
بڕوا و رابکات.
ڕۆژێک پێش ئەوە،
کەوت و ئازاری ناوچەوانی دا،
ئیتر مێردەکەم- خوا لێی ببووڕێ،
زۆر گاڵتەچی بوو-
مناڵەکەی زوو گرتە باوەشی،

(١) کولانەیەکە بۆ کۆتر. بەئاسایی بەرز بە دیوارێکەوە هەڵدەواسرێت.
(٢) مانتووا، ئەو شارەیە کە لە دواییدا، "ڕۆمیۆ"ی بۆ نەفی دەکرێت.
(٣) کە هەستم کرد بومەلەرزەیە، لەلای دیوارەکەوە زوو لاچووم.

ئای ئەوە چی بوو، لە منداڵی پرسی،
بەسەر دەمەوە لێرەدا کەوتی؟
کەی زیرەکتر بووی،
ئەوساکە بەسەر پشتدا دەکەوی،
وا نییەجولیەت؟
جا بە مەریەمی پیرۆز ئەو کچە
جوانە گچکەیە،
هەر یەکسەر وازی
لە گریان هێنا و خێرا گوتی "ئا".
جا بزانین کەی
ئەو گاڵتە کۆنە دەبێت بەڕاستی.
گەر هەزار ساڵی تریش من بژیم
قەت ئەوەم ڕۆژێک لەبیر دەرناچێت.
گوتی وا نییە، وا نییە جولیەت؟
ئەو کچە گچکە، جوانە نەفامە،
لە گریان وەستا و خێرا گوتی "ئا".

بانوو کاپیولێت:

دەی ئیتر بەسە،
تکات لێ دەکەم، بەسە، بێدەنگ بە.

دایەن:

بەڵێ، خاتوونە،
بەدەست خۆم نییە، پێکەنینم دێت.
هەرچەند کە بیری لێ دەکەمەوە.
واز لە گریانی
خۆی بهێنێت و خێرا بڵێ "ئا"
بەناوچەوانی شکاویشیەوە.
ئاوساوییەکەش، بە تەوێڵییەوە،[١]
ئا ئەوەندە بێت؛ ئەوەندەی گونی
کەڵەشێرێکی گەنجی ناونجی.
ئاوساوییەکەی گەلێک ترسهێن بوو،

---

(١) تەوێڵ: ناوچەوان.

خۆشی دەگریا، لەگریاندا بوو.
مێردەکەم کەچی،
کە گوتی؛ ئاخ، ئاخ، بەدەما کەوتیت،
کەی تۆ گەورە بوویت،
ئەوساکە بەسەر پشتدا دەکەویت،
وا نییە جولیەت؟
ئیتر بێدەنگ بوو و خێرا گوتی "ئا".

جولیەت:

ده تۆش بێدەنگ بە.
دایەن، من گەلێک تکات لێ دەکەم.

دایەن:

ئەوا بێدەنگ بووم.
خوا ئاگای لێت بێ و هەر بتپارێزێت.
ئێسک سووکترین ساوا بووی لەناو
هەموو ئەوانەی من دایەنیان بووم.
ئەگەر من بژیم تاکو ئەو ڕۆژەی
دەدرێیت بە شوو،
ئاواتی دڵم،
لەم دنیایەدا، جێبەجێ دەبوو.

بانوو کاپیولێت:

خۆ، بە مەریەم، شوو،
ئەوە بوو دەمویست کە باسی بکەم.
جولیەت، کچەکەم،
تۆ بەرامبەر شوو، هەڵوێستت چییە؟

جولیەت:

سەربەرزییەکە،
قەت خوومم پێوەی من نەبینیوە.

دایەن:

سەربەرزییەکە!
گەر خۆم دایەنی تۆ نەبوومایە،
دەمگوت دانایی، هاتۆتە گیانت

ئا لەو مەمکەی، تۆ لێت مژیوە.

بانوو کاپیولێت

باشە، دە ئێستا،
بۆ خۆت بیرێکی لێ بکەرەوە.
منالّتر لە تۆ،
لێرەدا، لێرە، لە"ڤیرۆنا"دا،
بانووی خانەدان، ئێستاکە دایکن.
من بووم بە دایکی
تۆ، وەک بزانم،
ئا لەم تەمەنەی ئێستای تۆدا بووم.
تۆ، هێشتا کچی.
ئیتر بەکورتی؛ "پاریس"ی دلێر،
دەتخوازێت ببیت بە خۆشەویستی.

دایەن:

ئای چ پیاوێکە، بانووە گەنجەکەم!
خاتوونە، پیاوی وا لە دنیادا.....(١)
هەر دەڵێیت لەمۆم دروست کراوە.

بانوو کاپیولێت:

هەموو هاوینی ڤیرۆنا گوڵی
وا گەش و جوانی لەناو نەڕواوە.

دایەن:

نا، ئەو، هەر گوڵە.
ئا، بەئیمانم، گوڵە، بەڕاستی.

بانوو کاپیولێت:

ئێستا دەڵێیت چی.
دەتوانیت گەنجی ئاوات خۆشبوێت؟
لە ئاهەنگەکەی ئەمشەو دەیبینی؛
ئەو لەوێ دەبێت.
کتێبی دیمەی رووی "پاریس"ی گەنج،
بخوێنەرەوە گەلێک بە وردی.

---

(١) نازانێت چۆن وەسفی بکات.

لەوێدا شادی و خۆشی دەبینی.
کە بە پێنووسی
جوانی لەوێدا تۆمار کراوە.
باش تێبینینی گشت ئەندامێکی
روخساری بکە.
بزانە کە چەند
گونجاو و سازن لەگەڵ یەکتری.
گەر شتێک تیایدا، تەواو بەڕوونی،
دیار نەبوو ئەوسا، لە پەڕاوێزی
چاوەکانیدا،
نووسراون. روون تۆ دەیانبینی.
جا ئەو کتێبە هێژایەی ئەڤین،
ئا ئەو عاشقە ئازادە تەنیا
بەرگێکی کەمە کە تەواو ببێت.
کەماسی لەناو دەریادا دەژێت
شانازییە بۆ ئەو جوانەی دەوری
ئەو جوانەی داوە.(١)
لەبەر چاوی زۆر کەساندا بەرگی
پەڕتووک بەشداری دەکات لەجوانی
ئەو چیرۆکانەی لەناویایەتی.
تۆش بەو جۆرە گەر
بیکەیت بە هی خۆت،
بەشداری هەموو شتێکی دەبی.
بێ ئەوەی تۆ خۆت
هیچ بدۆڕێنی و پچووک بیتەوە.

دایەن:

پچووک بیتەوە!
نا، نا، تۆ بەوە، گەورەتر دەبی.
بەپیاو، هەمیشە، ژن گەورە دەبێت.(٢)

---

(١) شانازی بۆ ئەو ئاوە جوانەی دەوری ئەو ماسییە جوانەی داوە.

(٢) مەبەستی ئەوەیە، ژن بەپیاو سکی پڕ دەبێت و دەئاوسێت و گەورەتر دەبێت.

بانوو کاپیولێت:

دەدەی راستەوخۆ و بەکورتی بڵێ
خۆشەویستییەکەی، پاریس، بەجۆرێ،
تۆ پەسەند دەکەیت؟

جولیەت:

تەماشای دەکەم، کە خۆشم بوێت.
تەماشاکردن، گەر خۆشەویستیم
ببزووتێنێت،
ئەوساکە رەنگە من خۆشم بوێت.
بەڵام چاوی خۆم، دوورتر هەڵنادەم
من لە سنووری رەزامەندی تۆ. (کارەکەرێک دێت)

کارەکەر:

میوانان هەموو، خاتوونەم، هاتوون.
شێو، ئامادەیە.
گشتیان دەربارەی ئێوە دەپرسن،
وەچاوەڕوانی خاتووی گەنج دەکەن.
لە چێشتخانەکە،
لەعنەت دەنێرن بۆ دایەنەکە.(١)
هەر هەموو شتێک،
ئامادەیەکی تەواو کراوە
بۆ ئەوێ دەبێت
بگەڕێمەوە، خزمەتیان بکەم.
دەی تکا دەکەم،
یەکسەر بۆ ئەوێ دوای من بکەون. (کارەکەر دەڕوات)

بانوو کاپیولێت:

وا دوات دەکەوین.
جولیەت، ئاغاکە، چاوەڕوان دەکا.

دایەن:

دەی کچێ، برۆ بۆ شەوی شادی.
هەوڵ بدە بۆ خۆت بۆ ژیانێکی
پڕ لە شادمانی.

---

(١) چونکە دەبوایە لەوێدا بێت و کاروکردەوە بەڕێوە بەرێت.

## دیمەنی ٤, ١

رۆمیۆ، مێرکێشیۆ و بنڤۆلیۆ، لە دەرەوەی کۆشکەکەی کاپیولێت، لەگەڵ چەند کەسێکی تردا، دەردەکەون. هەموو بە ماسکەوە و چەند کەسێکیان، لەبەر تاریکی، چرایان بەدەستەوە گرتووە.

رۆمیۆ:

لەو وتارەی کە دەیخوێنینەوە،
چی بکەین بە بیانوو؟[١]
یان وا، بێ وتار، بڕۆینە ژوورێ؟

بێنڤۆلیۆ:

وتاری دوور و درێژی ئاوا،
باوی نەماوە.
خۆ "کیوپید"مان لەگەڵدا نییە،
بە ملپێچ چاوی پێچابێتەوەو
بە کەوانێکی تەتەرییەوە،
لە تەختەی بۆیە
کراوی باریک دروست کرابێت،[٢]
وەکو داڵەهۆ،[٣]

---

(١) نەریت وابووە؛ بۆ ئاهەنگی ئاوا، ئەگەر یەکێک بەبێ بانگکردن بچێت، دەبێت بیانوویەکی هەبێت بۆ هاتنەکەی و وتارێکی ئامادە کردبێت، لەگەڵ چوونە ژوورەوەیدا، بیخوێنێتەوە. یان کە دەچێتە ژوورەوە، هەروا بۆ گاڵتە، بۆ میوانەکان دەبێت هەڵپەڕکێیەک یان سەمایەک پێشکەش بکات.

(٢) کیوپید؛ خواوەندی عەشق و دڵدارییە، کوێرە، نابینێت. هەمیشە تیر و کەوانێکی بەدەستەوەیە. بەپێی ئەفسانەی رۆمانی، هەرچەند تیرێک هەڵدەدات، ئەو تیرە بەر کچ و کوڕێک دەکەوێت. ئەو دووانە دەکەونە عەشقی یەکترییەوە. دیارە هەندێک کەس، بۆ گاڵتە، جلی "کیوپید"یان لەبەر دەکرد و کەوانێکی تەتەرییان (کەوانی تەتەری زیاتر نوشتاوەتەوەو سامناکترە) بەدەستەوە دەگرت و خاتوونەکانیان پێ دەترسان. چونکە ئێمە بەتەما نین هیچ جۆرە شتێکی ئاوا بکەین، لەبەر ئەوە مەرج نییە وتار بخوێنینەوە.

(٣) داڵەهۆ؛ داهۆڵ؛ بووکەڵەیەکی ناشیرینە، لە باخ و مەرەزەو شتی وادا دەوەستێنرێت. بۆئەوەی باڵندە لێی بترسێت لە مەرەزەکە دوور بکەوێتەوە.

خانمەکانی پێ بترسێنێت.
دەچینە ژووریٚ،
هەڵپەڕکێی خۆمان دەکەین و دەڕۆین.
ئیتر بەچیمان دەزانن و چۆن
ئێمە دەپێون، با بمان پێون.

ڕۆمیۆ:
چرام بدەنێ، با هەڵی بگرم.
بۆ ئەم بازدان و هەڵبەزینە من،
وزەم تیا نییە.
چونکە من دڵم پەست و تاریکە،
با ڕووناکییە کەم بەدەستەوە بێت.

مێرکێشیۆ:
"ڕۆمیۆ"ی دڵناسک،
نابێت، هەر دەبێت دانست پێ بکەین.

ڕۆمیۆ:
بڕوام پێ بکەن، ئارەزووم نییە.
ئێوە پێڵاوی
پاژنە سووکەڵەی دانستان لە پێیە.
بەڵام من گیانم، وەکو قوڕقوشم؛
بە زەمینەوە دەمپەستێتەوە.
بۆ جووڵانەوە، هێزم تیا نییە.

مێرکێشیۆ:
ئەتۆ عاشقی، دە بۆ خۆت باڵی
کیوپید بخوازە و
بەرز، بە ئازادی،
بفڕە بەسەر رادە و سنووری
زەوییەکاندا.[١]

ڕۆمیۆ:
بەئازارێکی زۆرەوە تیری،[٢]

---

(١) دەتوانیت بەئازادی بۆ خۆت بگەڕێیت و گوێ نەدەیتە هیچ.
(٢) تیری کیوپید

لەشمی بڕی بۆ ناخی گیانم.
هەندە ئازارم زۆرە ناتوانم،
بە باڵە پەڕە سووکەڵەکانی
ئەو، من بفڕم.
واش بەند کراوم، هەرگیز ناتوانم
هەڵبەزم بەسەر
پەژارەی دڵی ریسواکراوم.
من لەژێر باری سەختی گرانی
عەشق و دڵداری نوقم کراوم.

مێرکێشیۆ:

ئەگەر نوقم بیت،
تۆ لەژێر باری عەشق و دڵداری،
دەبێت سەنگێکی گرانت دابێت،
بەو ناسکۆڵەیە.

رۆمیۆ:

بۆچی دڵداری، ناسکۆڵەیە لات؟
بێگومان، گەلێک
زبر و دژوار و دڕکاوییە.
هەر وەک دڕکیش،
ئاژنینەکانی، پێتەوە دەدن.

مێرکێشیۆ:

ئەگەر، لەگەڵتا، دژوارە ئەڤین،
تۆش لەگەڵ ئەڤین، وشک و دژوار بە.
گەر پێتەوەی دا، تۆش پێوەی بدە،
تا دەیبەزێنیت. (روو دەکاتە چرا هەڵگرێک)
ئەرێ کیسێکم
بدەرێ تا ئەم رووەی تێ بخەم؛
ماسکەیەک بۆ ئەم چارە کرێتەم.[1] (رووی خۆی بە ماسکەکە دادەپۆشێت)
من باکم چییە

(١) ئەم ڕووە؛ مەبەستی لە ڕووی خۆیەتی. کرێت؛ ناشیرین. چرا هەڵگەرەکە ماسکەیەکی دەداتێ بە دوو روومەتی سوور و دوو برۆی گەلێک گەورەوە.

ئیتر کێ سەیری چارەی من دەکا و
خواروخێچییەکەی پێوە دەبینێت؟
ئەمە، لەباتی
من، گەر پێویست بێت، سوور هەڵدەگەڕێت[١]
بێنڤۆلیۆ:
دەی لە دەرگاکە،
بدەین و هەموو بچینە ژوورێ.
کە چووینە ژوورێ؛
هەر کەس هەڵپەڕکێی خۆی دەس پێ بکات.
ڕۆمیۆ:
چرام بدەنێ. با ئەوانەی کە
مەست و دڵشادن، بەپاژنەکانیان،
لەوەن و زەلی
بێ ڕۆح و بێ هۆش، بهێننە جۆش.[٢]
من بەپێی پەندی کۆنەوە، دەبم
بەمۆم هەڵگر و تەماشا دەکەم.[٣]
ئاهەنگ، ئەوەتا
گەیشتۆتە لووتکەی جوانی ڕەنگینی،
بەڵام من ڕەنگم، بۆرەو غەمگینم.
مێرکێشیۆ:
مشک، بۆرە ڕەنگی.
خۆ ئەمە وتەی پۆلیس خۆیەتی.[٤]
بەڵام گەر "بۆر"یت،[٥]

(١) ئەمە؛ ماسکەکە. ئیتر چونکە کەس رووی من نابینێت، شەرم ناکەم. ئەگەر پێویست بوو شەرم بکەم و سوور هەڵبگەڕێم، ئەم ماسکەیە، لەباتی من سوور هەڵدەگەڕێت.

(٢) لەوەن؛ قامیش، پیکە، زەل؛ لە هۆڵەکەدا، حەسیر راخراوەو لەسەری دانس دەکەن. حەسیرە کە لە لەوەن و زەل دروست کراوە. ڕۆمیۆ، دەڵێت؛ با ئەوانەی دڵشاد و کەیفچین، بچن هەڵپەڕن، بەڵکو بەئاواز و هەڵپەڕکێکەیان ئەو حەسیرە بێ ڕۆح و هۆشە بهێننە جۆش. بەلام من، دڵم تەنگە و هیچ شتێک نامهێنێتە جۆش. (ئەگەر حەسیریش بێتە جۆش، دڵی من نایەتە جۆش)

(٣) دیارە پەندێکی ئاوا هەبووە؛ مۆم هەڵگر، هەر تەماشا دەکات.

(٤) پۆلیس، تاوانبار بەمشک تەشبیە دەکات؛ ڕەنگی بۆرە و بێدەنگ و سووکەڵەیە، ئاسان نییە گرتنی.

(٥) لە چیرۆکێکی منالاندا، ئەسپێک هەبووە ناوی "بۆر" بووە. جارێکیان لە قوڕاوێکدا چەقیوە. خەڵکەکە، هاتوون رایان کێشاوەو دەریان هێناوەتەوە.

لەو قوڕاوییە، دەرت دەهێنین.
نا، نا، ببوورە، لەو دڵدارییەی
تیایدا چەقیویت.
دەدەی، با بڕۆین.
ئێمە رووناکی ڕۆژ دەسووتێنین.(١)

ڕۆمیۆ:
نا، نا، وانییە، دنیا تاریکە.

مێرکێشیۆ:
مەبەستم وایە، ئەگەر زوو نەڕۆین
رووناکی مۆممان بەخەسار دەچێت؛
هەر وەکو بەڕۆژ، مۆم داگیرسێنین.
مەبەستە باشە دەرکەوتووەکەی
ئێمە، وەربگرە.
چونکە ئەم پێنج جار دانا و ژیرترە
لەو یەکەی کە تۆ،
بەزیرەکی خۆت، هەڵی دەهێنیت.(٢)

ڕۆمیۆ:
بە مەبەستێکی باشەوە دەچین
بۆ "ماسکەرێد"ی ئەم ئێوارەیە.(٣)
بەڵام کارێکی زۆر دانا نییە.

مێرکێشیۆ:
پێم ناڵێیت بۆچی؟

ڕۆمیۆ:
خەوێکم بینی شەوی رابوردوو.

---

(١) بەخۆڕایی ئێمە، کات دەکوژین؛ جاران، چونکە گڵۆپ نەبووە، لەبەر ئەوە دەبوایە پیاو هەوڵی بدایە لەو کاتە بەنرخەی کە هێشتا خۆر بەئاسمانەوە بووە، سوود وەربگرێت و بەخۆڕایی نەیکوژێت (نەیسووتێنێت). ڕۆمیۆ، وا تێدەگات وەکو پێیان گوتبێت؛ "دنیا رووناکە؛ ئێمە بەخۆڕایی مۆم دەسووتێنن."

(٢) پێنج جار؛ زۆر لەوانە یەئەم وتەیە پەیوەندی بەپەندێکەوە هەبێت، کە لە کاتی خۆیدا باو بووە و ئێمە نایزانین.

(٣) ماسکەرێد؛ جۆرە ئاهەنگێکی هەڵپەڕکێیە، ئەوانەی کە بەشداری تیادا دەکەن هەموو، ژن و پیاو، ماسکە لە روو دەنێن، بۆ ئەوەی کەس نەزانێت کێ لەگەڵ کێدا هەڵپەڕکێ دەکات. جاران، ئەم جۆرە ئاهەنگە، باو بووە.

مێرکێشیۆ:

منیش، خەوم دی.

رۆمیۆ:

ئەوەی تۆ، چی بوو؟

مێرکێشیۆ:

کە خەوبینەکان،
زۆر جار وتنی درۆ رێک دەخەن.[(١)]

رۆمیۆ:

ئا، لە جێگادا،
بەڵام، خەونی راستگۆ دەبینن.

مێرکێشیۆ:

ئەها، دەبینم؛
بانووشا "ماب" شەو، لەگەڵتا بووە.
ئەوەی مامانی پەرییەکانە و ئەو،[(٢)]
لە شێوەیەکدا، دێت زلتر نییە
هەرگیز لە بەردی
ئەموستیلەکەی پیر ئەندامێکی
ئەنجومەنەکەی شارەوانیمان.[(٣)]
رادەکێشرێت، بەکۆمەڵەیەک
بوونەوەری زۆر خنجیلەی پچووک،
راست بەسەر لووتی
پیاودا لەکاتی خەولێکەوتنی.
گالیسکەکەشی، بستەی بێ ناوکە.

---

(١) رۆمیۆ دەپرسێت خەوەکەی تۆ، چی بوو؟ مێرکێشیۆ دەڵێت لە خەوما پێیان گوتم "The dreamer often lie" ئەوەی ئەم وەرامە بەکار دەهێنێت، لەوانەیە مەبەستی ئەوە بێت؛ ١– خەوبینەکان، زۆر جار درۆ رێک دەخەن. ٢– خەوبینەکان، زۆر جار، پاڵ دەکەون. رۆمیۆ وەرامی مەبەستە باشەکەی دەداتەوە.

(٢) بانووشا "ماب Mab " کەسایەتییەکی ئەفسانەیییە. خەوی خۆش دەنێرێتە ناو مێشکی پیاوی نووستووەوە. پیاو، هەمیشە، خەو بەژنی جوان و ئێسک سووکەوە دەبینێت کە لە پەری ئاسمان دەچن. بانووشا "ماب"، ئەو جۆرە پەرییانە دەهێنێتە دنیای خەیاڵی پیاوەوە؛ وەکو چۆن مامان، مرۆڤی نوێ دەهێنێتە دنیاوە.

(٣) لە وڵاتەکانی ئەوروپا، هەر لە کۆنەوە، ئەنجومەنێکیان هەڵدەبژارد لە پیاوە بەتەمەنە بەرێزەکانی شارەکە بۆ بەرێوەبردنی ئیشوکاری شارەکەیان. دیارە ئەوساکە باو بووە کە ئەموستیلە لە پەنجە بکەن.

وەستای دارتاشی
سمۆرەیە یان کرمۆکەیەکە،[1]
هەر لە کۆنەوەگالیسکەکەری
پەرییەکان بووە.
تیشکی تەوەرەی ناو پێچکەکانی،[2]
ئەو گالیسکەیە،
لە لاقی ڕێسەر، دروست کراوە.[3]
چەترەکەی باڵی وردە کوللەیە.
قایشەکانی،
لە دەزووە هەرە باریکەکانی
جاڵجاڵۆکەیە.
ملەوانی ئەسپی، تریفەی مانگە.
دەسکی تازیانەی، ئێسکی سیسرکە.[4]
شووڵکەکەی، دەزووی کرمی ئاوریشمە.
گالیسکەچییەکەی،
مێشوولەیەکی گەلێک پچووکە؛
پچووک ترە لە نیوەی ئەو کرمە
خڕە پچووکەی دەردەهێنرێت
لەژێر نینۆکی کچی تەمەڵدا.[5]
بەم شێوازەوە، شەو بەدوای شەودا،
دێت بەغارکردن،
بەسەر مێشکی عاشقدا دەڕوا.
ئیتر ئەوانیش، خەو بەئەڤینی
جۆش هێنەرەوە، یەکسەر دەبینن.

---

(١) بستە، یان سمۆرە ناوکەکەی دەخوات و پووتی دەکات یاخود کرم (کرمۆکە).
(٢) ئەو تەختانەی یاخۆ ئەو تەلانەی، کە تەوەرەی پێچکە بە تەختەکەی دەرەوەی پێچکەکەوە دەبەستنەوە، پێیان دەڵێن تیشک. چونکە بەیەکەوە لە تیشکی ڕۆژ دەچن.
(٣) ڕێسەر؛ ئەوەی کە پەت دەهۆنێتەوە. لێرە مەبەستی لە جاڵجاڵۆکەیە.
(٤) تازیانە؛ قەمچی.
(٥) بانووشا "ماب" کچی تەمەڵی خۆش ناوێت. تووشی جۆرە نەخۆشییەکی پێستی دەکات؛ بەری دەست و پەنجەکانیان دەخرۆشێن و جۆرە کرمێکیان تێ دەدات. بەو جۆرە'ماب" سزای کچی تەمەڵ دەدات.



بانووشا ماب و گالیسکەکەی
وەکو چۆن هونەرمەندێک
وێنای کردووە

کەبەسەر ئەژنۆی خاتوونەکاندا
دەڕوات، هەر یەکسەر خەون دەبینن
کەئەژنۆکانیان نوشتاونەتەوە
راست لەبەر دەمی شازادەیەکدا.(١)
کەبەسەر پەنجەی پارێزەر، دەڕوات
لەخەویا کرێی ئەرکی وەردەگرێت.
کەبەسەر لێوی خاتووندا دەڕوات
خەو بەماچەوە، یەکسەر دەبینێت.
هەر ئەو لێوانەش، گەر بەئاستەمێک
بۆنی هەناسەی شیرینیان لێبێت،
بۆ سزادانی، گەلێک جار "ماب"ی ١,٤,٧٥
تووڕە بلۆقی لەسەر دەردێنێت.(٢)
جاربەجار بەغار دێت بەسەر لووتی
خانەدانێکی بەرز تێپەڕ دەبێت؛
خانەدانەکەخەون دەبینێت؛
بەرتیل وەردەگرێت.
جاربەجاریش دێت
کلکی بەرازی بەدەستەوەیە،

---

(١) ژن، کە پێشوازی لە شازادە دەکات، نەریت وایە، لەباتی دەستگوشین، بە وەستانەوە ئەژنۆکانی دەنوشتێنێتەوە. کچی گەنجی شوونەکردووی جاران، هەمیشە خەویان بەوەوە دەدی کە شوو بکەن بە شازادەیەک.

(٢) دوور نییە مەبەستی لە نەخۆشی سفلس بێت.

بەرازی دەیەک.[1]
لووتی کەشیشی[2]
پاڵکەوتووی نستووی پێ دەخورێنێت.
ئەویش هەر یەکسەر
خەون دەبینێت بەپایەیەکی بەرزترەوە.[3]
جاربەجار بەسەر ملی سەربازی
نستوودا ئا ئەو، کلکە دەهێنێت،
ئەویش هەر یەکسەر
لەخەویا: گەرووی
هەموو دوژمنە بێگانەکانی
دەوری دەبڕێ و
لە سنووری شوورەی دوژمنەکانی،
دەپەڕێتەوە.
خەو بەشمشێری ئیسپانییەوە[4]
دەبینێ و بادە، بۆ نۆشی گیانی
یەکتر دەنۆشن.
یەکسەر دوای ئەوە، دەهۆڵ لێدەدا
بەگوێچکەکەیدا.
کە رادەپەڕێت؛ لە ترسا یەک دوو،
نوێژ دەکات و دەخەوێتەوە.
ئەمە، خۆیەتی
هەر ئەو "ماب"ەیە ئەوی کە یاڵی[5]
ماین بەشەوان، دەهۆنێتەوە.

---

(١) بەرازی دەیەک؛ دەیەک (Tithe)؛ جۆرە باجێکە. رەنجبەر، وەکو زەکات، هەموو ساڵێک دەیدات بەکڵێسە. دەکاتەیەک لەدەی سوودی رەنجی ئەو ساڵەی. ئەو باجە ئەگەر بەپارە نەیدەن بەوەی هەیانە دەیدەدەن. وەکو، مەڕ، مریشک، بەراز، جۆ، گەنم... ئیتر لەو بابەتانە.

(٢) کەشیش؛ قەشە.

(٣) خەون دەبینێت کە پایەی قەشەیێتییەکەی بەرز کراوەتەوە.

(٤) ئەوسا، باشترین شمشێر لە ئیسپانیا دروست دەکرا. چونکە لە خودا، جەنگیان بردۆتەوە، بادە بۆ نۆشی یەکتری دەخۆنەوە.

(٥) یاڵ؛ پرچی سەر ملی ئەسپ.

وەپرچەکانی
جنۆکە پیرە بەدئاینەکان،
دەئاڵۆزێنێت.
خاوبوونەوەکەی، بەیوومەگەلێک؛
خەڵکەکە تووشی بەدبەختی دەبێت.
ئەمە، هەر ئەوە،
ئا ئەو جنۆکە بێناموسەیە،
ئەوەی، کە کچی
گەنج لەسەر پشتی خۆی پاڵ دەکەوێت،
دێت بە خاکەوە، دەیپەستێتەوە.
بۆ ئەوەی فێری
کێش هەڵگرتن بێ و ببێتە ئافرەت.[١]
ئەمەئەوەیە

رۆمیۆ:
بەسە، مێرکێشیۆ، ئیتر بەسێتی
تۆ شتێک ناڵێیت.

مێرکێشیۆ:
راستە من باسی خەوبینین دەکەم،
ئەوانەی نەوەی خەیاڵی خاون،
هەر لە خەیاڵیش دروست کراون.[٢]
کەرەسەکانیان، سووکن وەکو با.
ئاراستەی خۆشی، تا لە رەشەبا،
زووتر دەگۆڕێت؛
جارێک هەڵدەدات
بەرەو باکوری بەفراوییەوە،
کە لێی دەتۆرێت،
پشتی تێ دەکات؛ هەڵدەداتەوە
بەرەو باشووری باراناوییەوە.

---

(١) دێتە خەوی کچی گەنجەوە و فێری سێکسی دەکات و پیشانی دەدات چۆن کێشی پیاو بەسەر خۆیەوە هەڵبگرێت. ئیتر بەو جۆرە، کچە گەنجەکە، دەبێت بە ژن.
(٢) خەو بە شتەوە بینین، بێچووی خەیاڵی خاوە.

بێنڤولیۆ:

ئەو ڕەشەبایەی کە باسی دەکەی
خۆمان لە خۆمان وا دەفڕێنێت:
نانی ئێوارە تەواو بوو؛ خورا.
گەر نەڕۆین خێرا، زۆر درەنگ دەبێت.

ڕۆمیۆ:

لەوە دەترسم کە جارێ زووە.
نازانم بۆچی؛ هەست دەکەم دڵم،
شتێکی بەیووم پێشبینی دەکات؛[١]
ئەنجامەکانی،
بە ئەستێرەوە، گرێدراوە.[٢]
لەگەڵ گەڕانی ئەم شەوەماندا،
ڕەوتی سامناکی ئەو دەست پێ دەکات.
ئیتر بەردەوام
دەبێت تا وەرزی ژیانی ریسوام،[٣]
بەمەرگ، کۆتایی ناوەختی پێ دێت.
گوێی نادەمێ، دەی،
تەنیا، هەر ئەوەی
کە ئاژووتنی ژیانم دەکات،
رابەری منە.[٤]
دەی خانەدانە بە ئالۆشەکان،
فەرموون، با بڕۆین.

(١) ڕۆمیۆ، دڵی پێی دەڵێت؛ ئەم شەو بەهۆی ئەم ئاهەنگەوە، تووشی نەگبەتییەک دەبیت و دەبێت بەهۆی جوانەمەرگ بوونت.

(٢) ئەنجامەکانی ئەو شتە بەیوومە، کە لە ئاسماندا بۆ من نووسراوە. هێشتا نهێنین؛ نازانم چین.

(٣) وەرز؛ کەژ، کەش، فەسڵ. هەرچەندە دەترسا و دڵی پێی دەگوت مەچۆ! هەر چوو. دڵی هەستی دەکرد کەرابواردنەکەی ئەمشەوی دەبێت بەهۆی مردنی.

(٤) ئاژووتنکردن؛ لێخوڕین. مەبەستی ئەوەیە کە بڵێت: لەو شتە بەیوومە رزگارم نابێت؛ ئەوەی خوا بۆی نووسیوم، ئەگەر من بمەوێت و نەمەوێت، هەر روو دەدات.

## دیمەنی ١,٥

لە هۆڵە گەورەکەی ماڵی کاپیولێت. کارەکەرەکان بەئامادەکردنی جێگەی ئاهەنگەکەوە خەریکن.

کارەکەری یەکەم:

ئەرێ کوا پۆتپان؟
نایەت یارمەتیم بدات مێزەکان،
پاک بکەینەوە؟

کارەکەری دووەم:

باش نییە کەوا،
ئەوەی کردنی دەستی پێویستە،
کەوتۆتە ژێر دەست یەک دوو کەسەوە،
یەکێکیان دەستی خۆی نەشتووە.

کارەکەری یەکەم:

دەدەی کورسییەکان،
لابەرە لەگەڵ ئا ئەو دۆڵابە.
ها، ئاگادار بە لە حاجەتەکان.
کوڕی باشیشبە، بڕێک مارزیپان،[١]
بۆ من هەڵبگرە.
ئەم چاکەیەشم لەگەڵدا بکە؛
دەرگاوانەکەم بۆ راسپێرە
بە(سوزان گرایندستۆن) و
(نیل)، ڕێگا بدات؛ بێنە ژوورەوە. (کارەکەری دووەم دەڕوات)
ئەنتۆنی، پۆتپان! (ئەنتۆنی و پۆتپان، دێنە ژوورەوە)

ئەنتۆنی:

ئا، من ئامادەم.

کارەکەری یەکەم:

---

(١) مارزیپان؛ جۆرەشیرینییەکە لە بادەمی کوتراو و شیر و سپێنەی هێلکە دروست دەکرێت.

بڕۆن بۆ هۆڵە گەورەکە، لەوێ،

ئێوەیان دەوێ؛ بۆتان دەگەڕێن.

پۆتپان:

ئێمە ناتوانین، لە هەمان کاتدا،

لێرەدا بین و ئیش بکەین لەوێ.

کوڕە باشەکان، کەیف کەن بۆ خۆتان،

تاکو زیندوون و پێتان دەکرێ.

ماوەی ژیانی کێ درێژتر بێ،

ئەو دەیباتەوە؛ با هەمووی بەرێ.[١] (کارەکەرەکان دەڕۆن)

(کاپیولێت، بانوو کاپیولێت، جولیەت، تیبالت، لەگەڵ دایەن و هەموو میوانەکان دێنە ژوورەوەبۆ ئاهەنگەکە)

(کاپیولێت بەخێرهاتنی میوانەکان دەکات)

کاپیولێت:

خانەدانەکان، هەموو بەخێربێن.

ئەو خاتوونانەی

بزمارە، پێیانی ئازار نەداوە،

دێن لەگەڵتانداهەڵپەڕکێ دەکەن.

ها خاتوونەکان،

کامتان ئارەزووی هەڵپەڕکێی نییە؟

ئەوەی شەرم دەکات،

سوێند دەخۆم کە پای بزماراوییە.(هەندێک لە خاتوونەکان سوور هەڵدەگەڕێن)

ها، رازیم کردن؟

خانەدانەکان، فەرموون، بەخێربێن.

رۆژی وام دیوە؛

منیش بە ماسکە، رووم داپۆشیوە و

دەمزانی چۆن و چ وتەیەکی

ناسک و شیرین،

بەگوێچکەی کچی جواندا بچرم،

لەو جۆرانەی کە دڵی خۆش دەکات.

ئەو رۆژانەمان، کاتیان بەسەرچوو.

---

(١) ئەم چەند دێڕە، وا دیارە، پەندە یان شیعرە یان گۆرانییە. پۆپتان، هەر وا بۆ گاڵتە دەیڵێت.

خانەدانەکان، گەلێک بەخێر بێن.
دەی سازژەندەکان، دەنگی ئاوازتان. (روو دەکاتە کارەکەرێک)
دەی با هۆڵەکە، ئامادەکرێ.
رێگایان بدەنێ.
فەرموون کچەکان! (ساز لێدەدرێت و هەموو دانس دەکەن)
زۆرتر رووناکی، هێی ریژگاوەکان.[١]
مێزەکان لابەن. ئاگرەکەش، با
بکوژێتەوە؛ ژوورەکە، گەرمە. (خۆی بەخۆی دەڵێت)
کوڕە، زۆر باشە، ئەم ئاهەنگە خۆ،
هەر لەپڕێکدا دامەزرێنرا،
کەچی شتێکی باشی لێ دەرچوو.
کاپیولێت، فەرموو،
دەی ئامۆزاکەم، دانیشە فەرموو.
رۆژگاری بەزم و
هەڵپەرکێی ئێمە، کاتی بەسەرچوو.
ئەمە چەند ساڵە کە دواجار ئێمە
چوین بۆ ماسکەرێد؟
ئامۆزاکەی:
بەمەریەم، بەگم، سی ساڵێک دەبێت.
کاپیولێت:
نا، کابرا، لە کوێ ئەوەندە دەبێت.
ئەوەندە نابێت.
لە زەماوەندی " لوچێنشیۆ"وەوە.
ئا ئەم بەهارەی بێتەوە دەبێت؛
بە بیست و پێنج ساڵ.
ئەوساکە ئێمە، بەماسکەوە چووین.
ئامۆزاکەی:
نا، نا، زیاترە؛ کوڕە گەورەکەی،
بەگم، ئێستاکە، عومری سی ساڵە.
کاپیولێت:
تۆ بەڕاستیتە؟

(١) ریژگاو؛ گەلحۆ، گێژوویژ. مەبەستی لە کارەکەرەکانە. لێیان دەخوازێت ژمارەی فانۆسەکان زۆرتر بکەن.

دوو ساڵ لەمەوپێش، کوڕەکەی هێشتا
زارۆڵەیەک بوو.(١)

***

ڕۆمیۆ:

ئەو کچە کێیە، ئەوەی ئا لەوێ،
دەستی ئەو سوارەی، شادمان کردووە؟(٢)

کارەکەر:

گەورەم، نازانم.

ڕۆمیۆ:

ئای،
فانۆسەکانتان، فێردەکات کە چۆن
ڕووناکتر تیشکیان، لێوە دەربچێت.
ڕوومەتی، شەوی تاریکی وا جوان
ڕازاندۆتەوە،
وەک گەوهەرێک بێت، هەڵواسرابێت
بەگوێی جوانێکی ئسیۆپییەوە.(٣)
ئەوەندە جوانە،
پیاو دڵی نایەت تەماشای بکات.(٤)
بۆ زەویش نرخی، گەلێک گرانە.(٥)

---

(١) زارۆ: منداڵ. زارۆڵە: منداڵێکی پچووک.
(٢) ئەو سوارە: گەنجێکی قۆزە، جلی شاسواری لەبەردایە. چرایێکی بەدەستەوەیە و بەدەستەکەی تری، دەستی جولیەتی گرتووە و دەیهێنێت بۆ هۆڵی دانسکردنەکە.
(٣) جوانێکی ئسیۆپی: کچێکی ڕەشی جوانی خەڵکی ئسیۆپیا.
(٤) پیاو دڵی نایەت تەماشای بکات: جلی جوان دروست دەکرێت بۆ لەبەرکردن. بەڵام ئەگەر یەکێک جلێکی زۆر جوانی هەبێت، دڵی نایەت لەبەری بکات. چونکە دەترسێت، بە لەبەرکردن، کۆن ببێت و ئەو جوانییەی پێوە نەمێنێت. ئەم کچە جوانەش دروست کراوە بۆ تەماشاکردن: پیاو دڵی نایەت تەماشای بکات، نەوەکو بەوە، جوانییەکەی کەم ببێتەوە.
(٥) بۆ زەویش نرخی گەلێک گرانە: ئەم دێرە زۆر مانا دەگرێتەوە:
- مرۆڤی هەست ناسک، زۆر جار، کە دیمەنێکی زۆر جوان دەبینێت، فرمێسک دەکەوێتە چاوەکانییەوە. وەکو دڵی پێی بڵێت، ئەم شتە جوانە ڕۆژێک دێت، دەمرێت، نامێنێت.
- زەوی (دنیای سەرزەمین) نرخی گەوهەرێکی ئەوەندە گرانی پێ نادرێت. لەبەر ئەوە خوا دەیباتەوە و دەیکات بە پەری. ڕۆمیۆ، هەر یەکەم جار کە "جولیەت"ی بینی، دڵی پێی گوت: ئەم جوانییە، تەمەنی کورتە.

لە نێوان هاوڕێ و دۆستەکانیدا،
وەک کۆترێکی سپی بەفرینە،
لەناو کۆمەڵێک قاژوو و قەلاندا.
ئەم هەڵپەڕکێیە، کە تەواو ببێ،
تەماشای دەکەم لەکوێ دەوەستێ.
ئینجا کە دەچم، دەستی دڕندەی
خۆم پیرۆز دەکەم،
بە بەرکەوتنی ئەو دەستانەی ئەو.
ئایا من دڵم، پێش ئێستا تامی
عەشقی کردووە؟
نکۆڵی بکەن، چاوەکانی من.
چونکە تا ئەمشەو،
من جوانی راستیم، قەت نەبینیبوو.
تیبالت: (رۆمیۆ، دەناسێتەوە)
ئەم، بەدەنگیدا، زۆر لە مۆنتاگیو،
لام وایە، دەچێت. (روو دەکاتە کارەکەرێک)
کوڕە، شیرەکەم ئا بۆ بهێنە.
چۆن ئەم بەندەیە،
دەوێرێت پێی خۆی، بخاتە ئێرە.
بەماسکەیەکی کرێتی نامۆ،[١]
رووی داپۆشیوە و
هاتووە بۆ ئەم ئاهەنگەی ئێمە،
ریسوامان بکات؟
دە بە شەرەفی
باو و باپیر و گشت خزمەکانم،
ئەگەر بیکوژم،
هیچ بەگوناحی ئەمن نازانم.
کاپیولێت:
ها، خزمەکەم، ها،
ئەوەچی تۆی وا، تووڕە کردووە؟

---

(١) کرێتی نامۆ، ناشیرینی سەیر.

تیباڵت:

مامە، ئا ئەمە،
لە بنەماڵەی "مۆنتاگیو" کانە،
دوژمنەکانمان.
ناکەسە، تەنیا
بۆ ئەم ئاهەنگەی ئەمشەوی ئێمە
هاتووە تاکو ریسوامان بکا.

کاپیولێت:

ئەوە"رۆمیۆ"یە، رۆمیۆ، گەنجەکە؟

تیبالت:

ئا، بەڵێ ئەوە، ئەو ناکەسەیە.

کاپیولێت:

ئازیزم، هەندێ هێمن بەرەوە،
وازی لێ بێنە، توخنی مەکەوە.
لام وایە وەکو خانەدانێکی
رەسەن، رەوشتی جوانی دەنوێنێت.
ئەوەی راستی بێت،
شاری ڤیرۆنا، بەوەوە گەلێک
خۆی هەڵدەکێشێت؛
کە لاوێکی زۆر بەڕێز و چاکە.
لە ماڵی مندا،
هەرگیز نایەڵم، ئەو دڵی بشکێت.
ئەگەر سامانی گشت ئەم شارەشم
ئێستا، بەسەردا، تاپۆ بکرێت.
لەبەر ئەوە، ها،
هێمن بەرەوەو توخنی نەکەویت.
ئەمە، داخوازی
منە و لەسەرتە کە رێزی بگریت.[1]
دەی بە روویەکی
جوانەوە برۆ و نەهێڵی گرژی

(١) لەسەرتە رێزی داخوازی من بگریت.

پێوەی دەرکەوێت.
دەموچاوی گرژ، لە ئاهەنگ نایەت.

تیبالت:

بۆ،
بەڵێ، لێی دێت،
گەر ناکەسێکی ئاوا، میوان بێت.
چارەی شتی وام، پێ ناچێژرێت.

کاپیولێت:

پێت، دەچێژرێت.
کوڕە، پێم گوتی. بڕۆ، دەبڕۆ.
بۆچی تۆ کێیت تا، پێت نەچێژرێت؟
ئایا، لێرەدا،
کاممان خاوەنین، ئەمن، یاخود تۆ؟
بڕۆ، دە بڕۆ، (روو دەکاتە ئاسمان)
خوایە، گەردنی من ئازاد بکەیت![١]
وەک کەڵەشێری سەرەنوێلک هاتوویت[٢]
بۆ ئێرە لەناو
میوانەکانمان شەڕ بنێیتەوە؟
لێم بوویت بە پیاو!

تیبالت:

ئاخر چۆن مامە، شەرمە، شوورەیی!

کاپیولێت:

دەی بڕۆ، بڕۆ.
خۆت، کابرایەکی هەندە شەرمن نیت.
شەرمە، لەلای تۆ؟ شەرمە بەڕاستی؟
وا من، پێت دەڵێم؛
ئا ئەم رەوشتە نازیرەکانەت،
هەر رۆژێک تووشی ناخۆشیت دەکات.

---

(١) خوایە، ئەگەر کوشتم (ئەگەر تیبالتم کوشت)، گەردنم ئازاد بکە.
(٢) سەرەنوێلک؛ کۆمەڵە تەپاڵە. کەڵەشێری سەرەنوێلک، شەڕ دەنێتەوەو ئینجا خۆی رادەکات. کاپیولێت، دەزانێت "تیبالت" چۆن ترسنۆکێکە.

دژم دەوەستیت؟- (میوانەکانی دێتەوە بیر و روویان تێ دەکات)
ئافەرین، جوانە، دەی دڵەکانم- (روو دەکاتەوە تیبالت)
زۆر لەخۆت باییت. دەی ئیتر برۆ.
هێمن بەرەوە. کورە ئەگینا- (دیسانەوە روو دەکاتەوە میوانەکان)
روناکتری کەن، با روناکتر بێت- (روو دەکاتەوە تیبالت)
من، وات لێ دەکەم هێمن بیتەوە.- (ئەمجا روو دەکاتەوە میوانەکان)
دەی، دڵەکانم!
(کاپیولێت، ئەوە دەڵێت و دەڕوات. خۆی لەگەڵ میوانەکاندا تێکەڵ دەکات)
تیبالت: (لەبەر خۆیەوە)
چونکە بەزۆری ئەو خۆم رادەگرم،
گشت ئەندامێکی گیانم دەلەرزێت.
ئەوا من، دەڕۆم.
هەرچەند هاتنی
مۆنتاگیو، هەندێک، لە شیرین دەچێت؛
دەگۆڕرێ و زەهری، لێ هەڵدەقوڵێت. (دەڕوات)

***

رۆمیۆ: (دەستی جولیەت دەگرێت)
ئەگەر بەدەستی بێ نرخی زبرم،
پاکێتی ئا ئەم
بتە پیرۆزەم، گڵاو کردبێت،
ئەمەیان، بەزە ناسکۆڵکەکەمە؛[1]
لێوەکانی من، وەکو دوو حاجی
شەرمن، لە شەرما، سوور هەڵگەڕاون،
بە ئامادەیی، خاتوون، وەستاون
ئەم زبراوییەی جێی دەستەکانم،
بەماچی ناسک لووس بکەنەوە.
جولیەت:
هەی بەڕێز، حاجی،
حەق نییە ئاوا بەدەستت بڵێیت؛

(١) بەزە؛ تاوان. تاوانە گەورەکەی ئەوە بوو کە بە دەستە زبرەکانی، دەستی ئەو بتە پیرۆزەی رووشاند و پیسی کرد. تاوانە ناسکۆڵەکەشی ئەوەیە کە دەیەوێت ئەو رووشاندنە بەماچ لووس بکاتەوە.

ئەو، بەڕەوایی لە پەرستگادا
ئەرکی ئاینیی دەهێنێتە دی؛
هەموو بتێکی پیرۆز دوو دەستی
هەیە تا حاجی،
بێت بیانگرێ و ناو بەری دەستی
خۆی، راست بخاتە سەر بەری دەستی
بتی پیرۆزی.
ئیتر ئا ئەوە،
دەبێت بەماچی پیرۆزی حاجی.

رۆمیۆ:
بۆ لێویان نییە؛
هەردووکیان؛ بتی پیرۆز و حاجی؟

جولیەت:
با، بەڵام، حاجی، بۆ نوێژکردن،
لێوەکانی خۆی بەکار دەهێنێت.

رۆمیۆ:
باشە، گەر وابێت، ئەی بتی پیرۆز،
با لێوەکانیش،
وەک دەستەکان بن، لەگەڵ یەکتری.
لەو نوێژانەی کە دەیکەن، تەنیا
ئا ئەوە لە خوای گەورە دەخوازن.
دەبا ئەوەیان پێ ببەخشرێت!
نەوەک ئیمانیان بە دین نەمێنێت.

جولیەت:
ئا، بت، دەیبەخشێت،
بەڵام، لەجێی خۆی، ناجووڵێتەوە.

رۆمیۆ:
مەجووڵێرەوە، پیرۆز، کەوابێت،
تاکو بەرهەمی
نوێژەکانم پێ وەردەگیرێت. (ماچی دەکات)
ئەوەتا، ئێستا، گوناحی لێوی

من، بەوانەی تۆ، پاک کرایەوە.

جولیەت:

خۆ ئەگەر وابێت، لێوەکانی من،
ئەو گوناحەیان پێوەیە ئەوەی،
ئێستا وەریانگرت.

رۆمیۆ:

لەلێوەکانی منەوە، گوناح؟
ئای، چەند بەجوانی، تێم دەگەیێنی
کە تاوانباریم دژت کردووە.
تاوانەکانی خۆمم بەرەوە. (دیسانەوە ماچێکی دەکات)

جولیەت:

تۆ بەپێی کتێب، ماچی من دەکەیت.[1]

دایەن:

خاتوونەی دایکت،
ئارەزوو دەکات، بدوێت لەگەڵتا. (جولیەت دەڕوات)

رۆمیۆ:

دایکەکەی، کێیە؟

دایەن:

بەخوا، لاوەکە،
دایکی، کەیبانووی ئا ئەمماڵەیە،
گەلێک ژنێکی چاک و دانایە.
من خۆم دایەنی کچەکەی ئەو بووم،
ئەوەی لەگەڵیا ئێستا دەتدوان.
ئەوا پێت دەڵێم؛
ئەو پیاوەی دڵی ئەم بباتەوە،
دەوڵەمەند دەبێت.

رۆمیۆ:

ئەم " کاپیولێت"ە؟[2]

---

(١) جولیەت، کچێکی زۆر گەنجە؛ هێشتا چواردە ساڵی تەواو نەکردووە. هەر لە کتێبا دەربارەی دڵداریی خوێندۆتەوە. ئەو ماچە ناسکانەی رۆمیۆ، لەوانە دەچن کە لە کتێبدا باسیان کراوە.

(٢) ئایا، لە بنەماڵەی "کاپیولێت"ە

ئای کە نرخێکی گرانە بۆ من؛
واتە، ژیانم،
ڕەهنە لە ماڵی دوژمنەکانم.

بێنڤۆلیۆ: (دێت و دەستی دەگرێت)
ئیتر، با بڕۆین،
ئێوارەیەکی زۆر خۆشمان ڕابوارد.

ڕۆمیۆ:
ئا،
بۆیە دەترسم،
من، بە کەساسی،
ماوەی ژیانی خۆم ڕاببوێرم.(١)

کاپیولێت:
خانەدانەکان، نا، جارێ مەڕۆن،
وا میوەو هەندێک
شتی سووکەڵە پێشکەش دەکرێت.
(ئاماژەی بۆ دەکرێت کە وازیان لە میوانەکان بهێنێت بڕۆن)
ئاوا، بەو جۆرە؟ باشە گەر وابێت؛
ئەمن، سوپاسی هەمووتان دەکەم.
خانەدانەکان، سوپاستان دەکەم.
دەی شەوتان باش بێت.
(داوای چرا دەکات بۆ ئەوەی میوانەکان بەر پێی خۆیان ببینن)
چرای تر بێنن. (لەبەر خۆیەوە دەدوێت)
ئای بەئیمانم، من باش ماندوو بووم.
کوڕە، با خێرا، بڕۆم بۆ جێگا.
(هەموویان دەڕۆن، جگە لە جولیەت و دایەنەکەی)

جولیەت:
دایەن، تۆ وەرە بۆ ئێرە بۆ لام.
ئەو خانەدانەی ئا ئەوێ، کێیە؟

دایەن:
ئا ئەوە کوڕ و میراتگرەکەی

---

(١) چونکە ئەم ئێوارەیە، زۆر خۆش بوو، دەترسم ببێت بەهۆی کەساسیم هەتاکو دەمرم.

"تیبێریۆ"ی پیره.(١)

جولیەت:

ئەی ئەوە کێیە، ئەوەی کە ئێستا،
لە دەرگاکەوە دەچێتە دەرێ؟

دایەن:

ئەوە، بە مەریەم، من وابزانم
"پێتروشیۆ"ی گەنجە.

جولیەت:

ئەی ئەوە کێیە، ئەوەی کە دەڕوات
ئێستا بەدوایا و
ئارەزووی نەبوو هەڵپەڕکێ بکات؟

دایەن:

ئەویان، ناناسم.

جولیەت:

توخوا تۆ برۆ ناوی بپرسە.
گەر خاوەن ژن بێت،
ئەوساکە نوێنی
هاوسەرییەکەی من، گۆڕەکەم دەبێت.

دایەن: (دەچێت دەپرسێت و دێتەوە)

ناوی "رۆمیۆ"یە
لە بنەماڵەی "مۆنتاگیو" کانە
کوڕە تاقانەی
دوژمنە هەرە گەورەکەتانە.

جولیەت:

ئەو دانەکەسەی، کە خۆشم دەوێت،
ئای، خوایە، دەبێت،
کە نەوەی ئا ئەو دانەکەسە بێت،
کە من، بەڕاستی رقم لێیەتی؟
پێش ماوەیەکی گەلێک کورت و کەم،

---

(١) لە ئەوروپا، زۆر جار بەنازناو خەڵکی یەکتری بانگ دەکەن. کوڕ و باوک هەمیشە هەمان نازناویان هەیە. ئیتر بۆئەوەی جیاوازی لەنێوانیاندا بکەن؛ بە باوکەکە دەڵێن پیر و بە کوڕەکەی دەڵێن گەنج.

من، هەر نەمدەناسی.
کاتێک کە ناسیم، گەلێک درەنگ بوو.
لەدایکبوونێکی چەند بەیوومە ئەم
خۆشەویستییەم؛ بکەومە ناو
داوی ئەڤینی دوژمنی گەورەم.

دایەن:

ئا ئەوە، چییە؟
ئەوە، دەڵێیت چی؟

جولیەت:

هیچ نییە، تەنیا هەر هەڵبەستێکە،
لە یەکێکەوە،
فێری بووم دانسم دەکرد لەگەڵی. (دایکی، لە ژوورەوە بانگی دەکات)

دایەن:

هەر ئێستاکونێ، هەر ئێستاکونێ. (ئەمجا روو دەکاتە، جولیەت)
دەدەی با بڕۆین.

# پەردەی دووەم

پێشکێشکردنی پەردەی دووەم

ئەوا ئەڤینی
کۆن، لەناو نوێنی مەرگدا کەوتووە.
دڵدارییەکی نوێ لەدایک بووە.
تاسەو ئارەزوو[١]
دەکات کە ببێت بەمیراتگری.
ئەو جوانەی، کە بۆی
دەناڵایەوەو خۆیی بۆ دەکوشت،
کە بەراوردی
کرد لەگەڵ جوانی و ناسکی جولیەت.
لە بەرچاوی کەوت.
ئێستا "رۆمیۆ"یان گەلێک خۆشدەوێ،
خۆیشی، سەرلەنوێ
کەوتۆتە داوی خۆشەویستییەوە؛
تەنیا بە توانای تەلیسمی روانین،
هەردووکیان شێت و شەیدای یەکترین.
بەڵام دەردەکەی رۆمیۆ ئەوەیە؛
کە ڤیانەکەی، دەبێت بخوازێت[٢]
لەو ماڵەی گوایە کە دوژمنیەتی.
"جولیەت"یش دەبێت
چەشی شیرینی ئەڤین بدزێت
لە قولاپێکی هەر گەلێک سامناک.
چونکە بەدوژمن حساب دەکرێت،
رۆمیۆ، ناتوانێت
نزیک بێتەوە لە ڤیانەکەی

(١) تاسە؛ ئارەزووی بە تین، زۆر بیرکردنی شتێک یان کەسێک.
(٢) ڤیانەکەی؛ خۆشەویستەکەی

بۆ ئەوەی هەست و سۆزی دڵداری
خۆی بۆ دەربڕێت.
"جولییەت"یش هەر وەک
خۆشەویستەکەی،
عاشقە، بەڵام، هەل و بواری،
کەمترە، بچێت
لە جێگەیەکدا ڕۆمیۆ، ببینێت.
بەڵام سۆزی دڵ،
هانیان دەدات و زەمان، جاربەجار،
هەل دەڕەخسێنێت،(١)
یەکتر ببینن.
ئیتر بەو جۆرە،
چێژی تاڵترین ژیان دەشکێنن،
بەشیرینترین.(٢)

(١) زەمان؛ کات. زەمان، جاربەجار هەلیان بۆ ڕێک دەخات بۆ ئەوەی یەکتری ببینن.
(٢) بە شیرینترین چێژی ژیان؛ بە یەکتری بینین.

## دیمەنی ٢,١

لەسەر جادەیەک لەدەرەوەی دیواری بێستانەکەی ماڵی کاپیولێت،
رۆمیۆ دەردەکەوێت.

رۆمیۆ: (لەبەر خۆیەوە)
ئایا دەتوانم
برۆم و دڵم، بەجێ بهێڵم.
بگەڕێرەوە هەی گڵی کەودەن،[١]
تەوەرەکەی خۆت بدۆزەرەوە[٢] (بێنڤۆلیۆ و مێرکێشیۆ دەردەکەون)

بێنڤۆلیۆ:
رۆمیۆ! هێی، رۆمیۆ!
هێی، ئامۆزاکەم!

مێرکێشیۆ:
بەخوا دانایە، دە بە ژیانم،
خۆی بۆ ماڵەوە دزیوەتەوە؛
بچێت بۆ جێگا.

بێنڤۆلیۆ:
لەم رێگایەوە رۆشت و بازێکی
بەسەر دیواری بێستانەکەدا،
دا و خۆی لێمان ون کرد.
مێرکێشیۆ، دەدەی،
دەدەی کوڕی باش، بانگی بکەرەوە.

مێرکێشیۆ:
نا، من نیرەنگی دەکەم بۆ ئێرە.[٣]
رۆمیۆ، هێی رۆمیۆ!

---

(١) کەودەن؛ بێ مێشک، گەلحۆ، ریژگاو. گڵی کەودەن؛ مەبەستی لە لەشی خۆیەتی کە لە گڵ دروست کراوە.

(٢) تەوەرە؛ مەرکەز. ئەو مەرکەزەی کە شتێک بەدەوریدا دەخولێتەوە.

(٣) نیرەنگ کردن؛ بانگ کردن بەهۆی بەکارهێنانی جادوو (جەلب کردن)

ئارەزوو بگۆڕ! کابرا شێتەکە!
هەی دڵ پڕ لە سۆز! کوایت عاشقەکە!
دەی وەک هەناسەی ساردی دڵداری،
دەرکەوەرەوە و یەک دانە دێڕی
هۆنراوەیەک، بخوێنەوە،
دڵنیام دەکەی.
بەدەنگێکی بەرز، بڵێ "ئەی هاوار"
یان هەر " کەناری"[١]
رابێنە لەگەڵ وشەی "دڵداری"،
یەک وتەی نەرمی ناسکی پڕ سۆز
بڵێ بەدۆستی دێرینم " ڤینۆس".
ناوی نازداری،
بنێ لە کوڕی؛
لەو زارۆ کۆنەی میراتگرێتی؛
ئەوەی" کیوپید"ی[٢]
ناوەو نیشانەی راست و تەواوە.
ئەوەی کە تیری،
هەڵدا و راستەوخۆ دای لە" کۆفێتوا"،
ئەو "شا"یەی یەکسەر
هەڵدایە داوی
ئەڤین و سۆزی کچێکی سواڵکەر. (رۆمیۆ، هیچ دەنگی نایەت)
نا، گوێی لێم نییە؛
نە هەناسەیەک، نە جووڵانەوە:
مەیموونەکەمان، دیارە مردووە.
دەیهێنمەوە، بەهێزی جادوو؛
دەی، بە تەلیسمی
چاوانی کاڵی ئەو "رۆزەلین"ە،

---

(١) کەناری، جۆرە باڵندەیەکی بچووکی رەنگاو رەنگی جوانە؛ لە رەگەزی پەپووە.
(٢) ڤینۆس، بانووخوای خۆشەویستییەو دایکی " کیوپید"ە. مێرکێشۆ، بەگاڵتەوە، بە رۆمیۆ دەڵێت، ئەگەر دەتەوێت رۆزەلین تۆی خۆش بوێت، دەبێت مەرایی ڤینۆس و کوڕەکەی بکەیت، بۆ ئەوەی " کیوپید"ی کوڕی تیرێک بکێشێت بە"رۆزەلین"دا و بیخاتە عەشقی تۆوە.

بەدیمەی شەنگ و لێوانی ئاڵی،
بەپێیە جوانە خنجیلەکانی،
لاقە بلوورە نەشمیلەکانی،[١]
رانی لەرزۆکی و
ئەو مەڵبەندانەی کە نزیکییەتی.[٢]
دەی،
هەر وەک خۆت چۆنیت،
ئەمرت پێ دەکەم،
ئاوا دەرکەویت، لەبەر دەممماندا.

بێنڤۆلیۆ:
ئەگەر گوێی لێت بێت،
توورە دەبێت لێت.

مێرکێشیۆ:
نا، توورە نابێت.
ئەو، توورەدەبێت ئەگەر گیانێکی
نامۆ هەڵسێنم لەناو بازنەی[٣]
خۆشەویستەکەی.
تا خانمەکەی، خۆی بە تەلیسمی،
پاڵی دەخات و دەینوێنێتەوە.[٤]
نیرەنگ کردنی من خۆ شەریفە؛[٥]
من بانگی دەکەم
تەنیا بەناوی خۆشەویستەکەی،
تا لە دڵیدا
ڤیان و پەرۆش بهێنمە جۆش.[٦]

---

(١) نەشمیل، نەشمیلە؛ رێکوپێک و جوان.
(٢) دیسانەوە مەبەستی لە ئەندامی زاوزێی "رۆزەلین"ە
(٣) هاورێیەکانی رۆمیۆ، وەکو هەموو کورێکی گەنج، هەر بیر لە سێکس دەکەنەوە. کە دەڵێت بازنەی خۆشەویستەکەی، مەبەستی لە ئەندامی زاوزێی "رۆزەلین"ە.
(٤) لێرەدا دیسان، وتەکانی، مەبەستی سێکسییان تێدا هەیە.
(٥) نیرەنگ؛ جادوو. بانگکردنی رۆح بەهۆی بەکارهێنانی جادوو (جەلبکردن)
(٦) ڤیان؛ خۆشەویستی.

بێنڤۆلیۆ:

دەدەی با بڕۆین. خۆی شاردۆتەوە
لەنێوان دار و درەختەکانی
دارستانەکە.
تاکو خەیاڵی،
پێوەندی بکات لەگەڵ خەیاڵی
شەوی بێدەنگ و پەنهانەکانی.(١)
خۆشەویستییەکەی،
کوێرە، تاریکی،
لەگەڵ سروشتی ئەودا دەگونجێت.(٢)

مێرکێشیۆ:

ئەگەر کوێربوایە خۆشەویستییەکەی،
نەیدەتوانی وا لەئامانج بدا.(٣)
ئێستا ئەو دەچێت، جوان دادەنیشێت
لەژێر دارێکی "مێدلەر"دا و دەڵێت؛(٤)
خۆزگە خانمە خۆشەویستەکەم،
ئا ئەم میوەیە
دەبوو؛ ئەوەی کە
کچە گەنجەکان،
لەناو خۆیاندا کە تەنیا دەبن،
دەڵێن "مێدلەر" و تێر پێ دەکەنن.
ئاخ رۆمیۆ، خۆزگە
ئەو، ئا ئەو سێوە نامۆیە دەبوو،

---

(١) پەنهانەکانی شەو؛ نهێنییەکانی شەو.

(٢) کەدەڵێت خۆشەویستی، مەبەستی لە"کیۆپید"ە، کەخوای خۆشەویستییە. دەڵێت ئەگەر کوێربوایەتیرەکەی بەر رۆمیۆ نەدەکەوت نەیدەخستەعەشقی "رۆزالین"ەوە

(٣) سەیری دێڕی (١٩٧, ١, ١) بکە، کەرۆمیۆ دەڵێت:- ئا، نیشانچی چاک، دڵم عاشقی کچێکی گەلێک ناسک و جوانە.

(٤) مێدلەر(Medlar)؛ جۆرە سێوێکی سوورە. کوڕە گەنجە زمانشڕەکان، کە دەڵێن "مێدلەر"، مەبەستیان لە ئەندامی زاوزێی ژنە. گوایە ئەگەر بەجۆرێک سەیری ئەو سێوە بکرێت، لەو دەچێت.

تۆش هەرمێی پۆپرین.[١]
دەی رۆمیۆ شەوباش،
ئەوا بۆ نوێنی خۆم دەچم دەنووم.
نوێنی ئەم دەشتە، سارده تیای بنووم. (روو دەکاتە بێنڤۆلیۆ)
ها، ئیتر بڕۆین؟

بێنڤۆلیۆ:

دەدەی با بڕۆین.
بێ سوودە، لێرە
گەر بۆی بگەڕێین، نایدۆزینەوە،

---

(١) هەرمێی پۆپرین؛ جۆرە هەرمێیەکی درێژە. گوایە لە ئەندامی زاوزێی پیاو دەچێت. مێکێشیۆ، بێگومان، گاڵتە بە خۆشەویستییەکەی رۆمیۆ دەکات. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ رۆمیۆ عاشق نییە تەنیا، وەکو هەموو کوڕێکی گەنج، ئارەزووی سێکسی هەیە.

## دیمەنی ٢,٢

ڕۆمیۆ، لەناو باخ و بێستانەکەی ماڵی کاپیولێت، دەردەکەوێت.

ڕۆمیۆ:

ئەو، گاڵتە دەکات بەو برینانەی،
کە ئازاریانی قەت نەچەشتووە. (لەو کاتەدا لە پەنجەرەیەکەوە جولیەت دەبینێت)
بەڵام ڕاوەستە! ئەو ڕووناکییە
چییە ئا ئەوەی لەو پەنجەرەیەی
ئەوێوە، تیشکی بەرەو ئێرە دێت؟
ئای، ڕۆژهەڵاتە؛
جولیەتی پڕشەنگ ڕۆژەکەیەتی.
دەی ڕۆژی کەیلان،
دەی هەڵبێ و مانگی ڕەشکن بکوژە.[١]
ئەوەی، ئەوەتا،
نەخۆش کەوتووە و لە داخا ڕەنگی
لێڵ و زەرد بووە؛
چونکە تۆ، هەرچەند
کەنیشکەی ئەویت، لەو کەیلان تریت.[٢]
چونکە ڕەشکنە، مەمێنەرەوە
بەکەنیشکەی ئەو؛[٣]

---

(١) ڕەشک؛ حەسەد. ڕەشکن؛ حەسوود. مەبەستی لە"دەیانا"یە خواوەندی مانگ و پاکیزەیی (Virginity). دژی ئەوەیە کە کچ پەیوەندی سێکسی لەگەڵ پیاودا هەبێت.

(٢) کەنیشکە (maid)؛ کەنیشکێک (کچێک) کە هێشتا پەیوەندی سێکسی لەگەڵ پیاودا نەبووبێت و بە کچێنی مابێتەوە (پاکیزە). دەیانا (Diana)، بەپێی ئەفسانەی ڕۆمانی، خوای مانگ و کەنیشکێتی (Virginity)یە. ئینجا زۆر جار بە مانگ دەڵێن دەیانا و بە"دەیانا"ش، دەڵێن مانگ. لێرەدا کە دەڵێت مانگ، مەبەستی لە"دەیانا"یە. ئەوانەی کە لە کڵێسەکانی "دەیانا"دا، خزمەتیان دەکرد، دەبوایە هەموویان کچی کەنیشکە بوونایە. پێیان دەگوتن (Vestal Virgins). تا ئێستایش ئینگلیزەکان، بە کچی کارەکەر دەڵێن (کەنیشکە= maid).

(٣) شێکسپیر زۆر جار وشەی دوو مانا بەکار دەهێنێت. مانا دیارەکەی ئەوەیە؛ مەمێنەرەوەبەخزمەتکاری دەیانا. ماناکەی تری ئەوەویە؛ ببەبەیاری من و بەکەنیشکێتی مەمێنەرەوە.

پۆشاک و بەرگی کەنیشکەکانی،[١]
ڕەنگیان چۆتەوە؛ تەنیا ڕەنگێکی
سەوزی نەخۆشی تیا ماوەتەوە؛
کەودەن نەبێت کەس نایکاتە بەری.[٢]
فڕێیان بدە.[٣]
(ڕۆمیۆ، دەموچاوی جولیەت لە دوورەوە دەبینێت، بەچاوەکانیدا، وا دەردەکەوێت وەکو بدوێت)
ئای، خاتوونەکەی
منەو "ڤیان"ی ئەم دڵەی منە.[٤]
ئای، خۆزگە دڵی، ئەوەی دەزانی![٥]
دەدوێت و کەچی دەنگیشی نایە.
ئینجا چی تیایە؟
بەچاوەکانی لەگەڵما دەدوێت؛
وەڵامی ئەوان، من دەدەمەوە.
ئای کە بوێرم؛[٦]
من نیم ئەوەی کە لەگەڵیا دەدوێت:
دووان لە گەشترین ئەستێرەکانی
گەردوون گەشت دەکەن؛
دەڕۆن بۆ کاروبارێک. دەپاڕێنەوە لە چاوەکانی؛
تاکو دێنەوە،
لەباتی ئەوان، لە گۆڕەپانی
ئەواندا، دەمێک، بدرەوشێنەوە.
ئایا چۆن دەبوو
گەر چاوەکانی، بۆ گۆڕەپانی
ئەوان دەچوون و
ئەوانیش، دەبوون بەچاوەکانی؟
گەشی و ڕووناکی ڕوومەتەکانی

(١) پۆشاک و بەرگ؛ جل و بەرگ (Vestal Livery). کەنیشکەکانی دەیانا جلی تایبەتییان لەبەر دەکرد.
(٢) کەودەن؛ گەلحۆ، دەبەنگ.
(٣) مەبەستی ئەوەیە؛ ببەبیاری من و مەمێنەرەوە بە کەنیشکێتی.
(٤) ڤیان؛ خۆشەویست (Love). یان خۆشەویستی (Love).
(٥) خۆزگە دەیزانی کە من، خۆشم دەوێت.
(٦) ئای کە بوێرم؛ ئای کە چاوقایمم؛ دەوێرم کە وابزانم چاوەکانی ئەو لەگەڵ مندا دەدوێن.

ئەستێرەکانیان شەرمەزار دەکەرد.
وەکو چۆن لەبەر رووناکی هەتاو،
فانۆس، بەجارێک رووناکی دەشکێت.
ئای، چاوەکانی
لەناو ئاسماندا هەندە بە گەشی
دەدرەوشانەوە
باڵندەکانیان دەخستە خوێندن؛
شەوی رووناکیان بە رۆژ دەزانی.
سەیری بکە چۆن
روومەتی لەسەر دەستی دادەنێت.
ئای، خۆزگە ئێستا دەستکێشێک دەبووم
لەبەر ئەو دەستەی؛ ئەوسا دەمتوانی
بەر ئەو روومەتە جوانەی بکەوم.

جولیەت:

ئاخ، ئاخ، وەی لە من،

رۆمیۆ:

ئەوەتا دەدوێت.
دە دیسان بدوێ، فریشتەی پرشەنگ.
چونکە ئەوەندە شکۆ دەبەخشیت
بە ئا ئەم شەوە،
بەدەرکەوتنت لە ژووروی سەرم،[١]
ئەوەندەی پەیام-
بەری باڵداری ئاسمان دەیبەخشێت
بەچاوی کەسی مرۆک کە سەری،[٢]
دەباتە دواوە،
بۆ ئەوەی باشتر چاوی تێ برێت،[٣]
کە سواری هەوری خاووخلیسک دەبێ و[٤]

---

(١) جولیەت، لە ژووری نوستنیدایە، لە قاتی سەرەوە. رۆمیۆ، لە دەرەوەیە لەسەر زەمین.

(٢) مرۆک؛ هەر شتێک بمرێت، مرۆکە. مرۆڤ، مرۆکە. جنۆکە و پەری، نامرن؛ نەمرن.

(٣) بۆ ئەوەی باشتر چاو لە پەرییەکە ببڕێت.

(٤) هەوری خاووخلیسک؛ هەوری تەمەڵ، هەوری هێواش ڕەو، هەوری کەم جووڵە.

سەوڵ لێدەدا بۆ ئاسمان بچێت.

جولیەت:

ئاخ، رۆمیۆ، رۆمیۆ،
تۆ، بۆچی "رۆمیۆ"یت؟
حاشا لە باوکی
خۆت بکەو ناوی خۆت نکوول بکە.
منیش، لەمەولا،
حاشا لە ماڵی کاپیولێت دەکەم[1]

رۆمیۆ:

ئیتر گوێ بگرم، یان ئێستا بدوێم؟

جولیەت:

تەنیا ناوەکەت، دەوەستێت دژم؛
"مۆنتاگیو"ش نەبیت،
هەر وەک خۆت دەبوویت.
چییە مۆنتاگیو؟
نە دەستە، نە روو، نە پێ، نە بازوو؛
هیچ پارچەیەکی لەشی تۆ نییە؛
تەنیا ناوێکە.
ئاخ،
ناوت بگۆڕە. ئاخر ناو، چییە؟
ئەو گوڵەی ناوی
گوڵەباغە گەر ناوی بگۆڕین،
بۆنە خۆشەکەی، هەر خۆش و شیرین،
دەمێنێتەوە.
بەو جۆرەش رۆمیۆ؛ ئەگەر ناویشی
رۆمیۆ، نەبوایە، بەبێ ئەو ناوە،
هێژایی ئێستای، هەر دەمایەوە.
رۆمیۆ، وازبێنە، لەو ناوەی هەتە.

(١) جولیەت، بەدەنگێکی نزم لەبەر خۆیەوە دەدوێت و رۆمیۆ لە دەرەوە لەبن پەنجەرەکەیدا وەستاوەو گوێی لێ دەبێت. بە رۆمیۆ، دەڵێت؛ تۆ حاشا لە باوان و بنەماڵەی خۆت بکە، منیش حاشا لەوانەی خۆم دەکەم.

ئەوە، پارێکی لەشی تۆ نییە.[١]
لەباتی ئەوە،
تۆ، هەمووم بەرە.[٢]

رۆمیۆ: (دەست دەکات بە دواندن)
بەپێی ئەو وتە نەرمانەی ئێستا،
کە تۆ بەزمان، دەریانت بڕی،
ئەمن، کار دەکەم؛
تەنیا "ڤیان"م، گەر تۆ ناو بنێی،[٣]
سەرلەنوێ گیانم، من تەعمید دەکەم؛[٤]
لەمەولا ناوی من رۆمیۆ نابێ.

جولیەت:
پیاوەکەتۆ کێیت، لەناو تاریکی،
خۆت شاردۆتەوەو گوێ لە نهێنی
دەروونم دەگری؟

رۆمیۆ:
بەناو، ناتوانم پێت بڵێم من کێم؛
ناوەکەم، پیرۆز، هەی ئازیزەکەم،
چونکە دوژمنتە، پەسەندی ناکەم.
گەر بنووسرێت لەسەر کاغەزێک،
من ئەو وشەیەی، لێ دەدڕێنم.

جولیەت:
گوێچکەکانی من، لە دەمی تۆوە،
تا سەد وشەشیان نەخواردۆتەوە.
بەڵام ئەم دەنگە، دەناسمەوە.
ئایا تۆ رۆمیۆ و تۆ "مۆنتاگیو" نیت؟

---

(١) پار؛ پارچە. ئەو ناوەت، پارچەیەک نییە لە لەشی تۆ.
(٢) لەباتی ئەو ناوە، تۆ هەموو گیان و لەشی من، بۆ خۆت بەرە.
(٣) ڤیان؛ خۆشەویست. ڤیانم؛ خۆشەویستم.
(٤) مەسیحییەکان، کە منداڵیان دەبێت، لە دوای چەند رۆژێک دەیبەن بۆ کڵێسە. لەوێ لەناو ئاوی پیرۆز هەڵیدەکێشن و ناوی لێ دەنێن. بەو کردەوەیە دەڵێن تەعمیدکردن (Baptize)

ڕۆمیۆ:

کچە جوانەکە، ئەمن هیچیان نیم،
ئەگەر تۆ ڕقت لەو دوو ناوەیە.

جولیەت:

پێم بڵێ تۆ چۆن
گەیشتیتە ئێرە و لەبەر چی هاتووی؟
ئاخر دیواری بێستانەکەمان،
بەرزە؛ گرانە، پیا هەڵگەڕانی.
ئا ئەم جێگەیەش، بۆ تۆ مردنە،
گەر هات و یەکێک، لە خزمەکانی
من پێیان زانی،
کە تۆ لێرەیت و جەنابت کێیە.

ڕۆمیۆ:

ئەمن بە باڵی سووکی دڵداری،
هەڵفڕیم بەسەر دیوارەکانی.[١]
چونکە سنووری
بەرد، هەر چۆنێک بێت،
ناتوانێت ڕێگە لە ئەڤین بگرێت.
ئەڤین، هەمیشە، دەکات سەرچڵی،
تاکو دەگاتە داخوازی بەرزی.
کەسوکارانی ئەتۆ، کەوابێت
هەرگیز قەت ڕۆژێک
نابن بە کۆسپێک ڕێگەم لێ بگرن.

جولیەت:

ئەگەر بتبینن لێرە دەتکوژن.

ڕۆمیۆ:

ئاخ، چاوەکانی ئەتۆ مەترسی
گەلێک زۆرترە لە بیست شمشێری
کەسوکارانت.[٢]

---

(١) دیوارەکانی؛ دیوارەکانی بێستانەکەتان.

(٢) چاوەکانی تۆ من دەکوژن، نەک شمـشێری کەسوکارانت.

هەر بەچاوێکی پڕ خۆشەویستی
سەیرێکم بکەی، من دەپارێزی
لە شیرەکانی دوژمنەکانم.

جولیەت:

بەهەموو "دنیا"ش،
نایەڵم کەسێک، لێرە بتبینێت.[١]

رۆمیۆ:

پۆشاکی شەو من، دەشارێتەوە
لە چاوەکانیان.
تەنیا هەر ئەگەر، منت خۆشبوێت،
گوێی نادەمێ گەر بمدۆزنەوە.
پێم خۆشتر دەبێت، ئەگەر ژیانم،
بەقینی ئەوان کۆتایی پێ بێت
لەوەی مردنم،
دوابخرێت و ماوەی ژیانم،
من، چاوەڕوانی خۆشەویستیت کەم.

جولیەت:

تۆ، بەئاراستە و راگەیاندنی
کێ، بۆ ئەم جێیە، رێگەت دۆزییەوە؟

رۆمیۆ:

لە سەرەتاوە، ئەڤین سرووشی[٢]
پیرۆزی نارد بۆم؛ کە بۆت بگەڕێم.
ئەو ئامۆژگاری
دەکردم منیش، چاوەکانی خۆم،
تەسلیمی ئەو کرد.[٣]
هەرچەند پسپۆڕ نیم، لە رێگاوباندا،[٤]

---

(١) ئەگەر هەموو دنیاشم بدەنێ نایەڵم لێرەدا کەسێک بتبینێت.
(٢) سرووش؛ وەحی
(٣) ئەڤین (خۆشەویستی، یاخود خوای خۆشەویستی)؛ ئامۆژگاری دەکردم. منیش چاوەکانی خۆمم تەسلیمی ئەو کرد (چونکە خوای خۆشەویستی کوێرە). بەو جۆرە پێکەوە توانیمان بگەینە ئێرە.
(٤) پسپۆڕ؛ شارەزا، زانا.

بەڵام ئەگەر تۆ،
هەندە دوور دەبوویت،
هەندەی کەناری دوورترین دەریا،
سەرکەشیم دەکرد؛ کە بگەڕێم بۆ
گەوهەرێک وەک تۆ.

جولیەت:

وەکو دەزانی؛
رووی من پۆشاکی شەو داپۆشیوە.
ئەگینا، بەوەی کە تۆ ئێستاکە،
گوێت لە وتنی ئەمشەوی من بوو،
خوێنی کچێنی،
رووومەتەکانمی، سوور هەڵدەگەڕان.[١]
ئای کە پێم خۆشە بەپێی نەریتی
کۆمەڵگا ئێستا من خۆم بنوێنم؛
ئەوانەی گوتم،
ئای کە حەز دەکەم، نکوولیان بکەم.
بەڵام دەی، نەریت، ئەسپەردەی خوابیت!
منت خۆش دەوێت؟
دەزانم ئێستا،
کە تۆ، دەڵێیت "ئا" و بڕوات پێ دەکەم.
ئەگەر، سوێند بخۆیت،
رەنگە، ئەوساکە بڕوات پێ نەکەم.
دەڵێن یوپیتەر،[٢]
پێکەنینی دێ بەو سوێندەی دڵدار،
دەیخوات بە درۆ.
ئاخ، رۆمیۆ، رۆمیۆ،
ئەگەر بەڕاستی منت خۆش دەوێ
بەدڵسۆزییەوە ئەوەم پێ بڵێ.
گەر وا دەزانی

---

(١) ئەو قسانەی کە لەبەر خۆیەوە لە ژوورەکەی خۆیدا بەهێواشی دەیکرد و رۆمیۆ گوێی لێ دەگرت.

(٢) یوپیتەر(Jupiter)؛ گەورەی خوایەکانی رۆمانییەکانە.

تۆ بەئاسانی، من دەبەیتەوە؛[1]
روو و چاوەکانی خۆم من گرژ دەکەم،
نازێکی زۆرت بەسەرا دەکەم،
ئینجا دەڵێم "نا".
تا بەردەوام بیت لە هەوڵدانا.
ئاخ، من ئەگینا،
بە هەموو دنیا، ئەوەم نەدەکرد.[2]
"مۆنتاگیو"ی شیرین، گەر راستیت دەوێت،
من، گەلێک، گەلێک، ئەتۆم خۆشدەوێت.
لەبەر ئەوە تۆ،
دوور نییە ئێستا، کە وابزانی؛
رەوشتم سووکە.
بەڵام، خانەدان، بڕوام پێ بکە
من دڵسۆزترم گەلێک لەوانەی
بەنازکردنیان،
بەجۆرێکی وا خۆیان دەنوێنن،
کە بەئاسانی دەست کەس ناکەون.
ئا، راستە، من دان بەوەدا دەنێم؛
دەبوایە نازم زۆر بکردایە.
بەڵام تۆ گوێت گرت،
لە سۆزی راستی ئەڤینی دڵم،
پێش ئەوەی لە تۆ من ئاگاداربم.
لەبەر ئەوە تۆ،
لە من ببوورە و قەت وا نەزانی
ئەو تەسلیمبوونەی من بەئاسانی،
ئەوەی تاریکی شەو ئاشکرای کرد،
هێمای سووکییە.

(١) من، دەبەیتەوە و دەمکەیت بە یاری خۆت.

(٢) ئەگەر هەموو دنیاشم بدەنێ نەمدەگوت "نا". ئەگەر بڵێم "نا" تەنیا لەبەر ئەوە دەیڵێم بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵم لەگەڵدا بدەیت.

رۆمیۆ:

خانم، بەو مانگە
پیرۆزەی تیشکی، رەنگێکی زیویی،
دەدات بەلووتکەی
ئەو درەختانە میوەدارانە،
سوێندت بۆ......

جولیەت:

ئاخ،
بەمانگ، سوێند نەخۆی.
بەمانگی خۆگۆڕ، ئەوەی گشت مانگێک،
لەدەوری سوڕگەی، شێوەی دەگۆڕێت.
نەوەک ئەڤینی تۆش بگۆڕ دەرچێت.

رۆمیۆ:

سوێند بخۆم بە چی؟

جولیەت:

سوێند بەهیچ مەخۆ.
یاخود ئەگەر هەر دەبێت سوێند بخۆیت
سوێند بە پەیکەری پیرۆزت بخۆ.
چونکە ئەو بتی
ئەو یەزدانەیە کە دەیپەرستم.
ئەوساکە، بە تۆ، من بڕوا دەکەم.

رۆمیۆ:

ئاخر ئازیزم، ڤیانی دڵم............

جولیەت:

نا، نا، سوێند مەخۆ.
هەرچەندە گەلێک بەهاودەمی تۆ،
من کامەرانم،
بەبەڵێندان و پەیمانەکانی
ئەمشەوت ئەمن، کامەران نابم؛[١]

(١) بەوەی کە تۆ ئێستا لەگەڵمدایت، من کامەرانم. بەلام حەزناکەم گفت (بەڵێن) و پەیمانم بدەیتێ. چونکە ئەوەندە لە پڕ و بە هەڵەشەیی ئەمە رووی دا، لە برووسکە دەچێت. دەترسم ئاواش، وەکو برووسکە، زوو کۆتایی پێ بێت.

گەڵێک لەپڕەو زۆر هەڵەشەیە،
زۆر لە ترووسکەی برووسکە دەچێت؛
کۆتایی پێ دێت
پێش ئەوەی بڵێیت "ئای، برووسکەیە".
دەی شەوباش، شیرین.
ئا ئەم خونچەیە، ناسکەی ئەڤین،
زۆر لەوانەیە،
تا جارێکی تر یەکتر دەبینین،
بەهەوای خۆشی پرژینی هاوین،
گوڵێکی جوانی لێ گەش بێتەوە.
دەی ئیتر شەوباش، بحەسێرەوە.
با ئاسوودەیی، بێتە دڵتەوە.
وەک چۆن هاتۆتە
ئەوەی کە لەناو سنگی مندایە.[١]

رۆمیۆ:

ئای،
وا بە ناڕازی، بەجێم دەهێڵی؟

جولیەت:

ئاخر، ئەمشەو، چۆن
تۆ، رازی بکەم؟

رۆمیۆ:

گفتی ئەڤینی رەوان و راستی،
بە ئەوانەی من بگۆڕیتەوە؛[٢]

جولیەت:

من گفتی خۆمم،
دایتێ پێش ئەوەی لێمی بخوازی.[٣]
خۆزگە دەمبووەوە،

---

(١) ئەوەی کە لەناو سنگی مندایە؛ دڵم.

(٢) وەکو چۆن من، گفتی (بەڵێنی) خۆشەویستیم دا بە تۆ، تۆش بمدەرێ

(٣) رۆمیۆ، لە سەرەتاوە، کە نزیک بووەوە لە پەنجەرەکەی جولیەت، گوێی لە جولیەت بوو کە ئاواتی دڵی، لە ژوورەکەی خۆیدا بەدەنگێکی نزم دەردەبڕی و دەیگوت کە حەزی لە رۆمیۆ کردووە.

تا دیسانەوە بیبەخشمەوە.[١]

رۆمیۆ:

دەتەوێت لێمی بسەنیتەوە؟

بۆچی، "ڤیان"م؟

جولیەت:

تەنیا بۆ ئەوەی من دیسانەوە،

بە تۆی ببەخشم.

بەڵام ئاواتەخوازی شتێکم،

زۆرم لێی هەیە؛

من، بەخشندەییم،

وەک دەریا وایە؛ سنووری نییە.

خۆشەویستیشم، قووڵە وەکو ئەو؛

هەرچەند من زۆرتر بەتۆ ببەخشم،

ئەوان زیاد دەکەن.

چونکە ئەو دووانە،

تیامدا سنوور و رادەیان نییە. (دایەنەکەی لە ژوورەوە بانگی دەکات)

گوێم لە دەنگێکە لە ژوورەوە دێت.

دەی ئیتر برۆ، خوا حافیزت بێت.

برۆ، "ڤیان"م. (هاواری دایەنەکەی دەکات)

هەر ئێستاکونێ، دایەن، وا هاتم. (روو دەکاتەوە رۆمیۆ)

"مۆنتاگیو"ی ئازیز، راست بە لەگەڵم.

چاوەڕوانم بکە، ئێستا، دێمەوە. (دەڕوات)

رۆمیۆ:

ئەی شەوی پیرۆز، دەک رووت سپی بێت.

چونکە تۆ شەویت، من سام دەمگرێت؛

دەترسم ئەمە، هەمووی خەون بێت؛

ئاخر تۆ گەلێک

خۆشتریت لەوەی لە راستی بچیت. (جولیەت دەگەڕێتەوە)

جولیەت:

سێ دانە وشە، خۆشەویست، رۆمیۆ،

---

(١) خۆزگە ئەو گفتە (بەڵێنە) دەگەڕایەوە بۆم، بۆ ئەوەی جارێکی تر بیدەمەوە (بیبەخشمەوە) بە تۆ.

دوای ئەوە ئیتر، شەوت باش، برۆ؛
گەر بەراستی تۆ، منت خۆشدەوێ و
ئارەزوو دەکەیت بمکەی بە ژنت،
سبەی پەیامێک بۆ من، بنێرە
لەگەڵ ئەو کەسەی بۆتی دەنێرم؛
لەکوێ و چ کاتێک مارەم دەبڕیت.
لەو کاتەوە من؛
خۆم و سامان و هەموو ژیانم،
دادەنێم لەبەر پێڵاوەکانت؛
لەم دنیایەدا،
بۆ هەرچ کوێ بمبەیت،
ئەوسا، سەروەرم، لەگەڵتا دەچم.

دایەن:

خانم!

جولیەت:

ئەوەتا، هاتم. (روو دەکاتەوە رۆمیۆ)
بەڵام، مەبەستت،
ئەگەر پاک نییە، تکات لێ دەکەم...........

دایەن:

خانم!

جولیەت:

هەر ئێستاکونێ، ئەوەتا هاتم. (روو دەکاتەوە رۆمیۆ)
هەوڵ مەدە خۆتم
لێ نزیک بکەیت. وازم لێ بێنە
لەگەڵ پەژارەی دڵمدا بژیم.
سبەی دەینێرم.[١]

رۆمیۆ:

دە بە ژیانم.............[٢]

جولیەت:

هەزار جار شەوت، هێمن و شاد بێت. (جولیەت دەڕوات)

---

(١) سبەینێ پەیامبەرەکەی خۆمت بۆ دەنێرم.

(٢) ویستی سوێندی بۆ بخوات کە دەیهێنێت. بەڵام جولیەت رێگای نەدایە.

رۆمیۆ:

به بێ ڕەوشەنت، هەزار جار شەوی
من، پەستتر دەبێت.
دڵداران، بەرەو یەکتر رادەکەن
وەک چۆن تەلەبەی
منداڵ، ڕادەکات لە پەرتووکەکەی.
دڵداران، لە یەک جیادەبنەوە
زۆر بەهێواشی
وەبەدڵێکی پڕ خەفەتەوە،
وەکو تەلەبە، کە دەڕواتەوە
بۆ خوێندنگاکەی.(١) (بەهێواشی دەڕوات)

جولیەت: (لەبەر خۆیەوە)

شش، شش، رۆمیۆ، شش.(٢)
هاوار بۆ دەنگێ
لە دەنگی بانگی بازەوان بچێ،
تا بیکەم بە چەش،
هەڵۆکەمی پێ بانگ بکەمەوە؛
کۆت و زنجیرم، گرانە و دەنگم
ناتوانم من زۆر بەرز بکەمەوە.(٣)
ئەگینا ئێستا،
ئەو ئەشکەوتەی کە "سەدا" تیای دەژێت،(٤)

---

(١) خوێندنگا؛ مەکتەب، قوتابخانە.

(٢) شش، وس، دەنگ دەرمەکە. لێرەدا جولیەت خۆی بەخۆی دەڵێت.

(٣) لە ترسی باوکی، جولیەت، وەکو لە بەندیخانەدا بێت وایە.

(٤) سەدا (Echo) بەپێی ئەفسانەی گریکی، ناوی فریشتەیەکە، لە ئەشکەوتدا دەژیا. حەزی لە کوڕێکی گەنجی زۆر جوان کردبوو. کوڕەکە، ناوی نارسیسەس (Narcissus) بووە. کوڕەکەش حەزی لێ دەکرد و زوو زوو دەچوو بۆ لای. نارسیسەس، قەت خۆیی، لە ئاوێنەدا، نەبینیبوو. رۆژێکیان، بەرێگاوە بوو بچێت بۆ لای سەدا، لە ئاوی گۆمێکدا خۆی دەبینێت و حەز لە بەژنوباڵا و جوانیی خۆی دەکات و "سەدا"ی لە بیردە چێتەوە. سەدا، هەر بانگی دەکات؛ نارسیسەس، نارسیسەس، نارسیسەس. وەکو وشەی نارسیسەس لە هەواکەدا دەنگ بداتەوە وابوو. لەبەر ئەوە بەدەنگ دانەوە دەڵێن "سەدا". بەڵام نارسیسەس گوێی لێ نابێت. هەر لای ئاوەکە دەمێنێتەوە و سەیری وێنەکەی خۆی دەکات تا سیس دەبێت و دەمرێت.

بەدەنگی بەرزم، هەڵم دەوەشاند.
وەدەنگی خۆمم،
لە دەنگی "سەدا"م، زیاتر دەنووساند
بەوتنەوەی ناوی "رۆمیۆ" کەم.
رۆمیۆ: (گوێی لێ دەبێت)
ئەوا رۆحەکەم، بانگی من دەکات.
ئای دەنگی عاشق، لە کاتی شەوا،
چەند خۆش و ناسک، دەنگ دەداتەوە؛
وەکو سازێکی نیان و نەرمە،
بۆ ئەو کەسەی کە
گوێی خۆی دەداتێ.
جولیەت:
رۆمیۆ!
رۆمیۆ:
بەڵێ، ئازیزم؟
جولیەت:
سبەینێ سەعات
چەند پەیامبەرم، بنێرم بۆ لات؟
رۆمیۆ:
لەپێش سەعات نۆ.
جولیەت:
یەکێک، لات دەبێت.
هەتاکو ئەوسا، بیست ساڵ دەکێشێت.
لەبیرم چووەوە،
نازانم بۆچی تۆم بانگ کردەوە؟
رۆمیۆ:
دەبا من لێرە، بمێنمەوە
تا دیسانەوە دێتەوە بیرت.
جولیەت:
لە بیرم دەچێ،
هەر لەبەر ئەوەی وەستاویت لەوێ.

چونکە من بیرم، خەریک کردووە
بەوەی کە من چەند،
ئەتۆم خۆش دەوێ.

رۆمیۆ:

منیش گەر وابێت، دەمێنمەوە،
بۆ ئەوەی شتت لە بیر بەرمەوە.
خۆشم لێرەدا هەموو ماڵێکی
خۆمم بەجارێک لەبیرچێتەوە،
هەر جگەلەمە.(١)

جولیەت:

ئەوەتا، بگرە، بەری بەیانە.
حەز دەکەم بڕۆی، بەڵام هەر هەندەی،
باڵندەی دەستی زارۆڵەی لاسار؛
کە بەندەی هەژار،(٢)
لە کۆت و زنجیر رزگاری دەبێ،
رێگای دەداتێ، بە هەنگڵەشەلێ،
بڕوات بۆ دەمێ.
جا بە پەتێکی ئاوریشمی باریک،
هەمدیسانەوە،
دەستبەجێ بۆ لای خۆی رای دەکێشێ؛
هەندەی خۆش دەوێ
دڵی ناوێرێ،
سەربەستی لەوە زیاتر بداتێ.

رۆمیۆ:

ئەو باڵندەیە، خۆزگە من دەبووم.

جولیەت:

ئاخ، ئازیزەکەم، منێش حەز دەکەم،
بەڵام دەمکوشتی،
بە گەرما و تینی خۆشەویستییەکەم.

---

(١) هەر جگە لەم ماڵە.

(٢) بەندە؛ باڵندەکەیە.

دەی ئیتر شەوباش، شەوێکی شادی.
ئای، ماڵئاوایی،
هەندە سوێیەکی ناسک و شیرینە؛(۱)
ئامادەم لێرە، تاکو بەیانی، ۲,۲,۱۸۵
لەگەڵتا بم و
بڵێم " دەی شەوباش، شەوێکی شادی"
(جولیەت دەڕوات. ڕۆمیۆ هەر خۆی دەمێنێتەوە)
ڕۆمیۆ:
خوایە خەوێکی
شیرین بچێتە چاوەکانتەوە.
ئاسوودەش، دڵی
تۆ نیشتەجێی بێ.
خۆزگە من خەو و ئاسوودە دەبووم؛
ئەوسا لەو جێیە،
شیرینانەدا، دەحەسامەوە.

***

بۆ ژووری باوکی
پیرۆزی دەروون پاککەرم دەچم؛(۲)
دەچم دەربارەی
ئەم بەختە باشەی خۆمی پێ دەڵێم،
دەپاڕێمەوە لێیشی و یارمەتیی
من لێ دەخوازم.

(۱) ماڵئاوایی، سوێیە (خەفەتە)؛ پیاو، خەفەتی پێ دەخوات. بەڵام چونکە خەفەتێکی ناسک و شیرینە، لەبەر ئەوە پیاو حەز ناکات زوو بڕێتەوە.
(۲) باوکی پیرۆز؛ قەشە. مەسیحییەکان، نەریتێکیان هەیە؛ ئەگەر کردەوەیەک یان تاوانێک ئازاری دەروونیان بدات، دەچن بۆلای قەشە (قەشەی دەروون پاککەر)، بۆ ئەوی دەگێڕنەوەو ئامۆژگاری لێ دەخوازن. بەو جۆرە باری دەروونی خۆیان سووک دەکەنەوە.

## دیمەنی ٢,٣

قەشە لۆرێنس دەردەکەوێت، سەبەتەیەکی بەدەستەوەیە.

قەشە لۆرێنس:
"بەیان"ی چاوکاڵ، پرشنگەکانی،[١]
ئەوەتا هەوری
رەشی رۆژهەڵات، پرش دەکەنەوە.[٢]
بەپێکەنین و رووی رەوشەنداری،
بەربەرەکانی شەوی مۆن دەکات.
تاریکی بەڵەک
بەڵەک کراوی، وەکو سەرخۆشی[٣]
مەست، بە لارەولار،
لادەدات لە رێی
دوو پێچکەی رۆژ و چەرخی ئاگری.[٤]
پێش ئەوەی، هێلیەس،[٥]
چاوی گڕاوی
خۆی بکاتەوە و سڵاوی گەرمی،
بۆ سەر رووی زەمین،
بنێرێ و تەڕی شەونمەکانی
وشک بکاتەوە،
ئەم سەبەتەیە "بی"یە پێویستە[٦]

---

(١) چاو کاڵ؛ ئێسک سووک، دڵبەر. پرشنگ؛ تیشک، پرشە، ورشە.

(٢) هەوری رەشی رۆژهەڵات؛ شەوی تاریک. برش دەکاتەوە؛ پرش و بڵاو دەکاتەوە.

(٣) پرشنگی بەیان، تاریکی شەوی بەڵەک بەڵەک کردووە.

(٤) دوو پێچکە؛ گالیسکەی دوو پێچکە. خوای رۆژ (هێلیەس)، بەپێی ئەفسانەی گریکی، هەموو رۆژێک سواری دوو پێچکەکەی خۆی دەبێت و بەئاسماندا تێپەڕ دەبێت بۆ ئەوەی جیهان گەرم و رووناک بکاتەوە. چەرخەکانی دوو پێچکەکەی لە ئاگر دروست کراون.

(٥) هێلیەس؛ رۆژ (خوای رۆژ)

(٦) سەبەتەی بی؛ سەبەتەیەکە لە شووڵکی درەختی بی دروست کراوە.

پڕپڕی بکەم بەبژاری زاردار،
لەگەڵ شیلان و گوڵی شیرەدار.[١]
زەمین، خۆی دایکی
سروشتە و خۆیشی گۆڕەکەیەتی.
ئەو جێیەی شوێنی گۆڕستانێتیی،
مندالّدانێتی؛[٢]
زۆر زیندەوەری لێوە دەردەچێت.
ئێمە، ئەوانەی مەمەی دەمژین،
دەبینین زۆربەی[٣]
بۆ گەلێ کاری چاکە، نایابن.
هەرچەند جیاوازی
زۆرە لە نێوان بوونەوەرانی،[٤]
هەموویان سوودی خۆیانیان هەیە.
ئای چەند مەزنە،
ئەو وزەیەی کە لە رووەکدایە،[٥]
لە گژوگیادا و لە ناو بەرددایە؛
لەناو کرۆکی راستییاندایە؛
نییە تیایاندا، ئەوەندە بەد بێت
لەسەر زەمیندا
بژێ و کەڵکێکی باش و تایبەتی
بۆ زەمین نەبێت.
تیاشیاندا نییە، ئەوەندە باش بێت
هەرگیز قەت رۆژێک ئاوەکی نەبێت.[٦]
تا چاکە، خۆیشی،
دەبێت بە بەدی ئەگەر رابەری،

(١) بژار؛ گژوگیا. زاردار؛ زەهردار؛ ژەهردار؛ ژەهراوی.
(٢) زیندوو، کە دەمرێت، لە گۆڕەکەیدا، دەبێت بە پەیین بۆ پەروەردەکردنی زیندووی تر.
(٣) زۆربەی؛ زۆربەی ئەو زیندووانە.
(٤) بوونەوەرانی؛ بوونەوەرانی زەمین (مرۆڤ، ئاژەڵ، گیا، گوڵ و هەموو زیندوویەک).
(٥) وزە؛ توانا. رووەک؛ ئەو شتەی دەڕوێت؛ وەکو درەخت و دەوەن و گوڵ و گیا.
(٦) ئاوەکی؛ لە ڕێگای ڕەوا دەرچوون.

مەبەستی بەد بێت.
بەدیش، جاروبار، دەبێت بە چاکە،
گەر ئەنجامەکەی دروست و چاک بێت. (گوڵێک لە سەبەتەکە دەردەهێنێت و بۆنی دەکات)
توێکڵی ساوای[١]
ئەم گوڵە گچکە لەڕ و لاوازە،
نیشتەجێی ژەهرەو هی دەرمانیشە؛
ئەوەی بۆنێکی ئەم جێیەی بکات،
بەو بۆنە هەموو ئەندامەکانی
هەست بەشادمانی و دروستی دەکەن.
گەر تامی بکات، گشت هەستەکانی
دەمرن و دڵی لەگەڵیان دەمرێت.
مرۆڤیش وەک گیا؛
هەمیشە دوو شا، لەناو دەروونی
دەژین و هەردووک دژی یەکترین؛
یەکیان، دەروونی نەرم و ناسکە،[٢]
هی ئەوەی تریان، دڕندەو بەدە.
دڕندەکەیان، گەر سەر بکەوێت،
دەبێت بە کرمێک، دەروونی دەجوێت
تاکو دەیکوژێت.[٣] (رۆمیۆ دەردەکەوێت)

رۆمیۆ:
باوکە، بەیانیت شادمان و باش بێت.

قەشە لۆرێنس:
دەک بەدرووود بیت.
ئایا زمانی شیرینی کێیە
بەم بەیانییە زووە، بەیانی-
باشیم لێ دەکات؟
کوڕە لاوەکەم، ئەگەر ئاوا زوو،
جێی نوستنی خۆت بەجێ هێشتبێت،

(١) گوڵێکە تازە خەریکە دەکرێتەوە. توێکڵەکەی وەکو خۆی ساوایە (مناڵە).
(٢) یەکیان؛ یەکێکیان
(٣) دەروونی (زەمیری) دەکوژێت و دەبێت بە مرۆڤێکی دڕندە و بەد.

مێشکت دەبێت زۆر نارەحەت بێت.
مەراق لەچاوی هەموو پیاوێکی
پیردا ئێشک دەگرێت؛
ئەو چاوەی مەراق لەناویا دەژێت،
نوستن نابینێت.
بەڵام کە لاوی
سەرسووک، دەست و پێی،
بۆ حەسانەوەی خۆی رادەکێشێت،
نووستنی زێڕین، حوکمدار دەبێت.
بۆیە هاتنی ئاوا زووی ئێستات،
وا لە من دەکات، گومانم نەبێت،
کەشتێک دڵت، نیگەران دەکات.
ئەگەر لەوەدا، هەڵە دەربچم،
لەمەدا، راستم؛
کە ئەم شەو، رۆمیۆ، نەچۆتە جێگا.

رۆمیۆ:

ئەمەیان، راستە. حەسانەوەکەم،
لەوە، خۆشتر بوو.[1]

قەشە لۆرێنس:

خوایە لە بەزەی مرۆڤ ببوورە.[2]
لەگەڵ رۆزەلین، شەوەکەت رابوورد؟

رۆمیۆ:

لەگەڵ رۆزەلین؟
نا،
باوکە، ئەو ناوەم، لە بیر چۆتەوە،
لەگەڵ خەفەت و ئازارەکانی.

قەشە لۆرێنس:

زۆر باشە، کوڕم، بەڵام لەکوێ بوویت؟

---

(١) لەوە خۆشتر بوو؛ لە نووستن خۆشتر بوو.

(٢) بەزە؛ هەڵە دژی خوا، گوناح.

رۆمیۆ:

بەرلەوەی دیسان بپرسیتەوە،
من خۆم پێت دەڵێم؛
لە ئاهەنگێک بووم،
ئەمشەو من لەگەڵ دوژمنەکانم.
لەوێدا یەکێک،
هەر لەناکاودا، هات برینداری
کردم و منیش، بریندارم کرد.
برینەکانی ئێمە هەردووکمان،
بەیاریدەدانی ئێوەو دەرمانی
پیرۆز، تیماری تەواو دەکرێن.(١)
باوکی پیرۆزم، هیچ رق و قینم
لەدڵدا نییە؛ ئەوەی دەمەوێت،
بێ گومان، سوودی بۆ دوژمنەکەی
خۆشمی تیادا، بەجۆرێک دەبێت.

قەشە لۆرێنس: ( لە رۆمیۆ، تێ ناگات و نازانێت باسی چی بۆ دەکات)

رۆڵە باسەکەت، بەسادەو روونی
بگێڕەرەوە.
راستەوخۆ نەبیت، لە پێ لێنانتدا،
لە تۆبەکەشتدا، راستەوخۆ نابیت(٢)

رۆمیۆ:

کەوابێت ئەمن، ئەوا بەروونی
پێت دەڵێم؛ دڵم،
کەوتۆتە عەشقی
کچە جوانەکەی، ئەو " کاپیولێت"ەی
کە دەوڵەمەندە.
ئەوەندەی دڵی من شەیدایەتی،
ئەوەندەش دڵی ئەو شەیدای منە؛
بەدڵ و بەخوێن،

---

(١) دەرمانی پیرۆز؛ مارەبڕین.

(٢) پێ لێنان؛ دان پیانان.

تێکەڵکراوین لەگەڵ یەکتری.
هەر ئەوەی ماوە؛ کە تۆ پێویستە
تێکەڵمان بکەیت، بەپێی ئاسایی و
مارەکردنی ئاینی پیرۆز.
کەی و لەکوێدا،
یاخود ئێمە چۆن یەکتریمان دی،
گفت و ئەڤینی دڵسۆزی خۆمان،
بەیەکتری دا و بۆ یەک دەربڕی،
ئێستا لە ڕێگا، باست بۆ دەکەم.
بەڵام من لەتۆ، یەک تکا دەکەم
رازی بیت ئەمڕۆ،
دەسبەجێ مارەی ئێمە ببڕیت.
قەشە لۆرێنس: (روو دەکاتە ئاسمان)
ئای،
سانت فرانسیزی بژوینی پیرۆز![١] (ئەمجا روو دەکاتە رۆمیۆ)
چی ئاوا سۆزی دڵتی گۆڕی!
ئەو "رۆزەلین"ەی، لای تۆ ئەڤینی
هەندە ئازیز بوو،
ئا بەم جۆرە زوو، بەجێی دەهێڵی؟
وا بێت ئەڤینی، پیاوە گەنجەکان،
بەڕاستی لەناو دڵیاندا نییە؛
لە چاویاندایە.
ئاخ،
مەریەم و عیسا!
ئای، بۆ رۆزەلین،
چەند جار بەفرمێسک روومەتی زەردی
خۆت شتۆتەوە.
چەند ئاوی سوێرت وا بەخۆڕایی
لەوەدا خەرج کرد.
بۆ ئەوەی تامێک، بەیت بە ڤیانێک،

(١) سانت فرانسیز؛ ناوی پیاوێکی پیرۆزە. هەندێ مەسیحی سوێندی پێ دەخۆن. بژوین؛ پاک.

تامێکت نەکرد!
خۆر، جارێ هێشتا، لە سووتاندنی
تەم و هاڵاوی هەناسەی ساردی
تۆ نەبۆتەوە.
ناڵەی دێرینت، لە گوێچکەی پیری
مندا، تا ئێستا دەنگ دەداتەوە.
بەڕوومەتتەوە، هێشتاکە پەیی[۱]
فرمێسکی کۆنی تۆ، ماوەتەوە.
گەر تۆ خۆت بوویت و پەژارەکانت،
پەژارەی خۆت بوون؛
خۆت و داماوی و پەژارەکانت،
بۆ رۆزەلین بوون.
ها، تۆ گۆڕراویت؟
کەواتە بڵێ؛
گەر پیاو ئەوەندە بێ دەسەڵات بێت،
ئافرەت، بۆی هەیە گەر بخلیسکێت.[۲]

رۆمیۆ:
لۆمەت دەکردم، بۆ ئەو ئەڤینەی
ئەوساکە هەمبوو من بۆ رۆزەلین.

قەشە لۆرێنس:
هەرگیز بۆ ئەڤین
نەبوو، رۆڵەکەم، بۆ شەیداییت بوو.

رۆمیۆ:
تۆ لێت دەخواستم، ئەڤین بنێژم.

قەشە لۆرێنس:
نەک لە گۆڕێکدا، یەکێک بنێژی و
یەکێکی تری لێ دەربهێنی.

رۆمیۆ:
تکات لێ دەکەم، لۆمەی من مەکە.

---

(١) پەی؛ جێ پێ، ئەسەر.
(٢) گەر وابێت، ئافرەتیش بۆی هەیە حەز لە پیاوێکی تر بکات و لەگەڵیدا بڕوات.

ئەوەی کە ئێستا من خۆشم دەوێت
سۆز و ئەڤینی
دڵی، لەگەڵما دەگۆڕێتەوە.
ئەوەکەی تریان، ڤالا بوو دڵی.[١]

قەشە لۆرێنس:
چونکە دەیزانی،
خۆشەویستییەکەت، وتارەکانی
لەبەر کردووە.
بێ ئەوەی مانا و مەبەستەکانی
یەک تۆز تێبگات.
بەڵام دەی لاوی
دوودڵ، لەگەڵما وەرە با بڕۆین.
من، بۆ هۆیەکی تایبەت لەمەدا، ٢,٣,٩٠
یارمەتیت دەدەم؛
کە بەڵکو، خوایە، ئەم هاوسەرییە
ببێت بەبۆنەی
کۆتایی رق و دوژمنایەتی
لە نێوان ئەم دوو بنەماڵەدا.
وە خۆشەویستی
بژوین، بەڕاستی، جێگەیان بگرێت.[٢]

ڕۆمیۆ:
دەدەی با بڕۆین، من زۆر پەلەمە.

قەشە لۆرێنس:
ئاخر لەسەرخۆ! دانایی دەڵێت؛
ئەوەی رادەکات، زۆرجار دەکەوێت.

---

(١) ڤالا؛ بۆش، بەتاڵ. لە دڵیدا، هیچ خۆشەویستییەک نەبوو بۆ من.

(٢) بژوین؛ پاک

## دیمەنی ٢,٤

بێنڤۆلیۆ و مێرکێشیۆ لەسەر جادە دەردەکەون

مێرکێشیۆ:

دەک شەیتان ئا ئەم "رۆمیۆ"یە، بگرێ.
ئەرێ لە کوێیە؟
شەو، بۆ ماڵەوە، نەهاتووەتەوە؟

بێنڤۆلیۆ:

بۆ ماڵی باوکی نەهاتووەتەوە؛
لە پیاوەکەیم، ئێستاکە پرسی.[١]

مێرکێشیۆ:

ئایا لەبەر چی،
ئەو رۆزەلین"ە دڵرەقە زەردە،
ئازاری دەدات؟
ئەوا خەریکە هەر شێتی بکات!

بێنڤۆلیۆ:

"تیبالت"ی خزمی" کاپیولێت"ی پیر،
نامەی ناردووە بۆ ماڵی باوکی.[٢]

مێرکێشیۆ:

لەسەر ژیانم، من گرەو دەکەم،
بەرەنگارییە.[٣]

بێنڤۆلیۆ:

رۆمیۆ وەڵامی خۆی بۆ دەنێرێت.

مێرکێشیۆ:

هەرچ پیاوێک توانای نووسینی هەبێت،

---

(١) پیاوەکەی؛ نۆکەرەکەی.

(٢) ماڵی باوکی رۆمیۆ.

(٣) من گرەو دەکەم، کە ئەو نامەیە، نامەی بەرەنگارییە. تیبالت، بەرەنگاریی رۆمیۆ دەکات بۆ شەڕەشیرکردن.

وەڵامی نامەی پێ دەدرێتەوە.

بێنڤۆلیۆ:

ئا، بەڵام وەک چۆن خاوەن نامەکە،
دێت بەرەنگاری ئەم بکات. ئەمیش،
وا بەرەنگاری ئەو دەکاتەوە.

مێرکێشیۆ:

بێ ئەوە، "رۆمیۆ"ی هەژار مردووە؛[١]
ئەو، بە روانینی
چاوە رەشەکەی کچێکی سپی،
بریندار بووە؛
لەگەڵ گۆرانی عەشق و دڵداری،
بەناو گوێچکەیدا، چۆتە ناو گیانی؛
ناوجەرگەی دڵی، دووکەرت کردووە
بەتیری کولی کوڕە کوێرەکە.[٢]
ئەو، ئێستا ئایا، ئا ئەو پیاوەیە،
لەگەڵ "تیباڵت"دا، بچێت جەنگ بکا؟

بێنڤۆلیۆ:

بۆ تیبالت، چییە؟

مێرکێشیۆ:

پایەی، لە میری گوربەپشیلە،
گەلێک بەرزترە؛[٣]
کاپتنی ئازا و
زانای نەریتی گشت ئاهەنگێکە؛[٤]
ئەو، شمشێربازی بەجۆرێک دەکا،
وەک جۆن گۆرانی ئەتۆ دەبێژی؛

---

(١) بێ ئەو شەڕەشیرە، رۆمیۆ مردووە. چاوە رەشەکانی رۆزەلین کوشتوویەتی.

(٢) کوڕە کوێرەکە؛ کیوٚپید، خوای خۆشەویستی.

(٣) گوربە؛ نێرە پشیلە. لە چیرۆکێکی منداڵاندا، شارێک هەبووە هەموو دانیشتووەکانی پشیلە بوون. میری شارەکە، پشیلەیەک بووە ناوی تیبالت بووە. لێرەدا، بێگومان، مێرکێشیۆ، بە گاڵتەپێکردنەوە ستایشی تیبالت دەکات.

(٤) لە هەموو جۆرە کار و کردەوەیەک، سەری دەردەچێت و باشی لێ دەزانێت.

بەپێی نەوا و سازی پلەی مۆسیقا.
هەمووی رادەگرێت؛
کات و هەنگاو و کێشی ئاوازی.
هەر پشوویەکی زۆر کورت وەردەگرێ و
یەک، دوو، سێهەمین، بەسنگتا دەچێ.
دەتوانێت بەناو
دوگمەی ئاوریشمی کراسەکەتدا،
بۆ سنگت بچێت.[١]
هەر چۆن بیپێوی،
شمشێربازێکی چاکە بەڕاستی.
ئای لە هونەری
هێرشبردنی رووبەڕووی، یاخود
بۆ دواوە چون و پەلاماردانی
زوو و کوتوپڕی!
ئای، ئای لەو "هەی"یەی![٢]

بێنڤۆلیۆ:

لەو چییەی؟

مێرکێشیۆ:

دەک ئاوڵە هەموو ئەم خوێڕییانە،
ئەم زمان پسە، خۆ نوێنەرانە،
بگرێت و گشتیان هەر لەناوبەرێت.[٣]
بەڵام، بە عیسا، سەرسەرییەکی
پاکەو پیاوێکی ئازا و چالاکە.
ئای، قەحبەیەکە،
تا بڵێیت چاکە.
جێی خەفەت نییە، باوکەکەی باوکم،

---

(١) دوگمەی ئاوریشم؛ قۆپچەیەکی پچووکە لە ئاوریشم دروست کراوە. ئەوەندە شمشێربازی چاکە، دەتوانێت نیشان لەو دوگمە پچکۆلەیە بگرێت و بەناویدا بچێت لە سنگت بدات.

(٢) هەی؛ ئەمە وشەیەکە لە شمشێربازیدا، بەکار دەهێنرێت. واتە دەی خۆت بگرە وا لێم دایت (بە شمشێرەکەم).

(٣) وەکو بەنازەوە قسە بکات، زمانی خۆی پس دەکات.

کە ئێمە دەبێت
دەردی ئەم جۆرە مێش و مەگەزە
بێگانانەمان پێ بچێژرێت؟
مۆدە پەروەر و ئەم " لێم ببوورە"
هیچ و پووچانە؟[١]
ئەمانەی هەندە تازەپەرستن،
لەسەر کورسی کۆن، کە دادەنیشن،
ناحەسێنەوە؛
ئێسقانی سمتیان، دێتە ئازاردان.

بێنڤۆلیۆ: (رۆمیۆ لە دوورەوە دەبینێت)
رۆمیۆ هاتەوە، رۆمیۆ هاتەوە

مێرکێشیۆ:
بەبێ " گەرا" کەی؛
وەک ماسییەکی وشک، هاتۆتەوە[٢]
ئای، ئای، گۆشتەکە،
چۆن بوویت بە ماسی![٣]
لە توانایەتی ئێستاکە شیعری
سۆز و دڵداری
بنووسێت لەوەی پێترارخ، دەینووسی.[٤]
گەر بەراوردی " لۆرا"، تۆ بکەی
لەگەڵ بانووەکەی؛ لۆرا، هەر وەکو
کچە بەردەستەی چێشتخانە دەبوو.

---

(١) رەوشتی ژنانەیە؛ زۆر گوێ دەداتە مۆدەی تازەو زوو زوو، وەکو ژن، دەڵێت "لێم ببوورە"

(٢) گەرا؛ مادەیەکە وەکو جێلی وایە، مێی بۆق و ماسی و ئەو جۆرە بوونەوەرانە لەگەڵ هێلکەکانیاندا لە لەشیان دەردەچێت. بەڵام لێرەدا مەبەست لە تۆماوی پیاوە.

(٣) بەئینگلیزی زۆر کەس کە دەڵێن (flesh) مەبەستیان لە گۆشتی ئادەمیزادە، یاخود ئادەمیزاد خۆی. ئادەمیزاد لە بوونەوەرە خوێن گەرمەکانە و هەموو کاتێکی ساڵ ئارەزووی سێکسی هەیە. ماسی لە خوێن ساردەکانە، ئەو هەموو کاتێک ئەو ئارەزووەی نییە. لێرەدا بێنڤۆلیۆ و مێرکێشیۆ، لایان وایە کە رۆمیۆ شەوەکەی لەگەڵ "رۆزەلین"دا، رابووردووە بۆیە "گەرا"ی تێدا نەماوە و وشک بووەتەوە و وەکو ماسییەکی وشکی لێ هاتووە.

(٤) پێترارخ (Petrarch 1304-1374)؛ شاعیرێکی ئیتالییە. حەزی لە کچێک کردووە ناوی " لۆرا" بووە. زۆر شیعری جوانی دڵداری بەسەردا هەڵداوە.

تەنیا ئەوەبوو،
ئەو، پەروەرێکی باشتری هەبوو؛(١)
هەڵبەست، بەسەریا بهۆنێتەوە.
دیدۆ، پنتی بوو(٢)
خۆ کلیۆپاترە، هەر "جپسی"یەک بوو،(٣)
هێلن(٤) و هێرۆ(٥)
بێ کەڵک و سووک بوون وەکو سۆزانی.
"زیسبی"ی چاوان شین،
هەرچەند جوانیش بێت، نایگرێتەوە.(٦) (روو دەکاتە رۆمیۆ)
هێی، بۆن ژۆ، بۆن ژۆ،
هێی، سنیۆر رۆمیۆ.
بە فرەنسی ئەمرۆ
رۆژباشی دەکەم ئەمن، لەگەڵ تۆ،
تاکو بگونجێت
لەگەڵ شەرواڵە فەرەنسییەکەی تۆ.(٧)

---

(١) ئەو؛ مەبەستی لە" لۆرا"یە. پەروەر؛ عاشق، خۆشەویست.

(٢) پنتی؛ کەسێکی نارێکوپێک، کەسێک گوێ نەداتە جوانیتی جل و بەرگەکەی. یاخۆ گوێ نەداتە مۆدە. دەربارەی دیدۆ سەیری پاشکۆی دووەمی ئەم پەرتووکە بکە.
دیدۆ، کلیۆپاترە، هەلێن، هێرۆ و زیسبی، هەموو ئەم ژنانە، لەپێناوی خۆشەویستیدا خۆیان کوشتووە، بۆیە لێرەدا مێرکێشیۆ، ناویان دەهێنێت. لە پاشکۆکانی ئەم پەرتووکەدا، باسی هەموویان کراوە.

(٣) جپسی (Gypsy)؛ قەرەج، جنگانە، کاولی. وشەی (Gypsy) لە زمانی ئینگلیزیدا گوایە لە وشەی (Egyptian)ەوە هاتووە. واتە میسری. کلیۆپاترە، میسری بووە. بۆیە پێی دەڵێت قەرەج. لەگەڵ ئەنتۆنیۆ، زۆر یەکتریان خۆش دەویست. ئەو خۆشەویستییە، بوو بەهۆی ئەوەی کە هەردووکیان خۆیان بکوژن. کلیوپاترە جگە لەوەی کە ئەنتۆنیۆی زۆر خۆشدەویست، ژنێکی زۆر بەئاڵۆش بووە. لە چیرۆکی ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترەدا شێکسپیر لە جێگایەکدا دەڵێت؛ ئەنتۆنیۆ، بۆ کلیۆپاترە وەکو باوەشێنێک وابوو بۆ ساردکردنەوەی جۆشی ئاڵۆشی ئەو "جپسی"یە. دەربارەی کلیۆپاترە سەیری پاشکۆی سێیەمی ئەم پەرتووکە بکە.

(٤) هێلن (Helen)، سەیری پاشکۆی یەکەمی ئەم پەرتووکە بکە.

(٥) هێرۆ (Hero)؛ سەیری پاشکۆی پێنجەمی ئەم پەرتووکە بکە.

(٦) زیسبی (Thisbe) سەیری پاشکۆی شەشەمی ئەم پەرتووکە بکە.

(٧) بۆن ژۆ، بە فەرەنسی، واتە رۆژباش. چونکە رۆمیۆ، ئەو شەوە نەچۆتەوە بۆ ماڵێ، هێشتا هەر شەرواڵی هەڵپەرکێی "مەسکەرێد"ی لەبەرە. ئەو جلانە لەسەر مۆدەی فەرەنسی بڕراون. بۆیە مێرکێشیۆ، بۆ گاڵتە، بەفرەنسی رۆژباشی لێ دەکات.

دوێنێ شەو ئێمەت، تۆ باش خەڵەتان.

ڕۆمیۆ:

ڕۆژی هەردووکتان باش و شادمان بێت.
پێم ناڵێن بەچی، ئێوەم خەڵەتان؟

مێرکێشیۆ:

بەوەی کە خۆتت دزییەوە لێمان.

ڕۆمیۆ:

مێرکێشیۆ، دەبێت تۆ لێم ببووری.
کارێکی گەلێک گرنگم هەبوو.
لەباری واشدا، وەک ئەو بارەی من،
مرۆڤ، بۆی هەیە،
زۆر لە پەیڕەوی ئەدەب بکات و
بەرەو خۆیەوە، خواری بکاتەوە.[١]

مێرکێشیۆ:

تۆ وەکو بڵێیت؛ بارێک، لەوەی تۆ،[٢]
وا لەپیاو دەکات،
لە ناوچەی سەرووی ڕانەکانییەوە،
دانەوێتەوە.[٣]

ڕۆمیۆ:

مەبەستتە بڵێیت؛ بنووشتێتەوە.

مێرکێشیۆ:

ئا، بەتەواوی، دات لەناوجەرگی.[٤]

ڕۆمیۆ:

زۆر بە ناسکی و بە ئەدەبەوە،
ئەوەت دەربڕی.

---

(١) پەیڕەوی ئەدەب، بەجۆرێک دەنوشتێنێتەوە کە بگونجێت لەگەڵ ئەو کارەی کە بەتەمایە بیکات.

(٢) چونکە مێرکێشیۆ، وا دەزانێت ڕۆمیۆ، ئەو شەوەی لەگەڵ "ڕۆزەلین"دا ڕابووردووە. لەبەر ئەوە ڕۆمیۆ، هەرچییەک دەڵێت، ئەم بەجۆرێک وەڵامی دەداتەوە کە پەیوەندی بەسێکسەوە هەبێت. کە"دەڵێت بارێک وەک هی تۆ، مەبەستی ئەوەیە بڵێت "ئەندامێکی سێکس، وەکو ئەوەی تۆ"

(٣) دانەوێتەوە؛ بنووشتێتەوە(بنووشتێتەوە بۆ سێکسکردن. لێرەدا مێرکێشیۆ، گاڵتە لەگەڵ ڕۆمیۆدا دەکات)

(٤) دات لەناوجەرگی مەبەستەکەم.

مێرکێشیۆ:

ئەی چۆن، من، "پینک"ی
ناز و ناسکی و ڕەوشتی نەرمم[١]

ڕۆمیۆ:

کە تۆ دەڵێیت "پینک"،
مەبەستت دەبێت لە ئاڵی گوڵ بێت.

مێرکێشیۆ:

دەی، با ئاوا بێت.

ڕۆمیۆ:

باشە گەر وابێت،
ئەمن، پێڵاوە سووکەڵەکانم
سەرانسەر بەگوڵ قەشەنگ کراون.[٢]

مێرکێشیۆ:

ئای کە زیرەکیت،
با لەم گاڵتەیەی تۆ واز نەهێنین،
تا پاژنەکانی پێڵاوەکانت، دەسووێنەوە.
کەی سووانەوە،
پاژنە ناسکە تەنکەکانی،
ئەوسا گاڵتەکەت،
بەتەنیا هەر خۆی دەمێنێتەوە.[٣]

ڕۆمیۆ:

ئای،
چ گاڵتەیەکی لاوازو لەڕە،
لە بێتامیدا، هەر تاکی نییە.

مێرکێشیۆ:

دەدەی کوڕی باش، بێنڤۆلیۆ، وەرە.

---

(١) وشەی پینک (Pink) بەئینگلیزی زۆر مانای هەیە؛ لووتکە، ڕەنگی ئاڵ، بڕینی پێچاوپێچ (شەپۆلاوی). مێرکێشیۆ و ڕۆمیۆ لە گفتوگۆیەکەیاندا، گاڵتە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن؛ مێرکێشیۆ، کە دەڵێت "پینک" مەبەستی لە لووتکەیە. بەڵام ڕۆمیۆ، بەجۆرێک وەڵامی دەداتەوە وەکو مەبەستی لە ڕەنگی ئاڵ بووبێت.

(٢) قەشەنگ کراوە؛ ڕازانراوەتەوە. پێڵاوەکانی ڕۆمیۆ، سووکەڵەن، پێڵاوی دانس کردنن. دەوراندەوری چەرمەکانی سەرەوەی، بۆ جوانی، پێچاوپێچ (بە شەپۆلاوی) بڕڕاون.

(٣) گاڵتەکەی تۆ، لە سەرەوەی پێڵاوەکەتە. ئەگەر پاژنەکەی بسووێت، سەرەوەی بە تەنیا دەمێنێتەوە.

وەرە نێوانمان، جیامان بکەرەوە،
ئەوا مێشکم، دەبووریتەوە.[١]

ڕۆمیۆ:

ئاوزەنگی و قەمچی، بەکار بهێنە.
ئاوزەنگی و قەمچی.
ئەگینا، ها من، لێت دەبەمەوە.[٢]

مێرکێشیۆ:

بێگومان ئەگەر، مێشکەکانمان،
پێشبڕکێی قازی کێوانی بکەن،[٣]
من، دۆڕانوومە.
چونکە تۆ زیاتر قازی کێوانیت[٤]
هەیە تەنیا هەر لە هەستێکتدا،
لەوەی من هەمە لە هەر پێنجیاندا.
ها، دەربارەی "قاز"
من، جووت بوومەوە ئێستا لەگەڵتا؟[٥]

ڕۆمیۆ:

نا، چونکە" قاز"یت،
تۆ، لەگەڵ مندا، جووت نابیتەوە.

مێرکێشیۆ:

ها، ئێستا، گازێک لە گوێچکەت دەگرم.[٦]

ڕۆمیۆ:

نا، نا، قازی باش، گازم لێ نەگری.

---

(١) مێشکم، هێزی تیادا نەماوە؛ ئەوا دەبووریتەوە.
(٢) ئاوزەنگی و قەمچی لەگەڵ مێشکی خۆتدا بەکاربهێنە، ئەگینا من دەیبەمەوە.
(٣) ئەمە جۆرە پێشبڕکێیەکە بەسەر ئەسپەوە دەکرێت. ئەوەی لە پێشەوەیە، دەبێت بەرابەر؛ بۆ کوێ بچێت ئەوانەی تر دەبێت دوای بکەون. تا یەکێک دەیگرێتەوەو پێشی دەکەوێت. ئەمجا دەبێت دوای رابەرە تازەکەیان بکەون. ئیتر بەم جۆرە تا هەموویان ماندوو دەبن. ئەوسا ئەوەی لە پێشەوەیە دەیباتەوە.
(٤) قازی کێوانی؛ قازی کێوی؛ بێ مێشکی، ریژگاوی، کەرێتی.
(٥) ڕۆمیۆ و مێرکێشیۆ، گاڵتە لەگەڵ یەکتری دەکەن (یاخود، گاڵتە بەعەقڵی یەکتری دەکەن). لە زمانی ئینگلیزی کۆندا، وشەی "قاز"، بۆ گاڵتەکردن، بەزۆر مانا بەکار دەهێنرا؛ ریژگاو، گەلحۆ، قەحبە. ها، جوتبوومەوە؛ ها، تۆم گرتەوە لە بەکارهێنانی وشەی "قاز"دا؟ ئێستا من و تۆ پاک لەپاکین؟
(٦) گاز لە گوێچکەگرتن، ئەوسا، هێمای خۆشەویستی بووە.

مێرکێشیۆ:

ئەم مێشکەی تۆ،
سۆسێکی گەلێک تام تاڵ و تیژە.

رۆمیۆ:

لەو جۆرە نییە کە لەگەڵ ژەمی
" قاز"ی شیریندا، پێشکەش دەکرێت؟[١]

مێرکێشیۆ:

ئای لەم مێشکە،
دەڵێی لە لاستیک دروست کراوە،
خۆی دەکشێنێت؛
لە ئینجێکەوە، ئینجێکی باریک،
تاکو پانییەکەی دەبێت بە یاردێک.

رۆمیۆ:

رایدەکشێنم، بۆئەوەی وشەی
"پان" بگرێتەوە و
دایبنێت لەسەر قازی بەردەمی.
ئەوساکە دەبیت، تۆ، بە قازێکی
گەورە و پانوپۆڕ.

مێرکێشیۆ:

ئێستاکە ئەمەت، لا باشتر نییە،
لەوەی کە بگری و بناڵێیتەوە
بۆ خۆشەویستێک؟
ئەوەتا ئێستا، بەڕەوت و هونەر،
کۆمەڵ پەروەر و "رۆمیۆ" ی جارانی.
ئەو ئەڤینەت هەر
وەکو گەمژەڵێک، زمانی خۆیی
شۆڕ کردبووەوە و
لیک لە دەمییەوە دەهاتە خوارێ،
هەر بەملا و بەولا،

---

(١) قازی شیرین، دیارە جۆرە خواردنێکە لە گۆشتی قاز دروست دەکرێت. وە بەئاسایی، دیارە لەگەڵ جۆرە سۆسێکدا دەخورێت کە لە کەرەستەی تاڵ و ترش دروست دەکرێت.

رایدەکرد کونێک بدۆزێتەوە،

گورزەکەی تیادا بشارێتەوە.(١)

بێنڤۆلیۆ:

بەسە، لێرەدا، ئیتر بوەستە.

مێرکێشیۆ:

لە من دەخوازی، "تەیڵ"ەکە، ئێستا(٢)

لە بەرانبەری

مووەکانادا، رای بوەستێنم(٣)

بێنڤۆلیۆ:

ئاخر ئەگینا

"تەیڵ"ەکەی خۆتت، درێژتر دەکرد.(٤)

مێرکێشیۆ:

نا، بەعەکسەوە؛ کورتتر دەبۆوە،

چونکە دەچوومە ناو قووڵاییەکەی؛ ٢,٤,٨٠

کەمێکم مابوو تەواوی کەم و

لەم وتووێژە بێمە دەرەوە.(٥)

رۆمیۆ: (لە دوورەوە ژنێک دەبینێت کراسێکی زۆر پان و زلی لەبەرایە)

ئا ئەمە جلی چاکە بەڕاستی.

---

(١) گەمژەڵ، گەلحۆ، ریژگاو، (موهەریجی سێرکس). گەمژەڵی سێرکس، زۆرجار کە دێتە سەر شانۆ، دارێکی رەنگاوڕەنگی کورتی بەدەستەوەیە، دارەکە تۆپێکی بەسەرەوەیە وەکو گورز. مێرکێشیۆ گاڵتە لەگەڵ رۆمیۆدا دەکات. کە دەڵێت گورزەکەی، بەمەبەستەوە دەیڵێت؛ مەبەستی لە کێرێتی.

(٢) بە ئینگلیزی، وشەی "تەیڵ" بەدوو جۆر دەنووسرێت (tale) و (tail). یەکەمیان واتە (چیرۆک) دووەمیان واتە(کلک). لەبەر ئەوە، ئەم رستەیە کەبەزمان دەگوترێت دوو مانا دەگرێتەوە؛

١- لە من دەخوازیت کە چیرۆکەکە لێرەدا رابوەستێنم؟

٢- لە من دەخوازیت کلکەکە (کێرەکە) لێرەدا، لە بەردەمی مووەکاندا (مووی بەری رۆژەلیندا) رابوەستێنم؟

(٣) بە ئینگلیزی بە موو دەڵێن " hair"وشەی "هێر hair" دوو مانای هەیە

١- ئارەزوو ٢- موو (لێرەدا، مەبەستە راستییەکەی لە مووە، مووی بەر). ئەم سێ گەنجە؛ رۆمیۆ و بێڤۆلیۆ و مێرکێشیۆ، وەکو زۆر لە گەنجانی ئەو تەمەنە، بەزمانێکی بازاڕانە و پیس، گاڵتە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن؛ هەرچییەک دەڵێن مەبەستیان لە شتێکە پەیوەندی بە سێکسەوە هەیە.

(تێگەیشتنی، ئەم جۆرە گفتوگۆیە، هەندێک بیرکردنەوەی دەوێت).

(٤) تەیڵ؛ لێرەدا بەمانای چیرۆک بەکاری دەهێنێت.

(٥) دیسانەوە، گفتوگۆیەکەیان بازاڕییە؛ پەیوەندییان بەسێکسەوە هەیە.

ئای، چارۆکەیە، چارۆکەی کەشتی![١]
مێرکێشیۆ: (دوو کەس دەبینێت؛ پیاوێک و ژنێک)
کوڕە، دووانن، دووان؛
شرواڵێک لەگەڵ کراسێکی پان.
دایەن:
پوترس![٢]
پوترس:
هەر ئێستاکونێ.
دایەن:
باوەشێنەکەم، پوترس، بدەرێ.
مێرکێشیۆ:
پوترس، پیاوی باش،
بیدەرێ رووی خۆی پێ داپۆشێ؛
باوەشێنەکە، لە رووی جوانترە.
دایەن:
بەیانیتان باش، خانەدانەکان.
مێرکێشیۆ:
نیوەڕۆتان باش، خانمە جوانەکە.
دایەن:
بۆ نیوەڕۆیە؟
مێرکێشیۆ:
بەپێی کاتژمێر، ئا، کەمتر نییە.
چونکە ئێستاکە،
دەستی تەرەسی کاتژمێرەکە[٣]
راست لەسەر کاتی نیوەڕۆدایە.
(مێرکێشیۆ، بەشێوەیەکی ناشرین، ئەوە دەڵێت و دەستی خۆی دەخاتە سەر گونی)

(١) ئەم ژنە، دایەنەکەی جولیەتە. کراسێکی زۆر پان و زلی لەبەردایە. کە بایەکە لێی دەدات، لە دوورەوە، لە چارۆکەی کەشتی دەچێت.
(٢) پیاوەکە، ناوی "پوترس"ە. رابەری دایەنەکەیە.
(٣) تەرەس؛ گەواد

دایەن:

دەک خوا بتگرێت، تۆ چۆن پیاوێکیت.

رومیۆ:

خاتوونە، یەزدان،
ئەم پیاوەی دەبێت دروست کردبێت
بۆ ئەوەی زیان، بە خۆی ببەخشێت.

دایەن:

هەی دەمت خۆش بێت، جوانت دەربڕی؛
"بۆ ئەوەی زیان بەخۆی ببەخشێت".
خانەدانەکان، کەسێکتان ئەرێ
دەتوانێت بڵێ؛
"رۆمیۆ"ی گەنج لە کوێ دەدۆزرێتەوە.

رۆمیۆ:

ئا، من دەتوانم پێت بڵێم لە کوێ.
بەڵام "رۆمێۆ"ی گەنج،
خاتوونە، تاکو دەیدۆزیتەوە
گەورەتر دەبێ.
لەو"رۆمیۆ"یانەی بۆیان دەگەڕێی،
من رۆمیۆ هەرە گەنجەکەیانم.
هەر لەبەر ئەوەی
نییە ئەو ناوەی هەبێ و بەدتربێ.

دایەن:

باشە، جوان دەدوێیت.

مێرکێشیۆ:

"بەدترین"باشە؟ باشە، زۆر باشە.
زۆر بەدانایی، باشی دەربڕی.(١)

دایەن:

ئەگەر تۆ ئەویت، بەگم، دەخوازم
کە بەتەنیایی، بدوێیت لەگەڵم.

---

(١) ئەگەر بەدترین "رۆمیۆ" لەلای تۆ باش بێت. تۆ دەبێت ژنێکی زۆر دانا و زیرەک بیت. (دیسانەوە گاڵتە دەکات)

بێنڤۆلیۆ: (بەگاڵتەوە)

دیارە دەیەوێت

بۆ شێو بۆ شوێنێک، بیبات لەگەڵ خۆی.

مێرکێشیۆ:

تەرەسە، تەرەس. سۆ هۆ.(١)

رۆمیۆ:

ها، چیت دۆزییەوە؟(٢)

مێرکێشیۆ:

نا، کەروێشک نییە.(٣)

گەورەم، هەر مەگەر،

گۆشتێکی کۆن بێت، لەناو هەویری

بەڕۆژووبوونی ئاهەنگی ئیستەر.(٤)

(ئیتر مێرکێشیۆ، بە گاڵتەپێکردنەوە، گۆرانی دەڵێت)

کەروێشکی پیری ئەگریجە سپی

لەگەڵ یەکێکی

تر، لە خۆی پیرتر، ئای کە گۆشتێکی

باشە بۆ رۆژوو

گرتنی ئیستەر.

بەڵام ئەو گۆشتەی(٥)

کە پیر و کون بێ و کەڕووی گرتبێ

قەت ئەو پارەیە

ناهێنێت ئەوەی کە پێی دەدرێ.

---

(١) بە ئینگلیزی، بەقەحبە دەڵێن هۆر (Whore) بە کەروێشکە کێویش دەڵێن هێر (Hare) لەبەر ئەوەی، کە ئەو دوو ناوە تۆزێک لە یەکتری دەچن، هەندێک کەس لە باتی بڵێت "قەحبە" دەڵێت " کەروێشک". راوچی، لە راودا، کە نێچیرێک (کەروێشکێک) دەبینێت دەڵێت "سۆ هۆ"

(٢) چونکە مێرکێشیۆ گوتی "سۆ هۆ" بۆیە رۆمیۆ لێی دەپرسێت "ها، چیت دۆزییەوە؟" (چ نێچیرێکت دۆزییەوە).

(٣) چونکە ژنەکە پیر و لەڕ و ناشیرینە و بەکەڵکی قەحبەیەتی نایەت، بۆیە مێرکێشیۆ دەڵێت کەروێشک نییە.

(٤) لە ئاینی مەسیحیدا، هەموو ساڵێک بۆ چل رۆژ پێش رۆژی زیندووبوونەوەی مەسیح (ئیستەر)، مەسیحییەکان بەڕۆژوو دەبن. لەو چل رۆژانەدا، گۆشت ناخۆن تاکو رۆژی ئیستەر.

(٥) لێرەدا، کە دەڵێت " کەروێشک"، یاخود " گۆشت"، مەبەستی لە قەحپەیە.

بۆ ماڵی باوکت، رۆمیۆ، تۆ دەچی؟
بۆ نانخواردنی ئێوارە ئەمڕۆ،
بۆ ئەوێ دەچین.

رۆمیۆ:

بڕۆن، من دوایی، دواتان دەکەوم.

مێرکێشیۆ:

بانووە پیرەکە، ئەسپەردەی خوا بی! (بەگۆرانی وتنەوە دەڕوات)
ئەسپەردەی خوا بی، بانوو، بانووەکە....

دایەن:

تکات لێ دەکەم، بەگم، پێم ناڵێی
ئەو زمان پیسەی لێرە بوو کێیە؟

رۆمیۆ:

دایەنی بەڕێز، ئەمە کەسێکە
گەلێک حەز دەکات
گوێ لە وتار و دەنگی خۆی بگرێت.
لە یەک خولەکدا، ئەم زۆرتر دەدوێت
لەوەی لە ماوەی مانگێکدا دەیکات.

دایەن:

گەر هات و شتێک دژی من بڵێت،
وا سووکی دەکەم، هەر ئابڕووی دەبەم؛
پیاوی بەهێزتر
لە خۆی و زمان، پیستر و شڕتر،
من دەنێرم بۆی.
بیست جەربەزەی دڕ،
دەنێرم زاری رێک بکەنەوە.
گەر نەشم توانی، خۆم، ئەوە بکەم،
یەکێکی ئاوا دەدۆزمەوە،
لە توانایدا بێت.
خۆ من، سۆزانی ئەو ناکەسە نیم.
نە هاوڕێیەکی سەرسەری ئەوم. (روو دەکاتە پوترس)
تۆش لەجێی خۆتدا وەستاوی و رێگە

دەدەی بەپیاوی کەم و سەرسەری،
بەپێی هەوەسی، گاڵتەم پێ بکا.
پوترس:
من کەسم نەدی
بەپێی هەوەسی، گاڵتەت پێ بکا.
ئەگەر شمشێری
خۆمم پێ بوایە، گومانت نەبێ،
من، هەر دەستبەجێ، هەڵمدەکێشا.
هەڵیدەکێشم،
ئەگەر ئەوی تر، هەڵیبکێشێ و
بواری گونجاو بۆ من هەڵکەوێ
بۆ جەنگینێکی باش و بزانم
بڕیاری یاسا، لەگەڵمان دەبێ.
دایەن:
ئەوەتا ئێستا، خوا من دەبینێ،
چۆن وروژاوم؛
ئەندامەکانم، گشتیان دەلەرزن.
ئای، گەڕی ریسوا! (روو دەکاتە رۆمیۆ)
تکایە، بەگم،
من وتەیەکم، پێیە پێت بڵێم:
وەکو پێم گوتیت، بانووە گەنجەکەم،
داوای لێ کردم؛ بتدۆزمەوە.
ئەوەی پێی گوتم، کە پێتی بڵێم،
جارێ لەدڵی خۆمدا رایدەگرم.
بەڵام، لەپێشا، با من پێت بڵێم؛
ئەگەر بەتەمای تۆ رابەری بی
بۆ ناو بەهەشتی بێ مێشکەکان.(١)
ئەوە، وەک دەڵێن، کردەوەیەکە،
پیاوی مەرد بێزی لێ دەکاتەوە.

(١) هەموو جۆرە بەڵێنێک دەدەن بە کچە بێ مێشکەکان. دەیانخەڵەتێنن وایان لێ دەکەن کە وا بزانن دواڕۆژیان وەکو بەهەشت چۆنە، وا دەبێت.

چونکە کچێکی ساویلکەو گەنجە،
لەبەر ئەوە گەر بیخەڵەتێنی،
ئەوە کارێکی،
وەک دەڵێن، گەلێک پیس و ریسوایە،
لەگەڵ هەرچ کچێک ئەگەر بکرێت.

رۆمیۆ:

دایەن، سلاوی من بگەیێنە
بە خاتوونەکەت.
سوێندت بۆ دەخۆم....

دایەن:

خاوەن دڵی پاک، من بەئیمانم،
وەک چۆن پێت گوتم،
بەو جۆرە من بۆی دەگێڕمەوە.
ئای خوایە، خوایە، ئەو ژنە بەوە،
چەند شادمان دەبێت.

رۆمیۆ:

ئاخر، دەڵێیت چی؟
دایەن، تۆ لە من دیارە گوێ ناگری.

دایەن:

پێی دەڵێم کە تۆ، سوێندت بۆ خواردم،
وەمن بەو سوێندەت، بڕوای تەواوم
هەیە؛ دەیهێنیت.

رۆمیۆ:

پێی بڵێ ئەمڕۆ، لەدوای نیوەڕۆ
با جۆرە هۆیەک
بدۆزێتەوەو بێت بۆ دانپیانان.(١)
لە ژووری قەشە "لۆرێنس"دا، لەوێ،
گەر بەزەی هەبێ، خوا لێی دەبووری و
هەر لەو کاتەشدا، مارەی دەبڕێ. (رۆمیۆ، پارە دەدات بە دایەنەکە)

(١) بەپێی ئایینی مەسیحییەکان، ئەوەی گوناحێک بکات، دەبێت بچێت بۆ کڵێسە و لەوێدا لەبەر دەمی قەشەیەکدا، دان بەو گوناحەیدا بهێنێت. ئەوسا ئیتر خوا، لەوانەیە لێی ببوورێت.

ها ئەوەش مافی زەحمەتکێشانت.

دایەن:

نا، نا، سەروەرم،

ئەمن بەڕاستی، یەک پوول، وەرناگرم.

رۆمیۆ:

پێویستە ئەمەم، تۆ لێ وەربگریت. (وەری دەگرێت)

دەی ئیتر برۆ.

دایەن:

سەروەرم، ئەمرۆ، دوای نیوەڕۆکەی؟

باشە، ئەو کاتە، ئەو لەوێ دەبێت.

رۆمیۆ:

دایەنە باشەکە،

لەولای دیواری کڵێسەکەدا،

چاوەڕوان بکە.

ئاوا لە ماوەی یەک دانە سەعات،

نۆکەرەکەی من، سەرت لێ دەدات؛

پەیژەیەکی پەت، بۆ تۆ دەهێنێت،

ئەوەی کە لەناو

پەنهانی شەوی تاریکدا دەبێت

بەهۆی گەیشتنم

بۆ لووتکە بەرزی شادی ژیانم.

ئەسپەردەی خوابیت. تۆ، جێی باوەڕبیت.

بێگومان مافی

زەحمەتکێشانی تۆ دەدەمەوە.

ئەسپەردەی خوابیت.

سڵاوی گەرمی

من، بگەیێنە بە خاتوونەکەت.

دایەن:

دەک، یەزدان، خۆشی،

لە ئاسمانەوە، پیرۆزی بکات.

بەڵام، سەروەرم، گوێ لە من، بگرە.

رۆمیۆ:

دایەنی ئازیز، چییە، پێم بڵێ.

دایەن:

نۆکەرەکەی تۆ،
ئەرێ نهێنی، لەدڵ رادەگرێت؟
قەت نەتبیستووە؛
لەوانەیە دووان، نهێن رابگرن،
بەڵام بەمەرجێک؛
کەسێکی تریان، لەگەڵدا نەبێت.

رۆمیۆ:

تۆ دڵنیابە، نۆکەرەکانم،
ئاسن چۆنە، وان؛ راست و رەوانن.

دایەن:

باشە، سەروەرم. خاتوونەکەی من،[١]
جوانترین بانووی ئەم دنیایە.
ئای خوایە، خوایە،
ئای کە ئێسکی سووک بوو ئەو شتە
وردە، کە تازە
دەستی کردبوو بە بۆڵە و قسە!
با پێشت بڵێم، کە کابرایەکی
خانەدان هەیە، لە شاردا دەژی،
ناوی "پاریس"ە.
گەلێک حەز دەکات، جولیەت بهێنێت.
بەڵام، ئەم، بەگم، پێی خۆشتر دەبێت
گەر لەباتی ئەو، بۆقێک ببینێت.
بۆقێکی راستی.
چەند توورە دەبێت، کە جار جار دەڵێم؛
پاریس پیاوێکی
بێ گەردەو گەلێک بۆ تۆ دەگونجێت.
با پێشت بڵێم؛ کە من وا دەڵێم

---

(١) دایەنەکە، ژنێکی سادەو ساکارە؛ خوێندەوار نییە.

دیمەی هەر ڕەنگی تێدا نامێنێت
وا سپی دەبێت، لە سپیترین
چەرچەفی دنیا، سپیتر دەبێت.
"ڕۆمیۆ" و "ڕۆزمێری" نووسینەکانیان،
هەر بەهەمان تیپ دەست پێ ناکرێن؟

ڕۆمیۆ:
ئا، بەڵێ، دایەن. چی لەوەدایە؟
بە "ڕێ" هەردووکیان، دەست پێ دەکرێن.

دایەن:
نا، نا، تۆ گاڵتە لەگەڵ من دەکەیت.
"ڕێ"،
لە مڕەمڕی سەگ، گوێت لێی دەبێت.
من وابزانم
بە تیپێکی تر دەست پێ دەکرێت.
ئەو، وتارێکی زۆر جوانی هەیە
دەربارەی ناوی خۆت و ڕۆزمێری.
خۆش دەبوو ئەگەر،
خۆت گوێی لێ بگری.

ڕۆمیۆ:
سڵاوی منی پێ بگەیێنە.

دایەن:
باشە، هەزار جار.
ئەوە کوایت، پوترس!

پوترس:
هەر ئێستاکونێ.

دایەن:
پێشم بکەوە. خێرا بکە بڕۆین. (دەڕۆن)

## دیمەنی ٢,٥

لە باخەکەی ماڵی کاپیولێت، جولیەت دەردەکەوێت

جولیەت:

کاتژمێرەکە، نۆی لێدەدا کە
دایەنەکەم نارد؛
گوتی لەماوەی
نیو سەعاتێکدا، دەگەڕێمەوە.
دەشێت تا ئێستا ئەوی نەدیبێت؟
نا، نا، قەت ناشێت.
تەنیا ئەوەیە، کە نەختێک شەلە.[١]
پەیکی دڵداری، حەقە خەیاڵ بێت،
ئەوەی کە دە جار، تیژتر دەفڕێت
لە تیشکی هەتاو.[٢]
ئەوەی کە دێتە خوارەوە و یەکسەر،
سێبەرەکانی گردە پەستەکان،
گشت رادەماڵێت.
ئاخر دە بۆیە، گالیسکەی ڤینۆس،[٣]
هەمیشە تیپێک، کۆتری باڵ گورج،
بۆی رادەکێشێت.
لەبەر ئەوەشە، کە" کیوپید"ی
وەک زریان خێرا، باڵی پێوەیە.[٤]
لە گەشتکردنی ئەمڕۆی ئەوەتا

(١) شەلە؛ بۆیە وا هێواش دەڕوات.
(٢) پەیک؛ پەیامبەر. خەیاڵ، دە جار لە تیشکی هەتاو خێراتر دەڕوات (دەفڕێت)
(٣) ڤینۆس؛ بانووخوای ڤیان (خۆشەویستی)
(٤) کیوپید؛ خوای ڤیان (خۆشەویستی). زریان؛ رەشەبا.
کیۆپد، چونکە دەبێت خێرا بێت، بۆیە باڵی هەیە (باڵی پێوەیە).

خۆر گەیشتووەتە
هەرە بەرزترین لووتکەی ڕێگەکەی.
لە سەعات نۆوە، تا سەعات دوانزە،
وا سێ سەعاتی درێژە هێشتا
نەهاتۆتەوە.
ئەو ئەگەر هەست و
خوێنی کوڵاوی لاوی تیا دەبوو
وەک تۆپ، گورج دەبوو؛
وتەکانی من،
ئەویان هەڵدەدا بۆ ڤیانەکەم.(١)
ئەوانەی ئەویش، هەڵیاندەدا بۆم.
بەڵام پیرەکان، زۆر جار وەک مردوو
خۆیان دەنوێنن؛
زۆر ساردوسڕ و وشک و تەمەڵن.
گرانە لەشیان،
هەر وەکو لە سرب دروست کرابن(٢) (دایەنەکەو پوترس دەردەکەون)
ئۆخەی هاتەوە.
دایەنی هەنگوین، دەنگوباس چییە؟
ها، تۆ ئەوت دی؟
بەپیاوەکەی خۆت،
بڵێ با بڕوا، دوورکەوێتەوە.

دایەن:

پوترس، تۆ بڕۆ، لای دەرگاکەوە،
چاوەڕوان بکە.

جولیەت:

دەی ئیتر ئێستا، دایەنی شیرین–
ئای خوایە، بۆچی وا دڵ پەست دیاری؟
ئەگەر خەبەری پەستت پێ هەیە،
تۆ بە ڕوویەکی

---

(١) ئەویان هەڵدەدا؛ وەکو تۆپهاوێژ، دایەنەکەیان هەڵدەدا.
(٢) سرب؛ قورقوشم.

خۆشەوە بۆمی بگێڕەرەوە.
ئەگەر خۆشیشە،
گەر بەڕوویەکی ئاوا گرژەوە،
بیگێڕیتەوە،
ئاوازی جوانی خەبەری شادی،
شەرمەزار دەکەیت.

دایەن:
ماندوو بووم گەلێک،
با بۆ خۆم هەندێک بحەسێمەوە.
ئاخ، ئێسکەکانم چەند ئازاریان دێت!
ئای، چ گەشتێکم، خوایە، ئەمڕۆ کرد!

جولیەت:
خۆزگە ئێستاکە ئێسقانەکانی
من، لای تۆ دەبوون،
هەواڵەکانی تۆش لەلای من دەبوون.
دە دەی دایەنە گەلێک باشەکەم،
دە بدوێ، بدوێ، تکات لێ دەکەم.

دایەن:
ئای، خوایە ئەمە، چۆن پەلەیەکە!
ناتوانیت تاوێک چاوەڕوان بکەیت؟
ئاخر نابینیت،
کە من هەناسەم پێ نادرێتەوە؟

جولیەت:
ئەگەر هەناسەت پێ نەدرێتەوە،
چۆن ئێستا گوتت،
کە تۆ هەناسەت پێ نادرێتەوە؟
ئەتۆ بیانووەکەت، بۆ دواخستنی
گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە کورتە،
زۆرتر دەکێشێت لە چیرۆکەکە.
تەنیا پێم بڵێ؛
هەواڵەکەی تۆ، باشە یان بەدە؟

ئەوەم پێ بڵێ،
هەرچ کامێکیان بێ.
ئەوانەی تریم دوایی پێ بڵێ.
لە نیگەرانی رزگارم بکە؛
باشە یان بەدە؟
دایەن:
زۆر بە ساکاری
هەڵبژاردنی خۆتت کردووە.
دیارە نازانی پیاو هەڵبژێری.
رۆمیۆ؟
نا، نا، ئەویان نا.[١]
هەرچەندە ئەو رووی
لە هی پیاوانی تر زۆر جوانترە،
بەڵام، لەسەر رووی زەمیندا نییە
ئەو لاقە رێکە جوانانەی هەبێت.
دەربارەی دەست و پێ و بەژنوبالای،
هەرچەندە هیچ نین باسیان بکرێت،
بەڵام جوانترن لە هی کەسانی
تر، ئەگەر هات و بەراورد کرێن.
ناتوانم بڵێم کە گوڵەباخی
زمان شیرینی و روو خۆشی و رێزە.
بەڵام دەتوانم بڵێم پیاوێکی
زۆر خانەدانە و وەک بەرخ، ناسکە.
دەی، کچم، برۆ
نوێژ و رۆژوو بۆ یەزدان بگرە.
لە ماڵەوە بوویت؟
نانی نیوەڕۆت، ئەرێ خواردووە؟

(١) دایەنەکە، جگە لەوەی کە پەستە بەوەی کە مێرکێشیۆ، گاڵتەی پێ دەکرد و بەزمانێکی شڕ و بازاڕانە قسەی لەگەڵدا دەکرد، دەترسێت کە دایک و باوکی جولیەت رازی نەبن بەم پەیوەندییەی جولیەت لەگەڵ رۆمیۆدا. لەبەر ئەوە جارێ هەر بیر دەکاتەوە.

جولیەت:

نا، نەم خواردووە.
خۆ من ئەوانەم هەموو دەزانی.
بەڵام دەربارەی مارەبڕینی
ئێمە، گوتی چی؟

دایەن:

ئای خوایە سەرم، چەند ئازاری دێت!
وەکو بیەوێت شەق بەرێ و ببێت
بە بیست کەرتەوە.
لەو دیویشەوە، ئازاری پشتم.
ئای خوایە پشتم، ئای خوایە پشتم!
دە تۆ لەعنەت لە دڵی خۆت بکە،
ئەوەی کە منی ناردە دەرەوە،
بەشوێن مردنی خۆما بگەڕێم
بەسەرکەوتن و هاتنە خوارەوە.

جولیەت:

من، بەئیمانم، گەلێک سوێدارم
بەوەی ئازارت تۆ پێ گەیشتووە.
بەڵام، دایەنە
شیرین شیرینە زۆر شیرینەکەم،
خۆشەویستەکەم،
چۆن دەدوێ؟ چی گوت؟

دایەن:

خۆشەویستەکەت، وەک خانەدان و
ڕێزبەخش و گەلێ دڵ ناسک دەدوێ.
جوان و کەشخەیەو گومانم نییە
گەنجێکی باشە. دایکت، لە کوێیە؟

جولیەت: (بەتووڕەیییەوە دەڵێت)

دایکم، لە کوێیە؟
بۆچی دەپرسیت؟ لەماڵەوەیە.

---

(١) لێرەدا، دایەنەکە، گاڵتە لەگەڵ "جولیەت"دا دەکات.

دەبێت لەکوێ بێت؟
چەند سەیر وەڵامی من دەدەیتەوە!
"خۆشەویستەکەت،
وەک خانەدان و ڕێزبەخشێ دەدوێت"
" دایکت، لە کوێیە؟"(١)

دایەن:

بۆ خاتری خوا،
خاتوونە دەبێ، ئارامت هەبێ!
بەم جۆرە ئەرێ، ئەتۆ تیماری
ئازاری پشتی بیمارم دەکەیت؟
لەمەولا ئیتر، پەیامەکانی
خۆت، بەدەستی خۆت بیانگەیێنە.

جولیەت:

دە وەرە و مەمرە!
ئاخر، پێم بڵێ، رۆمیۆ، چی دەڵێ؟

دایەن:

ئایا، روخسەتت هەیە تۆ ئەمڕۆ
بەتەنیا بچیت
بۆ دان پیادانان لە کڵێسەدا؟

جولیەت:

ئا، بەڵێ، هەمە.

دایەن:

کە وابێت خێرا، هەر ئێستا برۆ
بۆ ژووری قەشە لۆرێنس. لەوێدا
مێردێک بە شوێنتا
وەستاوە بچی و بتکات بە ژنی.
ئەوەتا خوێنی ئاڵی لاسارت
سەرکەوتەوە بۆ ڕوومەتەکانت؛
دوای گشت هەواڵێ،

---

(١) دایەنەکە، بۆیەهەر درێژی دەکاتەوە، چونکە بیر دەکاتەوە و لە ترسی باوانی جولیەت، ناوێرێت جولیەت بنێرێت بۆ شووکردن بە کوڕێک لە بنەماڵەی دوژمنەکانیانە.

ڕەنگیان دەستبەجێ، سوور هەڵدەگەڕێ.
دەی خێرا بڕۆ بۆ کڵێسەکە.
بە ڕێگایەکی تردا من دەبێ
بڕۆم پەیژەیەک بێنم لەلات بێ.
بەو پەیژەیەدا، خۆشەویستەکەت،
دەبێت سەرکەوێ، بۆ هێلانەی مەل،
یەکسەر دوای ئەوەی تاریکی دادێ.
من کارەکەری تۆم و هەمیشە،
هەر بۆ شادمانی تۆ تێدەکۆشم.
بەڵام، ها، باری ئەمشەوت دەبێ،
تۆ، خۆت بیکێشی.[١]
دەچم نان دەخۆم.
دەی بەخێرایی بۆ کڵێسەکە.

جولیەت:

دەی بەخێرایی بۆ لووتکەی شادی.
دایەنی دڵسۆز، ئەسپەردەی خوابی.

(١) دایەنەکە، گاڵتە لەگەڵ "جولیەت"دا دەکات؛ کە دەڵێت "بار" مەبەستی لە کێشی لەشی "ڕۆمیۆ"یە.

## دیمەنی ٢,٦

لە ژوورەکەی قەشە لۆرێنس، رۆمیۆ و قەشەکە دەردەکەون.

قەشە لۆرێنس:

گەردوون، پێبکەنێت بۆ ئەم کردارە
پیرۆزەی ئێوەو موبارەکی کات.
لە ئایندەشدا، هەرگیز قەت رۆژێک،
بەهۆی ئەمەوە،
پەژارە، سزای کەسێکمان نەدات.

رۆمیۆ:

دەی خوایە، ئامین.
بەڵام پەژارە، هەرچییەک بکات
هەرگیز قەت کێشی،
ناگاتە خۆشی تاکە یەک تاوی
ئەو شادمانییەی ٢,٦,٠٥
کە لەگەڵیدا، من رایدەبوێرم.
تەنیا هەر ئەگەر
مارەی پیرۆزی ئێمە ببڕی
ئەوساکە مەرگی ئەڤین کوژ، هەرچی
دەوێرێت بکات، با بچێت بیکات.
من بەسمە ئەگەر تەنیا هەر جارێک،
بڵێم ئەو ژنە، هاوسەری منە.

قەشە لۆرێنس:

شادمانی ئاوا پڕسۆز و هەڵچوو،
ئەنجامی هەڵچوو و پڕسۆزی دەبێت.
لە سەرکەوتندا،
هەر کە دەگاتە لووتکە بەرزەکەی،

دەستبەجێ، دەمرێت.[1]
وەک باروت و گڕ؛
هەر کە یەکتری ماچ دەکەن، دەمرن.[2]
هەنگوین، گەر گەلێک شیرین بێت تامی
لەبەر شیرینی، پەسەند ناکرێت؛
کە تام دەکرێت ئێشتیها دەگرێت.
لەبەرئەوە، ها،
لە خۆشەویستی خۆتدا هەمیشە،
مام ناوەندیبە.
بەم جۆرە، ئەڤین، بەردەوام دەبێت.
پەلەش، قەت مەکە؛
پەلەکەر، زۆر جار، دەگاتە ئاستی
وەکو یەکێکی، خاوی ساردوسڕ.[3]
(لەو کاتەدا، جولیەت، بەخێرایی دێتە ژوورەوە و باوەش بە ڕۆمیۆدا دەکات)
ئەوەتانێ هات، هات خاتوونەکە.
ئای،
پێی وا سووکەڵە، هەرگیز قەت بەردی
هەتاهەتایی ڕێ ناسووێنێت.[4]
ئاشق دەتوانێت،
بەسەر تەنافی جاڵجۆڵەکەدا،
لەوانەی لەناو هەوای لاساری
هاوین بە خاوی دەسووڕێنەوە،

---

(١) قەشەکە، لەوە دەترسێت کە ئەم پەیوەندییە، خۆشەویستی ڕاستی نەبێت، تەنیا ئارەزووی سێکس ئەم دووانە ئاوا لە یەکتری نزیک بکاتەوە. بۆیە دەڵێت؛ شادمانی ئاوا، زیاد دەکات، زیاد دەکات، تاکو دەگاتە لووتکە هەرە بەرزەکەی. دوای ئەوە یەکسەر دەمرێت (مەبەستی سێکسی لەمەدا هەیە)

(٢) باروت و گڕ، کە بەر یەکتری دەکەون، سەری یەکتری دەخۆن؛ هەردووکیان دەفەوتێن.

(٣) سەیری دێڕی (٢،٣،٩٤) بکە، کە دەڵێت ئەوەی "ڕادەکات زۆر جار دەکەوێت"

(٤) جاران، بۆ بەردەڵان کردنی ڕێگاکان بەردی زۆر ڕەقیان بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی زوو نەسووێن. ئەو جۆرە بەردانە، چونکە زۆر زۆریان پێ دەچێت تا دەسووێن، پێیان دەگوتن هەتاهەتایی. مرۆڤ، کە دەچێت بەپیر خۆشەویستییەوە، پێیەکانی ئەوەندە سووک دەبن هەر وەکو کێشیان نەبێت. لەبەر ئەوە، ئەو بەردانە هیچ ناسووێنن.

بڕوا و نەکەوێت.[١]
هەندە سووکەڵە و ڤاڵایەشادی
ئەم دنیایەمان.[٢]

جولیەت:

باوکی پیرۆزم، ئێوارەت باش بێت.

قەشە لۆرێنس:

کچی خۆم، رۆمیۆ،
ئێستا سوپاست دەکات لەباتی
ئێمە، هەردووکمان.

جولیەت :

منیش پێویستە هەندە سوپاسی
ئەو، بکەمەوە تاکو وامداریم[٣]
کەم بکەمەوە. (ماچێکی رۆمیۆ دەکات)

رۆمیۆ:

ئاخ، جولیەت ئەگەر،
رادەی شادمانیت
وەک هی من بەرزەو توانای دواندنت
باشترە لە من؛
بە هەناسەی خۆت،
هەواکەی دەوری ئێمە شیرن کە؛
دەی با ئاوازی زەنگینی زارت،[٤]
شادی دوولایی
ئەم پێکهاتنەی
ئێمە، کە وێنای بە کەس ناکرێت،[٥]
بگێڕێتەوە.

---

(١) عاشق، دەتوانێت تا بەسەر دەزووی جاڵجۆکەدا، ئەوانەی لەناو هەوای لاساری هاویناندا دەسووڕێنەوە، بڕوات.

(٢) ڤالاً؛ پووت، بەتاڵ. شادی ئەم دنیایەمان چونکە ڤالایە، زۆر سووکەڵەیە.

(٣) وامداری؛ قەرزاری

(٤) زەنگین؛ دەوڵەمەند.

(٥) وێناکردن؛ تەسەورکردن

جولیەت:

ئاخ، دەربڕینی ئەڤینی راستی،
زۆر گرانترە لە هی خەیاڵی.
ئەوەی بتوانێ سامانەکانی
خۆی ببژێرێ،
دەبێت سواڵکەری کۆڵانەکان بێ.
بەڵام ئەڤێنی راستیم ئەوەندە
گەورەو زل بووە،
ناتوانم نیوەی سامانەکانی
خۆم ببژێرم.

قەشە لۆرێنس:

وەرن دەی وەرن، لەگەڵما بچین
زوو ئەم کردارە ببڕێنینەوە.
ببوورن لە من، بەتەنیا نابێت
پێکەوە لێرە بمێننەوە،
تاکو کڵێسەی پیرۆز، هەردووکتان،
نەکات بە یەکێک. (دەڕۆن)

# پەردەی سێیەم

## دیمەنی ١ ,٣

مێرکێشیۆ و بێنڤۆلیۆ دەردەکەون

بێنڤۆلیۆ:

دەدەی کوڕی باش،
مێرکێشیۆ، گەلێک تکات لێ دەکەم،
با بڕۆینەوە:
ڕۆژەکەی گەرمە و " کاپیولێت"ەکان،
لەسەر جادەکان، دەسووڕێنەوە.
گەر بێت و تووشیان
بین لە شەڕکردن، ڕزگارمان نابێت.
چونکە گەرمایی ئا ئەم ڕۆژانە،
خوێن لەناو گیاندا، هەڵدەکوڵێنێت.

مێرکێشیۆ:

ئەتۆ، لەیەکێک دەچیت لەوانەی
کە دەچن بۆ مەی–
خانە، لەوێدا، بەشمشێرەکەی،
بەمێزەکەدا دەکێشێ و دەڵێت؛
خوایە، پێویستیم، قەت بە تۆ نەبێت.
دوای ئەوەی جامێک بادە دەنۆشێت،
شمشێرەکەی خۆی،
لە مەیگێڕەکەی خۆی هەڵدەکێشێت،
بێ ئەوەی هەر هیچ
پێویستییەکی بە شمشێر هەبێت.

بێنڤۆلیۆ:

بۆ من، لەو جۆرەم؟

مێرکێشیۆ:

دەدەی تۆش وەکو گشت ئیتالییەک،

دەمار بتگرێت، خوێنت دەکوڵێت.
کە دەوروژێنیت، زوو تووڕە دەبیت.
کە تووڕەش دەبیت، زوو دەوروژێنیت.

بێنڤۆلیۆ:

ئینجا چی دەکەم؟

مێرکێشیۆ:

ئەگەر رەوشتی ئێمە، هەردووکمان،
وەک هی تۆ بووایە، هێچمان نەدەماین.
زوو یەکتریمان دەکوشت، دەفەوتاین.
تۆ؟
خۆ تۆ ئامادەی،
لەگەڵ یەکێکدا، وتووێژ بکەی
هەر لەبەر ئەوەی، ئەو ردێنەکەی،
دانە موویەکی
زیاتر، یان کەمتر، تێدایە لەوەی
لە ردێنتایە.
گەر بۆ وتووێژ، هۆی ترت نەبێت،
ببینیت یەکێک بستە دەشکێنێت،
دەیکەیت بەبیانوو بۆ وتووێژێک،
هەر لەبەر ئەوەی
رەنگی چاوانی تۆ، "بستە"ییە(١)
چ چاوێک جگە چاوێکی ئاوا،
وتووێژی وا، دەدۆزێتەوە؟
کەللەی تۆ هەندە پڕە لە جەنگێن
ئەوەندەی هێلکە، خۆراکی تیایە.
بەڵام، سەری تۆ، شکێندراوە،
بۆ ئەو گەنداوەی لەناوپایەتی.(٢)
تۆ لەگەڵ پیاوێک، جەنگت کرد جارێک،

(١) بستە؛ بوندق. رەنگی چاو ئەگەر قاوەیی(هەنگوینی) بێت، ئینگلیزەکان پێی دەڵێن "بستە"ی (بوندقی).
(٢) هێلکە دەشکێن بۆ ئەو خۆراکەی لەناوپایەتی. بەڵام سەری تۆ، دەشکێن بۆ ئەو شتە گەنیوەی (جەنگینەی) لەناوپایەتی.

هەر لەسەر ئەوەی،
کابراکە لەسەر جادەکە کۆکی و
سەگی نوستوویتی، خەبەر کردەوە،
ئەوەی کە لەبەر هەتاوەکەدا،
خەوی دەبینی.
جارێکیان لەگەڵ بەرگدرووییەکدا،
تۆ شەڕت نەکرد، هەر لەسەر ئەوەی
جلە نوێیەکەی، خۆیی لەبەرکرد
نەختێک پێش جەژنی زیندووبوونەوە؟[1]
لەگەڵ یەکێکی تردا شەڕت کرد،
لەبەر کۆنییەتی قەیتانەکانی
پێڵاوەکانی.
لەگەڵ ئەوەشدا تۆ ئامۆژگاری
من دەکەیت دژی وتوویژ و شەڕ؟
بێنڤۆلیۆ:
ئەگەر شەڕانی بوومایە وەک تۆ،
خۆ هەموو کەسێک، منی دەکڕی
بەخۆم و موڵکی باوانمەوە،
بۆ سەعاتێک و دانە چارەکێک.[2]
مێرکێشیۆ:
بۆ میراتییەکەت؟ ئای، کە نەفامی. (تیبالت و چەند کاپیولێتێکی تر دەردەکەون)
بێنڤۆلیۆ:
دە بەسەری خۆم، " کاپیولێت"ەکان،
هاتن، ئەوەتان.
مێرکێشیۆ:
بە پاژنەکانم. گوێیان نادەمێ.
تیبالت: (بەپیاوەکانی خۆی دەڵێت)
لە نزیکەوە، لە دوامەوە بن.

---

(١) جەژنی زیندووبوونەوەی حەزرەتی عیسا (Easter)
(٢) هەموو کەسێک دەیتوانی من بەهەرزان بکڕێت و دەیکڕیم. چونکە دەیزانی من زۆر ناژیم؛ لەماوەی یەک سەعات و چارەکێکدا دەکوژرێم و میراتییەکانی منی بۆ دەمێنێتەوە.

لەگەڵیاندا من، دەمەوێت بدوێم. (روو دەکاتە مێرکێشیۆ و بێنڤۆلیۆ)
خانەدانەکان، من بە یەکێکتان،
دەمەوێت تەنیا یەک وتە بڵێم.

مێرکێشیۆ:
هەر بەیەکێک و تاکە یەک وتە؟
شتێکی تری با بچێتە سەر؛
تاکەوتەیەک لەگەڵ هەندێک شەڕ.

تیبالت:
ئا، من ئامادەم، بەڵام تۆ دەبێ
هۆ و بیانوویەکی باشم بدەیتێ.

مێرکێشیۆ:
ئەی خۆت، ناتوانیت
بیانوویەک بۆ خۆت، بدۆزیتەوە،
بێ ئەوەی کەسێک ئەوەت بداتێ؟

تیبالت:
مێرکێشیۆ، ئەتۆ، لە تیپی "رۆمیۆ"یت.[١]

مێرکێشیۆ:
تیپ؟
تۆ ئێمە دەکەی بە تیپی سازژەن؟
ئێمەت کردووە بەسازژەن؟ باشە،
بێجگە ناسازی،
شتێکی ترمان تۆ لێ نابیستی.
ئا ئەوە داری کەمانچەکەمە.[٢]
بەبرینەکانی حەزرەتی عیسا،
ئەمە هەڵپەڕکێی باشت پێ دەکا.[٣]

بێنڤۆلیۆ:
ئێمە لێرەدا،

---

(١) تیپ؛ کۆمەڵ، جەماعەت.

(٢) شمشێرەکەی خۆیی پیشان دەدات.

(٣) کەمانچە، سازی خۆش دەردەکات و پیاو دەخاتە هەڵپەڕکێ. بەڵام شمشێر، جۆرە هەڵپەڕکێیەکی تر بەپیاو دەکات.

لەبەر چاوانی خەڵکەکە دەدوێن.
یان دەبێت بڕۆین بۆ جێگەیەکی
تر، یاخود ئێوە
لەگەڵ یەکتری بەژیری بدوێن.
یان جیا بنەوە؛
لێرەدا خەڵکی، چاوی لێمانە.

مێرکێشیۆ:

پیاو بۆیە چاوی بۆ کراوە تا
پێیان بڕوانێت؛
دەبا سەیر بکەن. لەبەر خاتری
کەس لەجێگەی خۆم ناجووڵێمەوە.
من، ئەوە ناکەم.

تیبالت:

دەی باشە، بەگم، ئەسپەردەی خوا بی. (ڕۆمیۆ، لە دوورەوە دەردەکەوێت)
ئەوا پیاوەکەی خۆم بۆ ئێرە دێت.(١)

مێرکێشیۆ:

لەعنەتم لێ بێت، بەگم، گەر ڕۆژێک،
ئەو، جلوبەرگی
نۆکەرەکانی ئێوە لەبەرکات.(٢)
بۆ مەیانی جەنگ، بڕۆ، بۆ ئەوێ،
ئەو، دوات دەکەوێت.
لەوێدا گەلێک،
لە پایەی بەرزی گەردوونی تۆ دێت،(٣)
ئەگەر بەپیاوی خۆتی بزانی.

---

(١) پیاوەکەی خۆم؛ ئەو پیاوەی دەمویست بیبینم.

(٢) بنەماڵە گەورە و دەوڵەمەندەکان، جلوبەرگێکی تایبەتییان دەکردە بەری نۆکەرەکانیان. لەبەر ئەوە. کە تیبالت گوتی پیاوەکەی خۆم، مەبەستی ئەوە بوو بڵێت؛ ئەو پیاوەی کە دەمویست بیبینم. بەڵام، مێرکێشیۆ، بۆ ئەوەی شەڕ بنێتەوە، خۆی وا تێ گەیاند کە تیبالت، مەبەستی ئەوە بووە بڵێت "نۆکەرەکەم".

(٣) هەر خوایەکان، پایەی گەردوونییان هەیە. لێرەدا، بۆ ریسواکردنی تیبالت، ئەو نازناوە بەکار دەهێنێت. جەنگکردن لەوێدا باش لە پایەی بەرزی گەردوونی تۆ دێت، ئەگەر ئەو بە نۆکەری خۆت دابنێیت.

تیبالت:

رۆمیۆ، ئەڤینی دڵی من بۆ تۆ،
ناتوانێت لەمەت باشتر پێ بڵێت:
ئەتۆ پیاوێکی پووت و ناکەسی.

رۆمیۆ:

تیبالت، هۆیەکی
گرنگم هەیە کە تۆم خۆشبوێت.
ئەوە، نایەڵێت
"بەخێرهاتنت" توورەم بکات لێت.[1]
ئەمن، کەسێکی
ناکەس نیم بەڵام، ئەسپەردەی خوا بی،
بۆم دەردەکەوێت، من باش ناناسی.

تیبالت:

کورە، ئا ئەوە،
نابێت بەهۆیەک ئازادت بکا.
لەو تاوانەی تۆ، کردووتە دژم. (شمشێرەکەی خۆی لە رۆمیۆ، هەڵدەکێشێت)
هێی، رووبکەرە من.
دەی شمشێرەکەی خۆت هەڵبکێشە.

رۆمیۆ:

تیبالت، من سوێندت بۆ دەخۆم، هیچم
نەکردووە تا،
هیچ ئازارێکت پێ بگەیێنم.
لەوە زۆرتر من ئەتۆم خۆشدەوێت
لەوەی بتوانیت تۆ وێنای بکەیت.
هەتاکو بۆنەی خۆشەویستییەکەی
من، تۆ تێ دەگەیت.[2]
" کاپیولێت"ی باش،
خاوەن ئەو ناوە خۆشەی کە لای من،

---

(١) بەخێرهاتنت؛ بێگومان، مەبەستی لە وتە ناجوانەکانییەتی.

(٢) کەی هۆی خوشەویستییەکەمت زانی چییە، ئەوسا دەتوانیت وێنای (تەسەوری) ئەو خۆشەویستییە بکەیت کە من هەمە بۆت.

هەندەی ناوی خۆم هێژا و شیرینە.[١]
(تیبالت، شمشێرەکەی خۆیی بۆ درێژ دەکات و رازی نابێت بە وتەکانی رۆمیۆ)
رازی بە بەمە و وازم لێ بێنە.[٢]

مێرکێشیۆ:

ئای،
شەرم و شوورەیی،
ملکەچییەکی چەند ئابڕوو بەرە. (شیرەکەی خۆی لێ هەڵدەکێشێت)
ئەوەی شیربازی زانە، ئەوەیان،
مەرج دەباتەوە.
تیبالت، مشکگر، ها، دێیتە مەیدان؟[٣]

تیبالت:

پێم ناڵێیت تۆ چیت لە من گەرەکە؟

مێرکێشیۆ:

میری پشیلە، جارێ مەترسە؛
لەو نۆ گیانانەی هەتە من تەنیا،
هەر یەکێکیانم ئێستا گەرەکە.
هەشتەکەی تری،
ئەگەر لەمەولا، رێزی خۆت نەگری،
هەروا بە وشکی، دەریان دەهێنم.[٤]
دەی شمشێرەکەی خۆت لە گوێچکەوە،
دەگری و لە کێلان هەڵی بکێشی؟[٥]
دەی خێرا بکە، پێش ئەوەی هی من،
بگاتە گوێچکەت.

تیبالت:

ئامادەم بۆ تۆ.

---

(١) جولیەت، لە بنەماڵەی " کاپیولێت"ە، ئەویش نازناوەکەی " کاپیولێت"ە. لەبەر ئەوە ئێستا، رۆمیۆ، ناوی کاپیولێتی لا ئازیزە ئەوەندەی ناوی خۆی.

(٢) بەو لێبوردنەی من، رازی بەو وازم لێ بێنە. رۆمیۆ، پێش تۆزێک مارەیی جولیەتی لە خۆی بڕیبوو، نەیدەویست تووشی کێشەو ئاژاوە ببێت.

(٣) سەیری پەراوێزی ١٨, ٤, ٢ بکە.

(٤) بە وشکی؛ بێ ئەوەی خوێن لە لەشت دەربکەم. (تۆ ترسنۆکیت، هەر لە ترساندا دەمریت)

(٥) مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ شمشێرەکەت، ترسنۆکە، دەبێت لە گوێچکەوە بیگریت و دەری بهێنیت.

ڕۆمیۆ:

دەدەی، مێرکێشیۆ، دەدەی خانەدان،

دەی شمشێرەکەی خۆت بەرز بکەرەوە.(١)

مێرکێشیۆ:

دەی فەرموو، بەگم،

هونەری خۆتم، ئا دەی، پیشاندە. (دەست دەکەن بە شمشێربازی)

ڕۆمیۆ:

بێنڤۆلیۆ، شیری

خۆت هەڵبکێشە و جیایان بکەرەوە.

خانەدانەکان، شەرمە، شوورەیی

دەدەی کۆتایی

بەدڕندەیی خۆتان بهێنن.

تیبالت، مێرکێشیۆ،

میر بەتایبەتی ٣,١,٨٠

لە ڤیرۆنادا،

جەنگی سەرجادەی مەنع کردووە.

تیبالت، بوەستە.

ئیتر مێرکێشیۆ، کوڕی باش، بەسە.

(لەو کاتەی ڕۆمیۆ، لە نێوانیاندا وەستابوو جیایان بکاتەوە، لەژێر دەستەکانی ڕۆمیۆوە، تیبالت، شمشێرێک لە مێرکێشیۆ دەدات و بریندارى دەکات)

مێرکێشیۆ:

ئای، ئازاری دام.

دەک، خوایە تاعوون

بنەماڵانی هەردووکتان بگرێت.

وا من، تەواو بووم. (تیبالت دەڕوات)

ئەی ئەو، ڕۆشتەوە

بە بێ برینێک، بێ رووشاندنێک؟

بێنڤۆلیۆ:

هیچ ئازارێکت، تۆ پێ گەیشتووە؟

---

(١) شمشێرەکەی خۆت، بەرەو ئاسمان، بەرز بکەرەوە و شەڕی پێ مەکە.

مێرکێشیۆ:

ئا، رووشاندنێک، هەر رووشاندنێک.
پیاوەکەم کوانێ؟
دەی ناکەس، برۆ زوو نەشتەرگەرێک،
بانگ بکە با بێت.

رۆمیۆ:

دەی، گوێ مەدەرێ، ئازابیت دەبێت.
ئەو برینەی تۆ، زۆر لە بەد ناچێت.

مێرکێشیۆ:

نا، نا، ئەوەندەی بیرێک قووڵ نییە.
ئەوەندەی دەرگای "پەرستگا"ش پان نییە.
بەڵام بەش دەکات کە من بکوژێت.
سبەی دەربارەی من گەر بپرسی،
لە نێوان خەڵکی گۆڕستانەکان،
دەمدۆزیتەوە.
سوێندتان بۆ دەخۆم؛ ئیتر ژیانی
ئەم دنیایەی من، گەیشتە کۆتایی.
دەک تاعوون ماڵی هەردووکتان بگرێت.
بەو برینانەی حەزرەتی عیسا،
قەت بووەو دەبێت،
سەگێک، یان مشکێک، یان پشیلەیەک،
بەچڕنووک پیاوێک، ئاوا بکوژێت.
خۆهەڵکێشێکی، ساختەچی ناکەس،
بەپێی پەرتووکی
حساب، شمشێری خۆی دەوەشێنێت. (روو دەکاتە رۆمیۆ)
شەیتان بتگرێت،
ئاخر تۆ بۆچی کەوتیتە بەینمان؟
ئەو لەژێر باڵی
تۆوە ئازاری وای بە من گەیان.

رۆمیۆ:

بیرم لە کاری باش دەکردەوە.

مێرکێشیۆ:

توخوا، بێنڤۆلیۆ،
یارمەتیم بدە بچم بۆ ماڵێک،
ئەگینا من وا دەبوورێمەوە.
دەک تاعوون ماڵی هەردووکتان بگرێت!
ئەوا کردیانم
بە خواردەمەنی و نیشتەجێی کرم.
زۆر پەرێشانم، ئەوەتا دەمرم.
بۆ ماڵی خۆتان.[١] (مێرکێشیۆ و بێنڤۆلیۆ دەڕۆن)

ڕۆمیۆ:

ئەم خانەدانە،
خزمی نزیکی "میر"ەکەمانە و
دۆستێکی گەلێک دڵسۆزی منە.
بەهۆی منەوە
ئازاری زامی بکوژ دەچێژێت؛
ئابڕووم، بەڕیسوا
کردنی تیبالت، لەکەدار کرا.
ئەم "تیبالت"ەی کە، هەمووی سەعاتێک
پێش ئێستا گەلێک، من خۆشمدەویست.[٢]
ئاخ،
"جولیەت"ی شیرین،
جوانی تۆ منی کردووە بە ژن؛
جوامێری پۆڵای ڕەوشتەکەمی
نەرم کردەوە.[٣] (بێنڤۆلیۆ دەگەڕێتەوە)

بێنڤۆلیۆ:

ئاخ، ڕۆمیۆ، ڕۆمیۆ،
مێرکێشیۆی ئازا، کۆچی دوایی کرد.
گیانی جوامێری، زۆر بەداخەوە،

---

(١) بمبە بۆ ماڵی خۆتان.

(٢) تیبالت، خزمی جولیتە. ڕۆمیۆ، ئەوەندە جولیەتی خۆشدەویست، تا خزمەکانیشی خۆشدەویست.

(٣) جوانێتی تۆ، ترسنۆکی کردم؛ وای لێ کردم، ڕیسواکردنی خزمەکانی تۆ بکێشم.

گەلێک بەگەنجی، دنیای زەمینی
بەجێ هێشت و ڕۆشت،
ڕۆشت بەرەو هەور.

ڕۆمیۆ:

ئیتر نەگبەتی ئەم ڕۆژە ڕەشە،
بە هەمیشەیی، دەنیشێتەوە
لەسەر ڕۆژانی داهاتووم. ئەمە،
تەنیا سەرەتا بەدەکەیەتی؛
بە ڕۆژانێکی
تاڵتر و ڕەشتر، دەبڕێنەوە. (تیبالت دەگەڕێتەوە)

بێنڤۆلیۆ:

ئەوا "تیبالت"ی
تووڕە بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە.

ڕۆمیۆ:

زیندوو مایەوەو بە سەرکەوتوویی؟
"مێرکێشیۆ"ش ڕۆشت مرد؟
دەی نەرمکێشی،(١)
بۆ گەردوون بڕۆ، ئەسپەردەی خوابی!
چاوی پڕ گڕ و تووڕەیی، ئیتر
لەمەولا،
هەر تۆ دەردار و رابەرم دەبی! (ڕوو دەکاتە تیبالت)
دەی ئەو "ناکەس"ەت، ڕاکێشەرەوە!(٢)
گیانی مێرکێشیۆ،
هێشا زۆر لێمان، دوور نەبۆتەوە؛
لە ژووررووی سەرمان، دەسووڕێتەوە.
لەوێدا بەشوێن ئەوەکەی تۆدا،
وەستاوە تاکو بڕۆن پێکەوە.
ئێستاکە تۆ، یان

---

(١) نەرمکێشی؛ هەوڵدان بە دڵێکی نەرم و بە ڕەحمەوە.

(٢) سەیری دێڕی ٣،١،٥٤ بکە. لەوێدا تیبالت، بە"ڕۆمیۆ"ی گوت ناکەس، ڕۆمیۆ لێی قبووڵ کرد و تووڕە نەبوو.

من، یان هەردووکمان،
دەبێت لەگەڵی بچێت بۆ ئاسمان.

تیبالت:

کوڕە هەی نەگبەت،
لەم دنیایەدا، ئەتۆ هاڕێیی بووی،
بۆ ئەوێش دەبێت لەگەڵیا بچی؟

رۆمیۆ: (شمشێرەکەی خۆی هەڵدەکێشێت)

ئەمە، بڕیاری ئا ئەوە، دەدات. (جەنگ دەکەن و رۆمیۆ ئەو دەکوژێت)

بێنڤۆلیۆ:

رۆمیۆ، زوو بڕۆ. لێرە نەمێنی!
تیبالت مردووە و دانیشتووانی
شار، لە دەورماندا کۆ دەبنەوە.
مەوەستە لێرە بەسەر شێواوی.
ئەگەر بگیرێیت،
ها، بەفەرمانی، میر، دەکوژرێیت.
لەبەر ئەوە، دەی، لێرە نەمێنی.

رۆمیۆ:

ئاخ،
کەوتمە داوی خودای بەختیاری.

بێنڤۆلیۆ:

تۆ لێرە بۆچی ماویتەتەوە؟ (رۆمیۆ، دەڕوات. خەڵکەکە کۆ دەبنەوە و پۆلیس دێت)

پۆلیس:

ئەوەی "مێرکێشیۆ"ی کوشت بۆ کوێ رایکرد؟
ئا ئەو پیاوکوژە،
تیبالت، چی لێ هات؟

بێنڤۆلیۆ:

ئەوەتا تیبالت. لەوێ کەوتووە.

پۆلیس:

دەی هەستە، بەگم، وەرە لەگەڵم.
ئەمن بە ناوی
"میر"ەوە، بەگم، لە تۆ دەخوازم،

گوێ لە من بگری.

(میر، دەردەکەوێت لەگەڵ مۆنتاگیو و کاپیولێت و ژنەکانیان)

میر:

کوان، چییان لێ هات، ئەو ناکەسانەی،
ئەوانەی دەستیان بەم جەنگینە کرد؟

بێنڤۆلیۆ:

میری خانەدان، دەتوانم گشت ئەم
بەدبەختییەتان بۆ روون بکەمەوە؛
لێرەدا ئا ئەو پیاوە کەوتووە،
ئەوەی کە رۆمیۆ، پێش تۆزێک کوشتی.
ئەمە، ئەوەیە،
ئەوەی "مێرکێشیۆ"ی خزمتانی کوشت.

بانوو کاپیولێت:

"ئەوە تیبالت"ە، برازاکەمە،
میران، ئاخ میران! ئاخ، ئاخ مێردەکەم!
میران، ئاخ خوێنی کوڕی براکەم،
رژێندراوە!
ئاخ میران، ئەگەر تۆ دادپەروەری،
بۆ ئەو خوێنەمان، تۆ دەبی خوێنی
یەکێک لە ماڵی، ئەوان بڕێژی.
ئاخ، ئامۆزاکەم. ئاخ، ئامۆزاکەم.[١]

میر:

بێنڤۆلیۆ، کێ بوو؟
ئەم ناکۆکییە خوێناوییە کێ،
کێ دەستی پێ کرد؟

بێنڤۆلیۆ:

ئەمە، "تیبالت"ە، لێرە کەوتووە،
بەگ، رۆمیۆ، کوشتی.
رۆمیۆ بە نەرمی
هات لەگەڵیدا دواندی و گوتی؛

(١) ئامۆزاکەم؛ ئازیزەکەم. تیبالت، برازای بانوو کاپیولێتە

وتووێژێکی زۆر گرنگ نەبوو،
ئەوە ناهێنێت شەڕ بکەین لەسەری.
هانیشی دەدا بیر بکاتەوە،
کە چەند جەنابت، پێی تووڕە دەبی.
هەموو ئەوانەی
بە زمانێکی نەرم و ناسک و
روانینێکی هێمن و شیرین،
بەگم، پێی دەگوت.
بۆ رێز لێگرتن، ئەژنۆکانیشی
نووشتانبووەوە. بەڵام نەیتوانی
تیبالت، بەجۆرێک، سارد بکاتەوە.
ئەو، گوێچکەکانی
خۆی کەڕ کردبوو؛ نەیدەهێشت ئاشتی
روو بکاتە دڵی. کە شمشێرەکەی
خۆی ئاراستە کرد راست بەرەو سنگی
"مێرکێشیۆ"ی ئازا،
"مێرکێشیۆ"ش وەک ئەو، تووڕەیی گرتی و
جەنگ دەستی پێکرد؛
وەک سەربازێکی وریا و شارەزا،
بەدەستێک لە مەرگ خۆی دەپارێزا
بەوەکەی تری، دەیناردەوە بۆ
تیبالت و ئەویش،
زۆر بەپسپۆری، خۆی دەپارێزا.
بە هەموو دەنگی،
رۆمیۆ، هاواری دەکرد، هاوڕێیان،
بەسە، بوەستن، دەست مەوەشێنن!
لە زمانیشی
خێراتر دەستە چالاکەکانی،
شیرەکانیانی دەدا بە خاکدا.
کە خۆی هەڵدایە
ناویان بۆ ئەوەی جیایان بکاتەوە،

ئا لەو کاتەدا، لە"تیبالت"ەوە
دەست وەشانێکی زیانبەخش دەرچوو.
هەر لەژێر باڵی
"رۆمیۆ"وە هات و دای لە ژیانی
"مێرکێشیۆ"ی نەبەرد.
ئیتر دوای ئەوە تیبالت زوو رای کرد.
زۆری پێ نەچوو، خۆی گەڕایەوە
ئەمجا بۆ رۆمیۆ،
ئەوەی کە ئا لەو کاتەدا بیری
لە تۆڵەسەندن، بەگ، دەکردەوە.
ئیتر هەردووکیان، وەکو برووسکە،
هەڵیان کوتایە گیانی یەکتری؛
پێش ئەوەی شیرم هەڵکێشم بچم
جیایان کەمەوە،
" تیبالت"ی نەبەرد، مەرگی خۆی بینی.
رۆمیۆ، کە دی کەوت،
رووی کردە ئەولا و زوو خۆی بزر کرد.
دەک مەرگ، بێنڤۆلیۆ،
بەرێ گەر ئەمە، راستییەکەی نەبێ.
بانوو کاپیولێت:
ئەمە، خزمێکی "مۆنتاگیو" کانە؛
خۆشەویستییەکەی، بۆ خزمەکانی،
نایەڵێت دەمی راستی دەربڕێت:
نزیکەی بیست کەس، لەوان بەشداری
کرد لە ناکۆکی رەشی ئەمڕۆدا.
هەموو، ئەو بیستە، دانەیەک کەسی
توانی بکوژێت.(١)
من هەر دادوەری، لە تۆ دەخوازم.
تۆش، کە"میر"مانی

(١) دیارە نۆکەرەکانی کاپیولێت، بوختانیان بە رۆمیۆ و مێرکێشیۆوە کردووە. چونکە ئەوەی بێنڤۆلیۆ، گوتی، هەمووی راست بوو؛ رۆمیۆ، بە تەنیا دژی تیبالت شەڕەشیری کردووە.

لەسەرتە، ئەوە بهێنیتە دی؛
رۆمیۆ، "تیبالت"ی کوشت وەک دەزانی.
رۆمیۆ، قەت نابێت، لەدوای ئەو، بژی.

میر:

رۆمیۆ، ئەوی کوشت. ئەویش مێرکێشیۆ؛
ئێستا کێ خوێنی
بەنرخی ئەمی بەئەستۆوەیە؟[١]

مۆنتاگیو:

هەرگیز بەئەستۆی "رۆمیۆ"وە نییە،
میران، ئەو دۆست بوو لەگەڵ مێرکێشیۆ.
هەڵەکەی رۆمیۆ، ئا لەوەدایە؛
ئەوەی کە کردی، تەنیا دەبوایە
بەپێی بڕیاری یاسا ببوایە.

میر:

بۆ ئەو تاوانەی، ئێمە دەستبەجێ
فەرمان دەردەکەین نەفی بکرێ.[٢]
منیش بەشێکم هەیە لەو خوێنەی
رژا بەبۆنەی
تۆڵەسەندن و ناکۆکی ئێوە.
من، لەسەر ئەوە،
وا سزایەکی ئاواتان دەدەم
کە پەشیمانی، روو بکاتە دڵی
هەمووتانەوە.
بۆ رژاندنی ئا ئەو خوێنەی من.[٣]
لە تکاو نزای کەستان گوێ ناگرم.
نە پاڕانەوە،
نە فرمێسک دادگا و یاسا دەکڕێت.
لەبەر ئەوەها،

(١) خوێنی ئەم؛ خوێنی مێرکێشیۆ.
(٢) رۆمیۆ، نەفی بکرێت.
(٣) مێرکێشیۆ، خزمی میری شارەکەیە. خوێنی ئەو بەخوێنی خۆی دەزانێت.

هیچ لەگەڵمدا، بەکار نەهێنن.
با رۆمیۆ خێرا، دەرچێت ئەگینا
ئەو سەعاتەی ئەو، دەدۆزرێتەوە،
دواهەمین ساتی ژیانی دەبێت.
دەدەی ئەو تەرمە، هەڵبگرن لێرە.
لەپاشا بۆ لام بگەڕێنەوە،
گوێ لە بڕیاری کۆتاییم بگرن.
لێبوردن، کوشتن
زیاد دەکا و هان بە پیاوکوژان دەدا؛
زیاتر بکوژن.

## دیمەنی ٣,٢

جولیەت لە ژووری نوستنەکەیدا، دەردەکەوێت.

جولیەت:

دەی، ئێوە ئەسپەپێ ئاگرەکان،[١]
دەی بەغار خێرا،
بۆ نیشتە جێگەی فیۆبەس، بڕۆن.[٢]
خۆزگە گالیسکە
لێخوڕێک وەکو فایەتۆن، دەهات و
بە تازیانەکەی ئێوەی راو دەنا[٣]
بەرەو رۆژئاوا و یەکسەر شەوێکی
لێڵ و هەوراویی بۆمان دەهێنا.
شەوی دڵداری،
دەی کوللەی رەشت دابدەرەوە
بۆ ئەوەی چاوی
لانەوازانی شەو داپۆشی.[٤]
ئەوساکە رۆمیۆ، دێت بەهێواشی
خۆی هەڵدەداتە نێوان باوەشی
من، بەبێ ئەوەی

(١) ئەسپ، کە خێرا غار دەکات، ئاگر لە ناڵەکانییەوە دەردەچێت. پێیەکانی وەکو ئاگریان لێ دێت.

(٢) فیـۆبەس (Phoebus)؛ بەپێی ئەفسـانەی گریکی، هـەم رۆژەو هـەم خـوای رۆژە. فیـۆبەس، هـەردووکیـان دەگرێتـەوە. هـەمـوو رۆژێک بـەسـواری گالیسکەکەیەوە، کە چوار ئەسپ رای دەکێشن، لە رۆژهـەڵاتەوە دەچێت بۆ رۆژئاوا بۆ ئەوەی جیهان گەرم و رووناک بکاتەوە. دوای ئەوە دەچێت بـۆ نیشتەجێی خۆی بۆ نوسـتن و حەسانەوە. لێرەدا جولیەت، حەز دەکات زوو رۆژ کۆتایی پێ بێت، چونکە دوای ئەوەی مارەیان بڕی، لەگەڵ "رۆمیۆ"دا رێککەوت کە شەو، بەدزییەوە بێت بۆ لای و بۆ یەکەمین جار پێکەوە بنوون.

(٣) تازیانە؛ قەمچی. فایەتۆن (Phaeton)؛ کوڕێـکی ناپاسـایی "فیـۆبەس"ە. جـارێکیان گالیسکەکەی باوکی وا خێـرا لێـخـوڕی، بـوو بەهـۆی سـووتاندنـی هـەمـوو جیـهـان. دەربارەی فیـۆبەس و کـوڕەکـەی سـەیری پاشکۆی حەوتەمی ئەم پەرتووکە بکە.

(٤) لانەواز؛ بێ لانە، دەربەدەر. لە شـەوێکی لێڵ و تاریکدا، هـەر لانەواز لە دەرەوە دەسووڕێنەوە.

کەس ئەو ببیبینێ و بیگێڕێتەوە.
شەیدا، دەتوانێت،
کاری دڵداری بەدی بهێنێت،
بەهۆی رەوشەنی جوانیی خۆیەوە.[١]
یان ئەگەر ئەڤین، کوێر بێت، نەبینێت،
رەوشتی لەگەڵ شەودا دەگونجێت.[٢]
دەی وەرە شەوی بەڕێز و نارین.[٣]
ئەو " کەیبانوو"ەی، سەرتاپا جلی[٤]
رەشی لەبەرە و دیمەنی سەنگین.[٥]
فێرم بکە چۆن، گەمەی دووکەسی[٦]
ببەینەوەو چۆن کچێنی و پاکی-
مان بدۆڕێنین.
وەرە، ئەم خوێنە، پیاو نەدیوەیەم،
ئەمەی پێی دیمەو روومەتەکانم،
سوور هەڵدەگەڕێن،
تۆ، بەپۆشاکی رەشت، داپپۆشە؛[٧]
هەر بۆ ماوەیەک،
تاکو ئەڤینی شەرمنم هەندێک

---

(١) شەیدا؛ مرۆڤی شەیدا، پێویستی بە رووناکی نابێت تا خۆشەویستەکەی خۆی بدۆزێتەوە؛ چونکە خۆشەویستی خۆی بەرەو یەکتریان، رادەکێشێت.

(٢) ئەڤین (خوای خۆشەویستی)، کوێرە، نابینێت. لەبەر ئەوە تاریکی لەگەڵ سروشتی ئەودا دەگونجێت.

(٣) نارین؛ بەهەیبەت، خانەدان.

(٤) کەیبانوو؛ لێرەدا مەبەست لە ژنێکە کە هەندێک بەتەمەن بێت و لە ژیان تێگەیشتبێت (شەو بەو جۆرە کەیبانووە تەشبیە دەکات).

(٥) سەنگین؛ بەڕێز

(٦) شووکردن، گەمەیەکە دوو کەس بەشداری تیادا دەکەن؛ پیاوێک و ژنێک. لەم گەمەیەدا، ژنەکە، پیاوەکە دەباتەوە و پیاوەکەش، ژنەکە. بەڵام، کچێنی و پاکی خۆیان دەدۆڕێنن.

(٧) جولیەت، کچێکی زۆر گەنجە، قەت پەیوەندی سێکسی لەگەڵ پیاودا نەکردووە (خوێنەکەی پیاوی نەدیوە). لەبەر ئەوە، شەرم دەکات و خوێنی دەکوڵێت و دێتە روومەتەکانییەوە و روومەتەکانی پێی سوور هەڵدەگەڕێن. بۆ ئەوەی رۆمیۆ، رووموتە سووەرەکانی نەبینێت، لە شەو دەخوازێت کە بەپۆشاکە رەشەکەی خۆی، دایان بپۆشێت.
پۆشاک؛ جل، یاخود شتێک وەکو عەبا.

دەبووژێتەوەو ئازاتر دەبێت.
یان تا تێدەگات
هەڵسان بەکاری عەشق و دڵداری،
کردەوەیەکی
ئاساو ساکاری خۆشەویستییە.
شەو، دەدەی وەرە. رۆمیۆ، دە وەرە.
دە وەرە ئەی رۆژ، لە کاتی شەوا.[١]
کە لەسەر باڵی
شەو، بۆ لای من دێیت،
سپیتر دیاری گەلێک لە بەفری
نوێ لەسەر پشتی باڵدارێکی رەش.
دەی ناوچەوان رەش، دەی شەوی نارین. ٣,٢,٢٠
وەرەئەی شەوی شادمانی و ئەڤین.
وەرە و "رۆمیۆ" کەی خۆم بۆ بهێنە.
هەر کامێکیش مرد، لەتلەتی بکە؛[٢]
هەر پارچەیەکی، لە ئاسمان بکە
بە ئەستێرەیەک.
بەوە، رووی ئاسمان، هەندە جوان دەبێت،
هەر هەموو جیهان، شەیدای شەو دەبێت.
خۆری رەوشەندار، ٣,١,٢٥
دوای ئەوە ئیتر کەس نایپەرستێت.
بەڵێ، من کۆشکی دڵداریم کڕی،
بەڵام نەبووٛوم بە خاوەنداری.
هەرچەندە ئەمن، فرۆشراوم
هێشتا خاوەنم،
شیرینی منی تام نەکردووە.
ئای کە رۆژێکی درێژە خوایە؛
هەندە درێژە، بۆ من، ئەوەندەی

---

(١) کە دەڵێت "رۆژ"، مەبەستی لە"رۆمیۆ"یە.

(٢) رۆمیۆ، ئەوەندە جوان و دڵبەرە دێتە بەر چاوەکانی جولیەت؛ رۆمیۆ، لە دوای مردنیشی هەر جوان و دڵبەر دەمێنێتەوە.

بۆ مناڵێکی گەلێک هەڵەشە،
دوور و درێژە،
ئەو شەوەی سبەی جەژنەوبەیانی،
جلە تازەکەی دەکاتە بەری. (دایەنەکەی خۆی، لە دوورەوە، دەبینێت)
ئای، دایەنەکەم، ئەوەتانێ دێت. (دایەنەکە، بە تۆپەڵێک گوریسەوە دێتە ژوورەوە)
هەواڵی تازە بۆ من دەهێنێت.
ئاخ، هەرچ زمانێک،
تەنیا هەر ناوی رۆمیۆ، بهێنێت،
لە گەردوونەوە، گشت وتەیەکی،
ئاوازی خۆشی لێوە دەردەچێت.
ها، دایەن، بڵێ،
چ هەواڵێکی تازەت لەلایە؟ (گوریسەکانی بەدەستییەوە دەبینێت)
ئەی ئەوە چییە؟
گوریسەکانە، کە رۆمیۆ ناردی؟

دایەن:

ئا، ئەوانەیە. (گوریسەکان، بەخاکدا دەکێشێت)

جولیەت:

وەی لە من دایەن، دەنگوباس چییە؟
بۆ دەستەکانی
خۆت لە یەکتری دەگلۆفێنی؟

دایەن:

داخەکەم، ئاخ، مرد. مردووە، مردوو.
ماڵمان وێران بوو.
خاتوونە، ماڵی ئێمە کاول بوو.
ئای چ رۆژێکی نەگبەتە خوایە!
کوشتیان، مردووە، مردووە، مردوو.

جولیەت:

دەتوانێت گەردوون، هەندە بەدکار بێت؟

دایەن:

هەرچەندە گەردوون، ناتوانێت، بەڵام،
رۆمیۆ، دەتوانێت،

ئاخ، رۆمیۆ، رۆمیۆ، ئاخر کەس هەبوو
بیر بکاتەوە لە کردەوەی وا؟

جولیەت:

ئای، خوایە، دەبێت چ شەیتانێکی
دڕندەو بەد بێت، تاکو بتوانێت
ئازاری ئاوام پێ بگەیێنێت؟
ئازار پێدانی ئاوا هەر تەنیا
لەناو دۆزەخی تاریکدا دەشێت.
دە چی رووی داوە،
چی، رۆمیۆ، خۆی کوشت؟
هەر ئاخ و ئۆفی تۆ دێ و هیچی تر.
ئەم ئاخ و ئۆفەت، ژەهراوی ترن
لە چاوە مردن هاوێژەکانی
" کۆکاتریس"ی دێو.[١]

***

من، ئیتر بە "من" نامێنمەوە،
ئەگەر وەڵامی ئێستای تۆ، "ئا" بێت
وەچاوەکانی،
مەرگ دایخستبن، بۆیە دەڵێیت " ئا".[٢]

***

ئەگەر کوژراوە، تەنیا بڵێ " ئا"
یاخود بڵێ " نا"، ئەگەر وا نییە.[٣]
یەکێک لەم دەنگە کورتانە ئێستا،
بڕیاڕی شادی، یاخود کڵۆڵی،
ژیانم، دەدا.

(١) کۆکاتریس (Cockatrice)؛ جۆرە دێوێکە یان ئاژەڵێکی ئەفسانەییە. سەری، لە سەری کەڵەشێر دەچێت و لەشی لە تیمساحێکی باڵدار دەچێت. سەیری هەرچ کەسێک بکات دەیکوژێت یان دەیکات بە بەرد. (مردنی بۆ دەهاوێژێت).

(٢) چاوەکانی؛ چاوەکانی رۆمیۆ. ئەگەر مەرگ چاوەکانی رۆمیۆی داخستبن. ئەوسا منیش دەمرم (بە "من" نامێنمەوە).

(٣) دایەنەکە، زۆر شڵەژاوە. کە باسەکە دەگێڕێتەوە وا دەزانێت، جولیەت دەزانێت باسی کێی بۆ دەگێڕێتەوە.

دایەن:

برینەکەیم، بەچاوی خۆم دی–
خوایە ببوورە[١] (ئاراستەی دڵی خۆی دەکات)
بەسەر سنگییەوە، بێرەیەوە بوو.
ئای کە تەرمێکی خەفەت هێنەر بوو.
گشت گیانی خوێن بوو.
تەرمەکەی سپی و زەرد هەڵگەڕابوو
بە پەڵەی خوێنی
مەییو، سەرتاپای، داپۆشرابوو.
کە ئەو دیمەنەم دی بوورامەوە.

جولیەت:

کاول بە دڵم، نابووتی هەژار،
ئێستا لەئاستی خۆتا کاول بە.[٢]
چاوەکانیشم،
ئێوە، ئەوەتا، دەبن بە بەندی،
هەرگیز ئازادی، نابیننەوە.[٣]
دەی خۆڵی ریسوا، بگەڕێرەوە
بۆ خۆڵ و دنیا، بەجێ بهێڵە.[٤]
تەرمەکەم، لەگەڵ ئەوەی رۆمیۆدا،
لەناو یەک نوێنی گرانی مەرگدا،
پێکەوە دەبێت.

دایەن:

ئاخ، تیبالت، تیبالت،
باشترین دۆستی
من، تۆ بوویت، تیبالت.
" تیبالت"ی زمان ناسک، خانەدان!

---

(١) خوایە، ببوورە لێم کە من باسێکی ئەوەندە ناخۆش و سامناک دەگێڕمەوە.
(٢) بە دڵی خۆی دەڵێت "نابووت". چونکە ئەگەر رۆمیۆ، کوژرابێت، ئیتر دڵی، لەم دنیایەدا، هیچی بۆ نامێنێتەوە.
(٣) چاوەکانی ئازادی ئیتر نابینن، چونکە دەچنە ناو بەندیخانەی هەمیشەییەوە (گۆڕ).
(٤) مرۆڤ، لە خۆڵ دروست کراوە و بۆ خۆڵیش دەگەڕێتەوە.

ئاخر دەبوایە من بژیمایە
تاکو ئەم رۆژە رەشە ببینم!

جولیەت:

ئەم رەشەبایە، غەدارە چی بێت
هەندە سوێداری و بەڵای هێنابێت؟
چی رووی داوە چی؛ رۆمیۆ، کوژراوە و
تیبالت، مەرگ بردی؟
خاڵۆزا هەرە ئازیزەکەم و
مێردی شیرینی ئازیزتریشم؟
کەوابێت دەبا، ئێستا بلوێری
پەستی کۆتاییی جیهان لێدرێت.
ئەو دووانە ئەگەر مردبن ئیتر
کێ ژینی دەوێت؟

دایەن:

تیبالت، مرد و ڕۆشت. رۆمیۆ، نەفی بوو.
رۆمیۆ، نەفی بوو، چونکە ئەوی کوشت.

جولیەت:

ئای خوایە، دەستی
رۆمیۆ بوو خوێنی تیبالت"ی رژاند؟

دایەن:

داخی گرانم،
ئاخ، دەستی ئەو بوو.

جولیەت:

بەدیمەی گەشی،
دڵی مارینی خۆی شاردبووەوە.[1]
رووی داوە رۆژێک، ئەژدەها بژێت،
لە ئەشکەوتێکی هەندە دڵگیردا؟
ستەمکاری جوان،
شەیتان، لەشێوەی فریشتەی ئاسمان!
قاژ، لەناو تووکی نەرمی کۆتردا،

---

(١) مارین؛ ماری، هی مار. بەڕووە جوانەکەی، ئەو دڵە مارینەی خۆی شاردۆتەوە.

گورگ، لەناو کەوڵی مەڕی بێ تاوان؟
هەی بووژەن ریسوای[١]
خاوەن دیمەنی پیرۆز وەک پەری،
راستی دەروونت، هەر بەتەواوی
دەوەستێت دژی
ئەو شێوازەی تۆ، تیای دەردەکەوی.
پیاوی پیرۆزی خودا لێگرتوو،
ناکەسی خاوەن نامووس و ئابڕوو.
سروشت، چی دەکەیت تۆ لە دۆزەخدا،
گەر لە بەهەشتی ئەم دنیایەدا،
رۆحی شەیتانێک لەژێر کەپرێکی
گۆشتی ئەوەندە
دڵبەری شیرین بشاریتەوە؟[٢]
قەت کتێبێکی ئەوەندە دزێو[٣]
هەبووە لەنێو بەرگی وا جواندا!
ئاخ، دەستبڕی وا لەناو کۆشکێکی
ئەوەندە جوان و دڵگیردا دەژی!

دایەن:

قەت بەپیاو نابێت باوەڕ بکرێت،
هەموو، نا راستگۆ و بێ ئابڕوو و دین.
سوێند دەخۆن و زوو دەیانشکێنن.
هەموو دەستبڕن.
کوانێ پیاوەکەم؟ ئا بادەیەکی
خەست و بەهێزم بەرێ بینۆشم.[٤]
ئاخ، من دەروونم،
پڕە لە غەم و سوێ و کوێرەوەری،

---

(١) بووژەن؛ کەرەستە، مادە، مەعدەن.
(٢) بەپێی ئینجیل (٢ Corinthians 11-14) شەیتان، لە جەهەنەمدا، خۆی بەڕووپۆشی پەری رووناکی، شاردۆتەوە.
(٣) دزێو؛ نەفرەتلێکراو، زۆر ئێسکگران.
(٤) خەفەتبار، زۆرجار بە بادەخواردنەوە، هەندێک دەحەسێتەوە.

پێیان پیر دەبم.
دەک شەرمەزاربی،
رۆمیۆ، دەک شەرم، داتبوەشێنێت!

جولیەت:

بۆ ئەو داخوازەت،
رەببی زمانت، موو دەربهێنێت!
لەدایک نەبووە بۆ شەرمەزاری؛
شەرم،
شەرم دەیگرێت،
لەسەر تەوێڵی ئەودا، دەرکەوێت.[1]
چونکە لەوێدا،
ئابڕوو، زەڕزەنگی شای گشت زەمینی،
لەسەر دەکرێت[2]
ئاخ، چ ئاژەڵێکی دڕندە بووم من،
ئاوا بە تاڵی سەرزەنیشتی بکەم.[3]

دایەن:

تۆ ستایشی ئەو کەسە دەکەیت،
ئەوەی کە کوڕی خاڵتی کوشتووە؟

جولیەت:

ئەی چۆن من دژی مێردی خۆم دەدوێم؟
ئاخ، ئاخ، سەروەری بەستەزمانم،
زاری کێ ناوی تۆ پاک کاتەوە؛
ئەگەر من، ئەوەی
هەر سێ سەعاتە بووم بە هاوسەرت،
ناوی تۆم ئاوا شڕ و شیتاڵ کرد؟
ئاخر ناکەس، بۆ
ئەو کوڕەی خاڵی منت ئاوا کوشت؟ (هەندێک بیر دەکاتەوە، ئەمجا دەڵێت)

---

(١) تەوێڵ: ناوچەوان.
(٢) زەڕزەنگ: تاج. چونکە رۆمیۆ ئەوەندە پیاوێکی بەئابڕووە (بەشەرەفە) شەرم، رووی نایەت لەسەر ناوچەوانی ئەودا دەربکەوێت و ئابڕوو (شەرەف) ئەو جێگەیەی بۆ خۆی هەڵبژادووە بۆ تاج لەسەرکرد.
(٣) سەرزەنیشتی رۆمیۆ بکەم.

گەر ئەی کوشتایە،
ئا ئەو خاڵۆزا ناکەسەم ئاخر
ئەوساکە مێردە
کەی منی دەکوشت.
فرمێسکەکانم، دەی ڕێژگاوەکان،
بگەڕێنەوە
بۆ ئەو کانییەی لێوەی هەڵقوڵان.
ئەم فرمێسکانە، دەبوایە بەهۆی
غەم و سوێداری بڕژانایە،
کەچی لە کەیفا، دەیانڕژێنم؛
ئۆخەی مێردەکەم،
ئەوەی کە تیبالت دەیویست بیکوژێت،
خۆی "تیبالت"ی کوشت.
ئەمانە دەبێت، دڵدانەوە بن،
کەیفم پێیان بێت.
کەوابێت بۆچی من گریانم دێت؟
وتەیەکم بیست بەدتر لە مەرگی
تیبالت، ئەوە بوو
کەوا منی کوشت.
خۆزگە ئەوەم زوو لە بیر دەردەچوو.
بەڵام ئاخ بیرم، وا پێی پەست بووە،
وەک بەزەیەکی خودا لێگرتوو،(١)
لە هۆش و بیری تاوانبارێکدا.
تیبالت، مردووەو ڕۆمیۆ، نەفی بوو.
ئەو "نەفی بوو"نە
هەر تەنیا ئا ئەم وتە کورتە لام،
مەرگی دە هەزار تیبالت دەهێنێت.
مردنی تیبالت، تەنیا هەر ئەوە
سوێدارییەکی کەم نییە، زۆرە،

(١) بەزە؛ هەڵەکردن دژی خوا (گوناح)

گەر هەمووی بەوە، کۆتایی دەهات.[١]
ئەگەر سوێداری
کڵۆڵ، پێی خۆشەو ئارەزوو دەکات[٢]
بۆ هاوڕێیەتی خەفەتی تری
لەگەڵدا هەبێت،
بۆچی دوای ئەوەی زمانی گوتی
"تیبالت، مردووە"
بەمنی نەگوت دایکت، یان باوکت،
یاخود هەردووکیان،
کە خەفەتێکی
زۆر ئاساییان بە من دەگەیان؟
بەڵام دوای ئەوەی
کە گوتی تیبالت مردووە، بڵێت
"رۆمیۆ نەفی بوو". وتنی ئەوە،
هاوتایە لەگەڵ ئەوەی پێم بڵێت؛
دایک و باوکت و تیبالت و رۆمیۆ
لەگەڵ "جولیەت"یش،
هەموو کوژران و مەحوو بوونەوە.[٣]
رۆمیۆ "نەفی" بوو!
ئەو مردنەی ئەم
وشەیە بۆمی دادەمەزرێنێت،
کۆتایی و رادەو سنووری نییە.
وتەیەک نییە بتوانێت وەسفی
قووڵی خەفەتی دڵی من بکات. (روو دەکاتەدایەنەکەی)
ئەرێ باوانی
من، دایەن، لە کوێن؟

دایەن:

بەسەر تەرمەکەی "تیبالت"دا دەگرین.

---

(١) بەوە؛ بەو سوێدارییە.

(٢) سوێداری؛ خەفەت. سوێداری کڵۆڵ؛ خەفەتی کڵۆڵ. شێکسپیر لێرەدا خەفەت بەرجەستە دەکات.

(٣) نەفیکردنی رۆمیۆ، لە مردنی هەموو خزم و کەسوکارەکانی ناخۆشترە. تا لە مردنی خۆشی.

دەچیت بۆ لایان؟ بۆ ئەوێت بەرم؟

جولیەت:

برینەکانی، بەفرمێسک دەشۆن؟
من، ئەوانەی خۆم،[1]
کەی چاوەکانیان وشک بوونەوە،
بۆ نەفیبوونی
رۆمیۆ، رۆمیۆی خۆم، بەکار دەهێنم.
ئەو گوریسانەش، هەڵبگرەرەوە.
گوریسی هەژار، هەڵخەڵەتێندرای.
ئێمە هەردووکمان، هەڵخەڵەتێندراین،
چونکە ئاخ، رۆمیۆ،
رۆمیۆ نەفی بوو.
ئەو بە تەما بوو، تۆ بکات بەرێ،
پیاتدا سەرکەوێ بۆ جێی نوستنم.
من، هێشتا کچم؛ بێوەژنێکی
کچم و دەمرم، من بە کچێنی.
دەی گوریسەکان، دەی دایەنەکەم،
ئەوا بۆ نوێنی هاوسەریم دەچم.
لەباتی رۆمیۆ،
مردن دێت سەری کچێنی بەرێت.

دایەن:

بۆ ژووری نوێن و نوستننت برۆ،
من دەچم رومیۆ،
دەدۆزمەوەو بۆتی دەنێرم؛
شەیدایی دڵت، ژیر بکاتەوە.
لە کوێیە ئێستا، ئەمن دەزانم.
گوێ بگرە لە من؛
ئەمشەو "رۆمیۆ" کەت، لەگەڵتدا دەبێت.
وا بۆ لای دەچم.
ئەو لە ژوورەکەی قەشە" لۆرێنس"دا

---

(٢) ئەوانەی خۆم؛ فرمێسکەکانی خۆم.

خۆی شاردۆتەوە.

جولیەت:

ئاخ،

بیدۆزەرەوە. ئەم مستیلەیەش،

بدەرە دەستی شاسواری راستیم.

پێشی بڵێ بێت، بۆ ئەوەی دواجار

لەگەڵ یەکتری ماڵئاوایی کەین. (دەڕوات)

## دیمەنی ٣,٣

قەشە لۆرێنس، لە ژوورەکەی خۆیدا، دەردەکەوێت.

قەشە لۆرێنس:

دەدەی رۆمیۆ، دەی،
وەرە، دەرەوە.
دەدەی ئەو کەسەی سام دایگرتووە!
بەدبەختی، حەزی لە تۆ کردووە.
وەرە ئەو کەسەی
وێرانی لە خۆی مارە کردووە.

رۆمیۆ: (لە ژوورێکی ناوەوە دەردەچێت)

دەنگوباس چییە باوکی پیرۆزم؟
میر، ئایا حوکمی چی دەرکردووە؟
چ پەژارەیەک، لەوانەی هێشتا
من ئاشنایەتیم لەگەڵ نەبووە،
ئارەزووی دەستم دەکات بیگوشێت؟

قەشە لۆرێنس:

رۆڵەی شیرینم، زۆر ئاشنایەتیم
هەبووە لەگەڵ پەژارە و تاڵی.
کوڕم، هەواڵی
سزاکەی میرم، من بۆ هێناوی.

رۆمیۆ:

ئایا سزاکەی، لە مەرگ کەمترە؟

قەشە لۆرێنس:

ئا لێوەکانی، سزادانێکی
نەرمیان دەربڕی؛
مەرگی بەدەنی
تیا نییە، تەنیا نەفیی بەدەنە.

رۆمیۆ:

نەفییە، سزاکەم! نەختێک بەزەییت
پیاما بێتەوە؛ بڵێ مردنە.
چونکە لەلای من، نەفی لە مردن،
زۆر سامناکترە. پێم مەڵێ نەفییە.

قەشە لۆرێنس:

تەنیا لەشاری
ڤیرۆنا ئەتۆ نەفی کراوی.
ئارامت هەبێت؛ وەکو دەزانی؛
جیهان رووبەری، بەرین و پانە.

رۆمیۆ:

لەولای سنووری شاری ڤیرۆنا،
دنیا کۆتایی، کۆتایی پێ دێ.
ئەوێ، هەر تەنیا
جێی سزادان و پیاوئازاردانە؛
دۆزەخە، دۆزەخ.
نەفی بکرێم من لە ڤیرۆنا،
لە هەموو دنیا، نەفی دەکرێم.
نەفیکردنیش لەدنیا، مەرگە.
کەوابێت نەفیکردن، کوشتنە،
هەر بە ناو نەبێت.
ئەگەر تۆ مردن، ناو بنێیت "نەفی"
بەوە، تۆ سەری ئەمن بە تەوری
ئاڵتوون دەبڕی.
وەپێکەنینت بەو لێدانە دێت،
کەمن دەکوژێت.

قەشە لۆرێنس:

ئای، بەزەی بکوژ، سپڵەی نمەک گر.[١]
بۆ ئەو تاوانەی کردووتە سزای
یاسا، مردنە.

---

(١) بەزە؛ هەڵە دژی خوا، گوناح. سپڵە؛ نمەک گر، نمەک کوێر، بەدنمەک.

بەڵام ئەوەتا
میری دڵنەرم، بەزەیی پێتدا
هاتەوەو وازی لە یاسا هێنا.
"مردن"، ئەو وشە رەشە تاریکە،(١)
لەبەر تۆ گۆڕی و کردی بە نەفی.
وەکو دەبینی، بە مەرەحمێکی
زۆری پێی کردی.

رۆمیۆ:

هیچ رەحم نییە، ئازارپێدانە.
بەهەشت، لێرەیە؛
لەم شارەی جولیەت لەناویا دەژی.
هەموو سەگێک و پشیلە و مشکێک؛
گشت ئاژەڵێکی بێ نرخ، دەتوانێت
لێرەدا بژی و بە سەیری جولیەت،
چاوی تێر بکات، جگە لە رۆمیۆ.
نرخی بەرزترە و زۆرترە رێزی
ئەوەی کە لەناو مێشوولەیەکدا
ژێ لەوەی کە لەناو رۆمیۆدا؛
ئەوان دەتوانن لەسەر ئەو دەستە
سپییە جوانانەی بنیشێنەوە.
یاخود ماچێکی پیرۆز لەو لێوە
جوانەی بدزن.
"جولیەت"یش بەوە،
روومەتە جوانە کچێنییەکانی
سوور دەبنەوە؛
چونکە هێشتاکە کچە، ئەو ماچە،
بە گوناحێکی گەورە دەزانێت.
هەر رۆمیۆ، ئەوە
ناتوانێت بکات؛ نەفی کراوە.

---

(١) میری شارەکە، لەباتی حوکمی مردن، بۆ تۆ دەربکات حوکمی نەفیی بۆ دەرکردیت. مردنی گۆڕی و کردی بە نەفی.

مێشووله ئەوە، دەتوانێت بکات
بەڵام من، دەبێت دوورکەومەوە.
ئەوان، ئازادن.
لێرەدا هەر من، ڕێم لێ گیراوە.
هێشتاکە دەڵێیت؛ نەفی، مەرگ نییە؟
ئەرێ هیچ ژەهری ئامادەکراو،
یاخود کێردێکی لە هەسان دراو،
لەلای تۆ، نییە؟
یان شتێکی تر، بەکار بهێنرێت
بۆ مردنێکی خێرا و کوتوپڕ.
بەڵام ئەوەندەی"نەفی" پیس نەبێت؟
نەفی!
ئای قەشەی هێژا،
هەر خوا لێگرتوو، لە جەهەننەمدا،
کە دەلوورێنێت
وشەی ریسوای وای، لە دەم دەردەچێت.
تۆ چۆن دڵت هات،
خۆ تۆ، پیاوێکی ڕاست و پیرۆزی،
دەروون پاککەری،(١)
لە تاوانباری خەڵکی دەبووری،
دەشڵێیت دۆستمی،
ئا ئاوا کەچی، بە وشەی "نەفی"،
جەرگ و جگەری من هەڵدەدڕی؟

قەشە لۆرێنس:
ئاخ، تۆ پیاوێکی ریژگاوی، شێتی.
گوێ لە وتاری کورتی من، بگرە.

ڕۆمیۆ:
ئاخ، دیسان باسی "نەفی"م بۆ دەکەیت.

---

(١) لە ئاینی مەسیحیدا، نەریتێک هەیە؛ گەر یەکێک هەست بکات تاوانێکی کردووە، دەچێت بۆ کڵێسە و بۆ قەشەی دەروون پاککەر باسی تاوانەکەی دەگێڕێتەوە و لەسەر دەستی ئەو قەشەیەدا، تۆبە دەکات. بەو جۆرە، دەروونی خۆی لە تاوان پاک دەکاتەوە. بەو جۆرە قەشانە دەڵێن، قەشەی دەروون پاککەر.

قەشە لۆرێنس:

زرێپۆشێکت،
دەدەمێ خۆتی پێ بپارێزی؛
جۆرە شیرێکی
شیرینە، ناوی "فەلسەفەی ژینە"
کە چووی بۆ نەفی، بۆ دڵدانەوە،
کاتی داماوی بەکاری بێنە.(١)

ڕۆمیۆ:

هێشتا هەر باسی "نەفی"م بۆ دەکەیت؟
ئەگەر فەلسەفە،
نەتوانێت جولیەت مسۆگەر بکات،
یان لە ڕەگەوە، شار دەربهێنێ و
لە جێیەکی تر، بیرووێنێتەوە،
یان بڕیاری میر، بسڕێتەوە
تۆ ئیتر باسی فەلسەفە مەکە.

قەشە لۆرێنس:

ئاخ، ئەگەر وابێت
دەبینم کە پیاو مێشکی تێکدەچێت؛
بێ گوێچکە دەبێت.

ڕۆمیۆ:

بۆ گوێچکەی هەبێت،
ئەگەر داناکان، دیدەیان نەبێت؟

قەشە لۆرێنس:

با ئێمە باسی
بارودۆخەکەی ئێستای تۆ بکەین.

ڕۆمیۆ:

ناتوانی باسی تۆ شتێک بکەیت،
هەستی پێ نەکەیت.

---

(١) (Stoicism) فەلسەفەیەکی کۆنە دەڵێت؛ ئەگەر لە ژیاندا تووشی داماوی ببیت، نە لۆمەی خۆت بکە، نە کەسێکی تر؛ هەوڵ بدە خۆت بەرگەی بگریت؛ ئەوساکە بۆت دەردەکەوێت کە لە تواناتدایە و بەئاسانی دەتوانیت بەرگەی بگریت.

گەر گەنج بوويتايە ئەتۆ وەكو من،
تا ئەم "جولیەت"ش، ڤیانت بوایە،[1]
هەمووشی تەنیا
یەک سەعات بوایە، مارەت کردبێت،
پێش ئەوەی ببی تۆ بە پیاوکوژی
تیبالت و ئەمری نەفیت دەربچێت.
گەر وەکو منیش شەیدای بوويتايە،
ئەوسا دەتتوانی
بدوێیت و ئەوسا قژت دەرنی.
خۆشت دەکێشا بەخاکدا و وەک من،
تا لایەکانی گۆڕێک بپێوی،
بۆ خۆت کە هێشتا، هەڵنەکەندراوە. (لەو کاتەدا لە دەرگا دەدرێت)

قەشە لۆرێنس:
زوو هەڵسە یەکێک، لەدەرگا دەدات.
رۆمیۆ، کوڕی باش، خۆت بشارەوە.

رۆمیۆ:
نا، من هەڵناستم،
لە کەسیش من خۆم ناشارمەوە.
مەگەر هالاوی دڵی برینم،
لە چاوی خەڵکی بمشارێتەوە. (دیسان لە دەرگا دەدرێتەوە)

قەشە لۆرێنس:
گوێ بگرە کە چۆن لە دەرگا دەدەن! (روو دەکاتە دەرگاکە)
ئەرێ ئێوە کێن؟
دەی رۆمیۆ، هەڵسە، هاتوون بتگرن!
ئارامتان هەبێ، ئەوەتا هاتم! (روو دەکاتەوە رۆمیۆ)
دە هەڵسە سەر پێ!
رابکە بۆ ژووری خوێندنەوەکەم! (روو دەکاتەوە دەرگاکە)
هەر ئێستاکونێ!
ئەمە هەوەسی خودا خۆیەتی.
ئەم شێتییەی تۆ، نازانم چییە؟

---

(١) ڤیان؛ خۆشەویست.

هاتم، وا هاتم! (بەهێزتر لە دەرگا دەدرێت)
ئەمە کێیە وا
بەهێز و خێرا لە دەرگا دەدا؟
تۆ چیت گەرەکەو لەکوێوەهاتووی؟

دایەن:

بمکەرە ژوورێ و یەکسەر دەزانی
لەبەرچی هاتووم.
لەلایەن خاتوون،
جولیەتەوە من، بۆ لاتان هاتووم.

قەشە لۆرێنس:

گەر وابێت فەرموو، زۆر بەخێر هاتی. (دێتە ژوورەوە)

دایەن:

ئەی قەشەی پیرۆز،
پێم بڵێ توخوا، ئەی قەشەی پیرۆز،
کوانێ ئاغاکەی خانمەکەی من.
رۆمیۆ، لە کوێیە؟

قەشە لۆرێنس:

لەوێدا بەسەر خاکدا کەوتووە،
بە فرمێسکی خۆی،
خۆی، مەست کردووە.

دایەن:

باری دەروونی ئەم، بەتەواوی
لە هی خاتوونی گەنجی من دەچێ؛
وەکو یەکتری ئازار دەچێژن.
تەنگژەیەکی خەفەت هێنەرە.
مرۆڤ جگەری پێیان دەسووتێ.
ئەویش وەکو ئەم؛
هەموو کاتەکە، شین دەکا و دەگری. (روو دەکاتە رۆمیۆ)
هەڵسە، دە هەڵسە، دەی هەڵسە سەر پێ!
لەبەر خاتری جولیەت تۆ دەبێ
هەڵسیت وەکو پیاو.

ئاخر چۆن دەبێ
ئا ئاوا بگری و ناڵەناڵت بێ؟

رۆمیۆ:

دایەن، ئەوە تۆیت؟ (هەڵدەسێتە سەرپێ)

دایەن:

ئای بەگم، بەگم،
بەمەرگ کۆتایی هەموو شتێک دێ.

رۆمیۆ:

ئەرێ تۆ باسی "جولیەت"ت دەکرد؟
چۆنە پێم بڵێ.
ئایا ئەو لە من، بیر ناکاتەوە
وەک لە پیاوکوژی ریسوای رەمەکی؟[1]
ئەوەی ساوایی شادمانیمانی
وا لەکەدار کرد
بە خوێنێک کەمێک دوورە لە خۆێنی؟[2]
لە کوێیە؟ چۆنە؟ ئایا چی دەڵێت
بووکی نهێنیم،
دەربارەی عەشقی کاولکراومان؟

دایەن:

دە ئەو، هیچ ناڵێت.
تەنیا هەر دەگری و خۆی هەڵدەداتە
سەر جێگا و لە دوای تۆزێک هەڵدەستێت،
هاوار لە زاری دەردەچێت، دەڵێت؛
ئاخ، تیبالت، تیبالت.
دوای تۆزێک دەڵێت؛ رۆمیۆ، ئاخ رۆمیۆ.
ئینجا سەرلەنوێ
خۆی هەڵدەداتە سەر جێگا و دەگری.

رۆمیۆ:

هەر وەکو ناوی من تۆپهاوێژێک

---

(١) رەمەکی؛ عادی

(٢) تیبالت، خزمی جولیەتە؛ خوێنەکەی گەلێک نزیکە لە هیی جولیەتەوە.

هاویشتبێتی و ئەوی کوشتبێت.(١)
دەستی ئەو ناوە خوا لێگرتووەش،
کوڕی خاڵەکەی ئەوی کوشتبێت.
ئاخ، قەشەی پیرۆز،
توخوا پێم بڵێ؛ چ جێگایەکی
ناکەس، لە لەشما، نیشتەجێیەتی؟(٢)

(خەنجەرەکەی هەڵدەکێشێت و ئامادەی دەکات. دایەنەکە زوو لێی وەردەگرێت و دووری دەکاتەوە)

پێم بڵێ تاکو،
کۆشکەکەی، ئێستا، بۆ کاول بکەم.

قەشە لۆرێنس:

خۆت بگرەو نەختێک، ئارامت هەبێت؛
دەست مەوەشێنە.
ئەرێ تۆ پیاویت؟
ئا، شێوەت دەڵێت؛ پیاوێکی قۆزیت.
فرمێسکەکانت؛
ژنانەن و خۆت، بەم هەڵەشەیەت،
لە ئاژەڵێکی دڕندە دەچیت.
یان لە ژنێکی
هاروهاج دەچیت لە نێوان لەشی
پیاوێکی ژیردا.
کە لە هەردووکیان،
دەچیت، بەڕاستی،(٣)
گیانەوەرێکی کرێت دەردەچیت.(٤)
زۆر حەپەساوم،
دە بە ئیمانم، من وامدەزانی
کە تۆ، بەڕەوشت، لەسەرخۆتریت.

---

(١) ئەو؛ مەبەستی لە جولیەتە
(٢) نیشتەجێیەتی؛ نیشتەجێی ناوەکەمە.
(٣) لە هەردووکیان؛ لە ژن و لە پیاو.
(٤) کرێت؛ ناشرین.

تۆ "تیبالت"ت کوشت. خۆشت دەکوژیت؟
ژنەکەی خۆشت،
ئەوەی کە لەناو ژیانتدا دەژی؟
بەو کردەوەیە دزێوەت ئەویش،[١]
ئەویش دەکوژی؟
بۆ یاخی بوو'ویت تۆ ئاوا دژی
لەدایکبوونت و
دژی گەردوون و خۆڵی سەر زەمین؟[٢]
وەک چۆن ئەو سێیانە؛
لەدایکبوون و زەمین و گەردوون،
هەموو بەجارێک،
پێکەوە تیاتدا، بەیەکتر گەیشتن،
ئاواش بەجارێک لە کیست بچن؟
شەرم و شوورەیی! تۆ شەرمەزاری
شێوەو ڤیان و مێشکت دەکەیت.[٣]
وەکو فایزخۆر؛
سامانت زۆرە، بەڵام تۆ هیچی،
وەکو پێویستە، بەکارناهێنیت.
دەبوایە ئەوەت، بۆ رازانەوەی[٤]
شێوەو ڤیان و
مێشکی دانای خۆت بەکار بهێنیت:
شێوەی نایابت،
لە هەیکەلێکی جوانی مۆم دەچێت،
بەڵام جوامێری پیاوی تیا نییە؛

(١) دزێو؛ زۆر ئێسکگران، نەفرەتلێکراو، بێزراو.
(٢) لەدایکبوون؛ هاتنە دنیا، ژیان. خۆڵی سەر زەمین؛ خۆڵ، لەش (لەشی مرۆڤ لە خۆڵ دروست کراوە و گیانەکەی لە ئاسمانەوە بۆ هاتووە). گەردوون؛ ئاسمان، رۆح، گیان. قەشەکە لە دیوی ئاینی مەسیحییەوە دەربارەی ژیان دەدوێت؛ بەپێی ئاینی مەسیحی، کە مرۆڤ دەمرێت، لەشی دەگەڕێتەوە بۆ زەمین و گیانی دەچێتەوە بۆ ئاسمان.
(٣) ڤیان؛ ئەڤین، خۆشەویست، خۆشەویستی
(٤) ئەوەت؛ ئەو سامانەت.

ئەوەتا سوێندی پیرۆزی ئەڤین،
ئەوەی کە خواردت، بە هەمیشەیی،
ڤیانی هێژای خۆت بپارێزی و
شادمانی بکەیت،
تۆ دەیشکێنی.[١]
ئەو مێشکەی تۆ، کە ئارایشی[٢]
شێوە و ڤیانتە، رابەرییەکی
نارەوای هەردووک ئەو دووانە دەکات.
هەر وەکو بارووت
بەدەست سەربازی نەشارەزاوە؛
بە نەزانینی، بەر گڕی دەدات؛
بە بەرگری خۆی،
خۆی لەتلەت دەکات.[٣]
دەی هەڵسە وەک پیاو،
جولیەتی یارت، ساغ و زیندووە.
ئەوەی پێش تۆزێک تۆ لەپێناوی
ئەودا ئارەزووی مردنت دەکرد؛
لەمەیاندا تۆ، گەلێک بەختیاریت.[٤]
تیبالت، دەیکوشتیت،
بەڵام وا رێککەوت، تۆ ئەو بکوژیت؛
لەمەشیاندا تۆ، گەلێک بەختیاریت.
ئەو یاسایەی کە بەمەرگ هەڕەشەی
ژینی دەکردیت، خۆی کرد بە دۆستت؛
مردنی گۆڕی، کردی بە نەفی؛
لەمەشیاندا تۆ، گەلێک بەختیاریت.
وەکو دەبینیت؛ کۆڵێک چاکییەتی

---

(١) کاتی مارەکردن، پیاو و ژن، سوێند دەخۆن کە هەمیشە یەکتری بپارێزن و یەکتری شادمان بکەن.
(٢) ئارایش؛ خشڵ، زینە.
(٣) ئەو باررووتەی بەدەست سەربازەوەیە، بۆ ئەوەیە کە خۆیی پێ بپارێزێت (بەرگری خۆیی پێ بکات). بەڵام سەربازی نەزان، بەر گڕی دەدات و خۆی پێ لەت لەت دەکات.
(٤) بەختیاریت، کە تۆ زیندوویت و ئەویش زیندووە.

بەتۆ بەخشیوە.
شادمانی، ئەوا
جوانترین جلی کردۆتەبەری و
دێت بە پیرتەوە.
کەچی تۆ وەکو کچێکی بەدخوو
رووی گرژکردووە
لەبەختەوەری خۆت و دڵداریت.
ئاگاداربەزۆر، زۆر ئاگاداربی
چونکەمرۆڤی
وا، بەکەساسی، مەرگی دەبینێت.
دەی هەڵسەبڕۆ بۆ لای ڤیانت،
وەک چۆن بڕیاری ئەوەتان دابوو؛
سەرکەوەو بڕۆ بۆ ناو ژوورەکەی.
ئاسوودەو شادی
بهێنەرەوەبۆ نێوان دڵی.
بەڵام، وریابە؛
نەمێنیتەوەهەتاکو کاتی
ئێشکگرەکانی بەری بەیانی.
چونکە ئەوساکە،
ناتوانیت بچیت، ها، بۆ مانتووا.[١]
ئەتۆ لەوێدا دەمێنیتەوە،[٢]
تاکو هەلێکی باش هەڵدەکەوێت
بۆ راگەیشتنی مارەبڕینی
ئێوەو کۆتایی دوژمنایەتی
لەنێوان خاوخێزانەکانتان.
ئەوساکە لە میر، دەپاڕێمەوە
کە لێت ببوورێ و بانگت کاتەوە.
بەشادییەکی هەندە زۆرەوە
دەگەڕێیتەوە؛ دوو سەد هەزار جار

(١) مانتووا؛ شارێکە نزیکی ڤیرۆنا. رۆمیۆ بۆ ئەوێ نەفی کراوە. ئەگەر نەچێت، میر دەیکوژێت.
(٢) لەوێدا؛ لە مانتووا.

هەندەی ئەو سوێیەی
پێیەوە، ئێرە بەجێ دەهێڵێت. (روو دەکاتە دایەنەکە)
دەی دایەن، بڕۆ تۆ لەپێشەوە،
سڵاوی گەرمی من بگەیێنە
بە خاتوونەکەت.
پێی بڵێ ئەمشەو با هەموو کەسێک،
لە ماڵەکەدا،
هان بدات زووتر بچن بۆ جێگا؛
چوونیان بۆ جێگا، داخی گرانیان
سووک دەکاتەوە.[١]
رۆمیۆ، دێت بۆ لای.

دایەن:
بەو خوایە، ئەمن، لێرە دەمتوانی
بمێنمەوە تاکو بەیانی،
لە ئامۆژگاری دروست، گوێ بگرم.
ئای خوێندەواری، چی لە پیاو دەکات![٢] (روو دەکاتە رۆمیۆ)
سەروەرم، دەڕۆم
بە خاتوونەکەم، دەڵێم کە تۆ، دێیت.

رۆمیۆ:
باشە، دە بڕۆ.
بەخۆشەویستی دڵیشم بڵێ؛
با ئامادە بێ
بۆ سەرزەنشتی و لۆمەکردنم.[٣]

دایەن:
ئا ئەوە، گەورەم، ئەنگوستیلەیەک.
گەورەم، ئەو دایمێ کە پێتی بدەم.
دەی خێرا بکە، زۆر پەلە بکە؛
دنیا خەریکە وا درەنگ دەبێت.

---

(١) خەڵکی ماڵەکە، هەموو سوێدارن بەهۆی کوشتنی "تیبالت"ەوە.
(٢) مەبەستی لە خوێندەواری قەشەکەیە.
(٣) خۆی ئامادە بکات بۆ لۆمەکردنی من، لەسەر ئەوەی کە خزمەکەیم کوشتووە.

ڕۆمیۆ:

ئای دڵم، بەمە، چەند کرایەوە!

قەشە لۆرێنس:

دەی بڕۆ، شەوباش. (دایەنەکە دەڕوات)
هەموو ژیانی ئایندەی ئێوە
بەندە بەمەوە:
یان ئەتۆ دەبێت نەمێنیتەوە
هەتاکو کاتی ئێشکگرەکان دێت،
یاخود تۆ دەبێت سبەی بەیانی
جلوبەرگێکی وا لەبەربکەیت؛
نەناسرێیتەوە و یەکسەر لەوێوە،
گەشت بکەیت بڕۆیت بەرەو مانتووا.
خۆم، نۆکەرەکەت دەدۆزمەوە،
دەنگوباسی باش، هەرچەند هەڵکەوێت،
بەهۆی ئەوەوە بۆتی دەنێرم.
دەستتم بەرێ، گەلێک درەنگە.
دەی بڕۆ گەردوون ئاگادارت بێت.
بڕۆ، دەی شەوباش.

ڕۆمیۆ:

ئەو شادمانییەی بانگی من دەکات،
گەر لە شادمانی زۆرتر نەبوایە،
خەفەتم دەخوارد،
ئاوا بەپەلە، بەجێت بهێڵم.
ئەسپەردەی خوابی، باوکی پیرۆزم. (دەڕوات)

## دیمەنی ٤ , ٣

کاپیولێت و بانوو کاپیولێت لە ماڵی خۆیاندا لەگەڵ "پاریس"دا دەردەکەون

کاپیولێت:

زۆر بەداخەوە، بەدبەختی، بارو–
دۆخی لێ تێکداین.
هەلێکمان نەبوو،
باسی تۆ لەگەڵ کچەکەی خۆمان،
لەسەرخۆ بکەین.
دەبێت بزانی،
کە ئەو، "تیبالت"ی خزمی خۆشدەویست.
هەروەها منیش.
دەی ئیتر چی بکەین؛
لەدایک دەبین بۆ ئەوەی بمرین.
شەو درەنگی کرد،
ئەو، تازە ئیتر، نایەتە خوارێ.
بڕوام پێ بکە؛ لەبەر تۆ نەبێ،
من، پێش سەعاتێ، دەچوومە جێگا.

پاریس:

کاتی سوێداری
ناگونجێت لەگەڵ ژن خواستن و شوو.
دەی شەوباش بانوو، سڵاوی گەرم و
ڕێزم با بگات بە کچەکەتان.

بانوو کاپیولێت:

پێی دەگەیێنم.
وەبۆ سبەینێ کاتی بەیانی،
بیر و وەڵامی ئەوت پێ دەڵێم.
ئەمشەو ئەو لەگەڵ دەردی گرانی،

لە ژوورەکەیدا، خۆی کڕکردووە.

کاپیولێت: (پاریس، هەڵدەستێت بڕوات. کاپیولێت بانگی دەکاتەوە)

پاریس، سەروەرم،
ئەمن دەوێرم پەیمانت بەمێ
کە خۆشەویستی کچەکەی خۆمت،
بۆ مسۆگەر کەم.
لەو باوەڕەدام؛ لە ئامۆژگاری
ئەمن گوێ دەگرێت.
نا، بەبێ گومان، بەدی دەهێنێت. (ڕوو دەکاتە ژنەکەی خۆی)
خاتوونە، توخوا، سەری لێ بدە،
پێش ئەوەی ئەم شەو بچیت بۆ جێگا.
باسی ئەڤینی
"پاریس"ی کوڕی خۆمی بۆ بکە.
تێی بگەیێنە – تۆ گوێت لە منە؟
ڕۆژی چوارشەمە نا، بوەستە، نا،
ئەمڕۆکە، چییە؟

پاریس:

بەگ، دووشەمەیە.

کاپیولێت:

دووشەمە، ئاها! چوارشەمە زووە.
با پێنجشەمە بێت.
باشە پێی بڵێ؛
ڕۆژی پێنجشەمە، مارەی دەبڕێ و
دەبێت بە ژنی ئەم خانەدانە. (ڕوو دەکاتە پاریس)
ها، پێت دەکرێت؟
خێراییی ئاوا، تۆ پەسەند دەکەیت؟
زەماوەندێکی گەورەی بۆ ناکەین؛
ئاوا، چەند دۆستێک.
وەکو دەزانیت، کوشتنی تیبالت،
هێشتا تازەیە.
ئەگینا خەڵکی،

بەهەڵە لێمان ئاوا تێ دەگەن؛
نرخی ئەو، لامان، زۆر گرنگ نییە.
لەبەر ئەوەی کە، تیبالت، خزممانە،
زەماوەندەکە
بەزم و شادمانی زۆر با تیا نەبێت.
لەبەر ئەوە هەر
نیوە دەرزەنێک
لە دۆستەکانی خۆمان بانگ دەکەین.
بەوە کۆتایی
بەئاهەنگەکە ئیتر دەهێنین.
ها، بەگ، دەڵێیت چی؟
باشە پێنجشەمە؟

پاریس:

ئەو پێنجشەمەیە،
خۆزگە سبەینێ، سبەینێ دەبوو.

کاپیولێت:

برۆ کەوابێت، ئەسپەردەی خوابی.
با، پێنجشەمە بێت. (روو دەکاتە ژنەکەی)
ها، بچیت بۆلای
جولیەت، پێش ئەوەی بچیت بۆ جێگا.
با پێی بزانێ و خۆی ئامادە کا
بۆ مارەبڕین و زەماوەندەکە. (روو دەکاتەوە پاریس)
خوات لەگەڵ، بەگم. (روو دەکاتە کارەکەرێک)
تۆش چراکانی ژووری نوستنم،
دابگرسێنە. دەی پێشم کەوە.
وا درەنگ بووە،
دەتوانم بڵێم؛ شەبەقە، زووە.

## دیمەنی ٣,٥

رۆمیۆ و جولیەت، لە ژووری نووستنی جولیەت دەردەکەون

جولیەت:

پێویستە برۆیت؟
هێشاکە زۆری ماوە بۆ بەیان.
ئەوە، بولبول بوو، نەک کلاوکورە[١]
ئەوەی کە سامی
خستە ناو گوێچکەی ترسنۆکەوە.
ئەو، هەموو شەوێ، گۆرانی دەڵێ[٢]
لەسەر ئەو دارە هەنارەی ئەوێ.
ڤیانم، ئاخر، بڕوام پێبکە؛[٣]
ئەوە بولبول بوو، نەک کلاوکورە.

رۆمیو:

کلاوکورە بوو،
ئەوەی سەرەتای بەیان جاڕدەدات.
نا، بولبول نەبوو.
ئاخر، ڤیانم، سەیری رۆژهەڵات
بکە، چۆن تیشکە رەشکنەکانی
پەڵە هەورەکان،
بە یەکترییەوە دەدروونەوە.[٤]
شەو، چراکانی، کوژاونەتەوە و
رۆژی "رووگەش"یش، لەسەر نووکی پێ،

---

(١) بولبول، بە شەویش دەخوێنێت. بەڵام، کلاوکورە، هەر بەیانییان زوو.

(٢) گۆرانی دەڵێت؛ دەخوێنێت.

(٣) ڤیان؛ خۆشەویست یاخود خۆشەویستی.

(٤) رەشک: حەسەد. رەشکن؛ حەسوود. ئەو تیشکانەی کە لە نێوان پەڵە هەورەکانەوە دەرکەوتوون، وەکو پەڵەکان بە یەکترییەوە بدروونەوە وایە. تیشکەکان، چونکە رەشک بە رۆمیۆ و جولیەت دەبەن، بۆیە زوو دەرچوون. بۆ ئەوەی، ئەم کاتە خۆشەیان لێ تێک بدەن.

وەستاوە لەسەر
لووتکەی تەماوی شاخەکان لەوێ.
ئیتر یان دەبێ بڕۆم و بژیم،
یان،
بمێنمەوە و مردن من بەرێ.

جولیەت:

ئەو رووناکییەی کە تۆ دەیبینیت
تیشکی رۆژ نییە، دڵنیام لەوە.[1]
ئەستێرەیەکی کشاوە ئەوە،
رۆژ، بە هەناسەی، بۆتی ناردووەوە.
تاکو رێگات بۆ رووناک کاتەوە،
ئەمشەو کە دەڕۆیت، بەرەو "مانتووا"
دە نەختێکی تر، بمێنەرەوە.
پێویستی ناکات هەر ئێستا بڕۆیت.

رۆمیۆ:

دەبا بمگرن، با بکوژرێم،
من، رازیم بەوە؛
ئازیزم، هەرچی ئارەزووی تۆ بێت،
ئامادەم بۆتی بهێنمە دی؛
ئەو رووناکییە لێڵەی دەیبینی،
رووناکی مانگە، تیشکی رۆژ نییە.
ئەو دەنگەی لەوێش بەرز دەبێتەوە و
دەگاتە ئاسمان،
دەنگی بولبولە نەک کلاوکوڕە.
من پێم خۆشترە
بمێنمەوە، لەوەی کە بڕۆم.
دەی مردن، وەرە، وەرە بەخێر بێیت،
چونکە "جولیەت"م ئەوەی لێم دەوێت.
ها، گیانە، چۆنیت؟
با بدوێن جارێ رۆژ نییە؛ شەوە.

---

(١) جولیەت، حەز ناکات بڕوا بکات کە ئەو شەوە خۆشە، ئاوا زوو کۆتایی هات.

جولیەت:

نا، ڕۆژە، ڕۆژە،
دەی هەڵسە دەرچۆ. هەر ئێستا بڕۆ.
کلاوکوڕەیە،
ئاوا بەدەنگی ناساز دەخوێنێت.
هەندێ کەس دەڵێن؛ ئاواز و دەنگی
کلاوکوڕە زۆر خۆش و ناسکە،
بەلام، ئەمەیان ناخۆشە دەنگی.
چونکە ئەم، ئێمە، جیا دەکاتەوە.
هەندێ کەس دەڵێن؛ کلاوکوڕەو بۆق،
بۆقی ئێسک قورس،
چاوانی خۆیان لەگەڵ یەکتری،
گۆڕیوەتەوە.
بەلام، من ئێستا، دەڵێم، ئاخ، خۆزگە
دەنگەکانیشیان دەگۆڕییەوە.[١]
چونکە بەدەنگی زیق و ناسازی
تۆ لە باوەشی من دەردەهێنێت.
وەکو نێچیروان؛
بە بلوێرەکەی، لەگەڵ کازیوەی
بەیانیدا بێت، ئەتۆ راوبنێت.[٢]
دەی بڕۆ، ئێستا.
بەیان، ئەگینا، ڕووناکتر دەبێت.

ڕۆمیۆ:

چەند ڕووناکتر بێت،
گرفتاریمان تاریکتر دەبێت. (دایەنەکە دێت)

دایەن:

خاتوونە!

جولیەت:

ئا، دایەن، فەرموو.

---

(١) مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ دەنگی ئەم کلاوکوڕەیە، لە دەنگی بۆقیش ناخۆشترە.

(٢) دەنگی کلاوکوڕەکە، بۆ ڕۆمیو، وەکو دەنگی بلوێری راوچی وایە بۆ نێچیرەکانی.

دایەن:

خاتوونەی دایکت، بەتەمایە بێت

بۆ ژوورەکەی تۆ.

ئەوا بەیانە، ئاگاداربە؛ دێت. (دەڕوات)

جولیەت:

پەنجەرە، ڕێگا بدە بە بەیان،

بێتە ژوورەوە و

ڕێش بە ژین بدە، دەرچێت لێتەوە.

ڕۆمیۆ:

دەی خوات لەگەڵ بێ، دەی خوات لەگەڵ بێ.

یەک ماچی ترم

بەرێ و دوای ئەوە، من دادەبەزم. (ڕۆمیۆ لە پەنجەرەکەوە دادەبەزێت و دەڕوات)

جولیەت:

هەر ئاوا دەڕۆیت،

ڤیانم، بەگم، مێردم، پەروەرم؟

من، هەموو ڕۆژێک، بە سەعات دەبێت،

هەواڵ و دەنگ و باست ببیستم.

چونکە لەمەولا، ئەمن دەزانم،



ڕۆمیۆ دادەبەزێت و دەڕوات. وەکو چـۆن "فرانـــک دیـــکسی

"Frank Dicksee 1853-1928 ڕەسمی کردوون

تاوێک، چەند شەو و ڕۆژی تیا دەبێت.[١]
وەی لە من، بەپێی
ئەم ژمارەیە،
ساڵان بەسەرما دێ و تێ دەپەڕێت
تا جارێکی تر "ڕۆمیۆ"م دەبینم.

ڕۆمیۆ:

دەی خوات لەگەڵ بێت.
هەرگیز نایەڵم هەلێک تێپەڕ بێت،
بێ ئەوەی بۆ تۆ، گیانی شیرینم،
سڵاو نەنێرم. (ڕۆمیۆ دەردەچێت)

جولیەت:

ئاخ، بڵێی ئیتر، یەکتر ببینین؟

ڕۆمیۆ:

بەبێ هیچ گومان.
ئەم هەموو بەڵا و کەساسییەشمان،
دەبن بە یاد و
بیرەوەری خۆش، بۆ ئایندەمان.

جولیەت:

ئای خوایە، دڵم، پێشبینی شتی
زۆر سامناک دەکات؛ (دەست دەکات بەگریان)
چاوی خەیاڵی من بەدیت دەکات،
گەلێک داماوی؛
وەکو مردووبی و لە بنکی چاڵی
گۆڕ پاڵخرابی.[٢]
یان چاوەکانی من باش ناتبینن،
یان تۆ، بەڕاستی زەرد هەڵگەڕاوی.

ڕۆمیۆ:

بڕوام پێ بکە، خۆشەویستەکەم،

---

(١) چاوەڕوانکردن، بۆ مرۆڤی عاشق، کارێکی زۆر گرانە؛ هەر تاوێک (دەقیقەیەک)، بۆی دەبێت بە چەند ڕۆژێک.

(٢) جولیەت، دڵی پێی دەڵێت کە ڕۆمیۆ، لەم زووانەدا دەمرێت.

ئەتۆش وەکو من زەرد هەڵگەڕاوی.
خەفەتی تینوو، خوێنی ناو لەشی
ئێمە دەمژێت.
ئەسپەردەی خوابی، ئەسپەردەی خوابی. (ڕۆمیۆ دەڕوات)
جولیەت:
ئای خوای بەختیاری، خۆ هەموو کەسێک،
دەزانێت کە تۆ، چەند بڕیار گۆڕی.
ئەگەر بە سروشت تۆ بڕیار گۆڕی،
بۆ لەگەڵ ڕۆمیۆ، ئا ئەو دڵسۆزە،
ئەم بڕیارەی خۆت،
ناگۆڕی و بۆمی بنێریتەوە؟ (بانوو کاپیولێت دێت)
بانوو کاپیولێت:
ها، کچم، ئەرێ لە خەو هەڵساوی؟
جولیەت:
دەنگی کێیە دێت؟ دەنگی دایکمە؟
ئایا نەچۆتە جێگا تا ئێستا،
یان زوو هەڵساوە؟
چ بۆنەیەکی نائاسا ئەوی
بۆ لام هێناوە؟ (سەری خۆی لەژێر سەرینەکەدا دەشارێتەوە)
بانوو کاپیولێت
ها، چیتە، جولیەت؟
جولیەت:
ناساغم نەختێک.
بانوو کاپیولێت:
بۆ ئامۆزاکەت، هێشتاکە دەگری؟
ئایا دەتەوێت
بەفرمێسک خۆڵی
گۆڕەکەی لەسەر لابەریتەوە؟
گەر ئەوەش بکەیت،
ناتوانیت ئیتر، زیندووی بکەیتەوە.
لەبەرئەوە دەی ئیتر بەسێتی.

بەهەندێک خەفەت،
تۆ خۆشەویستی خۆت دەردەبڕی.
بەڵام، سوێداری
زۆر، کەریەتییە.

جولیەت:
با بگریم بۆ ئەم لێ ونبوونەی خۆم،
کەوا بە گرانی هەستی پێ دەکەم.[١]

بانوو کاپیولێت:
ئەتۆ بەم جۆرە،
بە لێ ونبوونت تەنیا هەست دەکەیت،
نەک بەئەو دۆستەی شینی بۆ دەکەیت.[٢]

جولیەت:
بەو لێ ونبوونە، گەر وا هەست بکەم،
چۆن دەبێت نەگریم من بۆ دۆستەکەم.

بانوو کاپیولێت:
کەوا بێت کچم،
تۆ بۆ مردنی ناگریت ئەوەندەی
دەگریت بۆئەوەی،
کە ئەو ناکەسەی کوشتی، زیندووە.

جولیەت:
باسی ناکەسی چی دەکەیت، بانوو؟

بانوو کاپیولێت
ئا ئەو "رۆمیۆ"یە ناکەسەی کوشتی.

جولیەت:
ئا ئەو ناکەسە،
گەلێک میل، ئێستا، لێرەوە دوورە.
خوا، لێی ببوورە. من لێی دەبوورم،
بەهەموو گیان و دڵ و جەرگمەوە.
هەرچەندە کەسێک نییە هەندەی ئەو،

(١) جولیەت مەبەستی لە"رۆمیۆ" یە نەک تیبالت.
(٢) کەوا بێت تۆ بۆ خۆت دەگریت نەک بۆ خۆشەویستەکەت.

خەفەت بخاتە دڵی منەوە.
بانوو کاپیولێت:
چونکە ئەو کەسە پیاوکوژە، هێشتا
ساغ و زیندووە.
جولیەت:
خاتوونە، دوورە نایگاتێ دەستم.
خۆزگە دەمتوانی هەر خۆم بەتەنیا،
تۆڵەی مردنی ئەو کوڕەی خاڵم،
بسەنمەوە.
بانوو کاپیولێت:
مەترسە ئێمە،
تۆڵەی خۆمان هەر دەسەنینەوە؛
دەی، بەسە، مەگری.
یەکێک دەنێرم، من بۆ مانتووا،
ئەو جێیەی کە ئەو
بە شاربەدەری ئێستا تیای دەژی،
ژەهرێکی نامۆی ئاوای بداتێ
هەر زوو دەستبەجێ
بیکات بە هاوجێ لەگەڵ "تیبالت"دا.
دوای ئەوە، ئیتر
ئومێدم وایە، دڵت رازی بێت.
جولیەت:
هەرگیز قەت دڵی من رازی نابێت،
تا ئەو "رۆمیۆ"یە بەچاوەکانی
خۆم، تەرمی ساردی مردووی نەبینم؛
دڵی هەژارم ئەوەندە پەستە
بۆ ئەو خزمەی من.
خاتوونە، ئەگەر تەنیا پیاوێکم
بۆ بدۆزیتەوە، ئەو ژەهرە بەرێت،(١)

(١) جولیەت دەترسێت دایکی، یەکێک بنێرێت بە ژەهر، رۆمیۆ بکوژێت. لەبەر ئەوە دەڵێت؛ من خۆم دەبێت ئەو ژەهرەی بۆ بگرمەوەو خۆشم دەرخواردی بدەم.

که بەدەستی خۆم بۆی دەگرمەوە،
بەتامکردنی، رۆمیۆ، دەستبەجێ،
بەئاسوودەیی، چاوی دەنووقێ و
خەو دەیباتەوە.
ئای، خوایە دڵم
من، چەند پەست دەبێت
کە گوێم لەو ناوە
دەبێت و نابێت بچم بیبینم.
بۆ ئەوەی داخی ڤیانی دڵم،[١]
بۆ کوڕی خاڵم، تێر بەسەر تەرمی
کوژراویدا، بۆ خۆم بڕێژم.
بانوو کاپیولێت:
دەی ڕێبازێکی بۆ پێک بهێنە
منیش پیاوێکی وات بۆ دەهێنم.
بەڵام کچی خۆم، من مژدەیەکی
خۆشم پێ هەیە، پێت بگەیێنم.
جولیەت:
کاتێکی ئاوا گەلێک پێویستی
بە شادمانییە.
تکات لێ دەکەم، پێم بڵێ چییە؟
بانوو کاپیولێت:
کچم باوکێکی دڵسۆزت هەیە،
بە هەوڵدانی
خۆی، ئەو رۆژێکی
هەندە شادمانی بۆ پێکهێناوی،
هەرگیز نەتۆ خۆت، پێشبینیت دەکرد
نەمن قەت رۆژێک چاوەڕوانی بووم.
جولیەت:
ئەمڕۆ، شادمانی، کاتی خۆیەتی
ئاخر خاتوونە، ئەو رۆژە چییە؟

---

(١) ڤیانی دڵم؛ خۆشەویستی دڵم.

بانوو کاپیولێت:

ده باشه کچم.
ئەم پێنجشەمەیەی بێتەوە، کچم،
بۆ بەیانییەکەی،
کۆنت پاریس، ئا ئەو گەنجە نەجیبە،[١]
لە کلێسەکەی
سانت "پوترس"دا دێت مارەت دەبڕێت.
دەتکات بە بووکە شادمانەکەی خۆی.

جولیەت:

دە بەو کلێسە پیرۆزەی پوترس،
بە پوترس خۆشی؛
نامکات بە بووکە شادمانەکەی خۆی.
سەرم سوڕماوە من لەم پەلەیە؛
کە ئاوا دەبێت، بەشوو بدرێم،
پێش ئەوەی،
ئەوەی دەبێت بە مێردم،
بێت من بخوازێت.
تکات لێ دەکەم، من خاتوونەکەم،
تۆ بەسەروەر و بە باوکم بڵێ؛
جارێ نامەوێت ئەمن شوو بکەم.
کاتێ ویستیشم، سوێندت بۆ دەخۆم،
شوو بکەم بەرۆمیۆ؛
ئەوەی دەزانیت چەند رقم لێیە.
لەگەڵ ئەوەشدا، پێم خۆشتر دەبێ
لەوەی بە پاریس. (بەدەگێکی تووڕە و بەهاوارەوە دەڵێت)
چ مژدەیەکی خۆشت بۆ هێنام.

بانوو کاپیولێت:

ئەوە باوکت هات، خۆت وای پێ بڵێ. (کاپیولێت و دایەن بەیەکەوە دێن)
با بزانین چۆن،
ئەو، لێت وەردەگرێ.[٢]

---

(١) کۆنت: نازناوێکە دەدرێت بە پیاوە گەورەکان. بەتایبەتی بەوانەی کە لە بنەماڵەی شاوە نزیکن.

(٢) لێت وەردەگرێ؛ لێت قبووڵ دەکات.

کاپیولێت:

دوای ڕۆژئاوابوون، زەمین بە شەونم
نەختێک تەڕ دەبێت.
ئاخ، بەڵام لە دوای
ڕۆژئاوابوونی برازایەکەم،[١]
بە شەستەباران، لافاو هەڵدەستێت.[٢]
ها، کچم، فوارەیت؟[٣]
ئێستاش هەر دەگریت، فرمێسک دەڕێژیت؟
لەناو ئەو لەشە پچووکەی خۆتدا،
لە کەشتی و دەریا و ڕەشەبا دەچیت؛
چونکە تا ئێستا، چاوەکانی تۆ،
کە من دەتوانم ناویان نێم دەریا؛
بەو فرمێسکانەت، مەد و جەزر دەکات.
لەشت، کەشتییە،
لەناو لافاوی سوێردا گەشت دەکات.
"ڕەشەباکان"یش، هەناسەی ساردتن؛
پێشبڕکێ دەکەن لەگەڵ فرمێسکی
چاوەکانتدا.
ئەمانیش لەگەڵ ئەواندا دەیکەن[٤]
ئەگەر تۆ خێرا ژێر نەبیتەوە،
ئەو لەشەت کە با، دەیشڵەقێنێت،
ها، وەردەگەڕێت. (ڕوو دەکاتە بانوو کاپیولێت)
ژنەکە! چی گوت؟
بڕیاری منت، ئایا پێ گەیاند؟

بانوو کاپیولێت:

بەڵێ، سەروەرم، سوپاست دەکات،

(١) برازایەکەم؛ ئازیزەکەم. مەبەستی لە"تیبالت"ە. تیبالت، برازای ژنەکەیەتی.

(٢) شەستەباران؛ ڕەهێڵە، بارانێکی زۆر بەهێز.

(٣) جاران، زۆر جار لە باخچەی سەر جادەکان، بۆ جوانی فوارەیان لەسەر شێوەی پەیکەری ژنێک دروست دەکرد.

(٤) ئەمانیش؛ فرمێسکەکانیش. فرمێسکەکانیش لەگەڵ ڕەشەباکاندا پێشبڕکێ دەکەن.

بەڵام شوو ناکات. دەڵێت من، جارێ
تاکو بیریشی لێ ناکەمەوە.
خۆزگە شووی دەکرد بەگۆڕەکەی خۆی.

کاپیولێت:

توخوا، لەسەرخۆ، تێم بگەیێنە،
مانای چی جارێ
تاکو بیریشی لێ ناکاتەوە؟
ئەتۆ، دەڵێیت چی؟
سوپاسمان ناکات؟ شانازی ناکات
بەوەی کە ئێمە هەوڵمان بۆ داوە؟
خۆیشی بە بەختیار هیچ حساب ناکات؛
کەسی بێ نرخی وەکو ئەو ببێت
بەبووکی کەسێک
ئەوەندە هێژا و بەرز و خانەزا؟

جولیەت:

بەوەی کردووتە، شانازی ناکەم.
بەڵام، بێگومان، سوپاست دەکەم.
هەرگیز شانازی
ناکەم بەوەی من، رقم لێیەتی.
بەڵام بۆ "قین"یش، سوپاست دەکەم،
گەر خۆشەویستی
مەبەستی راستی جەنابی تۆ بێت.[١]

کاپیولێت:

چۆن، چۆن، ئاخر چۆن؟
قسەی سەیر دەکەیت.
وتوویژ لە یەک دەئاڵۆزێنی؟
ئەمە مانای چی؟
جارێکیان دەڵێیت "سوپاست دەکەم"
ئینجاکە دەڵێیت "سوپاست ناکەم"

---

(١) ئەوەی پێشکەشم دەکەیت ئەگەر رقیشم لێی بێت، من سوپاست دەکەم، ئەگەر تۆ بە مەبەستێکی باش کردبێت و وات زانیبێت کە من خۆشم دەوێت.

"بەوەی کردووتە شانازی ناکەم"
کچێ بێ مێشک! نە سوپاسم بکە،
نە بەمنەوە شانازی بکە.
پێ و ئەژنۆکانی خۆت ئامادە کە،
ئەم پێنجشەمەیەی بێتەوە، برۆی،
لەگەڵ "پاریس"دا بۆ کڵێسەکەی
"سانت پوترس". یاخود،
بەزۆر دەتخەمە
گالیسکەیەک و دەتبەم بۆ ئەوێ.
ون بە لەبەر رووم؛
سەیری ئەو رووە زەرد هەڵگەڕاوە
سەوزەی تۆ دەکەم دڵم تێکهەڵدێ.
ون بە دەی برۆ،
نازانم ئەتۆ بەکەڵکی چی دێیت.

بانوو کاپیولێت: (روو دەکاتە مێردەکەی)
شەرموشوورەیی. ئەوە تۆ شێت بوویت؟

جولیەت:
باوکی شیرینم، لەبەر دەمتدا،
دەوەستم لەسەر
ئەژنۆکانم و دەپاڕێمەوە.
ئارامت هەبێ،
هەر بۆ یەک وتە، رێگام بدەرێ. (لەبەر دەمی باوکیدا دەنوشتێتەوەو چۆک دادەدات)

کاپیولێت:
دەنگت لێ نەیەت، زارۆڵەی بێ کەڵک!
کلۆڵی بێ گوێ.
ئەوە پێم گوتی؛ ئەم پێنجشەمەیە،
خۆت ئامادە کە بۆ کڵێسەکە.
یان جارێکی تر
نەکەی ها، سەیری ئەم رووەم بکەیت.
یەک وتەش نەکەیت.
نەکەیت وەڵامی من بدەیتەوە.

ئای پەنجەکانی دەستم دەخورێن.[١]
من، وام دەزانی، ژنەکە، خودا،
زۆر سەخی نەبوو لەگەڵ ئێمەدا؛
تەنیا یەک کچی بە ئێمە داوە.
بەڵام، من ئێستا،
تاکو ئەم یەکەش بە زۆر دەزانم؛
ئەمە لەعنەتە، بۆی ناردین خودا. (روو دەکاتەوە جولیەت)
دەی برۆ، ونبە، بێ کەڵکی ریسوا.

دایەن:
یەزدانی گەردوون، یاریەدەری بە.[٢]
بۆ قیژاندنت بەسەریا، گەورەم،
ئەتۆ پێویستە لۆمە بکرێیت.

کاپیولێت:
ئاخر من بۆچی وا دەقیژێنم،
خانمە داناکە؟
زمانت بگرە، ژنە ژیرەکە!
تۆ چەنەبازی
خۆت، لەگەڵ هاورێ و دۆستی خۆت بکە.
دەی هەڵسە برۆ.

دایەن:
لە دڵسۆزییەوە من ئەوە دەڵێم.

کاپیولێت:
لەرێی خوا برۆ و بەرۆکم بەردە.

دایەن:
نابێت کەس بدوێت؟

کاپیولێت:
بەسە، بێدەنگ بە، گەلحۆی چەنەباز!
ئەو داناییەی
خۆت، تۆ هەڵبگرە بۆ هاورێ چەنە

---

(١) پەنجەکانی دەستم دەخورێن؛ دەستم ئامادەیە زللەت لێ بدات. (ها، من ئامادەم لێت بدەم)
(٢) یەزدانی گەردوون؛ ئەی خوای ئاسمان، یاریەدەری جولیەت بە.

بازەکانی خۆت.
لێرەدا کەسمان ئیشمان پێی نییە.

بانوو کاپیولێت:

زۆر وروژاویت.

کاپیولێت:

بەو نانەی یەزدان، بەئێمەی دەدات،
ئەمەی کە دەیکات، ئەمن شێت دەکات.
بەشەو و رۆژگار،
لەکاتی گەمە و کاتی ئیش و کار،
بەتەنیابم، یان
لەگەڵ کەسوکار،
بیرم لەیەک شت هەر دەکردەوە؛
چۆن من مێردێکی
گونجاو بۆ کچم، بدۆزمەوە.
ئەوەتا ئێستا دۆزیومەتەوە؛
گەنجێکی کەشخەو بەژنوبالاّ جوان،
زیرەک و دانا و گەلێک خانەدان.
لە باوانێکی
پایەبڵند و بەتوانا و دەستدار،
خاوەن سامان و گەلێک زەویزار؛
هەرچی لەپیاو بێت، لەناویایەتی.
ئەوەتا کەچی ئا ئەم نەگبەتە،
ئەو شووە باشە، لە کیس خۆی دەدات.
"ببوورە"، دەڵێت؛
بۆ شووکردن من، هێشتا منالّم،
جارێ ناتوانم کەسم خۆشبوێت. (روو دەکاتە جولیەت)
بەلاّم ئەگەر تۆ، ناتەوێت شوو بکەیت،
من لێت "دەبوورم"؛ برۆ لەوەرێک[١]
بدۆزەرەوە و بۆ خۆت تیای بژی.
لە مالّی مندا، نامێنیتەوە.

---

(١) بە گالّتەپێکردنەوە، دەڵێت "لێت دەبوورم" وەکو بلّێت "نا من، لێت نابوورم"

تۆ لەوە دەبێت باش بیرکەیتەوە.
من، گاڵتە ناکەم.
پێنجشەمە ئەوا نزیک بۆتەوە.
لە دڵی خۆتدا، برۆ بە ژیری
بیرێکی باشی لێ بکەرەوە.
گەر کچی منی، ئەوا من دەتدەم
بەو خانەدانە دۆستەی پێم گوتی.
گەر کچی من نی، لێرە نەمێنی؛
برۆ سواڵ بکەو برسی بمێنە؛
لە کۆڵانێکدا مەرگت دەبینی.
دە بەژیانم،
قەت ئیتر ناڵێم تۆ کچی منی.
هیچ سامانێکیش، بۆ تۆ، نایەڵم
بمێنێتەوە.
دەی ئیتر بیری لێ بکەرەوە.
سوێندم خواردووە و سوێندم ناشکێنم. (دەڕوات)

جولیەت:

لەو هەموو هەور و ئاسمانانەدا،
هیچ رەحمێک نییە
سەیری قووڵاییی دەردی من بکا و
نەختێک بەزەیی پیاما بێتەوە؟ (روو دەکاتە بانوو کاپیولێت)
دایکی شیرینم،
حاشام لێ مەکە و مەمکەرە دەرێ.
تۆ هەر هیچ نەبێ، شووکردنەکەم،
مانگێک، حەفتەیەک،
یان تەنیا نەختێک، دایە، دوابخە.
ئەگەر ناتوانیت،(١)
نوێنی هاوسەریم ئامادە بکە،
لەو جێیە تەسکە تاریکەی ئێستا،
تیبالت لەناویا بۆ خۆی خەوتووە.

(١) ئەگەر ناتوانیت شووکردنەکەم دوا بخەیت.

بانوو کاپیولێت:

لەگەڵ من، مەدوێ.
ئیتر یەک وتەم لەدەم دەرناچێ.
چیت دەوێت، بیکە.[١]
من، دەستەکانم لەتۆ شتووە، (دەڕوات)

جولیەت:

ئای خوایە، خوایە، ئاخ، دایەنەکەم،
چۆن لەم کێشەیە، خۆم رزگارم بکەم؟
مێردەکەم، لەسەر رووی زەمیندایە،
بەڵام پەیمانی شووکردنەکەم،
لە ئاسماندایە.
ئەو پەیمانانەم چۆن بۆ بێتەوە
ئەگەر مێردەکەم،
لەوێوە بۆمی نەنێرێتەوە؟[٢]
دایەنە باشەکەم، دڵدانەوەیەک!
ئامۆژگارییەک!
داخی گرانم، ئاخر چۆن ئاسمان
فێڵێکی هەندە ستەم و گران
لەگەڵ یەکێکی
نەرم و لاوازی وەکو من دەکات؟
ئەتۆ چی دەڵێیت؟
یەک دانە وتەی
دڵدانەوە تۆ، بە ئەمن، ناڵێیت؟
دایەن، دە شتێک تۆ بە من بڵێ!
ئامۆژگارییەک!

دایەن:

ئامۆژگارییەکەم، بەخوا ئەمەیە؛
رۆمیۆ، خۆ تازە نەفی کراوە،

---

(١) چیت دەوێت بیکە. ئەگەر دەتەوێت خۆت بکوژیت، خۆت بکوژە. من دەستم لە تۆ شتووە.

(٢) لە ئاینی مەسیحی کاسۆلیکیدا، تەڵاقدان نییە. مێرد و ژن هەتا دەمرن دەبێت بەیەکەوە بن. لەبەر ئەوە ژن، تا مێردەکەی نەمرێت ناتوانێت شوو بکاتەوە. کەی مێردەکەی مرد، ئەوسا پەیمانی شووکردنەکەی لە ئاسمانەوە بۆ دەنێرێتەوە.

هەرگیز ناوێرێت
بێت بەرەنگاریت بکات و بڵێت؛
من مێردەکەی تۆم.
ئەگەر بێتەوە،
هەر بەدزییەوە ئەو دەتوانێت بێت.
مادام شتەکە ئا بەم جۆرەیە،
باشتر ئەوەیە، شوو بکەیت بەپاریس.
ئای کە پیاوێکی کەشخەیە خوایە.
رۆمیۆ، هیچ نییە،
بەراورد کرێت لەگەڵ "پاریس"دا.
تا "هەڵۆ"ش چاوی ئەوەندە سەوز و
ئەوەندە وریا و هەندە دڵبەر و
جوانی وای نییە.
دەک بەلەعنەت بم گەر درۆزن بم.
من وا بزانم، دووەم مارەییت،
بەختیارییە بۆت؛
چونکە لە یەکەم گەلێک باشترە.
باشتریش نەبێت؛
یەکەم مارەییت، تازە مردووە.
ئەگەر زیندووش بێت، وەک مردوو وایە؛
چونکە هیچ سوودی تۆ لێ نابینی.
جولیەت:
بە هەموو دڵی خۆتەوە ئەرێ،
ئەوەم پێ دەڵێیت؟
دایەن:
بە هەموو دڵ و ویژدانیشمەوە.
ئەگینا لەعنەت، لە هەردووکیان بێت.
جولیەت:
دەی خوایە، ئامین!
دایەن:
ئەوە چی دەڵێیت؟
جولیەت:
دڵدانەوەکەی تۆ زۆر شیرین بوو.

بڕۆ بەدایکم بڵێ جولیەت چوو
بۆ ژووری لۆرێنس.
چونکە باوکمم تووڕە کردووە.
لای ئەو دەروونم، پاک دەکەمەوەو
داوای لێبورن لە گەردوون دەکەم.[١]

دایەن:

بە مەریەم، دەچم،
ئەمە کارێکی باشە کە دەیکەیت. (دایەن دەڕوات)

جولیەت:

دەک بەلەعنەت بیت پیرێژنەکە!
شەیتانی دڵڕەق!
چ "بەزە"یەکیان، گەورەو قووڵترە؛[٢]
لە من بخوازی،
سوێند و پەیمانی شووکردنەکەم،
کە لە بەرچاوی یەزدان خواردوومە،
بیان شکێنم.
یان سەرزەنشتی مێردەکەم بکەیت،
هەر بەو زمانەی کە هەزاران جار،
ستایشێکی زۆرت کردووە؟
ئامۆژگاریکەر، دەی ئیتر بڕۆ
دڵی خۆم بۆ تۆ،
ئیتر لەمەولا، قەت ناکەمەوە.
ئێستاکە دەچم بۆ لای قەشەکە،
تاکو بزانم،
چ تیمارێکی لا هەیە بۆ من.
گەر چارە نەبوو، ئەوسا دەتوانم
بە دەستەکانی
خۆم، خۆم بکوژم. (دەڕوات)

---

(١) مەسیحییەکان، ئەگەر هەڵە دژی خوا، یان دژی یەکێک بکەن، دەچن بۆ لای قەشەیەک لە کڵێسەدا، دان بەهەڵەکەی خۆیاندا دەنێن و لێبوردن لە خوا دەخوازن. لە کڵێسەکاندا، قەشە، ژوورێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەو جۆرە دانپیانانە.

(٢) بەزە: گوناح. هەڵە دژی خوا.

# پەردەی چوارەم

## دیمەنی ١,٤

له ژووری قەشە لۆرێنس. قەشە لۆرێنس و پاریس دەردەکەون

قەشە لۆرێنس:

ئەم پێنجشەمەیە؟
سەروەرم، کاتمان هەر گەلێک کەمە!

پاریس:

ئا، " کاپیولێت"ی
باوکم ئارەزوو دەکات ئاوا بێت.[١]
منیش حەز ناکەم،
پەلەییەکەی ئەو، هێواش بکەمەوە.

قەشە لۆرێنس:

دەربارەی خاتوون، گوتت نازانێت،
چۆن لەم ئاهەنگە بیر دەکاتەوە!
شووکردنێکی ئاسایی نییە.
بە دڵم نییە.

پاریس:

زیاد له ئاسایی، بۆ تیبالت، دەگری.
لەبەر ئەوە من،
ئەوەندە باسی دڵداریم نەکرد.
ئاخر چۆن ڤینۆس، بۆم پێدەکەنێت،[٢]
لەناو ماڵێکدا، پڕ له فرمێسک بێت؟
ئێستا، سەروەرم، بە راو باوەڕی
باوکی کچەکە، مەترسی تیایە؛
رێ بە پەژارەی دڵی بدرێت،

---

(١) زۆر جار، مێرد و ژنی مەسیحی، بەدایک و باوکی هاوسەرەکانی خۆیان دەڵێن دایە و بابە. پاریس، چونکە پەلەیەتی، هەر لە ئێستاوە بەباوکی جولیەت دەڵێت "باوکم"

(٢) ڤینۆس (Venus)؛ خواوەنی خۆشەویستی.

ئاوا بەو جۆرە بەسەریا زاڵ بێت.
ئەمە دانایی باوکەکەیەتی،
خێرایی بکات لە شووکردنی.
لای وایە ئەوە، فرمێسکەکانی
کچەکەی زووتر وشک دەکاتەوە.
ئەو وا دەزانێت،
لەبەر تەنیایی، زیاد لە پێویستی،
بیر لە پەژارەی خۆی دەکاتەوە.
ئێستا دەزانی
چییە بۆنەی ئەم خێراکردنە؟
قەشە لۆرێنس: (لەبەر خۆیەوە)
ئا، بەڵام خۆزگە، من نەمدەزانی
ئەم کارە بۆچی
هەندە پێویستی بە دواخستنە. (جولیەت لە دوورەوە دەردەکەوێت)
سەیرکە، سەروەرم، ئەوا خاتوونە،
بەرەو ژوورەکەی من، بۆ ئێرە دێت.
پاریس: (روو دەکاتە جولیەت)
رێککەوتنێکی خۆشە، شادمانە،
خاتوونە و ژنە خۆشەویستەکەم!
جولیەت:
سەروەرم، دەشێت تۆ ئەوە بڵێیت،
گەر من بەڕاستی ژنت بوومایە.[١]
پاریس:
ئای، خۆشەویستم، ئەگەری ناوێت؛
ئەم پێنجشەمەیە، دەبیت بە ژنم.
جولیەت:
تەنیا ئا ئەوە روودەدا و دەبێت،
ئەوەی پێویستە روو بدا و ببێت.[٢]
قەشە لۆرێنس:

---

(١) مەبەستی ئەوەیە پێی بڵێت؛ من، هاوسەری تۆ نیم.
(٢) تەنیا ئەوە روو دەدات، ئەوەی کە بۆم نووسراوە.

ئەوە، بێگومان، رەوان و راستە.

پاریس:

ئایا تۆ هاتوویت نهێنی دڵت،

ئاشکرا بکەیت لە لای ئەم باوکە؟[١]

جولیەت:

ئەگەر پێت بڵێم،

ئەوسا نهێنی و پەنهانی دڵم،

لەلای تۆ ئەمن ئاشکرای دەکەم،

نەک لەلای قەشە.

پاریس:

پێی بڵێ کە تۆ، منت خۆش دەوێت.

جولیەت:

ئەوا من بۆتی ئاشکرا دەکەم؛

ئەوم خۆش دەوێت.[٢]

پاریس:

ئاخر منیشت، ئەتۆ خۆشدەوێت.

دڵنیام لەوە.

جولیەت:

گەر لە دوای تۆوە،

ئاشکرای بکەم، هێژاتر دەبێت،

لەوەی کە بیکەم، لەبەر دەمتدا.

پاریس:

ئای بەستەزمان، فرمێسکەکانت،

روومەتەکانتی وێران کردووە.

جولیەت:

فرمێسکەکانم، سەرکەوتنێکی

ئاسانیان بەوە تیمار کردووە؛

وێران بوون خۆیان،

بەر لەوەی ئەوان، ئازاریان بدەن.

---

(١) مەسیحییەکان، بە ئاسایی، بە قەشە دەڵێن باوک.

(٢) جولیەت، کە دەڵێت ئەو، مەبەستی لە"رۆمیۆ"یە. بەڵام، پاریس، وا دەزانێت مەبەستی لە"تیبالت" ە

پاریس:

بەو راپۆرتەت تۆ، لە فرمێسکەکان،
زیاتر زیانیان پێ دەگەیێنیت.

جولیەت:

سەروەرم، ئەوەی کە ئێستا گوتم،
خۆ بوختان نییە.
راستەو لە بەردەم رووی خۆما گوتم.

پاریس:

رووی تۆ، هی منە.
ئەوەتانێ تۆ بوختانت پێ کرد.

جولیەت:

دوور نییە وا بێت.
چونکە دیارە من، خاوەنەکەی نیم.[١] (روو دەکاتە قەشەکە)
باوکی پیرۆزم،
ئایا تۆ ئێستا، کاتت بۆم هەیە،
یاخود لە کاتی نوێژکردنی
ئێوارەدا بێم؟

قەشە لۆرێنس:

کچی سوێدارم، ئا، ئێستا کاتم
بەڵێ، بۆت هەیە. (روو دەکاتە پاریس)
بەگم، من دەبێت لە تۆ بخوازم،
کە بەتەنیا بین.

پاریس:

خوا بمپارێزێت لەوەی من رۆژێک
ببم بەبۆنەی
تێکدانی کار و نەریتی ئاین!
جولیەت، پێنجشەمە،
زوو بەیانییەکەی، هەڵت دەستێنم.
دەی تاکو ئەوسا، ئەسپەردەی خوا بیت.

---

(١) یان مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ من خاوەنی رووی خۆم نیم؛ باوکم خاوەنێتی. یان؛ رۆمیۆ خاوەنی ئەم رووەیەی منە.

ئەم ماچە گچکە
پیرۆزەش لە من، تۆ قبووڵ بکە. (ماچێکی پچووکی دەکات و دەڕوات)

جولیەت:

ئاخ، دە دەرگاکە،
دابخە و کە داتخست،
وەرە لەگەڵما فرمێسک بڕێژە.
ئیتر نە هیوام ماوە لە دنیا،
نە دەرمان، نە هیچ جۆرە چارەیەک!

قەشە لۆرێنس:

جولیەت، دەزانم، باش ئاگادارم،
لە پەژارەی تۆ و کێشەی گرانت؛
زیاتر لە رادەی توانای مێشکم،
لە دڵما بیری لێ دەکەمەوە.
بیستوومە دەبێت،
ئەم پێنجشەمەیە و هیچ دوانەخرێت،
شوو بکەیت پاریس.

جولیەت:

قەشە، پێم مەڵێ تۆ چیت بیستووە،
ئەگەر پێم نالێیت چۆن رزگاربم لێی.
بەو داناییەت، ئەگەر ناتوانیت
بۆ من چارەیەک بدۆزیتەوە،
تۆ هەر پێم بڵێ
کە ئەم بڕیارەی داومە دانایە، (لە گیرفانی رۆبەکەیەوە کێردێک دەردەهێنێت)
بەم کێردە ئێستا، چارەی خۆم دەکەم.
خوا دڵی من و "رۆمیۆ"ی پێکەوە
بەستەوەو ئەتۆش، دەستەکانمانت.
ئینجا پێش ئەوەی،
ئەم دەستەی کە تۆ، بەشوو بەستەوە
بەوەی رۆمیۆوە،
مۆری پەیمانی شووی دووەم بکا،
یاخود پێش ئەوەی ئەم دڵە پاکە،

بەوەفایەی من،
خیانەت بکا و یاخی بێت دژم.
ئەم کێردەم هەردووک، ئێستا دەکوژم.[١]
چونکە تۆ گەلێک
دانایت و دنیات دیوەو دەزانی،
من ئامۆژگاری لە تۆ دەخوازم.
یاخود سەیر بکە؛ ئەم کێردە ئێستا،
دەبێت بە دادوەر، لە نێوان من و
ئەم بارودۆخە سامناکەی تیایدام.
ئەمە، بڕیاری
ئەم چارەنووسە سەختەی من دەدات.
ئەوەی هونەر و شارەزایی ئەم
هەموو ساڵانەت
چارەسەرێکیان بۆ نەدۆزییەوە.
دەی زوو پێم بڵێ!  پێم خۆشە بمرم،
گەر ئەوەی دەیڵێیت چارەسەرێکم
بۆ دابین نەکات.
قەشە لۆرێنس:
بوەستە، کچم، ئارامت هەبێت.
جۆرە ئومێدێک، ئەمن دەبینم؛
پێوستی دەکات بە ئاکارێکی
ناچاری و گەلێک نائاسا و سامناک،
وەک ئەو کێشەیەی
کە هەوڵ دەدەین گورێزی بکەین.[٢]
ئەگەر پەسەندی مەرگ زۆرتر دەکەیت
لەوەی شوو بکەیت تۆ بە کۆنت پاریس،
لەو باوەڕەدام کە تۆ بتوانیت
هەڵسیت بەکارێک لە مردن بچێت،
تاکو لە شەرم و لە شەرمەزاری،

(١) هەردووک؛ دەستم و دڵم.
(٢) گورێز کردن؛ لێوەلادان، تەجەنوب کردن.

رزگارت ببێت.[١]
خۆ تۆ بڕیاری
تا ئەوەت دابوو کە بەرەنگاری
مردن، خۆی، بکەیت،
بۆ ئەوەی لەوان، خۆت رزگار بکەیت.[٢]
ئەگەر دەوێری تۆ ئەوە بکەیت،
من چارەسەری دەردەکەت دەکەم.

جولیەت:

ئاخ، تۆ پێم بڵێ
خۆت لە بەرزترین قەڵاوە هەڵدە،
یاخود پێم بڵێ
لەناو دزاندا ژین بەسەربەرە،
یان لەگەڵ ماران، لە نیشتەجێیان.
بەڵام پێم مەڵێ شوو بکە بە پاریس.
بمبەستەرەوە
لەگەڵ ورچێکی زۆر دڕندەو هار.



جولیەت بەگریانەوە لە قەشە لۆرێنس دەپاڕێتەوە
وەکو چۆن " جۆن پێتی John Pettie 1839-1893 "
رەسمی کردووە

(١) وەکو دەزانین، جولیەت، بەدزییەوەشووی کردووەبەرۆمیۆ.
(٢) لەوان؛ لەشەرم و شەرمەزاری.

یان هەموو شەوێک لەناو گۆڕێکدا،
لەگەڵ ئێسقانی
بۆگەن و کەللەی بێ چەناگەدا،
بمشارەرەوە.
لە من بخوازە بچمە گۆڕێک،
تازە بۆ پیاوێک هەڵکەنرابێت،
لەگەڵیا کفنێک بەرگەکەمان بێت.
یاخود شتێکی ئەوەندە سامناک،
لە من بخوازە،
هەر بە بیستنی زەلام بتۆقێت،
بەبێ هیچ گومان، ناترسم دەیکەم
تەنیا بۆ ئەوەی
ئەمن بژیم و بتوانم ببم
بەژنی بێ گەردی خۆشەویستەکەم.

قەشە لۆرێنس:

باشە، کەوا بێت ئارامت هەبێت.
بڕۆرە ماڵێ و دڵت با خۆش بێت.
بە باوانی خۆت، بڵێ کە رازیت
شوو بکەی بە پاریس.
سبەینێ رۆژی چوارشەمەیە، تۆ،
شەوەکەی دەبێت،
لە ژووری خۆتدا، بەتەنیا بنوویت.
با دایەنەکەت،
لە ژوورەکەتدا، لەگەڵتا نەنوێت.
ئەم شووشە گچکە خنجیلانەیەش،
تۆ لەگەڵ خۆتدا بەرە بۆ جێگا.
هەر کە پاڵکەوتی،
گشت ئەو شلکەیەی لەناویایەتی،[١]
هەمووی قوت بدە. یەکسەر دوای ئەوە،
هەست دەکەیت شلکەی ساردی خەو لێخەر،

---

(١) شلکە؛ هەرچ بووژەنێک (مادەیەک) شل بێت پێی دەگوترێت "شلکە".

بەناو دەماری خوێنەکانتدا، دەڕوات و یەکسەر
خەوت لێ دەخات؛
لێدانی دڵت زوو دەوەستێت.
نە هەناسەدان نە تین نە گەرما
وا پێشان دەدەن کە هێشتا زیندوویت؛
ئاڵی ئەو لێوەو روومەتەکانت،
دەکوژێنەوە؛ زەرد هەڵدەگەڕێن.
پێڵووەکانت،
پەنجەرەکانی دوو چاوەکانت،
دادەخەن وەک چۆن
مردن، زەمانی ژیان دادەخات.
ئەندامەکانت،
چونکە لە جووڵە پەکیان دەکەوێت،
رەپ و رەق و سارد دەمێننەوە،
وەکو هیی مردوو.
بەم جۆرە وەکو تەرمێکی مردوو
چل و دوو سەعات دەمێنیتەوە.
ئینجا هەڵدەستیت
وەک لە خەوێکی قووڵی گەلێک خۆش.
کاتی بەیانی، کە زاواکەت دێت
لە نوێنەکەتدا هەڵتدەستێنێت،
دەتبینێت مردوویت.
دوای ئەوە ئیتر، بەپێی نەریتی
وڵاتەکەمان،
جوانترین جلت لەبەر دەکەن و
لە تابووتێکدا،
بە سەر کراوەیی، راتدەکشێنن.
ئینجا دەتهێنن
بۆ ئەو گوومەزە دێرینەی هەموو
کەسوکارانی ماڵی کاپیولێت،
تیادا دەنێژرێن.

لەو کاتەدا من،
تا ئامەدە بین بۆ هەڵساندنت،
نامە بۆ رۆمیۆ دەنێرم و زوو
پیلانەکەی بۆ ئاشکرا دەکەم.
ئیتر بۆ ئێرە دێت و من و ئەو،
سەیرت دەکەین کە
هەڵدەستیت لە خەو.
ئینجا دەستبەجێ، هەر لەو شەوەدا
رۆمیۆ تۆ دەبا و بەرەو مانتووا،
دەکەوێتە رێ.
ئیتر ئا ئەوە، لە شەرمەزاری،
رزگارت دەکات،
ئەگەر دوودڵی نەکەیت و ترسی
ژنانیت کار لە
بەدیهێنانی پیلانمان نەکات.

جولیەت:
بێنە بمدەرێ، بێنە بمدەرێ.
لەگەڵ من باسی ترس ئیتر نەکەی!

قەشە لۆرێنس:
ها، وەری بگرە. ئیتر برۆ، دەی.
دەبێ ئازابی.
نەبەرد بە و نەکەی بکەی دووڵی.
سەرکەوتوو دەبی.
ئێستا دەستبەجێ،
قەشەیەکی خۆم دەنێرم، بچێ
بۆ مانتووا تا نامەکەم بەرێ
بۆ مێردەکەی تۆ.

جولیەت: (روو دەکاتە ئاسمان)
ئاخ، خۆشەویستی، هێزم بدەرێ!
هێز،
یاریدەدەری راستی من دەبێ؛
باوکی پیرۆزم، خوا بتپارێزێ. (دەڕوات)

## دیمەنی ٢,٤

کاپیولێت و بانوو کاپیولێت و دایەنەکەو چەند کارەکەرێک دەردەکەون

کاپیولێت:

بۆ ئاهەنگەکە،

ئەوانەی ناویان تۆمارکراوە،

گشتیان بانگ بکە. (کارەکەرێکیان دەڕوات. روو دەکاتە یەکێکی تریان)

دە دەی تۆش برۆ،

بیست چێشتکەری باش،

بەکرێ بگرە.

کارەکەر:

چێشتکەری بەدت، بەگ، بۆ ناهێنم.

چونکە تاقییان، من دەکەمەوە؛

چۆن پەنجەی خۆیان دەلێسنەوە.

کاپیولێت:

باشە چۆن بەوە،

خراپیان لە باش جیا دەکەیتەوە.

کارەکەر:

بەو خوایە، بەگم، ئەوەی نەزانێت

پەنجەکانی خۆی، بلێسێتەوە،

باش چێشت لێنانێت.

کاپیولێت:

دە برۆ، باشە. (دەڕوات. ئەنجا روو دەکاتە دایەنەکە)

فریا ناکەوین باش ئامادەبین،

بۆ ئەم ئاهەنگە.

چییە، کچەکەم،

رۆیشت بۆ سەردانی لۆرێنسی قەشە؟

دایەن:

ئا، بۆ لای ئەو چوو، گەر راستیت دەوێت.

کاپیولێت:

بەڵکو سوودێکی
باشی هەبێت بۆ ئەم بێ مێشکە،
کەللەڕەقەی کە
بەکەڵک هیچ نایەت. (جولیەت دەگەڕێتەوە)

دایەن:

لەدوای دانپیانان،(١)
سەیری بکە چۆن، بەشادمانییەوە،
دەگەڕێتەوە.

کاپیولێت:

ها،
ئەرێ لاسارە کەللە ڕەقەکەم،
لە کوێ تۆ ئاوا دەسووڕایتەوە؟

جولیەت:

چووم بۆ ئەو جێیەی کە فێریان کردم
چۆن لەو بەزەیەی،
کە گوێڕایەڵی جەنابتان نەبووم،
وە لە فەرمانی ئێوە دەرچووبووم،
تۆبە بکەم و پەشیمانییەتی
خۆم دەرببڕم.
بەئامۆژگاری " لۆرێنس"ی پیرۆز،
هاتووم بکەوم بەسەر پێتدا و لێت
بپاڕێمەوە کە لێم ببووریت. (خۆی دەدات بەسەر پێی باوکیدا)
تکات لێ دەکەم لە من ببوورە.
ئیتر لەمەولا، قەت لە فەرمانی
تۆ، من دەرناچم.

کاپیولێت:

بنێرن بەشوێن " کۆنت"دا و پێی بڵێن
دەربارەی ئەمە!

---

(١)، دانپیانان: لە ئاینی مەسیحیدا ئەگەر یەکێک هەڵەیەک بکات، دەچێت بۆ کەنیسە و لەبەر دەمی قەشەیەکدا دان بەو هەڵەیەی خۆیدا دەنێت بۆ ئەوەی خوا لێی ببوورێت.

سبەی بەیانی با ئەم گرێیە،
توند بکرێت و ببەسترێتەوە.

جولیەت:

" کۆنت"ە گەنجەکەم، لەلای لۆرێنس دی.[١]
من خۆشەویستی
خۆمم هەر تەنیا هەندە دەربڕی،
کە لە سنووری ئەدەب دەرنەچم.

کاپیولێت:

باشە، زۆر باشە، شادمانت کردم.
ئەوەی پێویستە، دیارە کردووتە.
دەی هەڵسە، بەسە.[٢] (دەستی دەگرێت و هەڵی دەستێنێت)
با من " کۆنت"ە کەجارێ ببینم؛ (روو دەکاتە نۆکەرێک)
دەی توخوا برۆ،
بانگی بکە بێت، خێرا بۆ ئێرە.
ئێستاکە لەبەر
چاوانی خواوەنددا، ئاشکرا دەڵێم
شارەکەهەمووی، وامداری ئا ئەم[٣]
قەشە بەڕێزە پیرۆزەمانە.

جولیەت:

دایەن، دەتوانیت لەگەڵ مندا بێیت،
بۆ ژوورەکەی خۆم، یارمەتیم بدەیت؛
چی لەبەر کەم و چی هەڵبژێرم
بۆ رازانەوەی خۆم بۆ سبەینێ؟

بانوو کاپیولێت:

نا، بۆ پێنجشەمە، هێشتاکە زووە.

کاپیولێت:

دایەن، لەگەڵیا تۆ برۆ چونکە،
سبەینێ دەچین بۆ کڵێسەکە. (جولیەت و دایەن دەڕۆن)

---

(١) کۆنتە گەنجەکە، پاریسە. بە باوکی پاریس دەگوترێت؛ کۆنتی "پیر"، یان " گەورە".
(٢)خۆی دابوو بەسەر پێی باوکیدا. تۆبەی دەکرد و دەپاڕایەوە. بۆیە باوکی پێی دەڵێت؛ دەی هەڵسە، بەسە.
(٣) وامدار؛ قەرزدار.

بانوو کاپیولێت:

فریا ناکەوین؛
ئێمە پێوستە خواردن بکڕین،
کاتەکەش بگرە ئەوەتا شەوە.

کاپیولێت:

دە بڕۆ، بڕۆ. هەمووی ڕێک دەخەم.
زۆریش بە باشی،
ژنەکەم، ئەوە، گەرەنتی دەکەم.
تۆ بڕۆ بۆ لای جولیەت و هەندێک
یارمەتیی بدە ئامادە ببێت.
ئەمشەو من نانووم ناچم بۆ جێگە.
وازم لێ بێنە با منیش جارێک،
دەوری کەیبانووی ماڵمان بنوێنم. (کارەکەرەکان بانگ دەکات)
هێی، ئەوە لە کوێن؟ هەموو دەرچوون!
دەی من خۆم دەچم
بۆ لای کۆنت پاریس،
تا بۆ بەیانی ئامادەی بکەم.
دڵم سووک بووەوە و گەلێک شادمانم،
لەوساوەی کچە لاسارەکەی من،
گەڕاوەتەوە بۆ سەر ڕێی ڕەوا.

## دیمەنی ٤,٣

جولیەت و دایەنەکەی دەردەکەون.

جولیەت:

ئا، ئەو جلانەم، گەلێک بەدڵە.
بەڵام، دایەنە دڵناسکەکەم،
تکات لێ دەکەم،
ئەتۆ، من ئەمشەو بەجێ بهێڵە؛
دەبێت بەتەنیا بمێنمەوە،
چونکە دەمەوێت نوێژ بکەم و بپاڕێمەوە،
لە گەردوون بەڵکو
بەزەیی نەختێک پێما بێتەوە و
بۆم پێ بکەنێت.
وەکو دەزانیت،
من تاوانباریم گەلێک کردووە.[١] (بانوو کاپیولێت دێت)

بانوو کاپیولێت:

تۆ خەریکی چیت؟
ئەرێ پێویستی یارمەتی من نیت؟

جولیەت:

نا، خاتوونەکەم،
هەرچی پێویستە بۆ ئاهەنگەکەی
سبەینێ ئێمە، ئامادەمان کرد.
تکات لێ دەکەم، ئیتر من ئێستا،
دەمەوێت هەر خۆم بمێنمەوە.
دایەنەکەش با
ئەمشەو لەگەڵتا بمێنێتەوە.
چونکە، بێگومان،

---

(١) بەدزییەوە شووی کردووە بە رۆمیۆ.

کارێکی زۆرت بەدەستەوەیە
بۆ ئەم شاییە زۆر بەپەلەیە.
بانوو کاپیولێت:
دە باشە شەوباش.
بچۆ بۆ جێگا بحەسێرەوە
چونکە تۆ بەوە، پێویستیت هەیە. (بانوو کاپیولێت و دایەنەکە دەڕۆن)
جولیەت: (لەبەر خۆیەوە)
خواتان لەگەڵ بێت. هەر خۆی دەزانێت
کەی جارێکی تر،
ئێمە یەکتری دەبینینەوە.
هەست بە ترسێکی بێهۆشکەری سارد
دەکەم کە بەناو
دەمارەکانی لەشمدا دەڕوات.
بگرە گەرمایی ژیانم تیادا،
سارد دەکاتەوەو من دەتەزێنێت.
بۆ دڵدانەوەم، دەبا جارێکی
تر من، هەردووکیان بانگ بکەمەوە.
دایەن! نا، ئاخر(١)
ئەو چی دەتوانێت بکات بۆم، ئێستا؟
ئا ئەم دیمەنە سامناکە پەستە،
هەر خۆم پێوستەتە مسیلی بکەم.(٢)
دەی وەرە شووشە خنجیلانەکەم
ئەی چی بکەم ئەگەر ئەم گیراوەیە،
کارم تێ نەکات؟
سبەی بەیانی، شوو بکەم دەبێت؟ (کێردێک لە نزیک خۆیەوە دادەنێت)
نا، نا، ئا ئەمە، رێ لەوە دەگرێت. (روو دەکاتە کێردەکە)
تۆ لامەوە بە.
ئەی ئەگەر هاتوو قەشەکە ژەهری
بۆ تێ کردبم تاکو بمکوژێت

---

(١) دایەنەکەی بانگ دەکاتەوەو پەشیمان دەبێتەوە.

(٢) شێکسپیر، زۆر جار رووداوی ژیانی ئاسایی، وەکو دیمەنی شانۆگەری دەهێنێتە بەر چاو.

نەوەک بەم شووە، ئابڕووی خۆی بچێت؛
چونکە پێش ئەمڕۆ،
ئەم قەشەیە خۆی، منی لە ڕۆمیۆ
مارە کردووە؟
دەترسم وا بێ و ناششێت ئاوابێت،
چونکە پیرۆزی و پاکی ئەم پیاوە،
گەلێک جار تاقی کراونەتەوە.
ئەی چی بکەم ئەگەر،
دوای ئەوەی کە من،
پاڵدەخەن لە ناو تابووتەکەدا،
هۆشم هاتەوە بەر خۆ پێش ئەوەی
ڕۆمیۆ بێتەوە و دەرم بهێنێت؟
ئا ئەمە گەلێک من دەترسێنێت.
ئایا ناخنکێم،
لەوێدا لەناو گوومەزەکەدا؟
چونکە بای سازگار،
روو ناکاتە ناو دەمی بۆگەنی.
دەترسم تیایدا، من بەخنکاوی،
بمرم پێش ئەوەی ڕۆمیۆ، بمگاتێ؟
ئەگەر نەشمرم،
بیرکردنەوەی سامناک دەربارەی
مەرگ و تاریکی من دەترسێنێت.
لەگەڵ سامناکی ئەو جێگەیە خۆی.
هەر لەبەر ئەوەی،
کە لەکۆنەوە، بۆ سەدەها ساڵ،
ئەم گوومەزە جێی
ناشتنی ئێسک و پروسکەکانی
باو و باپیر و خزمانمان بووە.
لەوێشدا تەرمی نوێ نێژراوی،
خوێناوی تیبالت،
لەناو کفنەکەی خۆیدا دەرزێت.

بۆ ئەویش دەڵێن، کە هەموو شەوێک
کاتێکی تایبەت، جنۆکەکان دێن.
ئای خوایە، خوایە، من چەند دەترسم.
ئای چ بۆنێکی
ناخۆشی لێ دێت لەگەڵ دەنگەدەنگ.
دەنگەدەنگێکی زیقی زۆر دزێو[١]
کە زۆر لە دەنگی ماندرێک دەچێت،[٢]
کە لە ڕەگەوە هەڵدەکەنرێت.
مرۆکی زیندوو، کە گوێی لێ دەبێت،[٣]
یەکسەر لە ئاستی خۆیدا شێت دەبێت.
خوایە گەر هاتوو خەبەرم بۆوە،
لەناو ئەم هەموو
شتە دزێوە ترس هێنەرانە،
مێشکم تێک ناچێت؟
وە بەو شێتییەی
خۆمەوە دەست بکەم بەیاریکردن
بەئێسکەکانی باووباپیرم؟
وە ئەو "تیبالت"ە وێران کراوە،
لەناو کفنەکەی خۆی دەربهێنم؟
وە بە بەر شێتێتی خۆمەوە بچم،
بەئێسکی یەکێک لە خزمەکانم،
لە باتی کوتەک بەکار بهێنم،
مێشکی داماوی خۆم بپژێنم؟
ئای تۆ سەیر بکە، من وابزانم
خێوی کوڕەکەی خاڵم دەبینم،
دەگەڕێت بەشوێن ڕۆمیۆدا، ئەوەی
بە شمشێرەکەی لەشی وێران کرد.
تیبالت، بوەستە!

---

(١) دزێو؛ نەفرەتلێکراو، بێزراو.

(٢) ماندرێک: جۆرە گژوگیایەکە، کە لە رەگەوە هەڵدەکێشرێت دەنگێکی لێ دێت، لەزریکەی ئادەمیزاد دەچێت.

(٣) مرۆک؛ مرۆڤ.

ئاخ، رۆمیۆ، رۆمیۆ، ئەوەتا هاتم،
کوایت، گیراوەکە،
رۆمیۆ، من بۆ تۆ، ئەمە، دەنۆشم.
(دەرمانەکە، دەخواتەوەو دەکەوێت بەسەر جێگەکەیدا)

## دیمەنی ٤ , ٤

بانوو کاپیولێت و دایەن دەردەکەون

بانوو کاپیولێت:

بوەستە دایەن، ها کلیلەکان،

داو و دەرمانی ترمان بۆ بێنە.

دایەن:

ئەوانەی ژووری چێشت لێنانەکە،

بۆ هەویرەکە،

خاتوونە، خورما و بەهێ دەخوازن.[١] (کاپیولێت دێت)

کاپیولێت:

بجووڵێنەوە، دەی بەخێرایی،

ئەوە دووهەمین کەڵەشێر خوێندی.

ساتی ئێشکگری شار وا سێی لێدا.[٢]

تۆ ئاگادار بە،

گۆشتەکان هەموو باش لێنرابن.

دەی ئەنجیلیکە، ژنە باشەکە،

گوێ مەدەرە نرخ.[٣]

دایەن:

کەیبانووەکە، برۆ بۆ جێگە.

گەر ئەمشەو نەنوویت، سبەی ئەگینا،

نەخۆش دەکەویت.

کاپیولێت:

نا، هیچ وا نییە.

---

(١) لە هەویر و خورما و بەهێ، کولیچەو شتی وا دروست دەکەن بۆ زەماوەندەکەی سبەینێ.

(٢) ئێشکگرەکانی شارەکە بەسەعات ئێشکگرییان دەکرد. سەعاتەکە لێ دەدات بۆ ئەوەی هەر کەس کاتی خۆی بزانێت.

(٣) ئەنجیلیکە، یان ناوی ژنەکەیەتی، یان ناوی دایەنەکە. گوێ مەدەرە نرخ؛ با پارەی تێ بچێت، گوێ مەدەرە پارە.

تۆ، چیم پێ دەڵێیت!
پێش ئێستا، چەند جار، هەموو شەوەکە،
نەنوستووم بەهۆی کاروکردەوەی
پچووکتر لەمە.
قەت رۆژێکیش من، نەخۆش نەکەوتووم.
بانوو کاپیولێت:
لەکاتی خۆتدا،
لەگەڵ ژناندا، شەوت رادەبوارد.
بەڵام من ئێستا ئاگادارتم،
نایەڵم شەوی وا راببوێری. (بانوو کاپیولێت و دایەن دەڕۆن)
کاپیولێت:
دڵ پیسێتییە، دڵ پیسێتییە. (دووسێ کارەکەر دێن)
ها، ئێوە ئێستا چیتان گەرەکە؟
یەکەم کارەکەر:
بۆ چێشتکەرەکە، شتمان گەرەکە.
بەڵام، نازانم بەتەواوی چی.
کاپیولێت:
خێرابکەن، خێرا! (یەکەم کارەکەر دەڕوات)
دەی کوڕە بڕۆ
دار و تەختەی وشک بێنە بۆ ئێرە.
پوترس، بانگ بکە پێشانت بدات.
دووەم کارەکەر:
بەگم، خۆم سەرم هەیەو دەزانم
لەکوێ تەختەی وشک بدۆزمەوە.
من پوترس بەوە، قەت بێزار ناکەم.
کاپیولێت:
تۆ وەڵامێکی باشت دامەوە.
دیارە زۆڵێکی وریا و زیرەکی.
بە "کەللە تەختە" ناوت لێ دەنێم.[١] (کارەکەرەکە دەڕوات)
ئای خوایە، خوایە، خۆ وا بەیانە،

(١) کەللە تەختە: بێ مێشک. کاپیولێت گاڵتەی لەگەڵدا دەکات.

ئیتر ئێستاکە " کۆنت" لەوانەیە،
لە هەر کاتێکدا،
لەگەڵ دومبوگچی و زوڕناژەنەکان،
لێرە دەرکەوێت. خۆی وای پێ گوتم.
گوێم لێیانە دێن.
دایەن! ژنەکەم! دەی خێرا وەرن.
دەی دایەنەکە، ئەمن چی دەڵێم! (دایەن دێت)
دەی بڕۆن جولیەت، ٤,٤,٢٥
لەخەو هەڵسێنن، جلی لەبەرکەن.
من دەچم لەگەڵ "پاریس"دا دەدوێم.
دەی خێرا بکەن، وا هات زاواکە.
خێرا بکەن دەڵێم!

## دیمەنی ٤,٥

دایەن دەچێتە ژوورەکەی جولیەت.

دایەن:

هەڵسە خاتوونە، دەی خاتوونەکەم!
خاتوونەکەمی!
دەبێت خەوێکی قووڵ گرتبێتی.
هەڵسە مەڕەکەم. دە هەڵسە، شەرمە.
دەی خاتوونەکەم! ئای کە تەمەڵە!
هەڵسەڤیانم! ئاخر دە هەڵسە!
هەڵسە خاتوونە خۆشەویستەکەم!
هەڵسە بووکەکەم.
ئەم کچە چییەتی، نەدەنگ، نەوتە؟
بەم خەوە کورتە، ئەتۆ پێویستە،
بەشی یەک حەفتە، بحەسێیتەوە؛
چونکە ئەم شەوەی بێتەوە، پاریس،
نایەڵێت یەک تاو، بحەسێیتەوە.
لە ڕێی حەزرەتی
مەریەم، ئای، خوایە، لە من ببوورە![١]
ئامین، دەی خوایە!
ئای لە خەوێکی چەند گراندایە!
بەڵام پێویستە هەڵسێت و دەبێت
هەڵتبستێنم.
خاتوونە، خاتوون. خاتوونە، هەڵسە!
دە باشە" کۆنت"، خۆی، هەڵت دەستێنێت؛
بەترساندن ئەو،
لە جێگاکەتدا رات دەپەڕێنێت.

---

(١) لێبووردن لە خوا دەخوازێت، چونکە بیر لەوە دەکاتەوە کە پاریس و جولیەت ئەمشەو پێکەوە چی دەکەن.

هەڵسە! هەڵناستیت؟ (پەردەی پەنجەرەکان دەکاتەوە)
ئای، ئەوە چییە!
جلەکەی خۆتت لەبەر کردووە و
گەڕاویتەوە دیسان بۆ جێگا؟
پێویستە لە خەو، هەڵتبستێنم.
دە خانم هەڵسە، دەی، خانم، خانم!
(دەستی لێ دەدات، هەست دەکات کە لەشی سارد بووەتەوە)
داخی گرانم. خوایە یارمەتی!
یەکێک یارمەتی،
ئای قوڕبەسەرم، خاتوون مردووە!
لەعنەت لە ڕۆژی لەدایکبوونم.
فریام بکەون، قومێک براندی.[١]
ئاخ، ئاخ، سەروەرم!
ئاخ، بانووەکەم![٢] (دایکەکەی دێت)

بانوو کاپیولێت:
ئەرێ ئەم هەرا و هوریایە چییە؟

دایەن:
ئای چ ڕۆژێکە!

بانوو کاپیولێت:
چییە، چی بووە؟

دایەن:
سەیر بکە، بڕوانە، تۆ سەیری بکە!
ئای کە ڕۆژێکی سەخت و گرانە!

بانوو کاپیولێت:
ئای قوڕبەسەرم، وەی لە من، کچم،
بەهۆش بەرەوە.
دانە ڕۆڵەمی؛ ژیانی منی.
یان چاوەکانی خۆت بکەرەوە،
یان لەگەڵ خۆتدا دەبێت من بەری.

---

(١) گەر یەکێک دڵی خاو ببێتەوە و خەریک بێت ببورێتەوە. گوایە براندی، دەیبووژێنێتەوە.
(٢) سەروەرم، بانووەکەم؛ مەبەستی لە کاپیولێت و ژنەکەیەتی.

خوایە، یارمەتی! یەکێک، یارمەتی! (روو دەکاتە دایەنەکە)
دە بۆ یارمەتی، هاوارکەرەوە. (لەو کاتەدا کاپیولێت دێت)

کاپیولێت:

شەرم و شوورەیی،
بەجولیەت بلێن بێتە دەرەوە.
زاواکەی ئەوا چاوەڕوانییەتی.

دایەن:

داخی گرانم، مردووە جولیەت.
مردووە مردوو.
دەک خوا بتگرێت
ئای چ رۆژێکی خەفەت هێنەری!

بانوو کاپیولێت:

مردووە جولیەت، داخی بە جەرگم!
جولیەت، مردووە. مردووە جولیەت.

کاپیولێت:

چۆن! با ببینم!
ئای خوایە، لەشی، خۆ سارد بۆتەوە.
خوێنی وەستاوەو دەست و پێیەکانی
رەق بوونەتەوە.
ئای، ئەم لێوانە و ژیان دەمێکە،
لەگەڵ یەکتری جیا بوونەتەوە.
مردن بەسەریا وا نیشتووەتەوە،
وەکو بەستەڵەک، بەسەر گوڵێکی(١)
جوان لە باخێکدا، بەهۆی هاتنی
سەرما پێش کاتی زستانی راستی.

دایەن:

ئاخ چ رۆژێکی پەست و غەمگینە!

بانوو کاپیولێت:

رۆژی کلۆلی و وێرانی منە!

---

(١) بەستەڵەک: سەهۆڵ، کە بەسەر شتێکدا دەیبەستێت.

کاپیولێت:

ئەو مەرگەی ئەوی بردەوە تاکو
ناڵە لە گیانی من دەربهێنێت،
زمان و زاری بەستوومەتەوە
نایەڵێت وتەم لە دەم دەربچێت.[1]

(قەشە لۆرێنس لەگەڵ کۆنت پاریس و تیپێکی مۆسیقا دەردەکەون)

قەشە لۆرێنس:

بووک، ئامادەیە، بێت بۆ کڵێسە؟

کاپیولێت:

ئا، ئامادەیە،
بچێت و ئیتر نەگەڕێتەوە. (روو دەکاتە پاریس)
ئاخ، کوڕم، کوڕم،
شەوێک پێش رۆژی زەماوەندەکەت،
مەرگ، هاتووەتە ناو نوێنی ژنەکەت.
شەوەکەی لەگەڵ–
دا، رابووردووە. ئەوەتا لەوێ
دا، پاڵ کەوتووە.
مەرگ گوڵەکەمی، لە گوڵێنی خست.[2]
ئێستا مەرگ بووە،
بە زاوای من و میراتگرەکەم؛
کچەکەی منی مارە کردووە.
ئەمرم و بۆ ئەو، هەموو شتێکم؛[3]
ژیان و موڵک و سامانەکانم،
بەجێ دەهێڵم.

پاریس:

ئەم هەموو رۆژە، بە پەرۆشەوە،
چاوەڕوانی ئەم بەیانییە بووم.

---

(١) مرۆڤ، کە گریانی دێت، قسەی پێ ناکرێت.

(٢) وەکو بڵێت؛ لەباتی ئەوەی تۆ کچێنی کچەکەم ببەیت. مەرگ پێشت کەوت و هات گوڵەکەمی لە گوڵێنی خست.

(٣) ئەو؛ مەبەستی لە مردنە. کاپیولێت مناڵی تری نییە.

کەچی دیمەنی وام پیشان دەدات؟

بانوو کاپیولێت:

دزێوترین ڕۆژ، دەک بە لەعنەتبی،
هەی سوێ هێنەری خودا لێگرتوو،
ئای کەرۆژێکی پەست و غەمگینی.
زەمان، ئەوەتی هەیە ساتێکی
هەندە واماوی قەت نەبینیوە.
هەر یەک منالّی زۆر خۆشەویستی
هەژارم هەبوو،
تاکە یەک شتم، لە دنیا هەبوو،
ئەوەی ئومێد و کەیفم پێی هەبوو،
کەچی، ئاخ، مەرگی
ستەمکار، هات و لەبەر چاوانی
خۆمدا فڕاندی.

دایەن:

ئای کە رۆژێکی سوێدار و پەستە.
ئای، هەی پەستترین رۆژی سەرزەمین!
ئەوەتی من هەم، هەرگیز رۆژێکی
ئەوەندە تالّ و خەفەت هێنەری
وام نەبینیوە.
وەی لەم رۆژەی من، هاوار وەی لە من،
وەی لە رەشترین رۆژی ژیانم.

پاریس:

خەلّەتێندراوم، تەلاقدراوم،
رسوا کراوم، من کوژراوم
"دزێو"ترین مەرگ،
تۆ بوویت ئەوەی کە منی خەلّەتاند.
بە ستەمکاریت، وێرانت کردم.
ئای، کە بێڕەحمی. (روو دەکاتە جولیەت)
ئاخ، خۆشەویستم! گیانی شیرینم!
بە مردووییش تۆ، خۆشەویستمی.

کاپیولێت:

ریسوا کراوم، دڵپەست کراوم،
شەهید کراوم. ئاخ، کوژراوم.
زەمانی دڵڕەق، هەی بێ بەزەیی،
بۆ لەم کاتەدا، هاتیت بیکوژیت.
هاتیت بۆ ئەوەی
زەماوەندەکەی ئێمە بکوژیت؟
ئاخ منداڵەکەم، ئاخ، ئاخ، رۆڵەکەم،
نەک منداڵەکەم،
تۆ گیانی منی و ئەوەتا مردی.
داخی گرانم، مەرگ رۆڵەکەمی
برد و شادمانی، لەگەڵیدا ناشت.

قەشە لۆرێنس:

شەرمە، بێ دەنگبن، گوێ بگرن لە من.
پەژارەو ئاهین
تیمار ناکرێن بەگریان و شین.
دەبێت بزانن کە ئێوە و گەردوون
هەردووک هاوبەش بوون،
لەم کچە جوانە ناسکۆڵەتاندا.
ئەوەتا گەردوون هەمووی بەگشتی
بۆ خۆی بردەوە.
ئەوە باشترە بۆ کچەکە خۆی؛
بەشەکەی خۆتان ئێوە ناتوانن
لە دەستی مردن قەت بپارێزن.
بەشەکەی گەردوون،(١)
نەمرەو دەژێت تا هەتاهەتا.
ئێوە، دەتانویست
ئەو سەرکەوتوو بێت لە ژیانیدا،
واشتان دەزانی، بە شووکردنی
باش، کچەکەتان،

---

(١) بەشەکەی گەردوون؛ گیان.

سەردەکەوێ و بەرز دەبێتەوە.
ئەوەتا گیانی، بەرزتر بووەتەوە
لە هەور و بگرە گەیشتووەتە ئاسمان.
کەچی بۆی دەگرین.
خۆتان خۆشدەوێت؛
دیارە ئێوە رەشک بە شادیی دەبەن.[١]
شووکردنێکی باش نییە ئەگەر،
بە شووکردوویی، ژن تەمەنێکی
درێژ رابوێرێت.
شووکردنێکی باشە ئەگەر زوو،
بە گەنجی، بمرێت.[٢]
با چاوەکانتان وشک ببنەوە.
دەی گوڵ و نەسرین
دابنێن لەسەر تەرمە جوانەکەی.
بەپێی ئاسایی، جوانترین جلی
لەبەر بکەن و
زوو هەڵی بگرن بۆ کڵێسەکە.
هەرچەند سروشتی بەسۆز، لە ئێمە،
خەفەت دەخوازێت،
لەگەڵ ئەوەشدا،
بەو فرمێسکانەی کە دڵنەرمێتی
سروشت، بەم جۆرە پێمان دەرێژێت،
دانایی راستی پێکەنینی دێت.
کاپیولێت:
دەی هەرچییەکمان، بۆ ئەم ئاهەنگە،
فەرمان کرووە،
با بۆ پرسەی رەش ئامادە بکرێت:
تیپی مۆسیقا، لەباتی شادی،

---

(١) رەشک؛ حەسوودی. دیارە ئێوە رەشک بە شادی ئەو دەبەن.
(٢) قەشەکە، یان مەبەستی ئەوەیە ئەم شیوەن و گریانە رابوەستێنێت. یان مەبەستی لەم جۆرە شووکردنەیە کە کچ بەزۆر دەدرێت بە پیاوێک بەدڵی خۆی نەبێت.

تەنیا ئاوازی سوێداری غەمگین،
ئیتر با لێ بدات.
هەر واش ئاهەنگی کەیف و شادمانی
ببێت بە پرسە و غەم و سوێداری.
بەستەی شاییەکە،
بکەن بە بەستەی سوێ و ماتەمینی؛
هەموو کارێک و چالاکییەکی
ئەمڕۆ، بگۆڕن بەوەی دژیەتی.
قەشە لۆرێنس:
فەرموو، سەروەرم، بڕۆرە ژووریٚ.
تۆش، بانووەکەم فەرموو لەگەڵی.
هەمووتان خۆتان ئامادە بکەن
بەدوای ئەم تەرمە جوانەوە بچن
بۆ ناشتنەکەی.
رووی گرژە ئاسمان
لێتان، بەبۆنەی کردەوەیەکتان.
ها، نەکەن زیاتر خوا تووڕە بکەن،
بە وەستاندنتان دژی ئارەزووی.
(هەموویان دەڕۆن، جگە لە دایەن و ئاوازژەنەکان، گوڵ لەسەر تەرمەکەی جولیەت دادەنێن)
یەکەم ئاوازژەن:
بەخوا پێویستە، ئامێرەکانی،
خۆمان هەڵبگرین، دەربچین لێرە.
دایەن:
کوڕە باشەکان،
ئا، هەڵیان بگرن. باش ئاگادارن،(١)
ئێستاکە کاتی ماتەمینییە.
یەکەم ئاوازژەن: (بەرگە دڕاوەکەی ئامێرەکەی خۆی پیشان دایەنەکە دەدات)
ئا، بەڵێ، راستە.
بەڵام ئەم بەرگە

(١) با ئامێرەکانی ئاوازژەنی خۆمان هەڵبگرینەوە.

دڕاوە، دەبێت چاکرێتەوە[١] (پوترس، گوێی لێیان دەبێت و دێتە ژوورەوە. دایەن دەڕوات)

پوترس:

ئاوازژەنەکان، ئاوازژەنەکان،

دەی ئاوازێکی دڵکردنەوە،

لێبدەن بەڵکو

من بۆ خۆم هەندێک ببووژێمەوە.

دەی ئاوازێکی دڵکردنەوە![٢]

یەکەم ئاوازژەن:

ئاخر لەبەر چی، دڵکردنەوە؟

پوترس:

ئاوازژەنەکان، چونکە دڵم خۆی،

تەنیا ئاوازی "پەستی و دڵتەنگی"

بۆ من لێدەدات.

دەی ئاوازێکی کەیف و سوێداری،[٣]

لێدەن دڵم پێی بکرێتەوە.

یەکەم ئاوازژەن:

ئێمە ئاوازی ئاوا لێ نادەین.

ئێستاکە کاتی مۆسیقا نییە.

پوترس:

کەوابێت ئێوە بۆمی لێ نادەن؟

یەکەم ئاوازژەن:

نەخێر لێی نادەین.

پوترس:

کەوابێت ئەمن، باشتان دەدەمێ!

یەکەم ئاوازژەن:

چیمان دەدەیتێ؟

---

(١) مەبەستی ئەوەیە بڵێت: راستە ئێستا کاتی ئاوازلێدان نییە. بەڵام، حەقە تۆزێک پارەمان بدەنێ. هیچ نەبێت بۆ ئەوەی بەرگی ئامێرەکانمانی پێ چاک بکەینەوە.

(٢) پوترس، بەم وتانەی دەیەوێت ئاوازژەنەکان شەرمەزار بکات. چونکە لە کاتێکی ئاوادا داوای پارە دەکەن.

(٣) بێگومان، کەیف و سوێداری، دوو وشەن ماناکانیان دژی یەکترین. لیرەدا پوترس، بۆ گاڵتەپێکردن ئەم رستەیە بەکار دەهێنێت.

پوترس:
به خوا، پاره نا. هووها لیٚ کیٚشان.
ناوتان لیٚ دەنیٚم؛
ئاوازژەنانی جادەو کوٚلآنان.
یەکەم ئاوازژەن:
کەوابیٚت ناوت، دەنیٚم " خزمەتکار."
پوترس:
کەوابیٚت ئا بەم، خەنجەرەی خزمەت-
کارییەم ئیٚستا، لەسەرت دەدەم.
ریسواکردنی
توٚم، من بەڕاستی، پیٚ ناچیٚژریٚت.
گویٚ لەمن دەگری؟
یەکەم ئاوازژەن:
سازی ئاوازیٚک داهیٚنە بوٚمان
ئەوساکە توٚ گویٚ
لە ئیٚمە دەگری.
دووەم ئاوازژەن:
تکات لیٚ دەکەم؛ ئەو خەنجەرەی خوٚت،
لابەرەو میٚشکی خوٚت بەکاربیٚنە. (خەنجەرەکەی لادەبات)
پوترس:
باشە کەوابیٚت،
بە میٚژی لەگەڵ ئیٚوە دەجەنگم.(١)
ئا بەم میٚشکە پوٚلآیەم، ئیٚوە
تیٚهەڵدانیٚکی وشک وشک دەچیٚژن؛(٢)
واز لە خەنجەری پوٚلآم دەهیٚنم.
دەی ئیتر وەک پیاو، وەک پیاوی دانا،
وەلآمی پرسی من بدەنەوە.
تینی پەژارە،
کە دڵی مروٚڤ بریندار دەکات،

(١) میٚژی؛ میٚشک
(٢) وشک؛ بیٚ خویٚن.

ئازری بیر و دەروون پەست دەکات،
ئەوساکە ئاواز، بەدەنگی زیویی[١]...
بۆ دەنگی زیوی؟
لەبەر چی " ئاواز بەدەنگی زیوی"؟
ها، تۆ دەڵێی چی، سیمۆی بلوێرژەن؟[٢]

یەکەم ئاوازژەن:
به مەریەم، بەگم،
چونکە زیو دەنگی خۆش دەداتەوە.

پوترس:
دوور نییە وابێت.
ئەی تۆ دەڵێی چی، "هیوز"ی کەمانچی؟[٣]

دووەم ئاوازژەن:
رەنگە، بەگ، "دەنگی زیوی" پێی بڵێن
چونکە ئاوازژەن، بۆ سازەکانی
هەر زیو وەردەگرێ.

پوترس:
ئەمەشیان، باشە.
ئەی تۆ دەڵێیت چی، "جێمس"ی دومبگچی؟[٤]

سێیەم ئاوازژەن:
بەخوا نازانم ئەمن بڵێم چی.

پوترس:
ئای، ببوورە لێم؛ گۆرانی بێژی.[٥]
من بۆتی دەڵێم.
"ئاواز بەدەنگی زیوی" پێ دەڵێن
چونکە ئاوازژەن ئاڵتوون وەرناگرێت
بۆ سازەکانی.[٦]

---

(١) ئەوساکە، ئاواز، بەدەنگی زیویی، خەفەتی دڵی پیاو ئاسان دەکات.

(٢) سیمۆ، ناوی ئاوازژەنەکەیە. بلوێرژەن؛ نازناوەکەیەتی. چونکە بلوێر لێ دەدات.

(٣) هیوز: ناوی ئەو ئاوازژەنەیە کە کەمان لێ دەدات.

(٤) جێمس، ناوی ئەو ئاوازژەنەیە کە دومبگ لێ دەدات.

(٥) مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ چونکە تۆ گۆرانی بێژیت، هیچ نازانیت.

(٦) کەس پارەی ئاڵتون نادات بەئاوازژەن. هەر پارەی زیوی دەدەنێ.

ئەوساکە ئاواز بەدەنگی زیویی
خەفەتی دڵی
پیاو ئاسان دەکات. (دەڕوات) ٤,٥,١٣٥
یەکەم ئاوازژەن:
چەند ناکەسێکی ئێسک گرانە!
دووەم ئاوازژەن:
گوێشی مەدەرێ.
دەی با بچینە ژوورەوە لەوێ
چاوەڕوان بکەین،
لەگەڵ سوێدار و میوانەکاندا،
شێو، لێرە دەکەین. (دەڕۆن)

# پەردەی پێنجەم

## دیمەنی ١,٥

رۆمیۆ، لەسەر جادەیەکی شاری مانتووا دەردەکەوێت

رۆمیۆ:

گەر بڕوا بکەم من بەڕاستگۆیی
خەوی رووخۆشی مەراییکەرم،
من خەوەکانم؛
پێشبینی ئەوە دەکەن هەواڵی
شادی ببیستم.
شاهانشای دڵم،
سووک سووک، بەنەرمی
لەسەر تەختەکەی خۆی دانیشتووە؛
هەموو رۆژ کە،[١]
رۆحێکی نامۆ، بەخەیاڵی خۆش،
من لە خاکەوە بەرز دەکاتەوە؛[٢]
خەوێکم بینی، خاتوونەی ژنم،
هات بۆ سەردانم.
سەیری کرد گیانم دەرچووە و مردووم
سەیرە ئەو خەوەی کەرێ بەپیاوی
بێ گیانی مردوو،
دەدات، مێشکی بیر بکاتەوە
لێوەکانمی جۆرە ماچێک کرد،
گیان و ژیانی خستە لەشمەوە.
کە بووژامەوە، ئیمپراتۆر بووم.[٣]

(١) شاهانشا؛ مەبەستی لە خۆشەویستییە. رۆمیۆ، دەڵێت؛ خۆشەویستی، حوکمی دڵی من دەکات و بەجۆرێکی باش، بە نەرمی، دەیکات.

(٢) لە کەیفدا دەفڕم.

(٣) ئیمپراتۆر: شاهانشا. ئەوەندە دڵم خۆش بوو، خۆم بە ئیمپراتۆر دەزانی.

ئای خوایە ئەڤین،
خۆی، دەبێت چەند تام خۆش و شیرین بێت؛[١]
گەر سێبەرێکی،[٢]
ئەوەندە شادی بهێنێتە دڵ! (بالتەزاری نۆکەری دەبینێت)
هەواڵی پێیە لە"ڤیرۆنا"وە!
بالتەزار، ئەرێ، لە قەشەکەوە،
هیچ نامەیەکت بۆ نەهێناوم؟
ژنەکەم چۆنە؟ خۆ چاکە باوکم؟
جولیەت، چۆنە، چۆن؟
دووەمین جارە لێتی دەپرسم.
گەر ئەو، دروست بێت،
ئیتر هیچ شتێک نادروست نابێت.

بالتەزار:

ئەگەر ئاوابێت، خۆ ئەو دروستە؛
هیچ شتێک ئیتر نادروست نابێت.
تەرمەکەی لەناو
گۆڕستانەکەی ماڵی کاپیولێت،
نوستووە و پاری
نەمری لەگەڵ فریشتەو پەری،[٣]
لە ئاسمان دەژی.
من دیم کە ناشتیان
لەناو گوومەزی خزمەکانیدا.
دەستبەجێ هاتم تا پێتی بڵێم.
ئاخ، ببوورە لێم کە هەواڵێکی
هەندە ناخۆشم بۆ تۆ هێناوە.
گەورەم، تۆ خۆت ئەم

---

(١) خۆی؛ ئەڤین خۆی. ئەڤینی راستی، هی خەو نا.

(٢) مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ ئەو ئەڤینەی لە خەومانددا دەیبینین، ئەڤینی راستی نییە. سێبەری ئەڤینە. ئینجا، ئای خوایە، ئەگەر سێبەری خۆشەویستی ئەوەندە شادی بهێنێتە دڵ، خۆی، خۆشەویستی راستی، دەبێت چەند خۆش بێت.

(٣) پاری نەمری؛ بەشی نەمری؛ رۆحەکەی.

ئەركە گرانەت، خستە سەر ئەستۆم.

رۆمیۆ:

تۆ بەڕاستیتە؟ (روو دەكاتەئاسمان)
ئاخ، ئەستێرەكان، ئەمەی پێی گوتم،
گەر راست دەربچێت،
من فەرامۆشی هەمووتان، دەكەم![١] (روو دەكاتەوە بالتەزار)
خۆ تۆ دەزانیت من لەكوێ دەژیم؟
برۆ كاغەز و
مەرەكەب خێرا بۆ من بهێنەو[٢]
چەند ئەسپێكیش زوو بگرە بە كرێ!
ئەمشەو راستەوخۆ، دەچم بۆ ئەوێ.

بالتەزار:

بەگم، لەسەرخۆ، تكات لێ دەكەم.
زەرد هەڵگەڕاوی و گەلێك دڕ دیاریت.
دەترسم تووشی بەدبەختییەك بیت.

رۆمیۆ:

بەهەڵە چوویت. وازم لێ بێنە.
تۆ تەنیا ئەوە
بكە ئەوەی من، لێتی دەخوازم.
لە قەشەكەوە،
هیچ نامەیەكت بۆ نەهێناوم؟

بالتەزار:

نەخێر، سەروەرم.

رۆمیۆ:

دەی، گوێی مەدەرێ.
برۆ دەستبەجێ تۆ ئەسپەكانم
بۆ بگرە و خۆشم
دێم و لەوێدا، لەوێ دەتبینم. (بالتەزار دەڕوات)

---

(١) گوێ نادەمە ئەستێرەی بەختم، چی بۆ نووسیوم، یان نەینووسیوە. من هەموو ئەستێرەكان فەرامۆش دەكەم.

(٢) كاغەز و مەرەكەبی پێویستە بۆ ئەوەی نامە بنووسێت.

دەی، باشە، جولیەت، (لەبەر خۆیەوە دەدوێت)
لە تەنیشت تۆوە، ئەمشەو من دەنووم.
جا با بزانم،
من چۆن ئەم کارە بەدی دەهێنم.
ئاخ، ئاخ، کلۆڵی، چەند خێرا دەچی
بۆ ناو مێشکی مرۆڤی داماو.[1]
دەرمانسازێکم،   من هاتەوە بیر.
لەم ناوچەیەدا، لام وایە، دەژی.
دوو برۆی چڕی گەورەی پێوەیە.
لەپێش ماوەیەک،
دیم بە جلێکی شڕ و وڕەوە،
گژوگیا و رەگی کۆ دەکردەوە.
باش پێوەی دیاربوو کە چەند داماوە،
بەدەست هەژاری و برسێتییەوە.
لەناو دووکانە پەڕپووتەکەیدا،[2]
من چەند پشتێکی کیسەڵ و چەرمی
تیمساح و پێستی چەند ماسییەکی
ناشیرینم دی، هەڵواسرابوون.
بۆ ئەوەی شت و مەکەکانی ناو
دوکانەکەی زۆر، بۆ خەڵک دەرکەون،
لەسەر رەفەکان، بڵاو داینابوون
لەگەڵ چەند قاب و قوتووی بەتاڵ و
دیزەی سەوز سەوز و چەند میزەڵانێک.[3]
هەر وەها پارچەی
گوش، لەو گوشانەی،
لە پێچانەوە دەمێننەوە.[4]

(١) مرۆڤە داماوەکە رۆمیۆ خۆیەتی. رۆمیو، بیر دەکاتەوە ئەگەر ئەو هەواڵە راست دەربچێت، کە جولیەت مردووە، بچێت لای تەرمەکەی ئەوەوە، خۆی بکوژێت و بە هەمیشەیی لەوێ، لەگەڵیدا، بمێنێتەوە.

(٢) پەڕپووت؛ کاوڵ، وێران.

(٣) میزەڵانی ئاژەڵ، لەباتی بوتڵ بەکار دەهێنرا.

(٤) پێچانەوەی ئەو دەرمان و شتانەی کە دەیفرۆشێت.

لەگەڵ گوڵاڵەی وشکی پەستراو.
لە دڵی خۆما من بەخۆمم گوت؛
ئێستا، گەر یەکێک بەجۆرە ژەهرێک
پێوستی هەبێت- هەرچەندە سزای
فرۆشتنەکەی لە"مانتووا"دا، لەناوبردنە
لێرەدا ماوێک
دەژی بێگومان، پێی دەفرۆشێت.
من بیرم لەوە، خۆ کردبووەوە
پێش ئەوەی هێشتا ئیشم پێی هەبێت؛
ئەم پیاوە لاتە هەژارە، دەبێت
پێم بفرۆشێت.
وەک لە بیرم دێت،
ئەم ماڵە دەبێت نیشتەجێکەی بێت.
ئاخ بەڵام ئەمڕۆ، ڕۆژی پیرۆزە،[١]
دوکانی ئا ئەم پیاوە کلۆڵە،
قەپات کراوە. (دەچێت بۆ ماڵەکەی)
هێی، دەرمانسازەکە!
دەرمانساز:
کێیە بەدەنگی بەرز بانگم دەکات؟
ڕۆمیۆ:
وەرە کابراکە،
دەزانم کە تۆ هەژار و لاتی.
من چل "دوکات"ی زێڕت دەدەمێ،
لەم کیسەدایە.[٢]
ئەگەر تۆ قومێک ژەهرم بدەیتێ؛
جۆرە ژەهرێکی ئاوابێت، کە زوو
بڵاو بێتەوە لەنێوان هەموو
دەمارەکانی

---

(١) ڕۆژی پیرۆز (Holiday)؛ ڕۆژی یەکشەمە لای مەسیحییەکان، ڕۆژێکی پیرۆزە؛ کار ناکەن.
(٢) دوکات؛ جۆرە پارەیەکە وەکو بڵێین دۆلار یان پاوەن. ڕۆمیۆ، خستوویەتییە ناو کیسێکەوە و پیشانی پیاوەکەی دەدات.

ئەوەی لەژیانی خۆی بێزار بووە و
یەکسەر بیکوژێت؛
هەناسەدانی زوو بوەستێنێت،
هەر وەکو بارووت، کە ئاگر دەگرێت،
لەنێوان لوولەی تۆپ هاوێژێکدا.

دەرمانساز:

ئا، من دەرمانی
بکوژی ئاوام، لا هەیە بەڵام،
بەپێی نەریت و یاسای مانتووا،
مردنە سزای
ئەو کەسەی دەیکا و بەخەڵکی دەدا.

رۆمیۆ:

هەندە کلۆڵ و داماوی هێشتا
لە مەرگ دەترسی؟
برسێتی دیارە
ئا بەو روومەتە لەڕانەتەوە.
پێویستی و پەستی و تای نیگەرانی،
بەچاوەکانی تۆوە باش دیارن.
سواڵ و ریسوایی
هەڵواسراون بەسەر کۆڵتەوە.
نە ئەم دنیایە، نە یاساکانی
دۆستن لەگەڵت.
دنیا، یاساکەی
قەت نایەڵێت خۆت دەوڵەمەند بکەی.
هەژار مەمێنە، یاسای بشکێنەو
ئەمانە لە من، وەربگرە بۆ خۆت.

دەرمانساز:

هەژاریم ئەوە، لەتۆ وەردەگرێت
نەوەک دەروونم.

رۆمیۆ:

من ئەوە دەدەم بە هەژارییەکەت،

نەک بەدەروونت.
دەرمانساز:
هانێ، ئا ئەوە، بەئارەزووی خۆت،
لەناو شلکەیەک بیگرەرەوە.
کە خواردتەوە،
گەر دەسەڵاتی
بیست زەلامیشت لەناوا هەبێت،
یەکسەر لەئاستی خۆتدا دەتکوژێت.
رۆمیۆ:
هانێ، زێڕەکەت. ئەمە، ژەهرێکی ٥,١,٨٠
گەلێک بەدترە بۆ دەروونی پیاو؛
زیاتر، زۆر زیاتر، خەڵکی دەکوژێت،
لەم دنیا سەختە"دزێو"ەماندا،
لەم نەختە ژەهرەی،
کە تۆ ناتوانی پێمی بفرۆشی.
من ژەهرم بەتۆ، فرۆشت بەڵام تۆ،
هیچی وات بە من نەفرۆشتووە.
ئەسپەردەی خوابی.
دەی برۆ نەختێ خواردن بکڕە،
با ئێسکەکانت، گۆشت دایان پۆشێ. (دەرمانساز دەڕوات)
تۆ هیچ ژەهر نیت.
ئا دەی تیماری دەروون و دڵم، ٥,١,٨
بۆ گۆڕی جولیەت، وەرە لەگەڵم،
لەوێدا دەبێت بەکارت بهێنم.

## دیمەنی ٢ , ٥

قەشە جۆن دەردەکەوێت.

قەشە جۆن:

قەشەی پیرۆزی فرانسیسکانی،[١]

برام، تۆ لە کوێیت؟ (قەشە لۆرێنس لە ژوورێکی ناوەوە دەردەچێت)

قەشە لۆرێنس:

ئەم دەنگە لە هیی قەشە جۆن دەچێت.

بەخێر بێیتەوە، لە"مانتووا"وە.

رۆمیۆ، چی دەڵێ؟

یان ئەگەر نامەی لەگەڵا ناردوویت،

کوانێ؟ بمدەرێ!

قەشە جۆن:

چووم برایەکی

پێخاوس بۆ خۆم بدۆزمەوە،[٢]

کە لەتیپەنی ئێمە خۆمان بێت.[٣]

تا بۆ ماتووا، لەگەڵما بچێت.[٤]

براکە، لێرە، ئا لەم شارەدا،

بۆ سەرلێدانی نەخۆشێک چووبوو.

کە دۆزیمەوە، کاربەدەستێکی

شار هات، وای زانی؛ ئێمە هەردووکمان

لەوماڵەدا بووین،

---

(١) وەکو چۆن لە ئاینی ئیسلامدا زۆر رێگای پەرستن هەیە، وەکو شافعی و حەنەفی و شیعی و سنی، لە ئاینی مەسیحیشدا، کاسۆلیک، پرۆتستاند و فرانسیسکان... و رێگای تریش هەیە.

(٢) قەشە فرانسیسکانییەکان، نەدەبوایە پێڵاو لە پێ بکەن. دەبوایە پێخاوس بوونایە یان سۆلیان لە پێ بکردایە.

(٣) تیپەن؛ جەماعەت.

(٤) قەشەی فرانسیسکانی، نەدەبوایە بە تەنیا هەر خۆی سەفەر بکات. دەبوایە قەشەیەکی تری لەگەڵدا بوایە. بۆ ئەوەی لە رێگا، ئاگاداری یەکتری بن.

کە درمی تیادا، بڵاو بووەتەوە[١]
زوو دەرگاکانی توند لێ داخستین،[٢]
نەیهێشت دەربچین.
ئیتر دواکەوتم؛ نەمتوانی بچم،
من بۆ مانتووا.
قەشە لۆرێنس:
ئەگەر ئاوابێت، کێ نامەکەمی
گەیان بە رۆمیۆ؟
قەشە جۆن:
ئاخر نەمتوانی من بۆی بنێرم.
ئەوەتا بۆتم، هێناوەتەوە.
کەسیشم نەدی
بوێرێت بۆتی بهێنێتەوە؛
لەترسی دەرد و نەخۆشی درمی.
قەشە لۆرێنس:
ئای کە بەختێکی سامناک و رەشە!
دە بەو ئاینە
پیرۆزەی کە من، بڕوام پێی هەیە؛
ئاخ، ئەم نامەیە،
بۆ چاک و چۆنی و لێپرسین نییە؛
ئاراستەکرنی گەلێک گرنگی
لەناودا هەیە.
فەرامۆش کرێت،
مەترسییەکی زۆر گەورەی هەیە.
قەشە جۆن، بڕۆ
دەی نۆێلێکی پۆڵام بۆ بهێنە.[٣]
یەکسەر بیهێنە بۆ ژوورەکەی خۆم.
قەشە جۆن:
برام، وا دەچم بۆتی دەهێنم. (دەڕوات)

(١) درم؛ ئەو نەخۆشییانەی کە زوو بڵاو دەبنەوە. لەو سالانەدا، زوو زوو، کۆلێرا بڵاو دەبووەوە.
(٢) زۆر روون نییە دەرگەی کوێی لێ داخستن.
(٣) نوێڵ؛ باریە؛ شیشێکی ئاسنی نووک درێژە.

قەشە لۆرێنس:

ئێستا من دەبێت
بەتەنیا بچم بۆ گوومەزەکە؛
لەم سێ سەعاتەی بێتەوە جولیەت،
هۆشی دێتەوە بەر و هەڵدەستێت.
گلەیییەکی
زۆرم لێ دەکات ئەگەر بزانێت؛
رۆمیۆ ئاگادار
نەکراوە چی،
دوای ئەو، رووی داوە.
بەڵام ئێستاکە، من نامەیەکی
تر بۆ مانتووا، رەوانە دەکەم.
ئەویش، لێرەدا،[١]
لەناو ژوورەکەی خۆمدا رادەگرم،
هەتاکو رۆمیۆ، دەگەڕێتەوە.
ئای، تەرمی زیندوو،
ئای کە هەژار و بەستەزمانی؛
لە نێوان گۆڕی
پیاوی مردوودا، بەربەست کراوی.[٢]

---

(١) ئەو؛ مەبەستی لە"جولیەت"ە.

(٢) بەربەست کراوت؛ حەپس کراوی

## دیمەنی ٣ ,٥

لای گوومەزەکەی بنەماڵەی کاپیولێتەوە پاریس و یاوەرێکی دەردەکەون

پاریس:

دەی کوڕە، ئا ئەو چرایەم بەرێ.
خۆشت، ئا لەوێ، دوور لێم بوەستە.
نا، نا، باشترە بکوژێتەوە؛
نامەوێت لێرە، کەس من ببینێ. (چراکە دەکوژێننەوە)
لەژێر ئەو دارە سەرووە، لەوێ،
برۆ پاڵ کەوە و گوێچکەکانی خۆت،
بەخاکی پووتی گوومەزەکەوە،
بنێ و گوێ بگرە؛ ئیتر بەو جۆرە،
کەسێک ناتوانێت پێ بنێتە سەر
خاکانی دەوری کڵێسەکەوەو–
کە بەچاڵانی گۆڕ پووت کراوە
تۆ گوێت لە دەنگی رۆیشتنی نەبێت.
گەر هات و دەنگێک
هات، زوو فیکەیەک، بۆ من لێبدە.
ئەو گوڵانەشم،
بدەرێ و هەرچیم پێ گوتیت بیکە.
دەی ئیتر برۆ.

یاوەر: (لەبەر خۆیەوە)

بگرە دەترسم
لێرەدا لەنێو ئەم گۆڕانەدا،
هەر خۆم، بەتەنیا، بمێنمەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکەشی دەکەم.

پاریس: (گوڵەکان بەسەر گۆڕەکەدا بڵاو دەکاتەوە و بەوەی ناو گۆڕەکە، دەڵێت)

گوڵە جوانەکە، ئەوا من بە گوڵ،

نوێنی هاوسەری تۆ دادەپۆشم.
داخی گرانم،
لێفەکەت بەرد و زیخ و زەوییە.
من هەموو شەوێک، لەباتی شەونم،
دێم بەسەریدا، لەگەڵ عەتردا،
فرمێسکەکانی خۆم دەپرژێنم.
وەهەموو شەوێ، ماوەی ژیانم،
کاتی سوێداری شین و گریانم،
بە گوڵ، سەرلەنوێ
گۆڕی پیرۆزی تۆ دادەپۆشم.
(لەو کاتەدا گوێی لە فیکەی نۆکەرەکەی دەبێت)
کوڕەکە، دیارە،
هەست دەکات یەکێک، بەرەو ئێرە دێت.
پێی خواگرتووی کێ،
ئاخر بەم شەوە، بۆ ئەم ناوە دێ؟
هەر لەبەر ئەوەی
شینی ڤیانە راستەقینەکەی
خۆم لێ تێک بدات؟[١]
ئای، ئەوە چییە؟ فانۆسی پێیە؟
دەی، شەو، بۆ تاوێک، بمشارەرەوە. (پاریس، لە قوژبنێکدا، خۆی دەشارێتەوە)
(رۆمیۆ و بالتەزار بە فانۆسێک و پاچێک و نوێڵەکەوە دەردەکەون)
رۆمیۆ:
توخوا ئەو پاچ و نوێڵەم بەرێ.
بوەستە، ها ئەو نامەیە بگرە.
سبەینێ هەر زوو، کاتی بەیانی،
بیدە بە باوکم. چراکەم بەرێ.
هەرچییەکت دی
یاخود گوێت لێ بوو، ئەوە پێم گوتی؛
لەمن، ها، نەکەیت،
نزیک بیتەوە و ئیشم  لێ تێک دەیت.

(١) ڤیان؛ خۆشەویستی، یان خۆشەویست.

چونکە بەو جۆرە ئەتۆ سەرکەشی
بە ژیانت دەکەیت.[1]
لەبەر چی ئایا،
من دادەبەزم بۆ ناو گۆڕەکەی؛
بەشێک بۆ ئەوەی
رووی ڤیانەکەم ببینمەوە.
بەشی زۆریشی، دەچم بۆ ئەوەی
ئەو مستیلەیەی لە دەستیایەتی و
گرانە نرخی،
لە پەنجەی مردووی دەرهێنمەوە.
ئەو مستیلەیە،
پێویستە کە من، بەکاری بهێنم
بۆ مەبەستێکی تایبەتی و گرنگ.[2]
دەی ئیتر برۆ.
بەڵام مەراقی زانین گەر هات و
تۆی نارد بەسەرما بکەیت جاسووسی؛
تاکو بزانی من چی تر دەکەم،
ئا بەو ئاسمانە،
ئەندامەکانت، لەتوپەت دەکەم.
یەک لە یەکتری جیا دەکەمەوە و
هەر پارچەیەکی بەسەر لایەکی
ئەم گۆڕستانە سک برسییەدا،
بڵاو دەکەمەوە.
ئێستاکە دڵم، پەستەو مێشکم
زۆر دڕندەیە؛ دڕندەتر و بێڕەحمترە
لە پڵنگی برسی،
یاخود لە دەریای تووڕەی ورووژاو.

بالتەزار:

گەورەم، من دەڕۆم.

---

(١) سەرکەشی بە ژیانت دەکەیت؛ موغامەرە بە ژیانت دەکەیت؛ ئەگەر لێم نزیک ببیتەوە، دەتکوژم.

(٢) بێگومان، رۆمیۆ، راستییەکەی پێ ناڵێت.

بەهیچ جۆرێکیش بێزارت ناکەم.

رۆمیۆ:

دۆستێتی خۆتم، ئا بەو شێوەیە،

تۆ، پیشان دەدەیت. (کیسێک پارەی دەداتێ)

ها ئەوە بەرە

بۆ خۆت پێی بژی و بگەشێرەوە.

ئەسپەردەی خوابی، دۆستە باشەکەم. (رۆمیۆ دەڕوات)

بالتەزار: (لەبەر خۆیەوەیە)

لەگەڵ ئەوەشدا، لە نزیکییەوە،

خۆم لەجێگایەک دەشارمەوە؛

رووانندنەکەی، من دەترسێنێت.

گومانیش دەکەم، لە نیازەکەی.

رۆمیۆ: (بەنوێڵەکە، هەوڵدەدات سەری گۆڕەکە بکاتەوە و لەبەر خۆیەوە دەدوێت)

ئای، گەدەی ریسوا،[١]

ئەتۆ، هەی ورگە "دزێو"ەکەی مەرگ،

خۆت پڕ کردووە

بە هێژاترین، پارووی سەرزەمین.

بەم شێوەیە من،

شەویلکە پیسە رزیوەکانی[٢]

تۆ دەکەمەوە. بۆ ریسواکردن،

خواردنی ترت تێ دەئاخنم.[٣] (رۆمیۆ، سەری گۆڕەکە دەکاتەوە)

پاریس:

ئەمە خۆ هەر ئەو

لە خۆباییە، نەفی کراوە"مۆنتاگیو" کەیە،

ئەوەی خاڵۆزای "ڤیان"ەکەمی

کوشت و مردنی

---

(١) گەدە؛ مەعیدە. بە گۆڕەکە دەڵێت؛ مەعیدەی ریسوا. چونکە هەر خەڵکی قووت دەدات و تێر نابێت. گۆڕی دەوڵەمەندەکان، جاران لە یەک پارچە بەردی تاشراو دروست دەکرا. سەرەکەشی لە یەک پارچە بەردی ئەستووری قورس. ئاسان نەبوو کردنەوەی.

(٢) شەویلکە؛ شەویلاگە، فەک.

(٣) تێ ئاخنین: تێ ترنجاندن؛ بە زۆر تێخستن.

ئەو بوو، ئەوەندە غەم و سوێداری[١]
خستە ناو دڵی
ئەم بوونەوەرە ناسکە جوانەوە،
هەتاکو کوشتی.
ئێستاش هاتووە ئەمجا کارێکی
تری ئابڕووبەر، بکات لە دژی
تەرمی مردوویان.
دەبێت بیگرم. (بەدەنگێکی بەرز بە رۆمیۆ دەڵێت)
"مۆنتاگیو"ی ناکەس،
کار و کردەوەی، ناپیرۆزت دەی
زوو بوەستێنە.
لە تۆڵەسەندن،
لە دوای مردنیش، هەر بەردەوامی؟
ناکەسی ریسوا، دەبێت بتگرم.
گوێڕایەڵ نەبی، کابرا، دەتکوژم.

رۆمیۆ:

ئا، من، بەڕاستی، پێویستە بمرم،
بۆ ئەو مەبەستە، بۆ ئێرە هاتووم.
ئەی کوڕە گەنجە، خانەدانەکە،
شەڕ مەفرۆشە ئاخر بە پیاوی
بێ هیوا و داماو.
بڕۆ، دەرباز بە و وازم لێ بێنە.
لەم مردووانە،
بیر بکەرەوە و نەختێک بترسە.
لاوەکە، من لێت دەپاڕێمەوە.
تۆ "بەزە"یەکی
تر هەڵمەواسە بە گەردنمەوە.
دە توخوا بڕۆ و مەمورووژێنە.
بە گەردوون من تۆم،
هەر گەلێک لە خۆم، زیاتر خۆش دەوێت.

---

(١) ئەو: تیبالت.

من به چەکەوە، بۆ ئێرە هاتووم،
تاکو لێرەدا،
دژی گیانی خۆم، بەکاری بهێنم.
مەمێنەرەوە، دەرباز بە و بژی.
لەمەولا دەڵێیت؛ رەحمی و بەزەیی
پیاوێکی شێت بوو
کە بەمنی گوت "دەرباز بە و بژی."

پاریس:

من، داخوازی تۆ فەرامۆش دەکەم
هەر ئێستاش دەتبەم بۆ بەندیخانە.

رۆمیۆ: (شمشێرەکەی هەڵدەکێشێت)
دەمورووژێنیت؟ دە فەرموو وەرە! (جەنگ دەکەن)

یاوەر:

ئای خوایە دژی یەکتر دەجەنگن!
دەبێت ئێشکگرێک بچم بانگ بکەم. (دەڕوات)

پاریس:

ئای، خۆ کوشتمی! (روو دەکاتە رۆمیۆ)
ئەگەر بەزەیی، لەدڵتدا هەیە،
ئەم ئارامگایە،(١)
بکەرەوەو من، راست لە تەنیشتی
جولیەت، پاڵ بخە. (پاریس، دەمرێت)

رۆمیۆ:

ئا، بە ئیمانم،
ئەم داخوازەت من، دەهێنمە دی.
دەبا سەیرێکی دیمەنت بکەم.
ئای خۆ خزمەکەی "مێرکێشیۆ"ی ئەتۆ،
خۆ کۆنت "پاریس"ی، ئەو خانەدانەی.
ئای، چی بوو ئەوەی پیاوەکەم گوتی
لەو کاتەی سواری
ئەسپەکان دەبووین بەرەو ئێرە بێین؟

---

(١) ئارامگا؛ جێگەی حەسانەوە. ئارامگای دوایی؛ جێگەی حەسانەوەی هەمیشەیی (گۆڕ).

ئەوساکە بیری داماوم هەندە
پەست و بێزار بوو؛ گوێم نەدەگرت لێی.
من، وابزانم پێی گوتم پاریس،
دەیەوێت جولیەت، ببێت بە ژنی.
ئایا وای نەگوت؟ یان خەوم دەدی؟
یان لەبەر شێتی، من وا دەزانم،
باسی جولیەتی دەکرد لەگەڵم؟ (روو دەکاتەوە پاریس)
ئاخ،
دەستتم بەرێ،
ناوی تۆش وەکو ناوی داماوم،
لەناو دەفتەری رەشی بەدبەختی،
تۆمار کراوە.
دەتبەم دەتنێژم لەناو گۆڕێکی
زۆر شۆخ و شەنگدا.[١]
گۆڕ؟
نا، بورجی چرا.[٢]
لاوی کوژراو، چونکە لەوێدا،
جولیەت نوستووە،
جوانییەکەی، ئا ئەم گوومەزە دەکا
بە هۆڵی جەژن؛ پڕ لە چلچرا.
پاڵ کەوە مردوو، لەم جێگەیەدا.[٣]
بەدەستەکانی پیاوێکی مردوو،
خرایتە ئێرە.[٤]
دەڵێن پیاو، نەختێک، بەر لە مردنی،
هەست بە شادمانی و دڵ سووکی دەکات.
بەندیوانەکان، ناویان لێ ناوە[٥]

---

(١) گۆڕێکی شۆخ و شەنگە چونکە "جولیەت"ی تێدایە.
(٢) ئەو گۆڕە، چونکە جولیەتی تێدایە، لە بورجی چرا (Light-house) دەچێت.
(٣) مردوو؛ مەبەستی لە تەرمەکەی پاریسە.
(٤) پیاوێکی مردوو؛ مەبەستی لە خۆیەتی.
(٥) بەندیوان؛ پاسەوانی بەندیخانە. بەندیوانەکان، تێبینییان کردووە، کە پیاو، نەختێک لەپێش ئیعدام کردنیدا، هەست بە شادمانی و لەش سووکی دەکات.

برووسکەی پێش مەرگ.
(لەناو گوومەزەکەدا، سەیرێکی ئەو دەورووپشتە پەستەی خۆی دەکات)
دە ئاخر من چۆن دەتوانم بەمە،
بڵێم برووسکە؟ (روو دەکاتە جولیەت)
ئاخ، ڤیانەکەم، ئاخ، هاوسەرەکەم،
ئەو مردنەی کە
هات لە نەفەسی
تۆ هەنگوێنەکەی سەرجەم هەڵمژی،
هەتاکو ئێستا، هیچ کاریگەری
نەبووە لەسەر ئەم جوانییەی تۆ؛
جەنگەکەت هێشتا نەدۆڕاندووە؛
هێمای جوانییەکەت،
ئاڵی روومەت و لێوەکانتە؛[1]
هەتاکو ئێستا مەرگ نەیتوانیوە،
بەسەر جوانییەکەی تۆدا زاڵ بێت و
ئالای رەنگ زەردی خۆی هەڵبواسێت. (ئەمجا روو دەکاتە تەرمەکەی تیبالت)
تیبالت، بەکفنی خوێناویتەوە،
لەوێ پاڵکەوتوویت؟
چۆن چاکییەکی زۆرتر دەتوانم
لەگەڵ تۆ بکەم، لەوەی دوشمنی
تۆ لەتلەت بکەم،
بەو دەستەی گەنجی تۆی لەتوپەت کرد؟
ئازیزەکەم تۆ، لە من ببوورە. (روو دەکاتەوە جولیەت)
ئاخ، ئازیز، جولیەت،
بۆ تاکو ئێستا، وەکو خۆت جوانیت؟
دەشێت من بڕوا
بکەم کە مەرگی بێ تەن، خۆی حەزی[2]
لە تۆ کردووە؟

---

(١) لێو و روومەتەکانی جولیەت، دیسان ئاڵ بوونەتەوە، چونکە زۆری نەماوە بۆ ئەو کاتەی کە هۆشی دێتەوە بەر.
(٢) مەرگ، تەنی نییە (بێ لەشە)

ئەم بە ئالۆشە،[١]
پیسە، دزێوە، برسییە، لێرە،
لە تاریکیدا، تۆی راگرتووە،
بۆ ئەوەی بتکات بە بانوویاری؟[٢]
لە ترسی ئەوە،
ئەوا لەگەڵتا، تا هەتاهەتا،
دەمێنمەوە و قەت جارێکی تر،
لەم جێیە لێڵە تاریکە ئیتر،
ناچمە دەرێ.
لێرە، لێرەدا، دەمێنمەوە،
لەگەڵ کرمەکان،
ئەوانەی لێرە، کەنیشکەکانتن.[٣]
لەم جێگەیەدا، ئارامگای دوایی[٤]
بۆ خۆم رادەخەم.
ئەرکی گرانی،
ئەستێرەی ناحەز، لە شانەکانی[٥]
لەشە ماندووەکەم، هەڵدەتەکێنم.
دەی چاوەکانم، دەی سەیری بکەن،
بۆ دواهەمین جار!
دەستەکانم، دەی بۆ دواهەمین جار،
باوەشی پیاکەن
ئاخ لێوەکانم،
دەروازەکانی هەناسەدانم،
دەی بەماچێکی بژوێن و پەتی،[٦]
رێکەوتننامەی هەتاهەتایی،

(١) بەئالۆش؛ ئەو کەسەی زۆر حەز لە سێکس دەکات و هەموو کات بیری لێ دەکاتەوە.
(٢) بانوویار؛ عەشیقە
(٣) دەربارەی کەنیشکە (کەنیشکەکانی دەیانا)، سەیری پەراوێزی دێڕی ٢,٢,٧ بکە. لەوێدا راڤە کراوە.
(٤) لەم جێگەیەدا؛ لە تەنیشت جولیەتەوە. ئارامگای دوایی؛ جێی حەسانەوەی هەمیشەیی.
(٥) ئەستێرەی نا حەز؛ ئەو ئەستێرانەی بەدبەختی بۆ پیاو دەهێنن.
(٦) بژوین؛ پاک.

لەگەڵ مردنی چلێس، مۆر بکەن.
بەڕێوەبەری تاڵم، دەی وەرە،
وەرە رابەرە تام ناخۆشەکەم،[١]
دەی کەشتیوانی بێ هیوای داماو،
کەشتییەکەت، بەرە،[٢]
ئەوەی کە بەهۆی دەریای ورووژاو،
گێژ و وڕ بووە،
ئاڕاستەی بکە و راستەوخۆ بیدە
بە بەردەکاندا. (روو دەکاتەوە جولیەت)
ڤیانی راستیم،
وا ئەمە، بۆ تۆ، من دەخۆمەوە. (ژەهرەکە دەخواتەوە)
ئای، دەرمانسازی راستگۆ، بەڕاستی،
دەرمانەکەی تۆ، زۆر خێرا و چاکە. (جولیەت ماچ دەکات)
ئەوا بەم ماچە،
ئیتر من سەری خۆم دەنێمەوە. (دەکەوێت)
(قەشە لۆرێنس، بە نوێڵ و پاچ و فانۆسێکەوە دەردەکەوێت)
قەشە لۆرێنس:
سێنت فرانسیس خۆی، هەنگاوەکانم،[٣]
سووک بکا و خێرا من بگەیێنێت.
ئەمشەو، ئای، چەند جار، پێ پیرەکانم،
لە کێلەکانی گۆڕەکان گیر بوون. (بالتەزار دەبینێت)
کێ لەوێدایە؟
بالتەزار:
یەکێک لێرەیە،
دۆستی جەنابتەو باشت دەناسێت.
قەشە لۆرێنس:
درووودت لێ بێت.

---

(١) بەڕێوەبەر، رابەر، کەشتیوان؛ رۆمیۆ، هەموو ئەم ناوانە لە ژەهرەکە دەنێت، چونکە ئەو ژەهرە دەبێت بەڕابەری بۆ دنیای داهاتوو.
(٢) کەشتییەکە، رۆمیۆ خۆیەتی.
(٣) فرانسیس (قدیس فرانسیس)؛ یەکێکە لە پیاوە پیرۆزەکانی مەسیحییەکان.

دۆستی باش، ئەرێ،
هی کێیە ئا ئەو فانۆسەی ئەوێ،
کە بەخۆڕایی
ڕووناکییەکەی بۆ کرم و کەللەی
بێ چاو خەرج دەکات؟[١]
لام وایە لەناو گوومەزی ماڵی "کاپیولێت"دایە.

باڵتەزار:
ئا، لەوێدایە، بەگی پیرۆزم.
خاوەنەکەشم،
ئەوەی جەنابی تۆ خۆشی دەوێ،
چووە بۆ ئەوێ.

قەشە لۆرێنس:
خاوەنت، کێیە؟

باڵتەزار:
گەورەم، "ڕۆمیۆ"یە

قەشە لۆرێنس:
لە کەیەکەوە ئەو لەوێدایە؟

باڵتەزار:
نیو سەعاتێکی تەواوە، بەگم.

قەشە لۆرێنس:
وەرە لەگەڵم، بۆ گوومەزەکە.

باڵتەزار:
بەگم، ناوێرم؛ خاوەنەکەی من،
وا دەزانێت من، لێرە نەماوم.
هەڕەشەیەکی گەلێک سامناکی
گەورەی، لێ کردم؛ وتی دەتکوژم
ئەگەر لێرەدا بمێنیتەوەو
ببینیت من چی لێرەدا دەکەم.

(١) کە مردوو دەرزێت، هەر ئێسقانەکانی دەمێنێتەوە، چاو و گوێ و شتی وای پێوە نامێنێت. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ ئەو فانۆسە بۆ کێ لەوێدا دەسووتێت. چونکە لەناو گوومەزەکەدا، جگە لە کرم و کەللەی بێ چاو، کە هیچ نابینێت و پێویستی بە چرا نییە، کەسی تری تیادا نییە.

قەشە لۆرێنس:

بمێنەرەوە، من هەر خۆم دەچم.
ئای، کە دەترسم!
من دڵم، گەلێک لەوە دەترسێت،
کە بەدبەختییەک، لەوێ رووی دابێت.

باڵتەزار:

لەژێر ئەم داری سەرووەدا، من،
نوستوبووم خەوم
دی خاوەنەکەم،
لەگەڵ یەکێکی تردا دەجەنگی.
خاوەنەکەی من، لەوێدا و کوشتی. (قەشەکە دەڕوات)

قەشە لۆرێنس:

رۆمیۆ!
(قەشەکە، دەنووشتێتەوە و خوێن و چەکەکان دەبینێت)
داخی گرانم،
ئای، خوێنی کێ بێ
گشت بەردەکانی بەر گوومەزەکەی
پەڵە کردووە؟
بۆ ئەم شمشێرە خوێناوییانە،
بێ خاوەن ئاوا،
لەلای ئەم جێگە ئاشتیخوازەدا،
فڕێ دراون؟ (دەچێتە ناو گوومەزەکە و تەرمەکەی رۆمیۆ دەبینێت)
رۆمیۆ؟
ئای، چەند زەرد بووە!
ئەوەی تر کێیە؟
ئایا "پاریس"یش؟
لێرەدا، ئەویش، ژێر خوێن کەوتووە؟
ئای چ ساتێکی ستەمکار و رەش،
تاوانباری ئەم
رووداوە پەستە خەفەتبارەیە؟
خاتوونە، ئەوا دەجووڵێتەوە.. (جولیەت خەبەری دەبێتەوە)

جولیەت:

ئای،
قەشەی دڵخۆشکەر، مێردەکەم کوانێ؟
باش لەبیرم دێ، من لە کوێ دەبێ،
چاو بکەمەوە. رۆمیۆکەم، کوانێ؟

قەشە لۆرێنس:

گوێم لە دەنگە دێ.
خاتوون، دەربچۆ لە لانەی مەرگ و
درم و نوستنی هەتاهەتایی.[1]
دەسەڵاتێکی
گەورەتر لەوەی ئێمە بتوانین
دژی بوەستین، نیازەکانی
ئێمەی سەرانسەر، هەڵوەشاندەوە.
رۆمیۆ، ئەوەتا،
لەناو باوەشی تۆدا مردووە.
ئەوەش پاریسە، ئەویش مردووە.
وەرە لەگەڵما، من جێگایەکت
بۆ دابین دەکەم
لەگەڵ سۆفیلکەژناندا بژیت.[2]
ئیتر پرسیاری ترم لێ مەکە.
ئەوا ئێشکگرێ بەرەو ئێرە دێ.
کچی باش، جولیەت، وەرە لەگەڵم.
زیاتر ناوێرم بمێنمەوە.

جولیەت:

برۆ، من ئێرە بەجێ ناهێڵم. (دەڕوات)
ئای، ئەو شووشەیە
چییە لە دەستی ڤیانە راستە
ڤینەکەمدایە؟
ژەهرە، دەیبینم. ئەمە کۆتایی

---

(١) درم؛ نەخۆشی؛ نەخۆشی پەرەسێن (ئەو نەخۆشییانەی کە بڵاو دەبنەوە)
(٢) سۆفیلکەژن؛ راهیبە.

هەتاهەتایی بەژیانی هێنا. (روو دەکاتە تەرمەکەی رۆمیۆ)
ئای کە رەزیلی!
هەمووت خواردەوە؟
چەند دڵۆپێکی دڵسۆزت بۆ من،
نەهێشتۆتەوە،
تا بەیارمەتی ئەوان دوات کەوم؟
با ماچت بکەم، بەڵکو بەختیاربم؛
بەسەر لێوتەوە،
هەروا ئاستەمێک ژەهر مابێتەوە،
بیماری دەردم بکا و بمکوژێت. (ماچی دەکات)
ئاخ، لێوەکانت، هێشتاکە گەرمن.

یەکەم ئێشکگر:[١]
کوڕەکە، دەی تۆ، رێمان پێشان دە.
بەکام لا بڕۆین؟

جولیەت:
ئەوە دەنگە دێ؟
دەی با دەستبەجێ، بیبڕمەوە. (خەنجەرەکەی رۆمیۆ لە کێلانەکەی هەڵدەکێشێت)
ئاخ،
خەنجەری شادمان،
ئەمە کێلانی هەتاییت دەبێ.[٢] (خەنجەرەکە دەکات بەسنگی خۆیدا)
تۆ لەوێ ژەنگی خۆت هەڵبهێنە،
منیش با بمرم.

(جولیەت دەکەوێت بەسەر تەرمەکەی رۆمیۆدا و دەمرێت. ئێشکگر و یاوەرەکە دەردەکەون)

یاوەر:
لەو جێگەیە بوو.
لەوێی چراکەی تیادا دەسووتێ.

یەکەم ئێشکگر:
خاکەکە، گشتی خوێناوی بووە.
دەی دەوروپشتی گۆڕستانەکە،

---

(١) ئەمیان سەرۆکی ئێشکگرەکانە.

(٢) ئەمە؛ مەبەستی لەسنگی خۆیەتی. خەنجەرەکە شادمانە، چونکە دەچێتە ناو دڵی "جولیەت"ەوە.

هەمووی بگەڕێن.
گەر کەسێکتان دی یەکسەر بیگرن.
(چەند ئێشکگرێک دەچن. خۆشی دەچێتە ناو گوومەزەکە و زوو دێتەوە دەرێ)
چ دیمەنێکی پەست و غەمگینە!
کۆنت، بەکوژراوی، لەوێ کەوتووە.
"جولیەت"یش ئەوەی، ئەمە دوو رۆژە،
لەناو گۆڕەکەی خۆیدا خەوتووە،
تازە مردووە؛ لەشە گەرمەکەی،
خوێنی لێ دەچێ.
دەی خێرا برۆ،
تۆ، بە میر بڵێ.
تۆش، بەڕاکردن، بۆ لای کاپیولێت.
یەکێکیش بچێت
خێرا مۆنتاگیو، لە خەو هەڵسێنێت.
هەندێکیش، لێرە، با هەر بگەڕێت. (پیاوەکان، هەر یەکی بەلایەکدا دەڕۆن)
ئێمە، تەنیا ئەو
خاکە دەبینین،
کە ئا ئەم تەرمە غەم هێنەرانەی
لەسەر کەوتووە. بەڵام ناتوانین
خاکە راستییەکەی ئەمە، ببینین،[١]
تا بارودۆخ و بنجینەکانی نەدۆزینەوە.[٢]
(یەکێک لە ئێشکگرەکان دەگەڕێتەوە لەگەڵ بالتەزار، نۆکەرەکەی رۆمیۆ)
دووەم ئێشکگر:
ئەمە پیاوەکەی "رۆمیۆ"یە لێرە،
لە گۆڕستانی
کڵێسەکەدا، دۆزیمانەوە.
یەکەم ئێشکگر:
لە جێگەیەکی باش بەندی بکەن،
تاکو میر، خۆی دێت. (ئێشکگرێکی تر لەگەڵ قەشە لۆرێنس دێن)

---

(١) ئەمە؛ ئەم کردەوە غەم هێنەرە.
(٢) تاکو هۆیە راستییەکەی ئەم پەژارەیە نەزانین چییە، ناتوانین حوکم بدەین.

سێیەم ئێشکگر:

ئەم قەشەیەی کە لەشی دەلەرزێ و
دەگری و هەناسەی سارد هەڵدەکێشێ،
لەدیوی ئەملای کڵێسەکەوە
دەهات، کە ئێمە،
ئەم بێڵەو ئا ئەم پاچەمان لێ سەند.

یەکەم ئێشکگر:

جێی گومانێکی گەلێک مەزنە.
قەشەش، بەند بکەن. (میر، خۆی و یاوەرەکانی دێن)

میر:

چییە، ئەو کێشە گرینگەی کەوا
لە ناوەڕاستی خەوی بەیاندا
هەڵمان دەستێنێت؟ (کاپیولێت و بانوو کاپیولێت دێن)

کاپیولێت:

بۆ، هەموو کەسێک
هاوار دەکات و دەزریکێنێت؟

بانوو کاپیولێت:

ئای،
خەڵکەکە لەسەر ڕێگەو جادەکان،
قیژەقیژیان دێت؛ هەندێکیان دەڵێن
"ڕۆمیۆ" و هەندێکیان
دەڵێن "جولیەت" و هەندێکیش، "پاریس".
بەهاوارەوە هەموو رادەکەن،
بەرەو پەیکەری ماڵەکەی ئێمە.(١)

میر:

ئەم هەموو هەراو هوریایە، چییە؟

یەکەم ئێشکگر:

کۆنت پاریس، گەورەم،
لەوێ کەوتووە بەکوژراوی.
"ڕۆمیۆ"ش مردووە.

---

(١) پەیکەری ماڵەکەی ئێمە؛ گومەزی بنەماڵەکەمان.

"جولیەت"یش ئەوەی پێشتر مردبوو،
تازە کوژراوە؛ گەرمە تەرمەکەی.

میر:

لێی کۆڵنەوە، بزانن بۆچی
مرۆڤکوشتنی وا پیس رووی داوە.

یەکەم ئێشکگر:

ئەم قەشەیەمان، لێرە دۆزییەوە،
لەگەڵ ئەم پیاوە،
کە نۆکەرەکەی "رۆمیۆ"ی کوژراوە.
بەم شتانەوە، بەگ، کە بەکەڵکی
کردنەوەی گۆڕی مردووەکان دێن.

(لەو کاتەدا کاپیولێت و ژنەکەی دێنە ناو گوومەزەکە)

کاپیولێت:

ئای، خوایە، گەردوون!
ژنەکە، سەیری
ئا ئەو برینەی کچەکەمان بکە،
هێشتا هەر خوێنی لێوە دەردەچێت!
ئا ئەم خەنجەرە،
رێگەی خۆی دەبێت بزر کردبێت.
چونکە تۆ سەیری ئەو کێلانە بکە،
کە بەسەر پشتی "مۆنتاگیو"ەیە؛
بەتاڵ و پووتە؛ بەهەڵە چووەتە
ناو ناخی دڵی کچەکەی ئێمە.

بانوو کاپیولێت:

وەی لەمن، ئا ئەم دیمەنی مەرگە،
دەڵێیت زەنگێکە، بەگۆڕ، هەڕەشە[١]
ئا لەم تەمەنە پیرەی من دەکات.

(کاپیولێت و ژنەکەی لە گوومەزەکە دەردەچن. لەو کاتەدا مۆنتاگیو دێتە ناو گوومەزەکە)

میر:

ئاخ، ئاخ، مۆنتاگیو، داخی گرانم،

---

(١) بەگۆڕ؛ بەمردن.

بەم بەیانییە زووە هەڵساوی،
بۆ ئەوەی مەرگی،
ناکاتی کوڕ و میراتگرەکەی
خۆت بەدی بکەی.

مۆتاگیو:

داخەکەم، گەورەم،
ئەمشەو ژنەکەم، کۆچی دوایی کرد؛
پەژارەو داخی نەفیی کوڕەکەم،
هەناسەی بڕی.
ئیتر نازانم
چ خەفەتێک و چ بەڵایەکی
تر، تەڵە و داوی
داناوە بۆ ئەم تەمەنە پیرەم؟[١]

میر:

گەر چاو بگێڕی، بەگم، دەیبینی.[٢] (مۆنتاگیو، تەرمەکەی رۆمیۆ دەبینێت)

مۆنتاگیو: (بەگریانەوە، بە رۆمیۆ دەڵێت)

ئاخ،
فێر نەکراوی، ئای کە دڵڕەقی![٣]
بۆ ناو گۆڕەکەت،
ئاخر چۆن دەبێت پێش باوکت کەوی؟

میر:

بۆ ماوەیەک تۆ،
رێ لە هەڵچوونی زووخاوت بگرە.
تاکو ئەو کاتەی
ئەم تەم و مژەی ئەم کاروبارە،
روون دەکەینەوە و
سەرچاوەکانی دەدۆزینەوە و

---

(١) مۆنتانگیو، دیارە بیری لای مردنی ژنەکەی بوو، لەبەر ئەوە لە وتەکانی میر تێ نەگەیشت کە پێی گوت "هاتوویت مەرگی کوڕەکەت ببینی".

(٢) دیارە تا ئێستا نەی دەزانی کە رۆمیۆ مردووە.

(٣) فێر نەکراویت؛ فێر نەکراویت، بۆیە نەتدەزانی، کە چەند، بەم کردەوەیەت، من ئازار دەچێژم.

دەزانین چییە توخم و نەژادی.
ئەوساکە من خۆم، تاکو مردنم،
پێشرەوی شین و شیوەنت دەبم.
بەڵام، تۆ جارێ
پەژارەی دڵت کۆنترۆڵ بکە.
خۆشت تەسلیمی خودای بەخت بکە. (روو دەکاتە ئێشکگرەکان)
ئەو کەسانەی کە جێگەی گومانن،
بیانهێنن با بێنە بەردەمم.

قەشە لۆرێنس:
گەورەترینیان، لێرەدا، منم؛
بێهێزترینم، بەڵام من لەوان،
زیاتر لەمەدا جێگەی گومانم.
چونکە جێ و کاتی ئەم پیاوکوشتنە،
سامناکە هەردووک، وەستاون دژم.
لێرە دەوەستم، بۆ دوو مەبەستم؛
بە تاوانباری خۆمدا دانبنێم،
لە هەمان کاتدا،
بێ تاوانی خۆم دابچەسپێنم.

میر:
کەوابێت فەرموو، فەرموو دەستبەجێ،
دەی پێمان بڵێ؛
هەرچی دەزانیت، دەربارەی ئەمە.

قەشە لۆرێنس:
بەکورتی دەیڵێم، چونکە زۆر ناژیم
تاکو بتوانم
بەدرێژی بۆتان بگێڕمەوە.
رۆمیۆ،
ئەوەی کە لەوێ مردووە،
مێردی جولیەت بوو.
"جولیەت"یش، ئەوەی مردووە،
ژنی دڵسۆز و راستی رۆمیۆ بوو؛

خۆم، مارەم بڕین.
ئەو ڕۆژەی مارەی ئەوانم بڕی،
بوو بە دواهەمین
ڕۆژی ژیانی "تیبالت"ی خزمی.
مەرگی ناکاتی
ئەو، بوو بە بۆنەی نەفیکردنی
ئەو گەنجەی تازە بووبوو بە زاوا،
تەنیا هەر بۆ ئەو،
جولیەت، دەگریا و دەکرووزایەوە.
نەوەک بۆ تیبالت. (ڕوو دەکاتە کاپیولێت)
ئەتۆش بۆ ئەوەی گەمارۆی خەفەت،
بشکێنی و کچی خۆت بپارێزی،
دەتویست ناچاری بکەیت شوو بکات،
بەم کۆنتە، پاریس.
ئیتر بۆ لام هات، بەدیمەیەکی
دڕندەو گەلێک خەفەتبارەوە،
چارەسەرێکی لە من دەخوازی؛
ڕزگاری بکات لە شووی دووەمی.
یان ئەگەر هات و چارە نەکرێت،
خۆی لە ژوورەکەی مندا بکوژێت.
من دەرمانێکم دایە بینوێنێت.
چونکە من، هەندێک
لەو هونەرانە، گەورەم، دەزانم،
بەپێی پیلانی من کاری لێ کرد؛
ئەوەبوو کەوا زۆر قووڵ نواندی،
جۆرە نووستنێک، لە مردن بچێت.
لە هەمان کاتدا بۆ "ڕۆمیۆ"م نووسی،
کە زوو دەستبەجێ،
بەم شەوە دەبێ بگاتە ئێرە.
تاکو یارمەتی بدەین دەربچێ[١]

(١) یارمەتی جولیەت بدەین دەربچێ.

لەو گۆڕەی ئێستا لەناویایەتی.
چونکە دەمزانی، کە لەو کاتەدا،
دەرمانەکەمان، هێزی نامێنێ.
بەڵام ئەو کەسەی نامەکەی بردم،
قەشە جۆن، لە رێ، بەهۆی رووداوێ،
رێگەی لێ گیرا و
نەیتوانی بچێ بۆ رۆمیۆی بەرێ؛
دوێ شەو نامەکەی بۆ هێنامەوە.
ئیتر من هەر خۆم،
بۆ ئەو کاتەی ئەو، هەڵدەستێت لە خەو،
هاتم بۆئەوەی لە گۆڕستانی
بنەماڵەکەی، دەری بهێنم،
بیبەم بۆ لای خۆم.
تا بەنهێنی،
لە ژوورەکەمدا بمێنێتەوە،
تاکو کاتێکی لەبار دەگونجێ و
دەنێرم بەشوێن رۆمیۆدا کە بێ.
بەڵام کە هاتم من چەند خولەکێ
پێش ئەو کاتەی کە
لە خەو هەڵدەستێ،
لێرە"پاریس"ی خانەدانم دی،
پێکەوە لەگەڵ "رۆمیۆ"ی دڵسۆزدا،
هەدووکیان مردوون.
ئا لەو کاتەدا،
جولیەت، لە خەوی قورسی راپەڕی.
لێی پاڕامەوە
کە لەگەڵما بێ و بەئارامەوە،
کردەوەی گەردوون، بێدەنگ بچێژێ.
ئا لەو کاتەدا دەنگێک هاتە گوێم،
زۆر منی ترسان.
لە گوومەزەکە دەرچوومە دەرێ.

بەڵام ئەو هەندە پەست و داماو بوو،
نەیویست لەگەڵما دەرچێتە دەرێ.
بەڵام، ئەوەتا، وەک دەردەکەوێ
بە دەستەکانی
خۆی، خۆی کوشتووە.
ئەوەی دەیزانم، گشتیم پێ گوتی.
کاتی مارەیی و مارەکردنی
دایەنەکەی خۆی لەگەڵیدابوو.
گەر بەزەیەکم
لەم بەدبەختییە سامناکە هەبێت،
با ئەم تەمەنە پیرەم چەند ساتێک،
بەپێی بڕیاری سەختترین یاسا،
بەر لەکاتی خۆی بەقوربان کرێت،

میر:

ئێمە، هەمیشە، تۆمان دەناسی
کە تۆ پیاوێکی پاک و پیرۆزی.
پیاوەکەی رۆمێۆ، کوانێ؟ بزانین
دەربارەی ئەمە، چیمان پێ دەڵێ.

بالتەزار:

من بووم هەواڵی مەرگی "جولیەت"م
برد بۆ خاوەنم.
ئیتر ئەو خێرا، لە"مانتووا"وە
هات بۆ ئا ئێرە، بۆ ئەم گوومەزە.
ئەم نامەیەشی نووسی و پێی گوتم،
بەیانییەکی زوو، بیدەم بە باوکی.
جا هەڕەشەشی، بە مەرگ، لێ کردم،
گەر هات و بچم بۆ گوومەزەکە.
یان ئەگەر وازی لێ نەهێنم و
بڕۆم و لەوێ بەجێی بهێڵم.

میر:

نامەکەم بەرێ، با سەیری بکەم.

کوانێ یاوەری
" کۆنت"ەکە، ئەوەی ئێشکگرەکانی
بانگ کرد بۆ ئێرە؟
کوڕە، ئا وەرە، چی بوو ئەوەی کە
خاوەنەکەتی هێنا بۆ ئێرە؟
یاوەر:
لەگەڵ خۆی گوڵی هێنا بۆ ئێرە،
تا لەسەر گۆڕی خاتوونەی ژنی
خۆی دایان بنێ.
داوای لێ کردم،
من لە دوورەوە لەوێ بوەستم.
منیش ئاوام کرد، وەکو پێی گوتم.
هەر لەدوای تۆزێک، یەکێکم بینی،
بەفانۆسەوە، هات تاکو سەری
گۆڕەکەی جولیەت، هەڵبداتەوە.
زۆری پێ نەچوو، خاوەنەکەی من،
شیری هەڵکێشا دەستیان کرد بە شەڕ،
منیش هەر یەکسەر، ئێشکگرم بانگ کرد.
میر:
ئا ئەم نامەیە،
وتەی قەشەکە، دادەچەسپێنێت:
ئەڤین و عەشقی زۆر بەتینیان و
جۆری مردنیان.
لێرەشدا دەڵێت،
ژەهری کڕیوە لە دەرمانسازێک،
دەرمانسازێکی بێ پوول و پارە.
ژەهرەکەی لەگەڵ خۆیدا هانیوە
بۆ گوومەزەکە، تا خۆی بکوژێ و
لەگەڵ "جولیەت"دا بمێنێتەوە.
کوان دوژمنەکان،
مۆنتاگیو، وەرە. وەرە کاپیولێت، (هەردووکیان دێن لەبەر دەمیدا دەوەستن)

بزانن چۆن خوا، قین و ئاژری[١]
ئێوەی سزا دا؛
گەردوون دەزانێت،
هەر خۆی دەزانێت، بە خۆشەویستی،
چۆن شادی دڵی ئێوە بکوژێت.[٢]
سزای منیشی دا بە کوشتنی
دوو خزمەکەمان.[٣]
چونکە چاوانی خۆم دادەپۆشی،
لە ناکۆکیتان.
هەموومان سزای خۆمانمان وەرگرت.

کاپیولێت:
برام مۆنتاگیو، دەستتم بەرێ! (دەستی دەداتێ)
ئەمە، لە تۆوە،
دیاری مارەیی کچەکەم دەبێت.
ناتوانم لەوە زیاترم بوێت.

مۆنتاگیو:
بەڵام من لەوە،
دەتوانم گەلێک زیاترت بەمێ؛
من پەیکەرێکی بۆ دروست دەکەم
لە ئاڵتوونی رووت.
هەتا ڤیرۆنا، ئەو ناوەی مابێت،
شێوەیەک نەبێت هەندە هێژا بێت،
وەک ئەم بتوانێت،
رادەی دڵسۆزی جولیەت دەربڕێت.

کاپیولێت:
منیش پەیکەرێک بۆ رۆمیۆ دەکەم،
هەندە هێژا بێت،

---

(١) ئاژر؛ رق. ئاژری؛ بەر رق.
(٢) شادی دڵ؛ مناڵ. خوا، خۆشەویستی کرد بەهۆی مردنی مناڵەکانتان. بەو جۆرە سزای ئێوەی دا.
(٣) ئەو دوو خزمە، یەکێکیان مێرکێشیۆ، دۆستەکەی رۆمیۆیە، ئەوەی تیبالت کوشتی. ئەوەکەی تریان، پاریسە.

لەلای پەیکەری ژنەکەیەوە.
ئەم هەژارانە، بوون بە قوربانی
ئاژری ئێمە[١]

میر:

ئەم بەیانییە،
ئاشتییەکی پەست لەگەڵ خۆی دێنێت.
لەبەر سوێداری،
ئەمڕۆ خۆر سەری خۆی دەرناهێنێت.
با بڕۆین ئیتر، بەوردی باسی
ئا ئەم ڕووداوە غەمگینە بکەین،
لەگەڵ شتی تر.
بێگومان، هەندێک، سزا دەدرێن.
لە هەندێکیشیان،
دادگا دەبوورێت.[٢]
هەرگیز قەت ڕۆژێک،
چیرۆکی ئاوا
خەفەت هێنەر و تاڵ ڕووی نەداوە،
وەک "ڕۆمیۆ و جولیەت"

---

(١) ئاژر؛ رق.

(٢) دادگا، لە قەشەکە دەبوورێت. بەڵام خۆی بڕیار دەدات واز لە قەشەیەتی بهێنێت. دەرمانسازەکە ئیعدام دەکرێت.

# پاشکۆکانی شانۆگەرییەکە

## پاشکۆی ١

## پاریس و هەلێن و وێرانبوونی شاری تەروادە

"پاریس Paris"، یەکێک بووە لە کوڕەکانی "پرێیام Priam"ی شای تەروادە، لە ژنی یەکەمی، کە ناوی "هێکیوبا Hecuba" دەبێت. هێکیوبا، لەو کاتەی کە سکی بەپاریس پڕ دەبێت لە خەویدا منالّی دەبێت. لەباتی منالّ، پشکۆ ئاگرێکی گەورەی لێوە دەردەچێت و هەموو شارەکە دەسووتێنێت و وێرانی دەکات. لە ترساندا لە خەو رادەپەڕێت و سام و نیگەرانییەکی زۆر دەیگرێت. کە خەوەکەی دەگێڕیتەوە؛ دوارۆژبینەکان و ئەوانەی لە مانای خەو تێ دەگەن، کە یەکێکیان "کەساندرا Cas-sandra"ی خوشکە گەورەی پاریس خۆی دەبێت، لە ژنێکی تری پرێیام، هەموو پێی دەڵێن؛ ئەم خەوە مانای ئەوەیە کە ئەم منالّە، دەبێت بەهۆی وێرانبوونی شاری "تەروادە Troy". کە منالّەکە لەدایک دەبێت، هێکیوبا و مێردەکەی، بڕیار دەدەن بیکوژن؛ ئەیدەن بەیەکێک لە نۆکەرەکانیان بەناوی "ئەگیلۆس Agelaus" کە بیبات بۆ سەر گردی "ئیدا Ida"[١] و لەوێدا بەجێی بهێڵێت بۆئەوەی لە برسا بمرێت. لە پاش پێنج رۆژ ئەگیلۆس، کە دەچێتەوە بۆ سەر گردەکە، سەیر دەکات ساواکە هەر وەکو خۆی زیندوو و جوان ماوەتەوە. کە بۆی دەردەکەوێت، ئەو پێنج رۆژە، دەڵەورچێک شیری داوەتێ، زۆر بەزەیی بەساواکەدا دێتەوەو بڕیار دەدات کە بیبات بۆ گوندەکەی و بیکاتە کوڕی خۆی.

پاریس، گەورە دەبێت و کوڕێکی پاڵەوان و گەلێک قۆزی لێ دەردەچێت. "ئۆینۆن Oenone"ی[٢] پەری دەکات بە ژنی خۆی و لە گوندەکەدا دەمێنێتەوە شوانی دەکات. بەڵام، زۆری پێ ناچێت پیشەکەی، دەیباتەوە بۆ تەروادە: رۆژێکیان، یەکێک لە پیاوەکانی شا، دەچێت بۆ گوندەکە، بەشوێن گایەکی بەهێز و چالاکدا بگەڕێت بۆ ئەوەی بەشداری پێشبڕکێی پێ بکات لە ئاهەنگێکدا کە بەبۆنەی لەدایکبوونی یەکێک لە کوڕەکانی شا، کە دەمێکە مردووە، دەکرێت. ئەو کوڕە تومەز پاریس خۆی دەبێت.

پاریس، گایەکی وای دەبێت. ئیتر لەگەڵ گایەکەدا خۆشی دەچێت بۆ بەشداریکردن. پاریس و گایەکەی، لە هەموو گەمەکاندا دەیبەنەوە. براکانی "پاریس"یش لە گەمەکاندا بەشدارییان کردبوو، بەڵام هیچیان نەیانبردەوە.[٣]

یەکێک لە براکانی، ناوی "دیفۆبەس Deiphobus"، دەبێت، بەوە زۆر تووڕە دەبێت؛ شیر لە پاریس هەڵدەکێشێت. پاریس، ناچار دەبێت پەنا بەرێتە بەر پەرستگایەکی "زیوس Zeus".[٤]

---

(١) ئیدا؛ گردێکی پیرۆزە، نزیکی "تەروادە"یە.

(٢) ئۆینۆن، پەرییە، کچی (سێبرێن) ی خواوەندی رووبارە، جادووگەر و دوارۆژبین بووە.

(٣) پرێیام، گوایە، پەنجا کوڕ و چواردە کچی هەبووە.

(٤) زیوس؛ بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، گەورەی هەموو خواوەندەکانە.

بەڕێککەوت، "کەساندرا"ی خوشکی، لەو کاتەدا، لەوێ دەبێت. چونکە کەساندرا، وەکو باسمان کرد، لە جادووگەری و دوارۆژ بینیندا زانا بووە، دەیناسێتەوە. زوو بە"هێکیوبا"ی دایکی پاریس دەڵێت. ئیتر ئەو دایکەی، ئەوەی کە کاتی خۆی بڕیاری دابوو بیکوژێت، کوڕەکەی خۆی، لە مردن رزگار دەکات. پریام و هێکیوبا هەردووکیان زۆر شادمان دەبن بەوەی کە پاریس، نەمردووە. لە ماڵەوە، لای خۆیان گلی دەدەنەوە. بەڵام پاریس، هەر وەکو جارانی، لەسەر گردی ئیدا، شوانی خۆیی دەکرد.

رۆژێکیان، زیوس، پاریس هەڵدەبژێرێت ببێت بەدادوەر لە نێوان سێ بانووخواوەندا؛ هێرا و ئەسینا و ئەفرۆدیت، کە بڕیار بدات؛ لەو سیانەکامەیان لە هەموویان جوانترە.(١)

## دادوەریی پاریس

ئەم دادوەرییەی پاریس، دەبێت بە یەکەم هەنگاو بەرەو نانەوەی ئەو شەڕە گەورەیەی تەروادە: کە "تێتیس "Thetis، بانووخوای دەریا، شوو دەکات بە"پێلیوس Peleus"ی مرۆک،(٢) هەموو خواوەندەکان بانگ دەکرێن بۆ زەماوەندەکە، جگەلە"ئێریس Eris"، بانووخواوەندی ئاژاوە و ناکۆکی، چونکە کەس خۆشی نەدەویست. لەگەڵ ئەوەشدا ئێریس، هەر دێت بۆ زەماوەندەکە. کە دێت، دیارییەک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. دیارییەکە، سێوێکی ئاڵتوونی زۆر جوان دەبێت. لەسەر سێوەکە دەنووسێت؛ "ئەم سێوە، بۆ هەرە جوانەکەتان" و هەڵی ئەداتە نێوان هێرا و ئەسینا و ئەفرۆدیت. هەر یەکەیان، چونکە خۆی لەوانی تر بەجوانتر دەزانێت، دەیەوێت سێوەکە بۆ خۆیی بەرێت، ئیتر زیوس، "پاریس"ی کوڕی شای تەروادە، لەو کاتەدا دەبینێت لەسەر گردی ئیدا، شوانی دەکات، دەینێرێت ببێت بە دادوەر لەناویاندا. هەرسێکیان، جیا بەجیا، دێن بۆ لای بەرتیلی بدەنێ:

– هێرا، پێی دەڵێت؛ ئەگەر سێوەکە بدەی بە من، من شکۆداریت دەدەمێ.

– ئەسینا، پێی دەڵێت؛ من لە هەموو جەنگێکدا سەرکەوتنت دەدەمێ.

– ئەفرۆدیت، پێی دەڵیت؛ من ئەڤینی جوانترین ژنی دنیا، کە"هەلێن"ە(٣)، ئەدەم بە تۆ.

پاریس، دوای ئەوەی هەندێک بیر دەکاتەوە، سێوەکە دەدات بەئەفرۆدیت.

---

(١)"هێرا Hera"؛ بانووخواوەند، یەکێکە لە دوازدە خواوەندە گەورەکانی یۆنان، ژنی (زیوس)ە و بانووشای ئاسمانە. "ئەسینا Athena"؛ بانووخواوەندە و یەکێکە لە دوازدە خواوەندە گەورەکانی یۆنان، پاکیزەیە، شووی نەکردووە، بانووخواوەندی شەڕە. "ئەفرۆدیت Aphrodite"؛ بانووخواوەندە و یەکێکە لە دوازدە خواوەندە گەورەکانی یۆنان، بانووخواوەندی جوانی و ئەڤینە.

(٢) پێلیوس، مرۆکە (مرۆڤە)، دەمرێت، نە جنۆکەیە، نە پەرییە، نە خواوەندە؛ ئەوانە نەمرن.

(٣) "هەلێن Helen" کچی "لیدا Leda"ی ژنی شای سپارتا دەبێت. لیدا، ژنێکی زۆر جوان دەبێت. "زیوس Zeus" گەورەی هەموو خواوەندەکانی یۆنان، حەزی لێ دەکات. بڕیار دەدات بچێت لەگەڵیدا بنوێت. بۆ ئەوەی "هێرا"ی ژنی و کەسی کەش پێی نەزانێت، زیوس، خۆی دەکات بە"قوو Swan"یەکی زۆر جوان و دەفرێت بۆ ماڵی لیدا، بەجۆرێک دەفرێت، وەکو لە دەستی هەڵۆ خۆی رزگار کردبێت و پەنا بەو ماڵە=

## چوونی پاریس بۆ سپارتا

پاریس، ئێستا، کوڕی شایە، دەتوانێت بچێت بە میوانی بۆ لای شای وڵاتەکانی تر. بڕیار دەدات بچێت بۆ ماڵی شای سپارتا. تاکو لەوێ، ئەوەی کە ئەفرۆدیت بەڵێنی پێ داوە، دەستگیری بکات. هەرچەند "ئۆینۆن"ی ژنی و "کساندرا"ی خوشکی، کە هەردووکیان دوارِۆژبین دەبن، لێی دەپاڕێنەوە کە نەچێت، سوودی نابێت، هەر دەچێت. کە دەگاتە ئەوێ، شای سپارتا، "مێنێلۆس Menelaus" وەکو شازادەیەک پێشوازی دەکات و بۆ نۆ رۆژ رێزێکی زۆری دەگرێت. بۆ دەهەمین رۆژ، مێنێلۆس، باپیری دەمرێت. ئیتر ناچار دەبێت میوانەکەی لە ماڵەوە بەجێ بهێڵێت و سواری کەشتی ببێت و بچێت بۆ ناشتنی باپیری لە دوورگەی کرێت.

لەو چەند رۆژەدا ئەفرۆدیت، ئەڤینێکی وا زاڵ دەخاتە دڵی هەردووکیانەوە؛ شەیدایان دەکات بۆ یەکتری. چەند شەوێک پێکەوە ڕادەبوێرن. لە دواییدا بڕیار دەدەن کە پێکەوە رابکەن و بچن بۆ تەروادە. هەر کە دەگەنە تەروادە زەماوەندێکی گەورە دادەمەزرێنن و یەکتری دەهێنن.



پاریس و هەلێن
وەکو چۆن روبێنس Rubens 1577-164
رەسمی کردوون

کە مێنێلەس، دەگەڕێتەوە و دەبیستێت چی رووی داوە، زۆری پێ ناخۆش دەبێت. دەچێت بۆ لای "ئەگامینۆن "Agamenonی برای، کە شای دەوڵەتی مەسینای دەبێت. پێکەوە و بەیارمەتی چەند دەوڵەتێکی یۆنانی ترەوە، سوپایەکی زۆر گەورە پێک دەهێنن و سواری کەشتی دەبن و بەرەو تەروادە دەڕۆن. کە دەگەن، یەکسەر گەمارۆی شارەکە دەدەن و دەبێت بەو شەڕە گەورەیەی کە دە ساڵ دەخایەنێت و بەکاولبوونی تەروادەوکوشتنی پاریس و باوکی کۆتایی پێ دێت. هەلێن دەبرێتەوە بۆ سپارتا. بەڵام چونکە هەلێن، کچی خواوەندە (کچی زیوسە)، کەس ناوێرێت ئازاری بدات یان دڵی بشکێنێت.

---

= ببات. لەدوای ماوەیەک لێدا، لەباتی منداڵ هێلکەیەکی دەبێت. هێلکەکە هەڵدێت و هەلێن، لێیەوە دەردەچێت. هەلێن، ژنێکی ئەوەندە ناسک و جوان دەبێت، گوایە ئەوەتی دنیا هەیە، ژن لەو ناسکتر و جوانتر، نە بووە و نە دەبێت.

## پاشکۆی ٢

### دیدۆ، دامەزرێنەر و یەکەم بانووشای قەرتاجنە.

"ئەلیسا Elissa"، کچی "بێلەس Belus"ی شای فینیقییەکان دەبێت. "دیدۆ Dido" ناوە یۆنانییەکەیەتی. لە سەدەی نۆیەمی پ. ز، شاری "سوور Tyre"ی ئێستای لوبنان، پایتەختی فینیقییەکان بووە. دیدۆ، کچێکی زیرەک و بەهونەر و زۆر جوان دەبێت. شوو دەکات بە"سیخایوس Sychaeus"ی مامی خۆی. کە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند دەبێت. دوای شووکردنەکەی بە ماوەیەک، باوکەکەی دەمرێت و "پیگمالیۆن Pygmalion"ی برای دەبێت بە شا. پیگمالیۆن، پیاوێکی زۆر ستەمکار و چاوبرسی دەبێت. تەماع دەکاتە موڵک و سامانەکانی سیخایوسی مامی. لەبەر ئەوە بەغەدردەیکوژێت و هەموو موڵکەکانی داگیر دەکات. کە سیخایوس دەمرێت، نە دیدۆ، نە کەسێکی تر دەیانزانی گەنجینەی گەوهەر و ئاڵتوونەکانی لەکوێیە. ڕۆژێکیان تارماییەکەی سیخایوس، دێت بۆ لای دیدۆ و باسی کوشتنەکەی خۆیی بۆ دەگێڕێتەوەو شوێنی گەنجینەکەشی پێ دەڵێت. لەو کاتەدا دیدۆ، پەیمانی دەداتێ کە قەت ئیتر پیاوێکی تری خۆش نەوێت و قەت جارێکی تر شوو نەکاتەوە.

شەوێکیان دیدۆ بەنهێنی، گەنجینەکە لەگەڵ هەندێک لە پیاوەکانی خۆی دەبات و بەسوارپی کەشتییەک دەرباز دەبێت دەچێت، بۆ باکوری ئەفریقیا. لەوێدا، بەسەرهاتی خۆی بۆ شای ئەو ناوچەیە دەگێڕێتەوە و لەگەڵیدا ڕێک دەکەوێت کە خاکێکی پێ بفرۆشێت تاکو بتوانێت لەسەر ئەو خاکە، مەملەکەتێکی تازە بۆ خۆی دابمەزرێنێت. کە لێی دەپرسێت ئەو خاکەی تۆ دەتەوێت، دەبێت چەند گەورە بێت؟ دیدۆ دەڵێت؛ من لە پێستەی تاکە یەک گادا، دادەنیشم و سیرمە[1] دروست دەکەم، درێژاییی ئەو سیرمەیە چەند دەرچێت، سنووری وشکی خاکی مەملەکەتەکەی منیش، کەحەزدەکەم لەشێوازی نیوبازنەییدا بێت، ئەوەندە درێژ بێت و دیوەکەی تری لەسەر دەریا بێت.

دیدۆ، ژنێکی جوان و خوێنگەرم دەبێت، لەبەرئەوە شایەکە، خۆشی دەوێت و نەشی دەزانی کە دیدۆ، ژنێکی ئەوەندە زیرەک و بەهونەرە کە بتوانێت سیرمەیەکی ئەوەندە درێژ لە پێستەی تاکە یەک گا دروست بکات؛ دەڵێت باشەو پارەکەی لێ وەردەگرێت. زۆری پێ ناچێت، دیدۆ، بەو گەوهەر و ئاڵتوونانەی کەمابوویەوە، خۆی و یاوەرەکانی شارێکی گەورەی زۆر جوان لەسەر کەناری دەریاکە، بەناوی "قەرتاجنە Carthage"[2] دروست دەکەن و دەیکەن بە وڵاتی خۆیان. دیدۆ، دەبێت بە یەکەم بانووشایان.

لەو کاتەدا "جەنگی تەروادە Trojan war"[3] کۆتایی پێ دێت بە کاوڵبوونی شارەکەو سەرکەوتنی

---

(١) سیرمە؛ پەتێک لە چەرم دروست کرابێت پێی دەوترێت "سیرمە".

(٢) کەلاوەکانی قەرتاجنە هێشتا هەر ماونەتەوە، لە توونسە.

(٣) شەڕی تەروادە لە پاشکۆی (١)ی ئەم پەڕتووکەدا، باسی کراوە.

سوپای یۆنانی. ئیتر ئەوەی دەکوژرێت، لە بنەماڵەی شا و خانەدانەکانی تەروادە، دەکوژرێت و ئەوەی دەتوانێت خۆی رزگار بکات، دەرباز دەبێت. یەکێک لەوانە، "ئێنیەس Aenius" دەبێت(١).

***

ئەو کاتەی ئێنیەس بەرێگاوە دەبێت بەرەو ئیتالیا، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی رۆمانی، "ئەفرۆدیت"ی دایکی(٢)، بانووخواوەندی جوانی و خۆشەویستی، دەبێت بەڕابەری و دەیبات بەرەو



دیدۆ و ئێنیەس کە یەکەمین جار یەکتری دەبینن

وەکو چۆن "ناتانییێل دانس هۆلاند Nathaniel Dance Holland 1735-1811 " رەسمی کردوون

---

(١) ئێنیەس، یەکێک دەبێت لە خانەدانەکانی تەروادە. لە شەڕەکەدا، بریندار دەکرێت. خوای دەریا "پەسێیدۆن "Poseidon، لە ئاسمانەوە کە ئەوە دەبینێت زوو دێت بەفریادییەوە و دەیبات بۆ دەرەوەی مەیدانی شەڕەکە. ئەمە دەکات چونکە"یوپیتەر Jupiter"، گەورەی خواوەندەکانی رۆمان، "ئێنیەس"ی هەڵبژاردبوو کە ببێت بەدامەزرێنەری دەوڵەتی رۆمانی لە ئیتالیا.

(٢) باوکی ئێنیەس کە ناوی "ئەنخیسێس Anchises" بووە، یەکێک بووە لە بنەماڵەی شای تەروادە. گەنجێکی ئەوەندە کەشخە و جوان بووە تا ئەفرۆدیت خۆی، کە بانووخواوەندی جوانی و خۆشەویستییە، حەزی لێ دەکات. رۆژێکیان لەو کاتەی کە ئەنخیسێس شوانیی دەکرد لەسەر گردی "ئیدا Eda" دا، ئەفرۆدیت دێت بۆ لای لە شێوەی کچێکی گەنجی زۆر جواندا. ئەنخیسێس حەزی لێ دەکات و ئەو شەوە پێکەوە لەناو جێگادا رادەبوێرن. بۆ بەیانییەکەی، ئەفرۆدیت، راستییەکە بە ئەنخیسێس دەڵێت؛ پێی دەڵێت کە بانووخواوەندە. ئەنخیسێس، زۆر دەشڵەژێت و لەوە دەترسێت کە بیکوژێت. بەڵام، ئەفرۆدیت، پێی دەڵێت؛ مەترسە، من ئێستا سکم پڕە بەکوڕی تۆ. کەی لەدایک بوو، لێرەدا لەسەر گردی ئیدادا، فریشتەکانم بەخێوی دەکەن تا تەمەنی پێنجساڵی. لە دوای ئەوە دەیهێننەوە بۆ لای خۆت. بەڵام، ها، نەکەیت رۆژێک باسی ئەوەی کە ئەم شەو لە نێوان ئێمەدا =

قەرتاجنە بۆ لای دیدۆ. لە هەمان کاتدا خۆشەویستی بۆ "ئێنیەس"ی کوڕی، دەخاتە دڵی "دیدۆ"وە.

لەو کاتەی کە ئێنیەس، باسی جەنگی تەروادەی بۆ دەگێڕایەوە، نەختەنەختە بە تەلیسمی ئەو جوانییەی کە هەیبوو، دڵی دیدۆ، بەتەواوی بەند دەکات.

ڕۆژێکیان، بەیەکەوە دەچن بۆ ڕاو. لەناکاودا، بارانێکی سەیر دەست پێ دەکات. لە بارانەکە رادەکەن دەچن بۆ ئەشکەوتێکی نزیک خۆیان بشارنەوە تا بارانەکە دەوەستێت. هەر لەوێدا دەبن بە ژن و مێرد. بەوە، دیدۆ، ئەو پەیمانەی کە دایبووی بە مێردەکەی کە هەرگیز خۆی بەپیاوێکی تر نەدات، دەشکێنێت. هەردووکیان، زۆر حەز لە یەکتری دەکەن. ئێنیەس ئەرکەکەی خۆیی هەر لەبیر دەچێتەوە. لەو کاتەدا پەیامبەر لەلایەن "یوپیتەر"ەوە دێت بۆ لای بیخاتەوە بیری کە دەبێت واز لە دیدۆ بهێنێت و بچێت بۆ ئیتالیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ڕۆمانی. هەرچەند دیدۆ دەگری و لێی دەپاڕێتەوە کە نەڕوات، سوودی نابێت. چونکە ئەو ئەرکەی کە یوپیتەر بۆی داناوە، بەئارەزووی خۆی نییە، دەبێت بچێت و جێبەجێی بکات. ئێنیەس، دەڕوات. دوای ئەوە دیدۆ، دنیای لە بەرچاو دەکەوێت و شەو و ڕۆژ دەگریا. دیدۆ، خوشکێکی دەبێت بەناوی "ئاننا Anna". بە دیدۆ دەڵێت؛ بۆ ئەوەی "ئێنیەس"ت لەبیر بچێتەوە، با ئاهەنگێک بکەین و لەبەر چاوی خەڵکەکە ئاگرێکی گەورە بکەینەوە و هەرچییەک ئێنیەس بەجێی هێشتووە بیسووتێنین. دیدۆ دەڵێت باشە. دار و تەختەیەکی زۆر کۆ دەکەنەوە و کۆمەڵێکی گەورەی لێ دروست دەکەن و نەوتی بەسەرا دەکەن. ئینجا، دیدۆ، هەموو شتەکانی ئێنیەس کۆ دەکاتەوە و بەدەستی خۆی دەیبات و سەردەکەوێتە سەر تەختەو دارەکان بۆ ئەوەی لەوێ دایانبنێت و ئینجا دابەزێت و گڕیان تێ بەربدات. لە نێوان ئەو شتانەی کە ئێنیەس، بەجێی هێشتبوون، شمشێرێک هەبوو. دیدۆ، هەموو شتەکان دادەنێت بۆ سووتاندن، بەڵام شمشێرەکە بەدەست خۆیەوە دەگرێت و گڕ لە دارەکان بەردەدات. لەناو ئاگرەکەدا، خەڵکەکە دەیبینن، شمشێرەکەی ئێنیەس دەکات بەسنگی خۆیدا و دەکەوێت بەسەر ئاگرەکاندا و دەسووتێت.

***

ئێنیەس، لەدواییدا، کە ئەمە دەبیستێت، خەفەتێکی زۆر دەخوات و دەیەوێت بەجۆرێک بچێت بۆ لای دیدۆ، بۆ دنیای ژێر خاک، تاکو لەوێدا داوای لێبووردنی لێ بکات.

بەهۆی پیرێژنێکی جادووگەرەوە ئەوەی پێ دەکرێت. کە دەچێت، لەوێدا، لە دوورەوە، یەکتری دەبینن. کە ئێنیەس، لە دیدۆ نزیک دەبێتەوە، دەبینێت لەب رینەکەی سەر سنگییەوە هێشتا هەر خوێنی ئاڵی گەش دەردەچێت. کە دەچێت لێی نزیکتر ببێتەوەو داوای لێبووردنی لێ بکات، دیدۆ، ڕوو دەکات بەولاوە و دەڕوات بەرەو سیخایوس، مێردە کۆنەکەی.

---

= رووی دا بگێڕیتەوە بۆ کەس. ڕۆژێکیان، دوای ئەوەی کوڕەکەی بەپێنج ساڵی دەهێننەوە بۆ لای ئەنخیسێس، بەسەرخۆشییەوە، باسی ئەو ڕووداوە دەگێڕیتەوە بۆ برادەرەکانی. زیوس، کە بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، گەورەی هەموو خواوەندەکانە، یەکسەر برووسکەیەکی بۆ دەنێرێت شەلی دەکات. لەبەر ئەوە کە شەڕی تەروادە دەستی پێ کرد، ئەو نەچوو بۆ جەنگ، لە ماڵەوە مایەوە. لەباتی ئەو "ئێنیەس"ی کوڕی، کە ئێستا مێردی کچی شای تەروادەیە، دەبێت بە سەرۆک سوپایەک لە سوپاکانی تەروادە.

## پاشکۆی ٣

### یولیەس قەیسەر و ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە

لە رۆمادا، بەر لەوەی "یولیەس قەیسەر[١] Julius Caesar" بگاتە سەر حوکم، پەرلەمان حوکمی وڵاتەکەی دەکرد. رژێمەکەیان کۆماری بوو: هەموو ساڵێک دوو کەسیان هەڵدەبژارد، پێیان دەگوتن "کۆنسوڵ Consul." ئەو دووانە پێکەوە بۆ ساڵێک حوکمی وڵاتەکەیان دەکرد.

***

قەیسەر، جگە لەوەی کە سەرۆک سوپایەک دەبێت لە هەرە باشەکانی مێژوو، رۆشنبیر و مێژوو نووسێکی ناسراویش دەبێت. هەڵدەبژێررێت بەجێگری کۆنسوڵ. دوای ئەوە، بەلەشکرێکەوە دەچێت بۆ جەنگ بۆ ناوچەی "گۆل Gaul" کە فرەنسا و بەلجیکا و بەشێک لە هۆڵەندەی ئێستە دەگرێتەوە. زۆربەی ئەو ناوچانە دەگرێت و لەشکرەکەی رۆژ بەڕۆژ گەورەو بەهێزتر دەبوو. بەڵام، چونکە قەیسەر، زۆر بەرزخواز بوو و گەلەکەش خۆشی دەویست، کاربەدەستەکانی رۆما دەترسان کە رۆژێک ئەو هێزە، دژی پەرلەمان بەکار بهێنێت و ببێت بەدیکتاتۆر. لەبەرئەوە پەرلەمان بە سەرۆکایەتی "پۆمپەی Pompey" داوای لێ کرد کە واز لە سەرۆکایەتیی لەشکرەکە بهێنێت و بگەڕێتەوە بۆ رۆما. کە قەیسەر ئەوەی قبووڵ نەکرد، پەرلەمان بریار دەدات لایبەرێت لە سەرۆکایەتیی لەشکرو نەشهێڵێت بۆ ساڵی داهاتوو خۆی پێشکێش بکات بۆ هەڵبژاردن بۆ کۆنسوڵ. کە ئەو فەرمانەی پێ دەگات، قەیسەر، خۆی و لەشکرەکەی لە رووباری "رووبیکۆن[٢] Ru-bicon" دەپەڕنەوەو دەڕۆن بەرەو رۆما بۆ داگیرکردنی. ئیتر ئەوە دەبێت بەهۆی دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ لەنێوان قەیسەر و پۆمپەی. لە شەڕەکەدا پۆمپەی، دەشکێت و دەرباز دەبێت بۆ یۆنان. لەوێوە دەچێت بۆ میسر. بەڵام قەیسەر، وازی لێ ناهێنێت؛ دوای دەکەوێت بۆ ئەوێ.

بۆئەوەی مێژوو و بارودۆخی ئەو ماوەیە روون ببێتەوە، بەپێویستی دەزانم، کە هەندێک باسی کلیۆپاترەو باری رامیاری ئەوسای میسر، لێرەدا بکرێت.[٣]

---

(١) قەیسەر یاخود " کەیسەر Caesar" لێرەدا بەمانای شاهانشا، نایەت. ئەمە تەنیا ناوێکە. بەڵام، دوای ئەوەی کە قەیسەر دەکوژرێت، ئیتر بەهەموو ئیمپراتۆرێکی رۆمایان دەگوت " کەیسەر" بە عەرەبی "قەیسەر"، بەڕووسی "تسار" و بەئەڵمانی " کەیسەر".

(٢) رووبیکۆن؛ ناوی رووبارێکە لە رۆژهەڵاتی باکووری ئیتالیادایە. لەو رووبارە هیچ سوپایەک نەدەبوایە بپەڕێتەوە بەرەو رۆما، بەفەرمانی پەرلەمان نەبێت. لەوساوەی کە قەیسەر پەڕیوەتەوە، ئەوەی کە لە جەسارەتدا لە رادەی ئاسایی دەربچێت، پێی دەڵێن "لەرووبیکۆن پەڕیوەتەوە He crossed the Rubicon".

(٣) باری رامیاری؛ وەزعی سیاسی.

# کلیۆپاترە

لەدوای مـردنـی "ئەسکەندەری مـەکـیـدۆنی گـەورە (١) "Alexander the Great سـاڵی ٣٢٣ پ. ز، ئیـمـپـراتۆرییـەتی مـەکـیـدۆنی دەبێت بەچوار کـەرتـەوە. هەر ژەنەراڵێک لە ژەنەراڵە مـەزنـەکـانی ئەسکەندەر، کەرتێکی دەبات بۆ خـۆی و خـۆی دەکـات بەشـای ئەو ناوچەیە. یەکێک لـەوانە، ناوی "پتۆلۆمی Ptolomy" دەبێت. ئەو، خـۆی دەکات بەشای میسر. کلیۆپاترە، یەکێکە لە نەوەکانی ئەو ژەنەراڵە. کە پتـۆلۆمی دوازدەم، سـاڵی ٥١ پ. ز، دەمرێت، کلیۆپاترەی کچی، کـە لە تەمـەنی ١٨ سـاڵیدا دەبێت، بەهاوبەشی لەگەڵ برا منداڵەکەیدا، پتۆلۆمی سیازدەم، کە لە تەمـەنی ١٢ سـاڵیدا دەبێت، دەبن بەشـای (فیرعەونی) میسر. بەپێی یاسای ئەوسای میسر، ژن نەدەبوایە ببێت بەشا ئەگەر مـێردی نەبێت. لـەبەرئەوە شـوو دەکـات بـە پتـۆلۆمی برای. شـووکـردن بەباوک یان بەبرا، ئەوساکە لە میسر، شتێکی ئاسایی بووە.

کلیۆپاترە، جگە لەوەی کە ژنێکی زۆر جوان دەبێت، رامیـارێکی گەلێک زیرەکیش دەبێت. رێگای نەدەدا بە برا پچووکەکەی حوکم بکات. لەبەر ئەوە، زۆری پێ نەچوو، دوشمنایەتی کەوتە ناویانەوە. لەدواییدا بەیارمـەتی چەند ژەنەراڵێک بەسـەرۆکایەتی "پۆسینەس Pothinus"ی خەسێنراو (The eu-nuch)، براکـەی پێی دەکـرێت، کلیـۆپاترە لە حـوکم لابەرێت و خـۆی ببـێت بەشـا. کلیـۆپاترە، بەناچاری، دەرباز دەبێت بۆ سووریا. لەوێ، لە سوورییەکان لەشکرێک بۆ خۆی دروست دەکات.

ئا لەو کاتەدا، پۆمپەی دێت بۆ ئەسکەندەرییە بۆ پەنا بردنەبەر پتۆلۆمی. بەڵام پتۆلۆمی، بۆ ئەوەی یولیـەس قەیسـەر لێی رازی بێت، هەر کە پۆمپەی دەگات، یەکسـەر دەیکوژێت و سەرەکەی بەدیاری دەنێرێتـەوە بۆ قەیسـەر. قەیسەر، ئەو کارەی زۆر پێ ناخۆش دەبێت، دەشڵێن کە گوایە زۆر بەزەیی بە"پۆمپەی"دا هاتووەتەوەو دەستی کردووە بەگریان. چوار رۆژ دوای ئەوە، قەیسـەر، بەلەشکرێکەوە، دێت بۆ ئەسکەندەریە. پتۆلۆمی، لەو کاتەدا، لەوێ نابێت. قەیسەر، خۆی یەکسەر دەچێت بۆ کۆشکی شـاهانی هەر وەکو بچێت بۆ ماڵی خۆی. بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بداتە پتـۆلۆمی (لەو کاتەدا میسـر، وەکـو پارچەیەک دەبێت لـە ئیـمـپـراتۆرییـەتی رۆمـانی)، لەوێوە دەست دەکـات بەفـەرمـان دەرکـردن. "پۆسینەس"ی خەسێنراو، پتۆلۆمی دەهێنێتەوە بۆ ئەسکەندەریە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ قەیسەردا.

---

(١) ئەسکەندەری مـەکیدۆنی، دوای ئەوەی مـیسـر و ئێران و ئـەفغانسـتـان و بەشـێکی زۆر لە هند داگیر دەکـات، لە رێگا دەبێت بگەڕێتـەوە بۆ مـاڵەوە، بـۆ مـەکـیـدۆنیـا. لەرێگا، بۆ مـاوەیەک بۆ حـەسـانەوە لە عێراقدا، لە شاری بابل دەمێنێتەوە. شەوێکیان زۆر مەی دەخواتەوە. بۆ بەیانییەکەی نەخۆش دەکەوێت و تای لێ دێت. لە دوای چەند رۆژێک، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٣٢٣ پ. ز، لە تەمـەنی ٣٣ سـاڵیدا، دەمرێت. لەوە دەچێت کە تووشی مەلاریا بووبێت. دووریش نییە بەژەهر کوژرابێت. بۆ ناشتنی، دەیبەن بۆ مسیر بۆ شاری ئەسکەندەریە. بۆ ئەوەی لە رێگا بۆگەن نەکات، ناوسکەکەی دەردەهێنن و لەشەکەی دەخـەنە ناو بەرمـیلێک هەنگوینەوە. ئەسکەندەری مـەکـیدۆنی، هەر چ وڵاتێکی داگـیـر بکردایە، لەوێ شارێکی دروست دەکرد و بەناوی خۆیەوە ناوی دەنا. شاری ئەسکەندەریەی میسر یەکێکە لەو شارانە. هەروەها شاری ئەسکەندەرییەی عێراق و ئەسکەندەرۆنەی تورکیا.

بێگومـان، کلیۆپاترە دەیویست خـۆیشی ئامادە بێت و لـەو گفتوگۆیەدا و بەشداری بکات. بەڵام، چونکە سـەربازەکانی براکـەی دەوری کـۆشکەکـەیان دابوو، نەیدەتوانی بگاتە قـەیسـەر. لەبەر ئەوە بڕیار دەدات کە لەناو بەڕەیەکدا بیپێچنەوە و بیبەن بۆ لای. بۆ ڕۆژی دوایی قەیسەر، هـەردووکیان، کلیۆپاترەو پتۆلۆمی، بانگ دەکات بۆ گفتوگۆکردن. بەڵام، لە ماوەی ڕۆژی ڕابوردوودا، کلیۆپاترە، بەجوانێتی و زیرەکی خـۆی، فریـا دەکەوێت خـۆی بکات بە بانوویاری قـەیسەر و شـەوەکەی لەگەڵدا ڕاببوێرێت. پتۆلۆمی، کە دێت بۆ کۆبوونەوەکە، زوو هەست بەوە دەکات و بەتووڕەیی دەڕواتە دەرێ و هاوار دەکـات؛ خیـانەتم لێ کـرا. پۆسـینەس، بەسـەربازەکـانی پتـۆلۆمی، کـە ژمـارەیـان نزیکەی بیست هـەزار کـەسێک دەبێت، گەمـارۆی کۆشکەکە دەدات و دەبێت بە شـەڕ. لە شـەڕەکەدا، قـەیسەر سـەردەکەوێت.

پۆسـینەس دەگـرێت و دەیکوژێت. "پتـۆلۆمی"یش، لەکـاتی دەربازبوونیـدا، لە ڕووباری "نیل"دا دەخنکێت. ئیتر قەیسەر، کلیۆپاترە دەکات بە بانووشای میسر و بانوویاری خۆی.

کلیـۆپاترە، لەدوای ماوەیەک، کوڕێکی لە قـەیسەر دەبێت، ناوی دەنێت "کەیسـەریۆن Caesarion". لە تەمووزی ساڵی ٤٦ پ. ز، قەیسەر دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆما. پەرلەمان، زوو بڕیار دەدات کە بیکات بە دیکتاتۆر بـۆ ماوەی دە ساڵ. بەبۆنەی ئەوەوە لە مـانگی ئەیلوولەوە بۆ دوو مانگ لـە ڕۆمادا، ئاهەنگ دەکـرێت. هـەمـوو ئەو کـاتـە کلیـۆپـاترە لە مـاڵی کـەیسـەردا دەبێت و پێکەوە لە ئاهەنگەکـاندا دەردەکـەون. کلیـۆپاترە، ناوی خـۆی دەنێت "ئیـسـیس Isis"ی[١] نوێ و پەیکەرێکی ئاڵتـوونی لە تەنیشت پەیکەری قـەیسەرەوە، لە پەرستگای "ڤێنەس Venus" بۆ دادەنرێت. خـەڵکی ڕۆمـا ئەوەیان زۆر پێ ناخـۆش دەبێت: یەکەم، لەبەر ئەوەی کە قەیسەر ژنی خـۆی هەیە و بەپێی یاسـای ڕۆمـانی، پیاو، نابێت ژنێکی زیاتر هەبێت. دووهەم، لەبەرئەوەی کە کلیۆپاترە ڕۆمانی نییە، ژنێکی بێگانەیە.

## کوشتنی قەیسەر

گەلێک مـێژوونووس، کـوشـتنی قـەیسـەر، بەگرنگترین و بەناوبانگتـرین پیاوکـوشـتنی مـێژوویی دادەنێن: یەکەم، چونکە بەهۆی ئەو کوشتنەوە، ڕێژیمی کۆماری لە ڕۆمادا کۆتایی پێ دێت و ڕژیمی ئیمپراتۆری دەست پێ دەکات. دووەم، لەبەرئەوەی کە بەو جۆرە سەیرە، بەهێزترین پیاوی ئەوسای سـەرزەمین دەکوژرێت و دەبێت بەهۆی نانەوەی شـەڕێکی گەورەی ناوخۆ.

***

وەکو لە سـەرەوە باسی کـراوە، قـەیسـەر، بەزۆری خـۆی بوو بە حـاکمی ڕۆمـا؛ هـەڵنەبێژرا وەکو "کۆنسوڵ"ەکانی پێش خـۆی. ئێستـاش دیسـانەوە بەزۆری خـۆی کـرا بە دیکتـاتۆر و لەوەش دەچێت بیەوێت ببێت بەئیمپراتۆر. هەندێکی زۆر لە ئەندامانی پـەرلەمان زۆر لەو بەرزخوازییـەی دەترسـان. لەبەرئـەوە نزیکەی شــەست ئەندامـێک، بەڵکو زیـاتریش، بەسـەرۆکـایەتی "کـاسـیـەس Cassius" و "برووتەس Brutus"، بڕیار دەدەن؛ کە بەکوشـتنی قـەیسـەر نـەبێت، بەهـیچ جـۆرێکی تر ناتوانن ڕۆمـا

---

(١) ئیسیس؛ بەپێی بیروباوەڕی میسرییەکان، "بانووخواوەندی بەرداری Goddess of Fertility"یە

له دیکتـاتۆرییـەت رزگـار بکەن. لەناو خۆیاندا رێک دەکەون کە بەئاشکرا بیکوژن و هەمـوویان لە کوشتنەکەیدا بەشداری بکەن، بۆ ئەوەی لەدواییدا، کەس نەڵێت؛ "من نەمدەویست بیکوژم".

چونکە زۆر کـەس لـەو پیـلانەدا بەشـدارییـان کـردبوو، دەمگۆیەکی(١) ئاوا لەناو گـەلەکـەدا بڵاو دەبێـتـەوە؛ کـە هـەندێک کـەس بەتەمـان قـەیسـەر بکوژن. بەڵام کـەس بەتەواوی بڕوای بـەو دەمگۆیە نەدەکرد. تا قەیسەر خۆشی.

رۆژێکیان دەروێشێکی پیرەمێردێکی فاڵچی، لەسەر رێگای قەیسـەردا دەوەستێت. لە دوورەوە کە دەیبینێت، بەدەنگێکی بەرز هاوار دەکات کە رێگای بدەنێ لەگەڵ قەیسەردا بدوێت. رێگای دەدەنێ. دەروێشـەکە، کـە نزیکی دەبێتـەوە، پێی دەڵێت: " لە ناوەڕاسـتی مـارتدا (پـازدەی مـارت) ئاگـاداری خۆتبە". قەیسەر، گوێی ناداتێ؛ پێ دەکەنێت و دەڕوات.

## پیلانی کوشتنەکەی

لە شـوباتی ٤٤ی پ. ز، پەرلـەمـان بڕیار دەدات کە قـەیسـەر هەتا مـاوە هێزی دیکتـاتـۆریی بدرێتێ. ١٨ی مارت، قەیسەر بەتەما دەبێت بچێت بۆ جەنگ دژی فارس. لەبەرئەوە بڕیار دەدات ١٥ی مارت پەرلەمان کۆ ببێتەوە بۆ ماڵئاوایی لێکردنی. هاوسـوێندەکان، بڕیار دەدەن کە لەو رۆژەدا، لە کاتی کۆبوونەوەکەدا، بیکوژن. چونکە بۆ ناو خـانووی پەرلەمـان ئەوەی ئەندام نەبوایـە رێگەی نەدەدرایە بچێـتـە ژوورەوە، لەبەرئـەوە قـەیسـەر پاسـەوانی لەگەڵدا نابێت. رێکیش دەکـەون کە هـەر کـەسێک خەنجەرەکەی لەژێر جلەکانی خۆیدا بشارێتەوە و هەموویان بەشداری بکەن لە کوشتنەکەیدا.

وەکو باس کرا، دەمگۆ دەربـارەی ئەم کوشـتنە لە رۆمـادا بڵاو بووبـووەوە، بەڵام کـەس نەیدەزانی



کوشتنی یولیەس قەیسەر وەکو چۆن

"ڤینسێنزۆ کاموچینی Vincenzo Camuccini 1771-1844" رەسمی کردووە

(١) دەمگۆ: قسەوقسەڵۆک.

ئەوانەی دەیکوژن کێن و بۆچی دەیانەوێت بیکوژن. لەبەر ئەوە کەسوکارەکانی، لە مەراقێکی زۆردا بوون. ئامۆژگارییان دەکرد کە ئەو ڕۆژە نەچێتە دەرەوە. "کالپوورنیا Calpurnia"ی ژنیشی ئەو شەوە خەوێکی سامناک دەبینێت، لەبەرئەوە بەیانییەکەی، خۆی بە ملی مێردەکەیەوە هەڵدەواسێت و لێی دەپاڕێتەوە کە بۆ هیچ شوێنێک نەچێت. قەیسەر، ناچار دەبێت بڵێت باشە و لە ماڵەوە دەمێنێتەوە.

بەڵام "بروتەس"ی دۆستی، کە یەکێک دەبێت لە پیلانگێڕەکان، دێت بۆ ماڵەوە بۆ لای و پێی دەڵێت: ئەندامەکانی پەرلەمان هەموو چاوەڕوانیت دەکەن. ئاخر چۆن دەبێت ئازایەکی وەکو جەنابت لەو جۆرە دەمگۆیانە بترسێت، یاخۆ بڕوا بە وتەی دەروێش و بەربێژ[1] و شتی وا بکات. وەرە لەگەڵما پێکەوە دەچین. ئیتر قەیسەر دەچێت.

کە بەڕێگاوە دەبێت، کابرایەکی مامۆستا، لێوەی نزیک دەبێتەوە و نامەیەکی دەداتێ و پێی دەڵێت؛ گەورەم، تکات لێ دەکەم، بۆ هیچ کوێ نەڕۆیت تا ئەم نامەیە دەخوێنیتەوە. قەیسەر نامەکەی لێ وەردەگرێت بەڵام کاتی نابێت بیخوێنێتەوە. واش ڕێک دەکەوێت، لەدوای تۆزێک قەیسەر، ئەو دەروێشە دەبینێتەوە کە ئەوسا پێی گوتبوو " لە ناوەڕاستی مارتدا، ئاگەداری خۆت بە". خۆی لە دەروێشەکە نزیک دەبێتەوە و پێی دەڵێت؛ "ها، خۆ ئەمڕۆ ناوەڕاستی مارتە، هیچیش رووی نەداوە". دەروێشەکە وەرامی دەداتەوە و دەڵێت؛ بەڵێ، گەورەم، ڕاستە. بەڵام پانزەی مارت، هێشتا تەواو نەبووە. دیسانەوە قەیسەر، گوێی ناداتێ و دەڕوات.

لەبەرئەوەی بینا ئەسڵییەکەی پەرلەمان لەکاتی شەڕی ناوخۆدا سووتابوو، لەو ڕۆژەدا، پەرلەمان، لە هۆڵێکدا کۆ دەبێتەوە، پێیان دەگوت هۆڵی "پۆمپەی". کاتی خۆی پۆمپەی، دروستی کردبوو. پەیکەرێکی زۆر گەورەی "پۆمپەی"ی تیادابوو. دوای ئەوەی کۆبوونەوەکە تەواو دەبێت، قەیسەر، بەڕێوە دەبێت بڕواتە دەرێ و نامەی کابرا مامۆستاکەی بەدەستەوە دەبێت بیخوێنێتەوە. لەو کاتەی، کە دەگاتە نزیک پەیکەرەکەی پۆمپەی، پیلانگێڕەکان، هێرش دەبەنە سەری. وەکو بڕیار درابوو، هەر یەکەی خەنجەرێکی لێ دەدات. بەڵام قەیسەر، پیاوێکی ئازا و زۆر بەدەسەڵات دەبێت، لەگەڵیاندا هەر جەنگ دەکات و بەرگری لە خۆی دەکات. تا بروتەس، دەبینێت بە خەنجەرێکی ڕووتەوە بەرەو ڕووی دێت. قەیسەر، وا دەزانێت هاتووە لەسەری بکاتەوە. بەڵام کە ئەویش خەنجەرێکی لێ دەدات، قەیسەر زۆر دەحەپەسێت و دەڵێت؛ "ئای بروتەس، تەنانەت تۆش؟ قەیسەر، کەوا بێت بەسە، بکەوە" ئیتر قەیسەر دەکەوێت و بەرگری لە خۆی ناکات تا دەمرێت. کە دەمرێت نامەی مامۆستاکە، لەناو چنگیدا دەبێت. وا دیارە بەختیش، بۆی نووسیبوو، کە لەو کاتەدا، سەری بکەوێتە بەر پێی پەیکەری "پۆمپەی"ی دوژمنی.

قەیسەر و بروتەس، یەکترییان زۆر خۆشدەویست. بەلای زۆرەوە، گەر قەیسەر نەبوایە، بروتەس نەدەبوو بەئەندامی پەرلەمان. تا دەوترێت کە گوایە بروتەس، کوڕی قەیسەر دەبێت؛ بەرهەمی پەیوەندییەکی نایاسایی گەنجیی دەبێت، لەگەڵ دایکی "بروتەس"دا. دەشڵێن گوایە بروتەس، کە خەنجەرەکەی لێ دەدات، قەیسەر، دەڵێت "ئای، بروتەس، کوڕم، تەنانەت تۆش".

(١) بەربێژ؛ پێشبین، ئەو کەسەی دەبێژێت (دەڵێت) چی لە داتوودا روو دەدات بەر لەوەی روو بدات. (فاڵچی)

ئینجا دەڵێت؛ "قەیسەر، کەوابێت بەسە، بکەوە".

بێگومان، برووتەس، نەیدەزانی کە قەیسەر باوکیەتی. هەرچەندە برووتەس، وەکو گوتمان، قەیسەری خۆشدەویست، لەگەڵ ئەوەشدا کوشتی. چونکە دەیویست رۆما، لە دەستی دیکتاتۆر رزگار بکات. بەڵام رۆما، رزگاری نابێت؛ چونکە لە دوای کوشتنی قەیسەر، دیسانەوە شەڕی ناوەخۆ دەست پێ دەکاتەوە؛ ئەم جارە لە نێوان "مارک ئەنتۆنیۆ Mark Antony" و "ئۆکتاڤیەس[١] Octavius" لەلایەکەوە و برووتەس و کاسیەس (کاسیەس مێردی خوشکی برووتەس دەبێت) لەلایەکی ترەوە. شەڕەکە بەسەرکەوتنی ئەنتۆنیۆ و ئۆکتاڤیەس کۆتایی پێ دێت.

***

ئەنتۆنیۆ، ژەنەڕاڵێکی زۆر بەناوبانگ دەبێت و پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ قەیسەردا دەبێت. وای دەزانی کە خۆی جێگاکەی قەیسەر دەگرێتەوە. بەڵام لە دواییدا دەرکەوت کە قەیسەر وەسێتی کردبوو کە ئۆکتاڤیەس جێگای بگرێتەوە. لەبەر ئەوە، لەدوای چەندساڵێک هەمدیسانەوە شەڕی ناوەخۆ دەستی پێ کردەوە؛ ئەم جارە، ئۆکتاڤیەس دژی ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە.

وەکو دەبینین کلیۆپاترە، دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر شانۆی مێژووی ئەو کاتە. لەبەرئەوە بەپێویستی دەزانم کە ئەو پێوەندییەی بەینی ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە، بەکورتی لێرەدا باس بکرێت.

هەر لە دوای کوشتنی قەیسەر، کلیۆپاترە زوو لە رۆما دەرباز دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئەسکەندەرییە. بۆ ئەوەی هیچ هاوچاوێکی[٢] نەمێنێت، لەپێش هەموو شتێکدا، کوشتنی برا هەرە پچووکەکەی، پتۆلۆمی چواردەهەم، تەرتیب دەکات و "کەیسەریۆن"ی کوڕی، کە کوڕی "قەیسەر"یشە، لە تەمەنی چوار ساڵیدا، دەکات بە جێگری خۆی.

لەدوای سەرکەوتنی ئەنتۆنیۆ و ئۆکتاڤیەس و کوشتنی کاسیەس و برووتەس، پەرلەمان بڕیار دەدات کە یولیەس قەیسەر بکرێت بەخواوەند.[٣]

بەو بۆنەیەوە لە رۆما ئاهەنگێکی گەورە رێک خرا. لەبەر ئەوەی لە کاتی شەڕەکەدا کلیۆپاترە،

(١) ئۆکتاڤیەس، کوڕەزای برایەکی قەیسەر دەبێت. قەیسەر مامی باوکی ئەو دەبێت. قەیسەر لە وەسیەتەکەیدا، تەبەننای دەکات و دەیکات بە کوڕی خۆی. لەدوای کۆتایی شەڕی ناوخۆ و سەرکەوتنی بەسەر "ئەنتۆنیۆ"دا، ساڵی ٣١ پ.ز، ئۆکتاڤیەس دەبێت بە یەکەم ئیمپراتۆری رۆما و حوکمی کۆماری بەتەواوی کۆتایی پێ دێت. ئۆکتاڤیەس، ئیمپراتۆرێکی زۆر سەرکەوتوو دەبێت. ٤٥ ساڵ حوکم دەکات لە ٣١ پ. ز تاکو مردنی ١٤ د. ز. حەزرەتی عیسا لەکاتی ئەودا لەدایک دەبێت. ساڵی ٢٧ پ. ز، پەرلەمان ناوی دەنێت ئۆگەستەس (Augustus) بەمانای بەڕێز، پایەبەرز، یان خاوەن شکۆ. وەکو چۆن مانگی حەوتەمی ساڵ (یولیۆ) بەناوی یولیەس قەیسەرەوە ناو نراوە، مانگی هەشتەم (ئۆگەست) بەناوی ئۆگەستەسەوە، ناودەنرێت.

(٢) هاوچاو: مونافس.

(٣) لە کاتی حوکمی رۆمانییەکاندا، هەندێک لە ئیمپراتۆرە بەدەسەڵاتەکانیان، لەدوای مردنیان، ناوی (خواوەند)یان لێ دەنان و دەیانپەرستن. تا پەرستگای تایبەتیشیان بۆ دروست دەکردن و قەشەو مجێوریان بۆ دادەنان.

یارمەتی دەدان، ئەنتۆنیۆ، بانگی کرد بۆ بەشداریکردن لەو ئاهەنگەدا. هەر لەوێدا، لە رۆمادا، ئەڤینێکی زۆر گەرم و گوڕ دەکەوێتە بەینیانەوە. ئەنتۆنیۆ، زستانی ساڵی ٤١/٤٠ پ. ز، لەگەڵ کلیۆپاترە، لە ئەسکەندەریەدا، رادەبوێرێت. دوای ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ رۆما، کلیۆپاترە، بە سکێک، کوڕ و کچێکی لێی دەبێت. دوای ئەو جیابوونەوەیە بۆ چوار ساڵ یەکتری نابینن. زۆری پێ ناچێت، "فولڤیا"ی ژنی ئەنتۆنیۆ نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت. ئەنتۆنیۆ، بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکییەی هەیەتی لەگەڵ ئۆتاڤیەس، چارەسەر بکات، "ئۆکتاڤیا"ی خوشکی دەهێنێت. ئۆکتاڤیا، ژنێکی زیرەک و زۆر جوان دەبێت، تازە بە سێ منداڵەوە بێوەژن بووبوو.

یەکەم منداڵیان کچ دەبێت. لەدوای ئەوەی کچی دووهەمیان دەبێت ساڵی ٣٦ پ. ز، ئەنتۆنیۆ، دەچێت بۆ جەنگ دژی فارس. ژنەکەی لەگەڵیا دەچێت. بەڵام کە دەگەنە جزیرەی کۆرسیرا (کە ئێستا پێی دەڵێن " کۆرفوو") لە ژنەکەی داوا دەکات بگەڕێتەوە. بەبیانووی ئەوەی کە نەوەکو لە کاتی شەڕەکەدا تووشی ناخۆشی ببێت. ئەویش دەگەڕێتەوە.

هەر کە ئەو دەگەڕێتەوە، ئەنتۆنیۆ، بەشوێن کلیۆپاترەدا دەنێرێت بچێت بۆ لای. لەوێدا بەیەکەوە ناو لە دوو منداڵەکانیان دەنێن؛ کوڕەکە" ئەسکەندەر هیلیەس" و کچەکە "کلیۆپاترە سێلینی". هەر لەوێشدا ئەنتۆنیۆ، خاکێکی زۆر؛ قبرس، سقلیە، سووریا، فەلەستین و بەشێکی زۆر لە جزیرەی عەرەبی، دەدات بە میسر (یاخۆ بەکلیۆپاترە) بە دیاری.

لە شەڕەکەدا، هێزەکانی ئەنتۆنیۆ، بەتەواوی دەشکێن. ئۆکتاڤیای ژنی، بەخواردن و جل و بەرگەوە دەچێت بۆ یۆنان بەپیری مێردەکەیەوە و ئەو سەربازانەی ماونەتەوە. کلیۆپاترەش هەر بەو جۆرە، لە سووریا، چاوەڕوانی دەکات. ئەنتۆنیۆ، دەچێت بۆ سووریا بۆ لای کلیۆپاترە. لەوێشەوە پێکەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەسکەندەریە. لە ساڵی ٣١ی پ. ز، ئۆکتاڤیا، تەڵاق دەدات و کلیۆپاترە دەهێنێت. ئۆکتاڤیەس، بیردەکاتەوە؛ ئەگەر ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە پێکەوە هاوکاری بکەن دژی، بەو هەموو وڵات و سامانەی کە لەژێر دەستیاندا هەیە، پاش ماوەیەک زۆر بەدەسەڵات دەبن. لەبەرئەوە ساڵی ٣٠ی پ. ز، هێزێکی گەورەی دەریایی دەنێرێت دژی کلیۆپاترە. ئەنتۆنیۆ هەوڵ دەدات رێگای لێ بگرێت، بەڵام، لەشکرەکانی زۆر بەرگە ناگرن، دەشکێن. ئەنتۆنیۆ، بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی ئۆکتاڤیەس، خۆی دەکوژێت.

کلیۆپاترە، بە دیلی دەبرێت بۆ لای ئۆکتاڤیەس. لەوێ پێی دەگوترێت، کە ئۆکتاڤیەس، بەتەما نییە هیچ جۆرە گفوگەیەک لەگەڵ بانووشای میسردا بکات؛ هەر وەکو دیلێک لەناو شارەکانی خۆیدا دەگێڕرێت، لەدوایشدا وەکو بەندەیەک لە بازاڕدا دەفرۆشرێت. کلیۆپاترە، کە بیر لەوە دەکاتەوە، بڕیار دەدات خۆی بکوژێت. مارێکی کۆبرای دەبێت، بەتایبەتی بەخێوی کردبوو بۆ رۆژێکی ئاوا رەش. لە ژنێک لە کارەکەرەکانی خۆی دەخوازێت کە بۆی بهێنێت. ژنەکەش لەناو سەبەتەیەکی هەنجیردا دەیشارێتەوە و بۆی دەهێنێت. مارەکە پێوەی دەدات و دەمرێت.

بەپێی بیروباوەڕی کۆنی میسرییەکان، ئەوەی بەپێوەدانی مار بمرێت، گیانی ئەو کەسە تا هەتاهەتا بە نەمری دەمێنێتەوە. بۆیە کلیۆپاترە، ویستی بەو جۆرە کۆتایی بەژیانی خۆی بهێنێت.

***



مردنی ئەنتۆنیۆ و گردنی کلیۆپاترە

وەکو چۆن "بێرنارد دووڤیڤیەر Bernard Duvivier 1762-1837 " رەسمی کردووە

کە کلیۆپاترە دەمرێت، زوو " کەیسەریۆن"ی کوڕی، کە کوڕی قەیسەر خۆی دەبێت، دەکوژن. کوڕ و کچەکەی تری، کە ئەنتۆنیۆ باوکیان دەبێت، ئۆکتاڤیا، ژنە ناونجییەکەی ئەنتۆنیۆ، خوشکەکەی ئۆکتاڤیەس، ئەوەی کە تەڵاقی دابوو، دەیانبات لەگەڵ دوو کچەکەی تری ئەنتۆنیو و منداڵەکانی خۆیدا، بەخێویان دەکات.

کەیسەرۆن، دەکوژن، چونکە کوڕی قەیسەر خۆی دەبێت. دەترسان رۆژێک داوای تەختی ئیمپراتۆرییەتەکە بکات. بەڵام لە کوڕ و کچەکەی ئەنتۆنیۆ، نەدەترسان.

چیرۆکی یۆلیەس قەیسەر و ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە یەکێکە لە هەرە بەناوبانگەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا. زۆر شاعیر و نووسەری بەناوبانگ دەربارەی ئەم سیانەیان نووسیوە:

– شێکسپیر، دوو درامای نووسیوە؛ یەکێکیان بەناوی "یولیەس قەیسەر" و ئەوەکەی تریان بەناوی "ئەنتۆنیو و کلیۆپاترە".

– جۆرج بێرنارد شۆ (George Bernard Shaw 1856-1950) شانۆنووسی بەناوبانگی ئیرلەندە، درامایەکی نووسیوە بەناوی "قەیسەر و کلیۆپاترە".

## پاشکۆ ٤

## نیرۆن Nero

دایکی، نیرۆن، "ئەگریپپینا Agrippina"، خوشکی " کالیگوڵە Caligula" دەبێت. وا ڕێکدەکەوێت، ئەو ساڵەی نیرۆن لەدایک دەبێت، لە ساڵی ٣٧ دا، کالیگوڵەی خاڵی، کە پیاوێکی هەندێک شێتۆکە دەبێت، لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا دەکرێت بە قەیسەری ڕۆما. نیرۆن، لە تەمەنی سێ ساڵیدا "دۆمیتەس Domitus"ی باوکی دەمرێت. پێش ئەوەش بەساڵێک دایکەکەی، بەفەرمانی کەلیگوڵەی برای، نەفی دەکرێت. ئیتر پوورەکەی (خوشکی باوکی) بەناچاری نیرۆن دەبات بۆ لای خۆی بەخێوی بکات.

لە ساڵی ٤١ دا دوای کوشتنی کالیگوڵە، " کلۆدیەس Claudius"ی مامی کەلیگوڵە، دەکرێت بەقەیسەر. کلۆدیەس، یەکسەر ئەگریپپینای برازای، لە نەفی بانگ دەکاتەوە.

لە سیازدە ساڵی داهاتوودا، ئەگریپینا، هەوڵدەدات و هەر لەیەک شت بیر دەکاتەوە؛ چۆن تەختی قەیسەر، دوای کلۆدیەس، بۆ نیرۆنی کوڕی دابین بکات: لە ساڵی ٤٩ دا شوو دەکات بەکلۆدیەس، کە مامێتی و زۆر لەخۆی گەورەترە. ئەگریپینا، مێردەکەی ئیقناع دەکات کە"سێنێکا Seneca"، کە مامۆستایەک و فەیلەسووفێکی زور بەناوبەنگ دەبێت، لە نەفی بانگ بکاتەوە و بیکات بە مامۆستای نیرۆنی کوڕی.[1] ساڵی ٥٠، کلۆدیەس، بە تەبەننا، نیرۆن دەکات بەکوڕی خۆی. پاش دوو ساڵی تر، نیرۆن، "ئۆکتاڤیا"ی کچی کلۆدیەس دەهێنێت. ئینجا، دوای ئەوەی ئەگریپینا، کلۆدیەس ئیقناع دەکات سەرۆکی ئێشکگرانی ئیمپراتۆری لابەرێت و "بەررەس Burrus" کە دڵسۆزی ئەگریپینا خۆی دەبێت، لە جێگاکەی دابنێت، لە ساڵی ٥٤ دا، بەژەهر، کلۆدیەس دەکوژێت. هەرچەندە کلۆدیەس، کوڕێکی ١٣ ساڵی خۆیی دەبێت بەناوی بریتانیکەس Britannicus" لە"میسالینا"ی ژنی (ئەوەی کلۆدیەس، بەتاوانباری زینا، ئیعدامی کرد)، بەڵام نیرۆن، دەکرێت بە قەیسەر.

لەو چەند ساڵەدا، سێنێکا، دەتوانێت نیرۆن فیری زۆر شت بکات و بەجۆرێک پەروەردەی بکات کە پایەی بەرزی قەیسەر، شایانی بێت و لە ڕەوشتی بێت. کە بە ١٧ ساڵی دەبێت بەقەیسەر، گەلەکە خۆشی دەوێت و بەپەرۆشەوە پێشوازی دەکات. "نیرۆن"یش، بەڵێنیان دەداتێ کە لەسەر شێوازی "ئوگەستەس[2] Augustus" حوکم بکات؛ دڵی بەهەژار و ڕەنجبەر بسووتێت، باجیان

---

(١) سێنێکا؛ فەیلەسووفێکی ڕۆمانی زۆر بەناوبانگە. ساڵی ٤١ بەفەرمانی کلۆدیەس، بەتاوانباری زینا لەگەڵ "جولیا"ی کچی برای ئیمپراتۆر، خوشکی ئەگریپینا، نەفی دەکرێت بۆ کۆرسیکا. دوای ٨ ساڵ کلۆدیەس بانگی دەکاتەوە بۆ ڕۆما تا ببێت بەمامۆستای نیرۆن.

(٢) ئۆگەستەس؛ ناوە ئەسڵییەکەی " گایەس ئۆکتاڤیەس"ە. بە تەبەننا، یولیەس قەیسەر، دەیکات بەکوڕی خۆی. لە دوای کوشتنی یولیەس قەیسەر (باسی کوشتنی یولیەس قەیسەر کراوە لە پاشکۆی (٣) ی =

کەمتر لێ وەربگرێت و نەیەڵێت کەس حەقیان بخوات. جگەلەوەی کە هەموو بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکات، رێش دەدات بەئەندامانی پەرلەمان کە بیروباوەڕی خۆیان بەئازادی دەرببڕن. یەکەم پێنج ساڵی چەرخی نیرۆن، بەهۆی ئامۆژگاری سێنێکا و وریایی "بەررەس"ەوە، زۆر باش دەبێت. سێنێکا، هەر یەک شتی پێ ناخۆش دەبێت؛ ئەوەش ئەوە دەبێت کە دایکی نیرۆن زۆر تەدەخولی رامیاری و کار و کردەوەی دەوڵەتی دەکرد؛ دەیویست، لە رێی کوڕەکەیەوە، حوکمداریی رۆما بکات. لەبەر ئەوە سێنێکا، بەهەموو جۆرێک دەیویست نیرۆن لە دایکی دوور بخاتەوە.

لە ساڵی ٥٥ دا، نیرۆن، حەز لە کچێکی ئازادکراوی (لە بەندەیی ئازاد کراوە) جوان دەکات. ئەگریپینای دایکی، زۆری پێ ناخۆش دەبێت و بەهیچ جۆرێک خۆشەویستی کوڕەکەی بۆ ئەو کچە پایە نزمە، پەسەند ناکات. وەکو سێنێکا، چاوەڕوانی دەکرد، ئەوە دەبێت بەهۆی دوورکەوتنەوەی نیرۆن لەدایکی؛ تا رۆژێک دایکەکەی، پێی دەڵێت "وەکو چۆن من تۆم کرد بەقەیسەری رۆما، ئاواش دەتوانم لاتبەرم و بریتانیکەس، لە جێگەی تۆ، دابنێم" لەدوای ئەوە بەماوەیەک، لە ئاهەنگێکدا، نیرۆن، یەکێک لە نۆکەرەکانی خۆی دەنێرێت ژەهر دەکاتە ناو جامی بادەی "بریتانیکەس"ەوەو دەیکوژێت.

ئەمجا ئەگریپینا، هەوڵدەدات لەگەڵ ئۆکتاڤیای ژنی نیرۆن، بەرەیەک(*) دابمەزرێنێت دژی کوڕەکەی. نێرۆن، دایکی خۆی لە ماڵەوە بەند دەکات و بۆ سێ ساڵ نایەڵێت بۆ هیچ کوێ بچێت. لەو سێ ساڵەدا هیچ شتێک رووناداد بەدڵی گەلەکە نەبێت. تا کوشتنی "بریتانیکەس"یان بەکارێکی ئاسا و پێویست دەزانی بۆ چەسپاندنەوەی ئاشتی لە وڵاتەکەدا.

***

هەموو شتێک باش بوو تاکو ساڵی ٥٨، کە نیرۆن دەکەوێتە ناو داوی خۆشەویستی ژنێکی ترەوە بەناوی "پەپایا سابینا Pappaea Sabina"، ژنەکە، سوور دەبێت لەسەر ئەوەی کە نیرۆن، لەپێش هەموو شتێکدا، دەبێت بیهێنێت و بیکات بە ژنی خۆی. شووشی پێ ناکات تا ئەگریپینای دایکی مابێت. نیرۆن ئیقناع دەکات کە دایکەکەی مەترسییەکی زۆری هەیە بۆ نیرۆن خۆیی و بۆ وڵاتەکەش. نیرۆن، لەگەڵ سەرۆکی هێزی دەریاییدا، "ئەنیسێتەس Anicetus" رێک دەکەوێت کە بەجۆرێک دایکەکەی سواری کەشتییەک بکات و کەشتییەکە نوقم بکات بۆ ئەوەی لە ئاوەکەدا بخنکێت.

ئەنیسێتەس، لە دوورگەیەکدا، ئاهەنگێک سازدەکات و کەشتییەک دەنێرێت بەشوێن ئەگریپینا.

---

= ئەم پەرتووکەدا) کە یەکەم دکتاتۆری رۆما دەبێت، شەڕی ناوەخۆ دەست پێ دەکات. شەڕەکە بەسەرکەوتنی ئۆکتاڤیەس دەبڕێتەوە. ئۆکتاڤیەس، پیاوێکی دڵنەرم و راست و ڕەوا دەبێت، گەلەکە خۆشی دەویست، هەروەها خانەدانەکانی رۆماش. پەرلەمان، ناوی دەنێت ئۆگەستەس، واتە پیرۆز یاخود زۆر بەڕێز و دەیکات بەئیمپراتۆر. بەوە، حوکمی کۆماری لە رۆما، کۆتایی پێ دێت. وەهەموو ئیمپراتۆرێکی رۆمانی بەناوی قەیسەرەوە ناو دەنرێت.

وشەی "قەیسەر" لەناوی یولیەس "قەیسەر"ەوە هاتووە.

(*) بەرەیەک؛ جەبهەیەک.

کە کەشتییەکە نوقم دەکرێت، ئەگریپینا، چونکە مەلەوانێکی باش دەبێت، پێی دەکرێت بە مەلە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. کە هەست دەکات ئەمە پیلان و کردەوەی کوڕەکەیەتی، زوو نامەیەکی بۆ دەنێرێت کە پیلانەکەی سەری نەگرت و بەساغ و سەلامەتی گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی خۆی.

ئیتر نیرۆن، کۆمەڵەیەک سەرباز بەسەرۆکایەتی ئەنیسێتەس دەنێرێت لە ماڵەوە بیکوژن. ئەگریپینا، کە دەیانبینێت لێیان دەپرسێت؛ ئایا هاتوون بۆ کوشتنم؟ کە دەڵێن ئا، پێیان دەڵێت من هەر یەک تکام هەیە؛ ئەو تکایەشم ئەوەیە؛ کە یەکەم خەنجەر بکەن بێرەمدا، ئاماژەی رەحمی خۆی دەکات و دەڵێت "ئەمە، ئەو ناکەسەی هێنایە ئەم دنیایەوە". ئیتر دەیکوژن.

نیرۆن، کە هەست دەکات چ تاوانێکی گەورەی دژی دایکی خۆی کردووە زۆر دەترسێت کە گەلەکە دژی بوەستێت، بەڵام لەدواییدا سەیردەکات زۆر کەس چاوڕوونی لێ دەکەن بەبۆنەی رزگاربوونی لەو پیلانگێڕە.

لەدوای نەمانی دایکی نیرۆن، بەتەواوی دەکەوێتە ژێر دەست پەپاییا و هاوڕێکانی. ساڵی ٦٢ بەررەس، بەژەهر دەکوژرێت و سێنێکا واز لە ئیشەکەی خۆی دەهێنێت. پەپاییا و "تیگێلینەس Ti-gellinus" جێگاکانیان دەگرن؛ پەپاییا، دەبێت بەئامۆژگاری و تێگێلینەس، چونکە گەوادی بۆ دەکرد، دەیکات بە سەرۆک ئێشکگیران لەجێگای بەررەس.

***

نیرۆن، زۆر لە موئامەرە دەترسا، پەپاییا و هاوڕێیەکانیشی ئەو ترسەیان باش بەکار دەهێنا و ئاراستەیان دەکرد دژی دوشمنەکانی خۆیان. لە دوای ماوەیەک، ئۆکتاڤیا، تەڵاق دەدرێت، نەفی دەکرێت لەدواییدا دەشکوژرێت. ساڵی ٦٣ کە شاری پۆمپەیی(١) بەبوومەلەرزە وێران دەبێت و فارسەکان ئەرمینا، لە دەوڵەتی رۆمانی داگیر دەکەن و دەیکەن بەپارچەیەک لە وڵاتەکەی خۆیان، خەڵکەکە دەڵێن؛ خواوەندەکان، تۆڵە لە نیرۆن دەسەندنەوە.

## سووتاندنی شاری رۆما

شەوی ١٨ی تەمووزی ساڵی ٦٤ رۆما، ئاگر دەگرێت. بۆ ٦ تا ٨ رۆژ رۆما بەردەوام دەسووتێت. لە چواردە گەڕەکەکانی رۆما، هەر چواریان لە وێرانی رزگاریان دەبێت. لەناو گەلەکەدا وا بڵاو بووەوە کە بەفەرمانی نیرۆن خۆی، شارەکە ئاگری تێ بەردراوە؛ بۆ ئەوەی لەجێی ئەو خانووە تەختە ناشیرینانە، کۆشکێکی جوان بۆ خۆی دروست بکات. دەشڵێن گوایە، لەو کاتەی کە شارەکە

(١) پۆمپەیی، شارێکی زۆر کۆنە، نزیکی بناری شاخی ڤیسوڤ (Vesuvius) ە. بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، هیراکل (هرقل) بنجی ئەو شارەی داناوە. لە ساڵی ٦٣ دا بەبوومەلەرزە، سەرجەم وێران دەبێت. خەڵکی شارەکە سەرلەنوێ دەست دەکەنەوە بەبیناکردنی. پێش ئەوەی بەتەواوی لێبنەوە لە بیناکردنەوەی، گرکانی (بورکانی) ڤیسوڤ، ساڵی ٧٩، سەرتاپا شارەکە بەخۆڵەمێش دادەپۆشێت. قووڵاییی خۆڵەمێشەکە، لە هەندێ جێگەدا، دەگاتە ٢٠ مەتر. کەم کەس رزگاری دەبێت. شارەکە، هەر وا بەداپۆشراوی دەمێنێتەوەو لەبیر دەچێتەوە. ساڵی١٧٦٣ دەست دەکرێت بەهەڵکەندنەوەی ئەو خاک و خۆڵەمێشەی شارەکەی داپۆشیبوو. ئێستا، هەموو شارەکە کراوە بە مەتحەف.

دەسووتا و وێران دەبوو، نیرۆن، بەسەرخۆشی، ئەو شیعرانەی دەخوێندەوە کە "هۆمیرۆس " و "ڤێرجل Virgil"، کاتی خۆی دەربارەی سووتاندنی شاری تەروادە، نووسیبوویان.(١)

شارەکە کە بینا دەکرێتەوە، زۆربەی خانووەکانی بە بەرد و مەڕمەڕ دروست دەکرێن. هەر لەوێشدا، نیرۆن، کۆشکێکی نایابی زۆر جوان و مەزن بە باخێکی گەورەوە بۆ خۆی دروست دەکات. ناوی دەنێت کۆشکی "زێڕین".



خۆکوشتنی سێنێکا، وەکو چۆن

"جاک لویس دەیڤید Jacques Louis David 1748-1825" رەسمی کردووە

لە سەرەتای ساڵی ٦٥ دا موئامەرەیەک دژی نیرۆن، دەدۆزرێتەوە. گەلێک لە خانەدانەکانی رۆما، هاوبەشییان تیادا کردبوو. سێنێکا و "لوکان Lucan"ی شاعیریش لەگەڵیاندا تاوانبار دەکرێن. نیرۆن، هەموویان لە خاچ دەدات، جگە لە سێنێکا، چونکە کاتی خۆی مامۆستای دەبێت، رێی دەداتێ بەدەستەکانی خۆی، خۆی بکوژێت. ئەویش ناچار دەبێت خۆی بکوژێت.

ئیتر نیرۆن، وەکو شێتی لێ دێت؛ جار بەجار وەکو جۆرە فێیەکی لێ بێت وابوو. لەکاتی یەکێک لەو فێیانەیدا لەقەیەک دەکێشێت بە پەپاییای ژنیدا. پەپاییا، سکی پڕ دەبێت، لە دوای ماوەیەک دەمرێت. دوای ئەوە ئەنتۆنینای کچی کلۆدیەس دەخوازێت. کە قبووڵ ناکات شووی پێ بکات، دەیکوژێت. ئەمجا، ستاتیلیا، دوای ئەوەی مێردەکەی دەکوژێت، دەهێنێت.

لە ساڵی ٦٨ دا سوپای رۆمانی لە فەرەنسا و ئیسپانیا، یاخی دەبن دژی. کە لەشکری ئێشکگرانی کۆشکەکەی خۆی، بڕیار دەدەن پشتگیری یاخیبووەکان بکەن و " گالبا Galba" بکەن بە قەیسەر، نیرۆن رادەکات و دەچێت لە ماڵێکدا، نزیکی رۆما، خۆی دەشارێتەوە. هەر لەویشدا ناچار دەکرێت کە خۆی بکوژێت.

---

(١) هەرچەندە نیرۆن، پیاوێکی شێت بوو، بەڵام گەلێک رۆشنبیر بوو؛ زۆر لە شیعر و ئەدەب و مۆسیقای دەزانی. وەکو گوتمان، سێنێکا، کاتی خۆی مامۆستای بووە.

## پاشکۆی ٥

### هێرۆ و لیندەر (Hero and Leander)

هیرۆ و لیندەر، ژن و پیاوێک بوون. یەکترییان زۆر خۆشدەویست. هێرۆ، بانووکەشیش[١] بوو لە پەرستگای "ئەفرۆدایت Aphrodite" لەسەر کەناری تەنگاوی "دەردەنێل"[٢] لە شاری "سێستۆس Sestos " لە دیوی ئەوروپا. لیندەر، لە"ئاسیا"دا، لەو دیوی ئاوەکە، لە شاری "ئەبیدۆس Abydos "دا دەژیا. لیندەر، ئەوەندە"هێرۆ"ی خۆشدەویست، گوێی نەدەدا بەسەرما و گەرما، هەموو ئێوارەیەک، زستان و هاوین، دوای ئەوەی گێتی تاریک دەبوو، بە مەلە لە دەردەنێل دەپەڕایەوە و دەهات بۆ ئەوەی شەوەکەی لەگەڵ "هێرۆ"دا رابىوێرێت. بۆ بەیانییەکەی، بۆ ئەوەی کەس نەیبینێت، پێش ئەوەی گێتی رووناک بێتەوە، بە مەلە هەمدیسانەوە دەگەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی.[٣]



هێرۆ کە تەرمەکەی لیندەر دەدۆزێتەوە، وەکو چۆن

"نیکۆلەس رێگنییەر Nicholas Regnier 1591-1667 " رەسمی کردووە

---

(١) بانووکەشیش؛ بانووقەشە؛ قەشەی ژن.

(٢) دەردەنێل، تەنگاوییەکە دەریای مەڕمەڕەو ئیجە دەگەیێنێت بەیەک. جێگە هەرە تەسکەکەی ١٢٠٠ مەتر پانە. جێگە پانەکانی دەگەنە نزیکەی ٦٠٠٠ مەتر. درێژاییەکەی ٦٠ کیلۆمەترە. شاری ئەستەمبووڵی ئێستا، لەسەر ئەملا و ئەولای تەنگاوی "دەردەنێل"ە.

(٣) ئەم ئەفسانەیە سەرنجی گەلێک هونەرمەندی بەناوبانگی راکێشاوە. بەتایبەتی رەسام، وەکو "رووبێنس Rubens" و شاعیر وەکو "بایرۆن Byron". بایرۆن، بۆ ئەوەی تێ بگات "لیندەر"ی هەژار، هەموو رۆژێک، چەند خۆی ماندوو کردووە لە پێناوی ئەو دڵدارییەدا، ساڵی ١٨١٠ لە شاری "ئەبیدۆس"ەوە بە مەلە دەپەڕێتەوە بۆ شاری "سێستۆس". دوای ئەوە شیعرێکی جوان دەنووسێت دەربارەی ئەو خۆشەویستییە.

لەبەر ئەوەی ليندەر، لەکاتی مەلەکردنيدا، لە تاريکی شەودا، ئاراستەی خۆيی لێ تێک نەچێت، هێرۆ، هەموو ئێوارەيەک فانۆسێکی دادەگيرساند و لە ديوی دەرەوە، لەبەر پەنجەرەکەی خۆيدا هەڵی دەواسی. شەوێکی زستان رەشەبا و باران بووە، هێرۆ، وەک هەموو ئێوارەيەک چاوەڕوانی "ليندەر"ی دەکرد. بەڵام ليندەر هەر ديار نەبوو. لە دواييدا، کە هێرۆ سەيری دەرەوە دەکات، دەبينێت رەشەبا و باران فانۆسەکەيان کوژاندۆتەوە. ئيتر دەکەوێتەمەراقێکی زۆرەوە، دەترسێت ليندەر ئاڕاستەی خۆيی لێ تێکچووبێت و لە ئاوەکەدا خنکابێت. بۆ بەيانييەکەی کە تەرمەکەی ليندەر دەدۆزێتەوە لەسەر لەکانی کەناری "دەردەنێل"دا کەوتووە، سەردەکەوێتە سەر بورجی پەرستگاکەو لەو بەرزاوييەوە، لە داخا، خۆی هەڵدەداتە خوارێ. دەکەوێتە لای تەرمەکەی ليندەر و دەمرێت.

## پاشکۆی ٦

### پیرانەس و زیسبی Pyranus and Thisbe

هەرچەندە ئەمە ئەفسانەیەکی رۆمانییە، بەڵام دەربارەی کوڕ و کچێکی "نەینەوا"ییە.(١)

ئەم کوڕ و کچە دراوسێ دەبن؛ تەنیا دیوارێک ماڵەکانیانی جیا دەکردەوە. کوڕەکە ناوی "پیرانەس" دەبێت و کچەکە "زیسبی".



زیسبی لە درزی دیوارەکەوە گوێ لە پیرانەسی خۆشەویستی دەگرێت، وەکو چۆن "جۆن ولیەم وۆتەرهاوس John William Water-house 1847-1917" رەسمی کردووە

پیرانەس و زیسبی هەر لە منداڵییەوە یەکترییان خۆش دەویست و هەمیشە پێکەوە یارییان دەکرد. کە گەورە دەبن، دەکەونە عەشقی یەکترییەوە. بەڵام باوانیان دژی ئەو دڵدارییە دەوەستن و نەیان دەهێشت یەکتری ببینن. خۆشبەختانە ئەو دیوارەی دوو ماڵەکەی جیا دەکردەوە، درزێکی تیادا هەبوو. هەموو رۆژێک کاتێکی درێژیان لای ئەو درزەوە رادەبوارد؛ لەگەڵ یەکتریدا دەدووان و خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبڕی. کە ماڵئاواییان لە یەکتری دەکرد دیوارەکەیان ماچ دەکرد لەباتی یەکتری.

رۆژێکیان رێککەوتن، کە بەدزییەوە بچن بۆ لای گۆڕی نینەس(٢) و لەوێ، یەکتری ببینن. زیسبی بە سەرپۆشەکەی، سەری خۆی دەپێچێتەوە و دەچێت بو ژووانەکە.(٣) وا رێک دەکەوێت کە لەپێش "پیرانەس"دا دەگاتە ئەو جێگەیە.

لەو جێگەیەدا، دارتوویەکی گەورەی پیر هەبوو و لەژێریدا کانییەک هەبوو ئاوێکی روونی ساردی لێ هەڵدەقوڵا. زیسبی، دەچێت لە گوێی کانییەکە دادەنیشێت و چاوەڕوانی گەیشتنی خۆشەویستەکەی دەکات.

لەپڕێکدا، شێرێک دەبینێت تازە لە خواردنی ئاژەڵێک بووەتەوە و بەدەمی خوێناوییەوە بەرەو کانییەکە دەچێت ئاو بخواتەوە. زۆر دەترسێت. رادەکات و خێرا لە پەنایەکدا خۆی دەشارێتەوە. لە

---

(١) نەینەوا، پایتەختی ئاشوورییەکان بووە. کەلاوەکانی دوورنین لە شاری مووسڵەوە.

(٢) نینەس (Ninus)، ناوی ئەو شایەیە کە شاری نەینەوای دامەزراندووە. گۆڕەکەی لە دەرەوەی شار بووە، نزیک کانییەکی ئاو روون و فێنک.

(٣) ژووان؛ گفتی یەکتری بینین (مەوعد).

کاتی ڕاکردنەکەیدا سەرپۆشەکەی لێ دەکەوێت. لەبەر پەلەیی، فریا ناکەوێت هەڵی بگرێتەوە.

شێرەکە، کە سەرپۆشەکە دەبینێت، هەروا بۆ یاری، بەدەمە خوێناوییەکەی و چەپۆکەکانی هەلاهەلای دەکات و بەجێی دەهێڵێت. ئینجا ئاوەکەی خۆی دەخواتەوەو دەڕوات.

ئا لەو کاتەدا پیرانەس، دەگات. کە دەگات، لە دوورەوە شێرەکە دەبینێت لە کانییەکەوە دوور دەکەوێتەوە. دوای ئەوە، سەرپۆشە هەلاهەلا کراوە خوێناوییەکەی زیسبی دەبینێت و دەیناسێتەوە. ئیتر پیرانەس، گومانی نامێنێت کە شێرەکە زیسبی خواردووە. لە داخانا، چونکە زیسبی بۆ بینینی ئەو هاتبوو بۆ ئەوێ، خەنجەرەکەی خۆی هەڵدەکێشێت و دەیکات بە سنگی خۆیدا و خۆی دەکوژێت. کە زیسبی دەگەڕێتەوە و خۆشەویستەکەی خۆی دەبینێت، یەکسەر تێ دەگات چی ڕووی داوە. ئیتر لەداخا، هەر بەو خەنجەرەی، کە هێشتا خوێنی گەرمی "پیرانەس"ی لێوە دەتکا، خۆی دەکوژێت.

کە باوانی کوڕ و کچەکە دێن و دەبینن چی ڕووی داوە، پەژارە، دڵیان هەڵدەدڕێت. بڕیار دەدەن کە قەت ئیتر ئەو دوو دڵدارە لە یەکتری جیا نەکەنەوە؛ لەژێر داری تووە گەورە پیرەکەدا گۆڕێکیان بۆ هەڵدەکەنن و هەر لەوێدا پێکەوە دەیاننێژن.

لەدوای چەند ڕۆژێک خەڵکی شارەکە دەبینن تووە سپییەکانی دارەکە، نەختە بەنەختە ڕەنگیان سوور هەڵدەگەڕێت و تامیان مزر و خۆش و شیرینتر دەبێت. ئیتر لەناو خەڵکەکەدا وا بڵاو دەبێتەوە کە دارتووە پیرەکە، ئاگادار بووە چی لەژێر لق و گەڵاکانیدا ئەو ڕۆژە ڕووی داوە. ئینجا بۆ ئەوەی یادی ئەو ئەڤینە پیرۆزەی ئەو دوو دڵدارە، بە هەمیشەیی بپارێزرێت، بەخوێنی ئەوان بەرەکانی خۆی ڕازاندووەتەوە و تامیانی خۆش کردووە. ناوی تووەکە دەنێن "شاتوو" و تۆوەکانی لە ناوچەکەدا بڵاو دەکەنەوە.



زیسبی کە دەگەڕێتەوە، و پیرانەس دەبینێت خۆی کوشتووە

وەکو چۆن "نیکۆلەس پووسین Nicholas Poussin 1595-1665 " ڕەسمی کردوون

پاشکۆی ٧

فایەتۆن Phaeton

بەپێی ئەفسانەی گریکی، فایەتۆن، کوڕێکی نایاسایی خواوەندی ڕۆژ، "فیۆبەس Phoebus "، بووە، لە ژنێکی زۆر جوان. ناوی ژنەکە " کلیمێنی Clemene" بووە. ئەو بانووە ژنی شای ئیسۆپیا بووە. کە کوڕەکە هەندێک گەورە دەبێت و دایکی پێی دەڵێت کێیە باوکەکەی. کوڕەکە زۆر دەورووژێت و زوو لە دایکی دەپاڕێتەوە کە بهێڵێت بچێت بۆ لای. هەم بۆ ئەوەی باوکەکەی خۆی ببینێت هەم ئەوەی لێی بپرسێت و بەتەواوی دڵنیا ببێت کە ئایا فیۆبەس بەڕاستی باوکێتی. کلیمێنی، دەڵێت باشە و دەینێرێت بۆ ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات بۆ لای.

فیۆبەس، بەپێی نەریتی خۆی، هەموو بەیانییەک زوو هەڵدەستێت و بەسواری گالیسکەیەوە، کە چوار ئەسپی زۆر بەهێزی نەمر رایدەکێشن، لە ڕۆژهەڵاتەوە دەچێت بۆ ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی جیهان گەرم و ڕووناک بکاتەوە. ئەو ڕۆژە پێش ئەوەی سواری گالیسکەکەی ببێت فایەتۆن دەبینێت و یەکسەر کوڕەکەی خۆی دەناسێتەوە. زۆر کەیفی پێی دێت و پێی دەڵێت دایکت ڕاست دەکات؛ تۆ کوڕی منیت و ئەمڕۆ هەرچییەکم لێ بخوازیت بۆتی دەهێنمە دی.

فایەتۆن، کە گالیسکەی باوکی و ئەو چوار ئەسپە جوانە نەمرە بەهێزانەی رایدەکێشن، دەبینێت، لێی دەخوازێت کە بهێڵێت ئەو ڕۆژە، خۆی گالیسکەکە لێبخوڕێت. فیۆبەس نەیدەزانی کە کوڕەکەی شتێکی ئەوەندە گرنگ و گرانی لێ دەخوازێت؛ چونکە لێخوڕینی ئەو گالیسکەیە، یەکێکی زۆر پسپۆڕی گەرەکە؛ لێخوڕینەکەی کارێکی ئاسان نییە. زۆر هەوڵدەدات لەگەڵ



کەوتنی فایەتۆن. وەکو چۆن "روبێنس Rubens 1577-1640 " ڕەسمی کردووە

کوڕەکەیدا بەڵکو ئەو داخوازەی بگۆڕێت، سوودی نابێت. ئیتر فیۆبەس، بۆ ئەوەی بەڵێنی خۆی نەشکێنێت، ناچار دەبێت بەپێی توانای، کوڕەکەی فێری لێخوڕین بکات و گالیسکەکەی دەداتێ.

فایتۆن، سواری گالیسکەکە دەبێت و دەست دەکات بەلێخوڕینی. کاتێک کە بۆی دەردەکەێت ئەو توانایەی نییە خۆی بەسەر ئەو ئەسپە گەورە نەمرە بەهێزانەدا، زاڵ بکات، درەنگ دەبێ.

ئەسپەکان زۆر زۆر خێرا دەڕۆن و ئاڕاستەی خۆیان بە هەوەسی خۆیان دەگۆڕن؛ جارێک بەرەو سەرەوەو زۆر نزیک دەبنەوە لە ئەستێرەکان، جارێک بەرەو خوارەوە و زۆر نزیک دەبنەوە لە زەمین. کە لە ئەستێرەکان نزیک دەبنەوە، ئاسمان دەسووتێن. ئەو گڕ و ئاگرە دەبن بەهۆی دروستبوونی ئەوەی کە ئێستا پێی دەڵێین "ڕێی کاکێشان".(1) کە لە زەمین نزیک دەبنەوە، ئەو ناوچەیەی زەمین دەسووتێن کە ئێستا پێی دەڵێین "ئەفریقا". ئاگرەکە، جگە لە ناوچەکە، پێستی خەڵکەکەشی دەسووتێنێت و ڕەشی دەکات.

زیۆس، گەورەی هەموو خواوەندەکان، کە ئەوە دەبینێت، برووسکەیەک دەنێرێت بەرەو فایەتۆن، دەیکوژێت و لە گالیسکەکەوە هەڵی دەداتە خوارێ.

زۆر ڕەسامی بەناوبانگ وەکو "ڕەفائیل Raphael 1483-1520" و "روبێنس Rubens 1577-1640" و زۆری تر، ئەو دیمەنەیان، بەپێی وێناکردنی(2) خۆیان، ڕەسم کردووە.

---

(١) ڕێی کاکێشان؛ ڕێی قوربان.

(٢) وێناکردن؛ تەسەور کردن.